جەلال تاڵەبانی

# شۆڕشی نوێ لە پراکتیکدا

## لە سۆنگەی دیدارێک و کۆبوونەوەی کادیرانی خەتێ ـ ١٩٨٣

بۆردی هۆشیاری
مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

## بۆردی هۆشیاری

ئۆرگانێکی هۆشیاری و رۆشنبیریی سیاسییە، لە چوارچێوەی مەکتەبی راگەیاندن و هۆشیاری، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی پێنجەمین کۆنگرەی (ی. ن. ك) لە ساڵی ٢٠٢٣ دامەزراوە.

ئەرکەکانی بریتین لە: دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی فیکری و سیاسی و حزبی لەبەر رۆشنایی بنەما فیکری و سیاسییەکانی پەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ئاشتی و مافی چارەی خۆنووسین، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسی، سیکۆلاریزم، مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی، تاوتوێکردنی پرسەکانی بیری هاوچەرخ و رەوتە فیکرییە نوێیەکان، دابینکردنی ئەدەبیاتی رێکخراوەیی، ئەرشیفکردن و دووبارە چاپکردنەوەی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەرهەمەکانی سەرۆك مام جەلال، نووسینەوەی مێژووی (ی. ن. ك) و شۆڕشی نوێ و رۆڵی لە بوژاندنەوەو درێژەپێدانی گیانی خەبات و بەرگری.

## پرۆژەی سەرجەم بەرهەمەکانی سەرۆک مام جەلال

پرۆژەیەکی ئامانجدارە، لە قۆناغی یەکەمدا هەوڵ ئەدات هەموو بەرهەمە بڵاوکراوەو بڵاونەکراوەکانی سەرۆک مام جەلال کۆ بکاتەوە، لە کتێب و وتار و نامە و چاوپێکەوتنە بینراوو نەبینراوەکان، پاشان چاپکردن و وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەیان. ئەمە پرۆژەیەکی کراوەیە بۆ بەشداری هەموو ئەو بەڕێزانەی لە ئەرشیفی خۆیاندا بەرهەمێک لەو بەرهەمانەیان پاراستووە، لەگەڵ پاراستنی مافە مەعنەوییەکانی ئەو بەڕێزانە.

ئەمە سادەترین پرۆژەی وەفادارییە بۆ درێژەپێدانی ڕێبازی سەرۆک مام جەلال ، ڕێبازێک کە رۆشنکەرەوەی فیکری و عەمەلیی ڕێگای خەباتە بۆ هەموو تێکۆشەرانی ڕێگای رزگاریی نیشتمانی و ئاشتی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ و مافی چارەی خۆنووسین.

**نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا**
**سەرپەرشتیاری گشتیی پرۆژەکە**

پرۆژەی کۆ بەرهەم

٩

جەلال تاڵەبانی

# شۆڕشی نوێ لە پراکتیکدا

## لە سۆنگەی دیدارێک و کۆبوونەوەی کادیرانی خەتێ ـ ١٩٨٣

-ناوی کتێب: شۆڕشی نوێ لە پراکتیکدا

-نووسەر: جەلال تاڵەبانی

- دیزاینی ناوەوە: ئەمیرە عومەر

- دیزاینی بەرگ: هەرێم عوسمان

- چاپخانە: حەمدی

- چاپ: یەکەم ـ 2024

- تیراژ: ( 2000 ) دانە

- نرخ: (5000 ) دینار

-زنجیرە: ( 560/ 60)

- ژمارەی سپاردن: ( 1357) لە ساڵی 2024 بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

سەرپەرشتیاری گشتی پرۆژەی کۆ بەرهەمی مام جەلال

**نەجمەدین فەقێ عەبدوڵلا**

بۆردی هۆشیاری

مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

# پێڕست


| | |
|---|---|
| ڕوونکردنەوەیەک - .............................................................. | ٩ |


**-١-**


| | |
|---|---|
| **دیدارێک لەگەڵ جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان - بەهاری (١٩٨٣)** ................................................................................ | ١١-٦٥ |


**-٢ -**


| | |
|---|---|
| **کۆبوونەوەی فراوانی مام جەلال لەگەڵ کادیرانی هێزی پێشمەرگە لە گوندی خەتێ هاوینی (١٩٨٣) .**............................................................................... | ٦٧-١٧٢ |
| بەرایی ............................................................................................... | ٦٩ |
| شۆڕش چییە؟ ............................................................................................. | ٧١ |
| مەسەلەی گفتوگۆ ..................................................................................... | ٧٩ |
| مەسەلەی جاش ......................................................................................... | ٩٢ |
| شەڕی ناوخۆ، جودو جاش، شەڕی نێوان دوو بەرداشەکە .................................. | ٩٥ |
| حزبی دیموکرات و کۆمەڵەی زەحمەتکێسان ............................................................... | ١١٦ |
| پیشمەرگەو شەڕی ناوشارەکان ............................................................................. | ١١٩ |
| نەخشەڕێگای شەڕی پێشمەرگانە ............................................................................ | ١٣٢ |
| سەبارەت بە ڕێبەری سیاسی لەناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان ............................ | ١٤٥ |
| ئەرکەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ............................................................................ | ١٥١ |
| پێشمەرگە و کۆمەڵانی خەڵک ................................................................................... | ١٥٢ |
| گۆڤارێک بۆ پێشمەرگە ........................................................................................ | ١٥٢ |
| خەسڵەت و مەرجەکانی ڕێبەری سیاسی ............................................................................ | ١٥٣ |
| ڕێبەری سیاسی و سیاسەتی یەکێتی .................................................................................. | ١٥٦ |
| ئەوەی ڕێبەری سیاسی نابێ بیکات ................................................................................... | ١٦٠ |
| دیاریکردنی ڕێبەری سیاسی لەناو هێزی پێشمەرگەدا ............................................................ | ١٦١ |
| بیروباوەڕی سیاسی و پێشمەرگایەتی .............................................................................. | ١٦٢ |
| کەسایەتی رابەری سیاسی .............................................................................. | ١٦٣ |

ئەرکی رۆژانەی رابەری سیاسی ........................................................................ ١٦٤
مەسەلەی وشیاری و خویندەواری ........................................................................ ١٦٦
دەربارەی راووروت و شڕەخۆری ........................................................................ ١٦٧
مەسەلەی ئیسلاحی زەراعی ........................................................................ ١٧٠
مەسەلەی پەیوەندیکردن بە دەوڵەت ........................................................................ ١٧١

# ڕوونکردنەوە

ئەم کتێبە کۆکراوەو دانسقەیەی سەرۆک مام جەلال، کە ناونیشانی (شۆڕشی نوێ لەپراکتیکدا، لەسۆنگەی دیدارێک و کۆبوونەوەی کادیرانی خەتێ ــ ١٩٨٣) مان بۆ داناوە، یەکێکی ترە لە زنجیرەی کۆ بەرهەمی مام جەلال، کە پێکهاتووە لە دوو نامیلکە. یەکەمیان دیدارێکی فراوانە بە زمانی فارسی لە مانگی شوباتی ١٩٨٣ لە ناوزەنگ سازکراوەو لێرەدا ئێمە وەرگێڕدراوە کوردییەکەی بڵاو دەکەینەوە. دووەمیان، کۆبوونەوەی هۆشیاری و پەروەردەیی هەڤاڵ مام جەلالە لەگەڵ نزیکەی بیست و پێنج کادیری سیاسیی ــ کۆمەڵایەتیی ناو هێزەکانی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کە لەهاوینی ١٩٨٣ لە گوندی خەتێ رێکخراوە و لە راستیدا وەکو خولێکی هۆشیارکردنەوەی سیاسی و عەمەلی بووە بۆ پێگەیاندنی کادیرانی ناو ریزەکانی پێشمەرگە و کۆمەڵانی خەڵکی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی. کۆی موحازەرەکانی مام جەلال لەو خولەی پێگەیاندنی کادیراندا لەسەر کاسێت تۆمارکراون و بۆ ئەم پرۆژەیەی کۆ بەرهەمی مام جەلال خراونەتە سەر کاغەز.

کۆکردنەوەی ئەو دیدارە و کۆبوونەوەکانی خەتێ لە یەک بەرگی زنجیرەی کۆ بەرهەمی مام جەلالدا لەبەر دوو هۆیە: یەکەمیان هەردووکیان بەرهەمی ساڵی ١٩٨٣ ن. دووەمیان، لە رووی ناوەڕۆکەوە زنجیرەیەک باس و بابەتی سیاسی و فیکری و عەمەلیی شۆڕشی نوێیان تیادا ورووژێنراوەکە پێکەوە گرێدراون و لەنێوان تیۆری و پراکتیکی شۆڕشگێڕانەدا تیکەڵکێشن. هەر ئەوەش سەرچاوەی سەرەکیی گرنگیی مێژوویی و فیکریی ئەم کتێبە نایابەی مام جەلالن.

**سەرپەرشتیاری پرۆژەی کۆبەرهەمی مام جەلال**

# دیدارێک لەگەڵ جەلال تاڵەبانی

## سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

## بەهاری (١٩٨٣)

-سازدانی دیدارەکە و پێشەکی : وەفا کرماشانی
- وەرگێڕان لە فارسییەوە: مەنسوور تەیفوری
- پێداچوونەوە: ڕەفعەت مورادی

دیداری با

# جلال طالبانی

دبیرکل اتحادیه میهنی کردستان

★

بهار ۱۹۸۳

## پێشەکی:

ئەم زانیارییانەی دەخریتە پێش چاوتان، ئەنجامی دیدارو چاوپێکەوتنێکە لەگەڵ جەلال تاڵەبانی سکرتێری یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان، چاوپێکەوتنەکە لە ڕۆژێکی ساردو بەفراویی زستانی ١٩٨٣ لە ناوزەنگ ناوەندی سەرکردایەتی (ی. ن. ک) ساز دراوە.

جەلال تاڵەبانی لای گەلی کورد و پیشمەرگەکانی (ی. ن. ک) بە «مام جەلال» بەناوبانگە، لەوانەیە یەکێک لەو چەند پێشمەرگە دێرین و بەتەمەنانەی کوردستان بێت کە نزیکەی چارەکە سەدەیەک لە پێناوی ڕزگاری نەتەوەیی، دیموکراسی و پێشکەوتندا خەبات دەکات.

تاڵەبانی لەو دەگمەن خەباتگێڕانەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە کە بە درێژایی ٣٠ ساڵی ڕابردوو، لە نزیکەوە ئاگاداری پرس و کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەندیدار بە گەلی کوردە لە ناوچەکەدا، تاڵەبانی وەک کەسێکی چاودیردا لەو پرسە گرنگە نەینواریوە، بەڵکو وەک کەسێکی ئەکتیڤ و ئەکتەرێکی بگۆڕو دنیا دیدە لەناو ئەو پرسەدا بووە، لەساڵەکانی ٥٠ سەردانی چین و ڕوسیای کردووەو لەگەڵ زۆرێک لە کەسایەتییە سیاسییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پەیوەندی و ئاشنایەتییەکی نزیکی هەیە و لەسەر پرسی کورد لەگەڵیاندا دانیشتووە و گفتوگۆی کردووە.

ئەم خەباتگێڕە لە ساڵی ١٩٣٣ لە کۆیە لە دایک بووە و لە هەرەتی گەنجێتیدا دەستی داوەتە خەبات و تێکۆشان، پاش بڕینی قۆناخە یەک لە دوای یەکەکانی خوێندن، لەبەشی یاسای زانکۆی بەغداد وەرگیراوە و بە سەرکەوتوویی تەواوی کردووە، ماوەیەک وەک ئەفسەری ئیحتیات (زەخیرە)ی تۆپخانە لە ریزەکانی سوپای عێراقدا ئاشنای کاری سەربازی دەبێت.

لەگەڵ سەرهەڵدانی بزوتنەوەی (میللی- دیموکراتی) گەلی کورد لە عێراقدا، شانبەشانی ئەو بزووتنەوەیە و بگرە وەک پێشڕەوێک بەشداردەبێت بۆیە دید و بۆچوونەکانی ئەم پیاوە خەباتگێڕە وەک دەریایەکی پڕ ئەزموون، تەژییە لەبەیادهێنانەوەی ئەو هەموو شکست، سەرکەوتن، وەفاداری، بی وەفایی، خیانەت، ئۆمێدواری و نائۆمێدیانەی لە ڕێڕەوی خەباتدا بەرەو ڕوویان بۆتەوە.

قسەکانی هەڵقولاوی ویژدانی گەلێکی ستەم لێکراوە، باس لە کۆمەلانی زەحمەتکێشی کورد دەکات و دەڵێت: «لە جیهاندا هیچ نەتەوەیەک چەوساوەتر و چارەڕەشتر لە نەتەوەی کورد بوونی نییە» بە ڕاستی وایە، ئەوەی ئەمڕۆ ڕۆح و ویژدانی گەلی کوردی لەخۆ گرتووە شتێک نییە بێجگە لە: دواکەوتوویی، هەژاری، جیاوازی، ئاوارەیی، دەرکردن، جینۆساید، داگیرکاریی، سەرکوت و کوشتن و زیندانی ئاوەجەمی.

تاڵەبانی نوێنەرو نوێنگەی نەسڵێکە کە ئاگاداری ئەم ڕاستییە قوول و گەورانەیەو دڵی لەگەڵ دڵی گەلی خۆڕاگر و خەباتگێڕی کورد بۆ بەگژداچوونەوەی ئەو هەموو ناپاکی و ناشیرینیانەی بەرەوڕوویان بۆتەوە لێدەدات، بێگومان ئەم هەموو ستەمکاری و گوشارە ناڕەوایە زەمینەخۆشکەرە بۆ بەرەنگاری و خۆڕاگری و خەباتێکی نەپساوە، بۆیە ژیانی جەلال تاڵەبانی دەرخەری ئەم ڕەوتە مێژووییەیە کە هێشتا پاش ٢٢ ساڵ خەباتی چەکدارانە، لەگەڵ ئەوەی بە تەواوەتی ئاگاداری کێشە و گرفت و سەختی ڕێگای خەباتە، بەلام جەخت لەسەر درێژە پێدانی دەکاتەوە و دەڵێت: «ئەگەر پێویست بکات دەیان ساڵیترخەبات دەکەین و ناوەستین» لە راستیدا تاڵەبانی سەرچاوە و پاڵنەری نەوەیەکی خۆڕاگرە کە وێرای ئەوەی کەوتووە و هەستاوەتەوە بەلام بە برینداریش هێشتا بۆ پێشەوە هەنگاو دەنێت.

تاڵەبانی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ڕێگای ڕزگاری گەلی کورد و هەموو گەلانی زوڵم لێکراوی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، ڕێگایەکی سەخت، دوور و درێژ و پڕ هەوراز و نشێوی بڕیوە و ڕێگای ئەم خەباتە هەروا بەردەوامە، بەم هۆیەوە تاڵەبانی لە توانایدایە واقیع بینی سیاسی و دووربینیی شۆڕشگێڕانە بەیەکەوە ببەستێتەوەو لەسەر پابەند بوون بە پرانسیپەکان، سیاسەتێکی نەرم و نیان پەیرەو بکات و لە تەعامول و هەڵس و کەوتەکانیدا داخراو و دەمارگرژ نەبێت.

تاڵەبانی دوارۆژە، هەرچەندە لە ئێستادا بۆ بەدیهێنانی دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان خەبات دەکات، بەڵام لە سەر لوتکەی شاخی سەرکەشی ناوزەنگدا، ئاسمانی «فیدراسیۆنی گەورەی گەلانی ستەم دیدەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبینێت» واتە ئەو شوێنەی کە گەلانی چەوساوە، ئازادانە و بەدوور لە هەر جۆرە ستەم و ڕەنج و ئازارێکی نەتەوەیی و چینایەتی، بە یەکگرتوویی و ئاشتیانە پێکەوە دەژین. تاڵەبانی ساڵانێکە پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە چارەنووسی گەلانی بندەست و ستەملێکراوی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پێکەوە گرێدراوە و بۆ گەیشتن بە ئازادی، دیموکراسی و پێشکەوتنی ڕاستەقینە، دەبێ یەکبگرن و ئازادانەو ئارەزومەندانە یەکێتییەک پێک بێنن کە یەکسانی و بەرابەرییان بۆ دەستەبەر بکات .

**وەفا کرماشانی**
**زستانی ١٩٨٣**

# دیدارێک لەگەڵ جەلال تاڵەبانی
## سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان
## بەهاری (١٩٨٣)

**پرسیار:** ئەو بابەتەی حەز دەکەم باسی بکەین، پرسی شەڕ لە کوردستانی ئێراق وشێوازی گەشەکردن و ڕێکخستن و ئاراستەکردنیەتی. بەڵام سەرەتا پێویستە چەند پرسێکی سیاسی دیکە و تارادەیەک باسێکی تیۆریش بخەینە بەرباس. لەدواییدا شەڕیش درێژەدانی سیاسەتە بە کەرەستەی دیکە، بۆیە بێ تێگەیشتن لە کێشەسیاسییەکان، تێگەییشتن لە کێشەکانی شەڕ ئەستەمە.

ئێوە ئێستە نزیکەی چڵ ساڵە ئاگادار و بەشداری ڕەوتی خەباتن بۆ ئازادی گەلی کورد، باش دەزانن گۆڕانکاریی چەندە ڕوویانداوە، کۆمەڵگای ئێراق گۆڕاوە، دەسەڵاتی ناوەندی چەندین جار ئاڵوگۆڕ کراوە، گەلێ ڕێکخراو و حیزبی جیاواز درووست بووە، هەندێک تێداچووە، دۆخی هێزە بەرهەمهێنەرەکانیش گۆڕاوە، دەسەڵاتی ئەمپریالیستەکان و ململانێکانیان لە هەڵبەز و دابەزدایە و دەیان گۆڕانکاریی دیکە ڕویداوە، دەکرێ سەرەتا وێنەیەکی گشتی ئەم گۆرانکاریانەمان بۆ باس بکەن.

هەرچەندە دەزانین بە بێ تێگەییشتن لە پەیوەندییە چینایەتیەکانی کۆمەڵگا، ناتوانرێت بە باشی و قووڵیی لەو کۆمەڵگایە تێبگەین، بۆیە ناچارم پرسیارەکەم لە سەر دۆخی ئێراق و کوردستانی ئێراق ڕوونتر بکەمەوە و لێتان بپرسم چینەکان لە کۆمەڵگای ئێراقدا چۆن گەشەیان کردووە و ریزبەندیی چینایەتی لە ئێستەدا چۆنە، بە تایبەت:

* دۆخی چینی کرێکاران لە ڕووی چۆنایەتی و چەندایەتییەوە
* دۆخی وەرزێران و ئەزموونیان لە گوند و جیاکارییەکان چین
* دۆخی بۆرژوازی بەگشتی و توێژەکانی، دۆخی زەمینداران، خانەکان، ئاغاکان و بە گشتی ئەو چینانەی لە بەری ڕەنجی وەرزێران دەخۆن چۆنە؟.

**وەڵام:** کۆمەڵگای ئێراق بە گشتی و کوردستان بە دیاریکراوی پاش شەڕی جیهانی یەکەم بەم شێوە گەشەی کردووە:

ئێراق لە سێ ئیمارەتی عوسمانی پێکدەهات کە بریتی بوون لە : ئیمارەتی بەسرە، ئیمارەتی بەغدا و ئیمارەتی شارەزوور کە دواتر ناوی نرا مووسڵ. ئەمپریالیزمی ئینگلیز لە رێگەی شەڕەوە هەر دوو ئیمارەتی بەسرە و بەغدای گرت و خستنیە سەر ئیمپراتۆریی بریتانیا. پاش جەنگی جیهانی یەکەم کاتێ شەڕی نێوان ئینگلیز و عوسمانی کۆتایی هات و ئاگربەست راگەیەنرا، ئیمارەتی مووسڵ هێشتا نەکەوتبووە دەستی داگیرکەرانی ئینگلیز، بەڵام ئەوان بە هۆی حەز و تەماحی تایبەت بە خۆیان هەوڵەکانیان بۆ داگیر کردنی مووسڵ چڕ کردەوە، بە گشتی دەتوانین بڵێین ئینگلیزەکان دوو شێوەیان بۆ داگیرکردنی ئیمارەتی مووسڵ بەکار هێنا:

-شێوەی سیاسی: ئینگلیزەکان بە قەبووڵکردنی حوکمداریی شێخ مەحموود، بە جۆرێک دانیان بە ئۆتۆنۆمیی کوردستاندا نا.

- شێوەی لەشکری: سوپای ئینگلیز راستەوخۆ دەستی تێوەردا و مووسڵی گرت.

پاش جەنگی جیهانی یەکەم هێشتا سیاسەتی ئینگلیز سەبارەت بە کوردستان و ئێراق روون نەبوو. هێشتا دیار نەبوو کە ئینگلیزەکان دەیانەوێ کۆی سێ ئیمارەتەکە بگرن و ئێراقی ئێستە دروست بکەن. لەو کاتەدا لە وەزارەتی دەرەوەی ئینگلیز چەندین بیروڕای جیاواز هەبوو کە هەندێکیان بەم شێوەن:

لایەنێک لای وابوو کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی شێخ مەحموود و پشگیریی بریتانیادا بمێنیتەوە و دوو ئیمارەتەکەی دیکە واتە بەسرە و بەغداد وەک دەوڵەتێکی عەرەبی لە ژێر سەرپەرشتیی بریتانیادا دامەزرێت.

لایەنێکی دیکەش دەیەویست ئیمارەتی مووسڵیش بخاتە سەر دوو ئیمارەتەکەی دیکە و لە کورد و عەرەب دەوڵەتێک پێکبێت.

لە سەر پاشایەتی ئەم ئیمارەتانەش کێشە هەبوو. رایەک بیری لە شێخ خەزعەلی خەڵکی عەرەبستانی ئێران دەکردەوە. لایەنێکی دیکە لایەنگری سەعید تالب، گەورە و نەقیبی بەسرە بوو و لایەنی سێهەم پشتگیریی لە کوڕێکی شەریف حسێنی مەلیکی حیجاز دەکردەوە.

دواجار دوایین  بۆچوونەکە سەرکەوت و ساڵی ١٩٢٠ وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا بڕیاریدا کوڕەکەی شەریف حسێن بە ناوی مەلیک فەیسەڵی یەکەم ببێتە شای ئێراق( واتە ئیمارەتی بەسرە و بەغدا). تا ئەو کاتە کوردەکان نەخرابوونە سەر ئێراق، تەنانەت مانگی ئوکتۆبەری١٩٢٢ حکوومەتی مەلیک فەیسەڵ و بەریتانیا بە هاوبەشی رازی بوون بەوەی کوردستان حکوومەتێکی کوردی هەبێت. ئەوان لە راگەیاندنێکی هاوبەشدا داوایان لە کوردەکان کرد نوێنەری خۆیان بۆ وتووێژ بنێرنە بەغدا. هەر لەم ساڵەشدا شێخ مەحموود خۆی وەک مەلیک مەحموودی یەکەم و حاکمی کوردستان راگەیاند و یەکەم ئەنجومەنی دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ دامەزرا و تەنانەت پوولیشیان چاپ و بڵاوکردەوە. بەڵام ساڵی ١٩٢٣ بارودۆخەکە گۆڕا. حکوومەتی کەمال ئاتا تورک لە تورکیا لەگەڵ بریتانیا لەسەر کوردستان رێکەوت و پلانێکی هاوبەشیان دانا. ساڵی ١٩٢٤ بە زۆری چەکی ئینگلیز کوردستان خرایە سەر ئێراق و ئێراقی ئێستا درووست بوو. تا ساڵی ١٩٣٢ ئێراق هێشتا سەربەخۆ نەببوو. لەم ساڵەدا سەربەخۆیی خۆی راگەیاند، بەڵام هێشتا نیوە کۆڵۆنی مایەوە. ئەو رژێمەی ئینگلیزەکان دەسەڵاتی ئێراقیان پێ سپارد بەرە بەرە بە تەواوەتی جێگیر بوو، ئەم ڕژێمە نوێیە لە ڕووی چینایەتییەوە ، سەر بە زەمیندارو خاوەن مڵکەگەورەکان و بۆرژوازیی گەورە بوو کە بەرە بەرە دروست دەبوون. دەتوانین بڵێین کۆمەڵگای ئێراق لەو کاتەدا نیوە کۆڵۆنی ــ نیوە فیۆدال بوو.

گەشەی سەرمایەداریی لە کۆمەڵگای ئێراقی ناهاوسەنگ، ئازاراویی و زۆر هێواش بووە. چینی کرێکار لە پێوەندی لەگەڵ گەشەی پێشەسازیی نەوت، بەندەری بەسرە، کارخانەنەکانی رستن و چنین گەشەی کرد، بەڵام لە ڕووی چەندایەتیەوە هەمیشە لە ئاستیکی نزمدا بووە، دیارە لە ڕووی چۆنایەتیشەوە چینی کرێکاری ئێراق خاوەنی ئەزموونی خەبات نەبوو. بەڵام هەرچۆنێک بوو پاش جەنگی دووهەم شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارانە زیاتر پێشکەوت و چینی کرێکاریش لە ڕووی ژمارە و چۆنایەتییەوە گەشەی کرد. سالانی ١٩٣٠ مانگرتنی کرێکاری دەستی پێکرد و هاوتەریبی ئەوەش، گرووپی بچووکی پێشکەوتوو و مارکسیستی لەدایک بوون.

ساڵی ١٩٣٤ یەکێک لەم گرووپانە ناوی خۆی نا حیزبی کۆمۆنیست، بەڵام بە کردەوە دوای دوو سێ ساڵێک هەڵوەشایەوە.لە  ١٩٤٠بە دواوە بەرهەمهێنان لە عێراق بە شێوەی گشتی

گەشەی سەندو پیشە سازی هاتە ئاراوە. سەبارەت بە کیشەی زەوی، ئەوە ئینگلیزەکان هەر سەرەتا زەمینێکی زۆری حکوومییان بە سەر عەشایەردا دابەشکرد و بەم شێوە، چینی زەمیندار و سەرۆک عەشیرەکانیان کردە بنکەی کۆمەڵایەتی ئەمپریالیزم لە ئێراق. لە شارەکاندا، ئینگلیز یارمەتیی گەشەی بۆرژوازیی سەر بە خۆیانیان دا و لە دەسەڵاتی سیاسیدا بەشدارییان پێکردن. بۆ ئیدارەدانی حکوومەت پێویستی بە بیرۆکراتی ئیداری و سەربازی بوو، بۆیە ئینگلیزەکان ئەوانیشیان هێنا و پەروەردەیان کردن.

هەڵبەت گەشەی کۆمەڵایەتی لە کوردستانی ئێراق تاڕادەیەک لە بەشەکانی دیکەی ئێراق جیاواز بوو:

لە باشوور بە دابەشکردنی زەوی دەوڵەتی بە سەرۆک عەشیرەکان، خاوەندارێتی گەورەی زەوی درووست بوو. لە کاتێکدا لە کوردستان زەوی کەم بوو و موڵکدارە بچووکەکان بەزۆریی گوندنشینەکانی  ناوچە کوێستانییەکان بوون و ئینگلیزەکان نەیاندەتوانی وەک باشوور هەڵسوکەوتیان لە گەڵدا بکەن. وەکیتر، لە کوردستان ئاژەڵداریی شێوەیەکی فراوان و باوی  بەرهەمهێنان بوو.

لە باشوور بۆرژوازیی گەورە دروست بوو و ئەمە لە کوردستان هیچکات روونەدا. ئەگەرچی لە کوردستان پیشەسازیی نەوت درووست بوو، بەڵام بە هۆی خەسلەتە دەوڵەتییەکەیەوە، بۆرژوازیی تایبەتیی کورد لێی جودا بۆوە. بە گشتی ستەمی نەتەوەیی لە کوردستان دەبوە هۆی ئەوەی پیشەسازیی لەوێ گەشە نەکات. داهاتی نەوت بە زۆری بۆ گەشەی شوێنە عەرەبنشینەکان خەرج کراوە و تەنانەت ئەو بەنداوانەش کە لە کوردستان دروستکراون بۆ ئاودێریی کشتوکاڵیی باشوورن و خەڵکی کورد سوودیان لێنابەن.

با هەندێک باسی گۆڕانکارییە سیاسییەکان بکەین: پاش ١٩٥٠ خەباتی گەلانی ئێراق گەییشتە قۆناغێکی نوێ، لە کۆمەڵگای نیوە کۆڵۆنی ـ نیوە فیۆدالی ئێراقدا خەبات هێدی هێدی  ئەم ناوەڕۆکانەی وەرگرت:

خەباتی دژە ئەمپریالیستی و بۆ رزگاریی لە بندەستیی ئەمپریالیزمی ئینگلیز.

خەبات بۆ ریفۆرمی زەوی و دابەشکردنی زەوی بە سەر وەرزێڕاندا.

خەباتی خەلکی کورد بۆ ڕزگاریی لە ستەمی نەتەوەیی و بۆ ئامانجی نەتەوەیی.

راپەڕینی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەوانە: خەباتی گەلانی ئێران دژی ئەمپریالیزمی ئینگلیز و بە خۆماڵیکردنی پیشەسازیی نەوت لە ئێران، هاتنە سەر دەسەڵاتی جەمال عەبدولناسر لە میسر و گەشەی بزووتنەوەی نەتەوەیی لەم وڵاتە، کاری لە بزووتنەوە سیاسییەکانی ئێراقیش کرد.

رۆژی چواردەی تەمموزی ١٩٥٨ ئەفسەرانی گەنجی ئەرتەشی ئێراق بە سەرۆکایەتی عەبدولکەریم قاسم کوودەتایان کرد. ئەم کوودەتا ناوەرۆکێکی بۆرژوازیانەی هەبوو و چەند گۆڕانێکی گەورەی لە ئێراقدا درووست کرد لەوانە:

- رژێمی پاشایەتی ڕووخاند کە نوێنەری فیۆدالەکان و بۆررژوازیی گەورەی وابەستە بوو.

- پێوەندیی بۆرژوازیی لە بەرهەمهێناندا پەرەدا. زەمینداارانی هاندا بەشداری لە بازرگانیدا بکەن ، بەگشتی کۆمەڵگایان خستە سەر ڕەوتی گەشەی سەرمایەداری.

- ریفۆرمی زەوی بە قازانجی سەرمایەدارکردنی کۆمەڵگا هاندا و هێنایە دی.

- پارەی ئێراقی لە ژێر دەسەڵاتی پاوەند و بانکی ئینگلیزدا دەرهێنا.

-ئێراق لە پەیمانی سەربازیی بەغدا کە تورکیا  و ئێران و ئێراقی لەگەڵ ئینگلیز و ئەمریکا دەکردە هاوپەیمان و دەسەڵاتی ناتۆی تا رۆژهەڵاتی نێوەڕاست درێژ دەکردەوە هێنایە دەر و خۆی وەک وڵاتێکی  بی لایەن"غیرمتعهد" ناساند.

پاش کوودەتای ١٩٥٨، دوو بۆ سێ ساڵ دیمۆکراسی لە ئێراق دەمەزرا. بۆ یەکەمجار گەلی کورد لە ئێراق رێگەی پێدرا دام و دەزگای خۆی دامەزرێنێت. لە دەستووردا مادەیەک دانرا کە بە پێی ئەو مادەیە، ئێراق لە دوو نەتەوەی کورد و عەرەب پێکهاتووە و بەمجۆرە بۆ یەکەمجار باسی مافەکانی گەلی کورد کرا. بە پیی دەستوور کورد و عەرەب لە نیشمانی ئێراقدا شەریکن. ئەم دەستوورە مافە نەتەوەییەکانی کورد بە فەرمی دەناسێت و دانی پێدادەنێت. هەر بۆیە ئەو چەند ساڵە ئاگامان لە گەشەی بەرفراوانی بزووتنەوەی نەتەوەیی گەلی کوردە کە سەدان هەزار کەسی لە خۆی کۆکردەوە، رێکیخستن و هێنانی نێو خەباتەوە.

کاتێک خەبات بۆ دیمۆکراسی لە ئێراق و رزگاریی نەتەوەیی لە کوردستانی ئێراق خەریکی گەشە بوو، ساڵی ١٩٥٩ ناکۆکی کەوتە نێوان بزووتنەوەی نەتەوەیی ئێراق و بە

گشتی دوو ڕەوت درووست بوون:

ناسریستەکان یان نەتەوەییەکانی ئێراق کە داوای ئەوەیان دەکرد ئێراق بچێتە پاڵ میسر و ببێتە بەشێک لەکۆماری یەکگرتووی عەرەب.

بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد، پارتی دیمۆکراتی کوردستانی ئێراق و لایەنە دیمۆکرات و ئازادیخوازەکان، کە داوای ئازادیی و دیمۆکراتی بۆ ئێراق و ئۆتۆنۆمیی بۆ کوردستانیان دەکرد. ئەوان بەرامبەر دروشمی یەکیەتی عەرەبی لایەنگری دروشمی فیدراسیۆنی عەرەبی بوون بەو مەرجەی کە گەرەنتیی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردیش بکات.

ئەم ناکۆکیانە بووە هۆی درزێکی گەورە لە کۆماری تازەدا. عەبدولکەریم قاسم خۆی بۆ ماوەی سێ ساڵ( ٥٨-٥٩-٦٠) پشتگیریی لە عێراقیبوونی ئێراق و مافە دیمۆکراتییەکانی گەلانی ئێراق و بە گشتی دیمۆکراسی دەکرد. لە بەرامبەریدا نەتەوەخوازانی عەرەب چەندین پلانیان داڕشت، بەڵام هەموو جارێک شکستیان هێنا. لە دوای ساڵانی شەستەوە، عەبدولکەریم قاسم بەرەو دیکتاتۆری ملی نا و لە هێزە دیمۆکراتە پێشکەوتووەکان کە تا ئەو کات لەگەڵیدا بوون، جیا بوەوە و ناکۆکی کەوتە نیوانیان.

ساڵی ١٩٦١ خەباتی چەکداری دژی قاسم لە کوردستان دەستی پێکرد. ئەمە بە رووداوێکی گەورە لە ژیانی گەلی کورد دادەنرێت و سەرەتایەکە لە مێژوی هاوچەرخی ئەم گەلە.

ساڵی ١٩٦٣ سێ گرووپی سیاسی پێکەوە کودەتایەکیان داڕشت و سەرکەوتن. گرووپەکان بریتی بوون لە ناسریەکان، بەعسیەکان و کەسانی سەر بە ئەمریکا و بریتانیا. هەڵبەت هەر لایەنێک بە ئامانج و بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیەوە بەشداریی لەم کودەتایە کرد، بۆیە هەر لە سەرەتاوە ناکۆکیی توند لە نێوانیاندا هەبوو.

هێشتا کودەتاکە زۆری بە سەردا نەچووبوو کە ناسریەکان، بەعسیەکانیان لە حکوومەت وەلانا( ساڵی ١٩٦٣).

ساڵی ١٩٦٤ دەوڵەتی ئێراق هەموو کۆمپانیا بازرگانی، پیشەسازی و کشتوکاڵییەکانی دەوڵەتی راگەیاند.

ساڵی ١٩٦٥ عەبدولسەلام عارف دەسەڵاتی دیکتاتۆریی سەربازیی خۆی جێگیر کرد و

ناسرییەکانی لە دەسەڵات وەدەرنا.

ساڵی ١٩٦٨ دوو گرووپ: باڵی راستی حیزبی بەعس و گرووپێک ئەفسەری لایەنگر و سەر بە ئامریکا و ئینگلیز کودەتایەکیان رێکخست. ئەوان ١٧ تەمووزی ١٩٦٨ حکومەتیان ڕووخاند. بەعسییەکان لە ٣٠ ی تەمووز، واتە سیانزە رۆژ پاش کودەتا گروپی ئەفسەرەکانی لە حکوومەت دەرکرد و خۆیان دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرت.

مارسی ١٩٧٠ شەڕ لە کوردستانی ئێراق کۆتایی هات و بەیانی ١١ی ئادار(مارس )کە تێیدا ئۆتۆنۆمی لە کوردستانی ئێراق بە رەسمی ناسرابوو راگەیەندرا.

ساڵی ١٩٧١ پیشەسازیی نەوت کە تا ئەو کات لە دەستی کۆمپانیا ئینگلزییەکاندا بوو خۆماڵی کرا و پەیمانی دۆستایەتی لە نێوان ئێراق و کۆماری سۆڤییەتدا ئیمزا کرا.

ساڵی ١٩٧٤ جارێکی دیکە شەڕ لە کوردستان دەستی پێکردەوە و ساڵێک دواتر (١٩٧٥) سەدام حوسێن لە جەزائیر لەگەڵ محەممەد ڕەزا شا ڕێککەوتن. سەدام مەرجەکانی شای سەبارەت بە خەلیج و شەتولعەرەب قەبووڵ کرد. شایش مستەفا بارزانیی فرۆشت و فەرمانی پێدا واز لە شەڕ بێنێت و لەگەڵ کوڕ و خزمەکانی لە کەرەج نیشتەجێی کردن.

بەڵام خەباتی گەلی کورد بۆ رزگاریی نەتەوەیی و دیمۆکراسی کۆتایی نەهات. پاش ئەم شکستە گەورەی کە هۆکەی خیانەتی بارزانی بوو، هێزە پێشکەوتوو و شۆڕشگێڕەکان دەستیان کردەوە بە شۆڕش و رێکخستنەوەی بزووتنەوەکە و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان دامەزرا کە توانی رۆژ لەدوای رۆژ ئەم خەباتە زیاتربەرەو پێش بەرێت.

ئێستە با دیسان بگەڕێینەوە بۆ لای دۆخی ژێرخانی کۆمەڵگای ئێراق:

وەک باسمانکرد، لە ساڵی ١٩٦٠ بە دوا کۆمەڵگای ئێراق بەرەو سەرمایەداری رۆییشت. پاش بە خۆماڵیکردنی کۆمپانیا گەورەکان لە ساڵی ١٩٦٤ دا سەرمایەداری بە چەند شێوەی جیاواز چووە پێش:

- سەرمایەداریی دەوڵەتی کە شێوەی سەرەکی پێکدەهێنا.
- سەرمایەداریی بازرگانی لە شارەکاندا
- سەرمایەداریی لە گوند.

داهاتی نەوت دیسان سەرمایەداریی لە ئێراقدا زیاتر پەرە پێدا و بووە هۆی گەشەی توێژی نوێی بۆرژوازیی بیرۆکراتیک. ئەم توێژە بیرۆکراتییەی بۆرژوازی بەرە بەرە توانی

توێژێک لە بۆرژوازیی تایبەت کە لە شارەکان بەروبوومی سەرمایەی دەوڵەتییان دەخوارد بەدیبێنێت. لە گوندیشدا هەر ئەم توێژە توانی بۆرژوازیی گوند بەرەو خۆی راکێشێت. بەم شێوە حیزبی بەعس لە حیزبی بۆرژوازیی بچووکەوە گۆڕا بۆ حیزبی بۆرژوازیی گەورەی بیرۆکراتیکی عەرەب. ئەم گۆڕانکارییە کاری لە کۆی سیاسەتەکانی ئەم حیزبە کرد، لەوانە:

- سەردەمێک حیزبی بەعس بەتوندی دژی هەر چەشنە سازانێک بوو لەگەڵ ئیسراییل، بەڵام ئێستە ئامادەیە لەگەڵی بسازێت

- سەردەمێک زۆر دژی شا بوو، بەڵام سالی ١٩٧٥ لەگەڵی سازا.

- سەردەمێک زۆر لە سۆڤیەت نزیک بوو بەڵام ئێستە ڕووی لە ئەمریکا و رۆژئاوا کردووە و پتر لە ٩٠ لە سەدی بازرگانیی ئێراق لەگەڵ وڵاتانی سەرمایەدارییدایە.

سەدا نەوەد و پێنجی پیشەسازیی ئێراق لە ناوچەی عەرەبییە و لەم ناوچە چیدی فیۆدالیزم نەماوە. کەچی لە کوردستان حیزبی بەعس هەوڵدەدات فیۆدال و زەمیندارانی پێشوو لە خۆی کۆبکاتەوە. شێوەی بنەڕەتیی دەوڵەت جاشاندنە( کڕین و پارەدان) و دەیەوێت پەیوەندیی پێش سەرمایەداریی لە کوردستاندا واتە پەیوەندیی خێڵایەتی و عەشایەری بهێڵێتەوە. وەکی‌تر، سەرمایەداریی بیرۆکراتیک بۆتە هۆی دروستبوونی توێژێک کۆنتراچیی پاشکۆی دەوڵەت و دەلاڵ لە کوردستان. پێوەندیی خێڵایەتی و پاشماوەی فیۆدالیزم لە کوردستان هێشتا(لە سەرخاندا) ماوەتەوە. سەرمایەداریی بازرگانی خێرا گەشەی کردووە، بەڵام بە هۆی سیاسەتی دەوڵەتەوە، کە دژی پیشەسازیبوونی کوردستانە، پیشەسازیی زۆر گەشەی نەکردووە. لە یەک ملیۆن کرێکاری ئێراق تەنیا هەشتا بۆ سەد هەزار کەسی کوردن. بە گشتی ئابووریی عێراق بەرخۆرییە. کیڵگەی چێندراو و ئاوەدان لە باتی زۆربوون کەمی کردووە. وەرزێران roوویان لە شار کردووە. رژێم خۆی نزیک یەک ملیۆن گوندنشینی لە گوندە سنووریەکان دەرکردووە. ئاژەڵداریی زۆر کەمی کردووە، بە تایبەت دوای ئەوەی چەندین ناوچەی فراوانی سەر سنوور چۆڵ کراوە.

**پرسیار:** وا دیارە لە پرسی نەتەوەییشدا گۆڕانکاریی روویداوە، وا نییە؟ بۆ نموونە پرسی نەتەوەیی بە واتا تازەکەی لەسەدەی ١٨ و ١٩ بەشێوەی سەرەکی لە ئەوروپادا سەریهەڵدا، پاشان لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا لە ئاسیا، ئەمریکای لاتین و دواتر

ئەفریقا شێوەی بزووتنەوەیەکی گشتی لەخۆگرت. بە رووخانی ئیمپراتۆرییە گەورەکان، گەلێ ولآت درووست بوون. ئەوڕۆکە وەک دەبینین کەمتر ولآتێک هەیە راستەوخۆ لە لایەن زلهێزێکەوە ئیدارە بکرێت، واتە سەردەمی وەک دەڵێن کۆلۆنیالیزم بە سەرچووە. هەڵبەت زۆربەی ئەم ولآتە تازانە گیرۆدەی گەلێ کیشەی ئابووری و کۆمەلآیەتین، هێشتا نەیانتوانیوە بە سەربەخۆیی بە مانا راستییەکەی بگەن، هەڵبەتە بەم شێواز و سیستمە باوانەی کە ئێستە هەن و پێڕەو دەکرێن، لەوانەیە هیچکات بە سەربەخۆیی نەگەن. هەندێ لایانوایە لەم ولآتانە خەباتی دژە ئەمپریالیستی و دژە کۆلۆنیالیستی سەرەکییە و پرسی پتەوکردنی سەربەخۆیی دەبێ بەشێک بێت لەخەباتی سیاسی . هەندێکیش لایانوایە ئەم قۆناغە تەواو بووە و لەم سەردەمەدا ئەوە پرۆلیتاریا و سیستمە پێشنیارکراوەکانی لەوانە: دیمۆکراسیی نوێ و سوسیالیزمن، کە سەربەخۆیی دابین دەکەن، کەواتە لەم ولآتانەدا چیدی خەباتی نەتەوەیی جێگەی بۆ خەباتی چینایەتی چۆڵ کردووە و چینی کرێکار و هێزە شۆڕشگێڕەکان دەبێ هەوڵ بدەن بۆ رووخاندنی حکوومەتە دیکتاتۆرییە فاشیستییە پاشڤەرۆکان و دەسەلآتی سیاسی بەدەست بگرن.

بە چاوپۆشی لەوەی چ ڕاو بۆچوونێکت هەبێت و سەر بە کام تیۆریی بیت ، وەک رێبەری گەلی کورد کێشەیەکتان لەبەردەمدایە و ئەویش ئەوەیە کە پرسی نەتەوەیی هێشتا چارەسەر نەبووە. پرسێکی نەتەوەیی کە درێژەی هەمان پرسی نەتەوەیی پێشووە، بەلآم لە نێو ولآتێکی تازە سەربەخۆدایە. ئێوە ئەمڕۆ چیدی لەگەڵ هێزێکی ئەورووپی وەک فەرەنسا و ئینگلیز دەستەویەخە نین، لەگەڵ دەوڵەتێک ڕووبەڕوون کە خۆی بە پارێزەری بەرژەوەندی نەتەوەیی و بە یەکێک لە دەوڵەتانی سەربەخۆ و تەنانەت دژە ئەمپریالیستی دەزانێت. ئەم گۆڕانکاریە چییە؟ ماهییەتەکەی چییە و ئایا لە راستیدا پرسی نەتەوەیی گۆڕانێکی بە سەردا هاتووە؟

**وەلآم:** زلهێزەکان لە ولآتانی کۆلۆنی و نیمچە کۆلۆنی لە ڕووی سیاسییەوە لایەنگری چین و توێژە هەرە پاشڤەرۆکان بوون و لەڕووی ئابوورییەوە هەوڵیان دەدا پێش بە پیشەسازیبوون و گەشەی تەکنۆلۆژییان بگرن. زۆربەی ئەم ولآتانە خاوەنی ئابوورییەکی ناهاوسەنگ، تاک بەرهەمی وەک: نەوت، قاوە، نەیشەکەر، مس و هتد بوون، ئەم دۆخە بەردەوام پاش سالآنێکی زۆر لەسەربەخۆیی هێشتا بەردەوامە.

مەبەست لەم کارە مۆنۆپۆڵ یان پاوانکردنی دەسەڵات و بەدەست هینانی سوود و قازانج لە ئەوپەڕیدا بوو، بۆیە بۆ ئەم مەبەستە هەموو رێگایەکیان لەپێش دەگرت لەوانە دەستخستنی کاری هەرزان، تالآنیی سەرچاوە و کەرەستەی خاو و هتد.

لە ڕووی کولتوورییەوە بۆ درێژەدان بە دەسەڵاتی خۆیان و سیاسەتی ستەمکارانە دەستیان دەدایە تووناکردن و لەناوبردنی کولتووری گەلان بۆ ئەوەی لە هەر چەشنە شوناسێکی ئەتنی و نەتەوەیی دایانبڕن. هەڵبەت ئەمانە تەنیا هەندێ لایەنی هەڵسوکەوتی ئەمپریالیستەکانە و تەنیا بۆ نموونە ئاماژەم پێکرد.

جا پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ حکوومەتە ناوەندییەکانی ئێراقیش هەمان هەڵسوکەوتی ئەمپریالیستەکانیان هەیە یان شێوەی دیکە پێڕەو دەکەن.

بە گشتی ئەو نەتەوانەی کە هێشتا ئازادییان دەستبەر نەکردووە و وەک گەلی کورد لە نێو حکوومەتی تازە دامەزراودان، بەم شێوازانەی خوارەوە ستەمیان لێدەکرێت:

- ستەمی کولتووری - زمان، قوتابخانە، چاپ و وەشان
- هەڵاواردن کە لە شێوەی سەروەریی نەتەوەی حاکمدا خۆی پیشان دەدات
- سەرکوتی توند
- هەڵاواردنی ئابووری
- هەوڵ بۆ سڕینەوەی شوناسی نەتەوایەتی

**پرسیار:** لەم شیوانە کامیان لە ئێراق پێڕەو دەکرێت؟

**وەڵام:** خەباتی گەلی کورد بۆ رزگاریی نەتەوەیی و ئەم شەڕی ئێستایە لە دوایین شیکاریدا خەباتێکی چینایەتییە، لە سەردەمی ئەمپریالیزم و شۆڕشە پرۆلیتەریەکاندا، خەباتی رزگاریدەری نەتەوەیی، بەشێکە لە خەباتی پرۆلیتاریا بۆ ئازادی لە کۆتی ئیمپریالیزم و سەرمایەداری، بێگومان یارمەتییەکە بۆ سەرکەوتنی چینی کرێکار لە هەموو جیهاندا. خەباتی نەتەوەیی تەنیا خەباتێک نییە دژی ئەمپریالیزم، بەڵکو هاوکات تێکۆشانێکە دژی ئەو چینە زاڵانەی کە هاوکاسەی ئەمپریالیزمن و راستەوخۆ ستەم لە خەڵک دەکەن. خەباتی رزگاریدەری ئەمڕۆ لەگەڵ خەبات بۆ دیمۆکراسی تێکەڵ بووە و بێ یەکتر بەدینایەن، لەم روانگەشەوە خەباتی نەتەوەیی خەباتێکی چینایەتییە.

بەڵام ئێستە دێینە سەر تایبەتمەندییەکانی خەبات لە کوردستان. خەباتی خەڵکی کورد بۆ رزگاری چوار تایبەتمەندیی هەیە:

یەکەمیان ئەوەیە کە ناوەرۆکێکی رزگاریدەر و نەتەوەیی و دیمۆکراتیکی هەیە، واتە لە لایەکەوە خەبات بۆ رزگاریی خەڵکی کورد دەکات و لە لایەکی دیکەوە بۆ دیمۆکراسی لە هەموو ئێراقدا.

دووهەمین تایبەتمەندیی ئەوەیە کە هەموو هێزە ئەمپریالیستی و داگیرکەرەکان هەمیشە شێوەی خوێناوی و توندیان بۆ سەرکوتی گەل بەکار هێناوە. دیمۆکراسی هیچکات بۆ گەلی کورد بوونی نەبووە. بۆیە گەل بە کردەوە لەوە تێگەییشتووە کە بۆ بەرگری لە خۆی دەبێ دەست بداتە چەک. ئەمە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی کوردستان کە بۆ دابینکردنی رزگاری نەتەوەیی و دیمۆکراسی دەبێ هێزی چەکدار پێکبێنێت و گەلیش پشتی دەگرێت. هەر لەم خولەی دواییدا نزیکی بیست ساڵە خەباتی چەکداری لە کوردستانی ئێراق بەردەوام بووە.

سێهەمین تایبەتمەندیی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد ئەوەیە کە ناوەرۆکەکەی چیدی وەک رابردوو نییە، واتە ناوەرۆکێکی دیمۆکراتیکی نوێی هەیە و تەنیا لە ژێر رێبەرایەتی چینی کرێکار و پارتە سیاسییەکەیدا دەتوانێت سەرکەوێت. چینەکانی دیکە وەک بورژوازی، چیدی توانای رێبەرایەتی و سەرخستنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کوردیان نییە. بۆرژوازی و چینەکانی دیکە پیشتر هەوڵیاندا رێبەرایەتی ئەم بزووتنەوە بە دەستەوە بگرن، بەڵام بە هۆی لاوازی و ئاستەنگە مێژووییەکانیانەوە بزووتنەوەکەیان تووشی شکست کرد.

چوارەمین تایبەتەندیی بزووتنەوەی رزگاریدەری خەڵکی کورد پەیوەندی ئۆرگانییەتی بە خەباتی گەلانی ئەو وڵاتانەوە کە کوردی لێدەژی. بە بێ پێوەندیی درووست لەگەڵ ئەم گەلانە و یەکیەتی لەگەڵ هێزە شۆڕشگێر و پێشکەوتوەکانیان سەرکەوتنی گەلی کورد سانا نابێت و لە گەڵ کێشەوگرفت بەرەوڕوو دەبێتەوە.

ئەم چوار تایبەتمەندییەی سەرەوە ئەو بابەتە ڕووندەکەنەوە کە گەلی کورد تەنیا بە بەرپەرچدانەوەی رێبەرایەتی چینەکانی دیکە و تەنیا بە رێبەرایەتی چینی کرێکار و ئایدۆلۆژیاکەی، هەروەها بە وازهێنان لە چارەسەری پەرلەمانی و ریویزیۆنیستی و

لە بەرامبەردا گرتنە پێشی ڕێگەی خەباتی چەکداری و بە یەکییەتی لەگەڵ هێزە شۆڕشگێڕەکانی کورد لە سێ وڵاتی ئێران و ئێراق و تورکیا و دۆستایەتی لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکانی کورد لەو بەشانەو لە لایەکی دیکەوە لەگەڵ هێزە پێشکەوتو و شۆڕشگێڕە غەیرە کوردەکانی ئەو ولاتانە دەتوانێ سەربکەوێت. بە بێ تێگەییشتن لەم تایبەتمەندیانە و هەنگاونان بۆ چارەسەریان شۆڕش بە باشی ناچێتە پێش.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم خالانەی سەرەوە، دەبینین رزگاریی گەلی کورد زۆر ئاڵۆزە. گەلێ ناکۆکی هەن کە دەبێ چارەسەر بکرێن. ئەگینا هەڵسوکەوتی سادەبینانە و لاساییکردنەوە تەنیا شکستی لێدەکەوێتەوە.

ئەم ئاڵۆزیە بەرهەمی بارۆدۆخی بابەتی و مێژووییە و لە دەرەوەی زیهنی ئێمەدایە. بە پێی ئەم ئاڵۆزیەشە کە ئێمە دەبێ  شۆڕش و رزگاری نەتەوەیی قوناخ بە قۆناخ ببەینە پێشەوە.

وردەبۆرژوازی لە پرسی پێشکەوتنی قۆناخ بە قۆناخ تێناگات و دەیەوێت بە یەک تەکان باز بداتە کۆتایی. شۆڕش وەک کتێبێکە دەبێ لاپەڕە بۆ لاپەڕە بخوێنرێتەوە. ئێمە لەگەڵ گەلێ ناکۆکی رووبەڕووین. دوژمنەکانی ئێمە تا رادەیەک بەهێزن و لە ئێستەدا لە ئێمە بەهێزترن، ئێمە ناتوانین هەموویان بە یەکجار و بە یەک تەکان لە ناو ببەین. ئێمە لە لایەنی ستراتیجییەوە ئەوان بە شکستخواردوو دەزانین و هەر لە ئێستەوە ئیرادەمان کردووە کە نەیانهێڵین، بەڵام ئەگەر بمانەوێت ئەم ویستە ستراتیجییەی خۆمان بۆ ئاستی تاکتیک و دۆخی دیاریکراو بگوێزینەوە، دەبینین دوژمن بە شێوەی کاتی بەهێزە و ئێمەش لە ئێستەدا لاوازین، کەوابوو دەبێ بەرە بەرە سەربکەوین و قۆناغ بە قۆناغ بچینە پێش.

مارکسیزم رەوتی مێژوو لە بیرناکات و لە واقیعەوە دەستپێدەکات. با نموونەیەکتان بۆ بهێنمەوە – بۆ چی مارکس ئەنترناسیۆنالی یەکەمی نەک بە شێوەی پارتی کرێکاری بەڵکوو لە شێوەی بزووتنەوەیەکدا دارشت. چونکوو لەو کاتدا هەلومەرج بۆ حیزب ئامادە نەبوو، مارکس سەرەتا هەوڵیدا بزووتنەوەی کرێکاری یەکگرتوو بکات و رەوتەکەی بەرەو خۆوشیاریی چینایەتی پاڵبنێ. ئەمە قۆناغێک بوو لە بزووتنەوەی کرێکاری و نەدەکرا بازی بە سەردا بدرێت و واقیع لە بەرچاو نەگیرێت، یاسا بابەتییەکانی گەشەکردنی

کۆمەڵگا حوکم دەکات بە پێی ئەوان بجووڵێینەوە. ئەوەی پێمان دەکرێت نەک گۆڕینی ئەم یاسایانە، بەڵکوو خێراکردنی بەدیهاتنیانە.

لە بەر ئەمەش ئێمەی ماتریالیستی مێژوویی دەبێ بڕوامان بەوە هەبێت کە یاسا بابەتییەکانی کۆمەڵگا لە دەرەوەی زیهنی ئێمەوە کاری خۆیان دەکەن و ئەگەر ئێمە رێرەوێک بە پێی ئەم یاسایانە بە دەستەوە بدەین، دەتوانین سەربکەوین. بۆ ئێمە دەڵێین داهاتوو روونە و سەرکەوتن هی گەلە؟ رێک لەبەر ئەوەی مێژوو لە قازانجی گەل لەگەڕدایە. چەوساوان چەوسێنەران دەڕووخێنن، ئەمپریالیستەکان تووناٍ دەبن و جیهانێکی بێ ئەمپریالیزم و چەوساندنەوە دادەمەزرێت. ساڵی مێژو لە ٣٦٥ رۆژ درێژترە، دەبێ زەینی خۆمان لەگەڵ راستییەکانی مێژوو و رەوتەکەیدا بگونجێنین.

**پرسیار:** دەوڵەتی ئێراق ئیدیعای ئەوە دەکات کە ئۆتۆنۆمی داوەتە کوردەکان و ئەوان مافی یەکسانیان لەگەڵ عەرەبەکاندا هەیە. رای ئێوە چییە؟

**وەڵام:** یەکێک لە شێوە ناوسراوەکانی دەوڵەتی ئێراق ئەوەیە کە لە نێوان کردار و گوتەیدا جیاوازیی زۆر هەیە، بە قسە باسی دیمۆکراسی دەکات و بە کردەوە دیکتاتۆرە و دژی دیمۆکراسی کار دەکات. بە قسە باسی بەرەی هاوبەشی دەکات و وا دەنوێنێت کە بە نیازی یەکییەتی هێزەکانە، بەڵام لە کردەوەدا هێزە پێشکەوتوو و شۆڕشگێڕەکان سەرکوت دەکات. لە ژێر ناوی ئۆتۆنۆمیدا دژی کورد و بوونی کورد شەڕ دەکات.

بە رواڵەت بە ناوی ئۆتۆنۆمییەوە دوو ئەنجومەنی ـ یاسادانان و جێبەجێکردن ـ ی درووست کردووە، بەڵام لە کرداردا تەنانەت خراپتر لە دەوڵەتی تورکیا و ئێران هەڵسوکەوت لەگەڵ گەلی کورد دەکات!من لە شوێنی دیکەدا باسی ئەمەم کردووە. بەڵام لێرەدا ئاماژەیەکی کورت بۆ هەلسوکەوتی دەوڵەتی ئێراق دەکەم:

ئەو ناوچە نەوتیانە و ئەو دەشتانەی کە کوردی بوون و مێژوێکیان هەیە، تەعریب کردووە و لە ناوچە سنووریە کوردنشینەکان(بە درێژایی ٢٠ کیلۆمەتر لە سنوورەوە) سیاسەتی سووتاندنی پێڕەو دەکات و کۆمەڵانی خەڵکی ئەم ناوچانەی دەرکردووە، تەنانەت سەرچاوەکانی ئاوی بە چیمەنتۆ وشکاندووە، پتر لە ٧٠٠ حەوت سەد هەزار کوردی لە ماڵی خۆیان دەرکردووە و لە گوندی ستراتیژیکدا نیشتەجێی کردوون.

لە سەر سیاسەتی تەعریب بەردەوامە. بۆ نموونە لە لایەکەوە دەڵێت کورد لە ئێراق هەیە و لە لایەکی دیکەوە ئێراق بە بەشێک لە ئوممەی عەرەبی دەزانێت و باسی وەتەنی عەرەبی دەکات و بەم شێوە کەسایەتی و شوناسی نەتەوەیی گەلی کورد نەفی دەکات.

سیاسەتی پاکتاوکردن و تواندنەوەی کوردی گرتۆتە بەر و بەمەش بە شێوازی جۆراوجۆر بەری بە پێشکەوتنی کوردستان گرتووە.

بەرامبەر گەنجانی نیشتیماندۆستی کورد سیاسەتی تیرۆر و ئیعدام، زیندان و ئەشکەنجە پێڕەو دەکات.

هەڵاواردن، سیاسەتی گشتی دەوڵەتە و کورد بە کردەوە لە دەوڵەتی ئێراقدا بە مرۆڤی پلە دوو دادەنێت. با چەند نموونەیەک بهێنمەوە:

لە زانکۆی سەربازی و پۆلیسیدا کورد وەرناگرێت.

لە کەرکووک کورد ناتوانێت زەوی بکڕێت و ماڵ بکاتەوە. بە پێچەوانەشەوە عەرەبەکان هاندەدات لەوێ نیشتەجێ بن و بیست هەزار دیناریشیان دەداتێ.

هەموو کرێکارانی کورد لە کۆمپانیای نەوتی کەرکووک دەرکراون.

هەموو دەزگا و دامەزراوە کوردییەکان لە دەزگا و دامەزراوە ئێراقیەکاندا دەتوێنێتەوە تا کەسایەتی سەربەخۆیان نەمێنێت. وەک کۆڕی زانیاری کورد کە دەوڵەت نەیهێشت و لە ئاکادیمیای ئێراقدا تواندوویەتەوە.

بە زۆر کوردەکان دەکاتە ئەندامی حیزبی بەعس.

دەبینن کە دەوڵەتی ئێراق بە رواڵەت باسی ئۆتۆنۆمی کورد دەکات و بە کردار خەریکی شتێکی دیکەیە.

**پرسیار:** ڕەنگە کاتی ئەوە بێت بڕێک باسی شەڕی کوردستان و تایبەتمەندیی شەڕی خۆتان دژی دەوڵەتی ئێراق بکەن.

**وەڵام:** پێش باسکردنی شەڕ لە کوردستان حەز دەکەم ئاماژە بۆ چەند خاڵێک لە سەر شەڕ بە گشتی و شێوەکانی شەڕ بە تایبەتی بکەم.

**شەڕ چییە**؟ شەڕ بەریەککەوتنی چەکدارانەی نێوان دوو یان چەند هێزە، ئەم هێزانە دەکرێ  هێزی دوو دەوڵەت، دوو چین یان یان دوو گروپی سیاسی بن. یان لە نێوان چەندین چین، دەوڵەت یان گروپی سیاسیدا دەکرێ شەڕ رووبدات. شەڕەکان کاتێ روودەدەن کە ناکۆکیەکانی نێوان دوو لایەن بە رادەیەک لە توندی بگات کە رێگەیەکی دیکە جگە شەڕ نەمێنێتەوە. ریشەی شەڕ دەبێ لە درووستبوونی زاڵم و مەزڵووم، چەوساوە و چەوسێنەر و ستەملێکراو و ستەمکاردا بدۆزرێتەوە. بە دەرکەوتنی چینەکان و کۆمەڵگای چینایەتی شەڕیش درووست بوو.لە هەمانکاتدا شەڕ دوایینی چارەسەری کێشەیە لە نێوان دوو هێزی دژ بە یەکدا.

لەڕووی چییەتیەوە شەڕ دەکرێ بە دوو بەشی سەرەکی دابەش بکرێت. شەڕی ڕەوا( دادپەروەرانە) وناڕەوا( نادادپەروەرانە). شەڕی ناڕەوا ئەو شەڕەیە لە لایەن ستەمکاران، زاڵمان، ئەمپریالیستەکان، کۆنەپەرستان و هتد  لەدژی هێزی پێشکەوتوو،  ستەملێکراو وچەوساوە دادەگیرسێت. ئامانجی ئەم جەنگە درێژەدانی دەسەلاٌت و تالاٌن و بڕۆی زیاترە. لە راستیدا مەبەستی ئەم شەڕانە تەنیا سەرکوتی هێزە ئازادیخواز و پێشکەتووەکان و تالاٌنی کۆمەلاٌنی زەحمەتکێش و گەلانی چەوساوەیە.

شەڕی رەوا شەڕی مەزلومان، چەوساوان، هێزە پێشکەوتووەکانە دژی زاڵمان و ستەمکاران و هێزە کۆنەپەرست و ئیمپریالیستەکان. مەبەستی ئەم شەڕانە ڕزگاری چینایەتی و نەتەوەیی و گەیشتن بە پێشکەوتنە. با زیاتر باسی شەڕی رەوا بکەین. بە گشتی ئەم شەڕە سێ جۆری هەیە:

- شەڕی دەوڵەتێکی پێشکەوتنخواز دژی دەوڵەتێکی کۆنەپەرست و داگیرکەر، وەک شەڕی سۆڤیەت دژی ئاڵمانی هیتلەری

-شەڕی شۆڕشگێڕانە، کە بە زۆری لە ناوخۆی ولاٌتێکدا لە نێوان چینە جیاوازەکان  و هێزە سیاسییەکانیاندا ڕوودەدات و مەبەستەکەی ڕووخاندنی چینی زاڵی کۆنەپەرست و هاتنە دەسەلاٌتی چینە شۆڕشگێر و پێشکەوتوەکانە.

شەڕی رزگاریدەری نەتەوەیی کە شەڕی نەتەوەیەکی چەوساوەیە دژی هێزی داگیرکەر و مەبەستەکەی دەرکردنی داگیرکەر و کۆتاییهێنانە بە دەسەلاٌتی ئەو هێزە و

رزگاری نەتەوەییە.

لە شەڕە ڕەواکاندا شێوەی جۆراوجۆر بەکار دەهێنرێت کە بە گشتی دەتوانین سێ شێوە جیابکەینەوە:

- خەباتی چەکدارانەی شاری
- خەباتی چەکدارانە لە گوند
- خەباتی چەکدارانە بۆ یارمەتیدانی هێزی ڕێکخراو

شێوەی یەکەم پتر لە وڵاتانی سەرمایەداری و ئەوانەیان کە تا ڕادەیەک دیمۆکراسیی بۆرژواییان هەبووە و چینی کرێکار توانیویەتی لە بەرامبەر دەسەڵاتداراندا ڕێکخستنەکانی خۆی بپارێزێت و بۆ ماوەیەک کاری سیاسی بکات، ڕوویداوە. لە سەدەی نۆزدەهەمدا لە ئەورووپا زۆربەی هێزە سیاسییەکانی چینی کرێکار شێوەی ڕاپەڕینی چەکدارییان بەکار دەهێنا و شێوەی دیکەیان بەکار نەدەبرد. لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا هەر ئەم شێوە باو بوو. شۆڕشی ئۆکتۆبر بە خەباتی چەکدارانەی شاری سەرکەوت.

شێوەی دووهەم خەباتی چەکدارانەیە لە گونددا کە شێوە تەواوەکەی لە چین و ڤێتنام بووە. واتە هێزە شۆڕشگێڕەکان لە یەک یان چەند خاڵەوە خەباتی چەکداری پارتیزانییان دەستپێکرد و بەرە بەرە لە شەڕ لەگەڵ دوژمن و بە کاری سیاسی و ڕێکخستن لە نێو خەڵکدا، هێزەکانی خۆیان پەرەدا کە لە دواییدا بە شکاندنی هێزەکانی دوژمن یان بە ماندووکردنیان، سەرکەوتن.

شێوەی سێهەم، شەڕی پارتیزانییە کە بۆ یارمەتیدانی هێزی ڕێکخراو بەرپا دەبوو. ئەمە لە شەڕی جیهانی دووهەمدا ئەزموون کرا، کاتێ هێزەکانی هیتلەر بەشێکی گەورەی خاکی سۆڤیەتیان گرت، لەم هەموو ئەم بەشانەدا شەڕی پارتیزانی داگیرسا و لێرەوە یارمەتییەکی زۆری ئەرتەشی ڕێکخراوی سۆڤیەت درا بۆ ئەوەی بتوانێ بەرامبەر دوژمنی داگیرکەر بوەستێت.

لە نێوان ئەم سێ شێوەی سەرەوەدا دیواری چین هەڵنەچنراوە، دەکرێ تێکەڵ بە یەک بکرێن، لە ڕاستیدا لە هەر خەباتێکی گەورەدا هەموو ئەم شێوازانە بەکار دەهێنرێت، بەڵام لە دواییدا شێوەیەک دەبێتە سەرەکی و شێوەیەکی دیکە لاوەکی.

لێرەدا دەبێ لە سەر خاڵێک بوەستم: دۆخی گشتی جیهان گۆڕانی گەورەی بە سەر

هاتووە، ئەمپریالیستەکان و دوژمنانی هێزە پێشکەوتوو و شۆڕشگێرەکان توانای خۆیان لە بواری سەربازی و شەڕی چینایەتیدا زۆر کردووە. ولاتانی کۆلۆنی و نیوە کۆلۆنیش وەک پێشوو نین. بە تایبەت لە رۆژهەلاتی نێوەڕاست بە هۆی داهاتی نەوتەوە گۆڕانی سەرخانی و ژێرخانیی گەورە روویانداوە. بۆیە چۆنیەتی سەرکەوتنی هێزە پیشکەوتوو و شۆڕشگێڕ و رزگاریدەرەکان لەم ولاتانەدا دەبێ بە پێی ئەم گۆڕانکاریانە بێت. ئەزموونی ولاتانی دیکە و شێوەکانی خەباتی چەکداری دەبێ رێنوێنی کار و چالاکی بن. ئەوەی گرنگە ئەوەیە شەڕ لە ڕەوتی شەڕدا فێر بین. لە شێوەی خەباتی دیاریکراوی خۆماندا فێر بین و بەکاری بێنین. دەبێ لە لاساییکردنەوەی نموونە بە دوور بین و بە پێی هەولومەرجی دیاریکراو بجووڵێینەوە. جگە ئەوە بە پێی ئەزموونێکی درێژ لە ولاتانی رۆژهەلاتی نێوەڕاستدا دیمۆکراسی ناتوانێ زۆر بخایەنێت، بە گشتی شێوەی سەرکوتی خوێناوی و دیکتاتۆری زاڵە و کۆنەپەرستان و ئیمپریالیستەکان رێگەی گۆڕانکاری دیمۆکراتیک لە کۆمەڵگادا نادەن. لە وەها دۆخێکدا هێزە پێشکەوتوو و رزگاردەرەکان جگە لە دەستبردن بۆ چەک و خەباتی درێژماوە رێگەیەکیان بۆ نامێنێتەوە. لەم ولاتانەدا لە بنەڕەتدا هێزی چەکداری شۆڕشگێڕ و رزگاریدەرن کە گەڕێکی خەبات و شۆڕش دەگەڕێنن و سووڕەکەی خێرا دەکەن. لە راستیدا ئەم خەباتە چەکدارییە ئەگەر بە شێوەیەکی دروست و بە پێی رێڕەوێکی سیاسیی واقیعبینانە دەستپێبکات، خۆی هۆکارێکی گرنگە بۆ ڕەخساندنی بارودۆخی سەرکەوتنی شۆڕش.

هەر یەک لەم شێوازانە، واتە خەباتی چەکدارانەی شار یان شاخ لە هەلومەرجی تایبەتی خۆیدا دەستپێدەکات، گەشە دەکات و سەردەکەوێت. هەلومەرج بۆ راپەڕینی چەکدارانەی شار جیایە لە هەلومەرجی دەستپێکردنی خەباتی چەکدارانە لە ناوچەی گوندنشیندا.

سەبارەت بە راپەڕینی چەکدارانەی شاری، ئەوە دەبێ هەموو هەلومەرجێک ئامادە بێت. راپەڕینی چەکدارانە ئەو کاتە دەستپێدەکات کە بارودۆخی زەینی بە تەواوی ئامادە بێت. لە کاتێکدا خەباتی چەکدارانەی گوندەکان یان شەڕی پارتیزانی دەتوانێ لە هەلومەرجێکدا کە خەڵک دژی حکوومەت یان هێزی داگیرکەرن، واتە هەلومەرجی بابەتیی خەبات لەبار بێت، دەستپێبکات. بێگومان لە وەها بارودۆخیکدا پێویستە هێزێک هەبێت بتوانێت

وەها خەباتێک دەست پێبکات، واتە لانیکەمی هەلومەرجی زیهنی ئامادە بێت. بەڵام بۆ ئەوەی ئەم هێزە گەشە بکات دەبێ بەرە بەرە ئەم هەلومەرجانەی دوایی بەدیبێن:

هێزی دەستپێکەری خەباتی چەکداری دەبێ لە نێو ئەو دەستە پێشڕەوەدا گەشە بکات و بگۆڕێت بۆ هێزی بەراستی شۆڕشگێڕ و وشیار.

ئەم ریکخستنە دەبێ بتوانێت رێڕەوی سیاسی درووست و راستەقینە بە پێی هەلومەرجی دیاریکراو بەدەستەوە بدات تاکوو لەم رێگەوە بتوانێ لە لایەکەوە کۆمەڵانی خەڵک بەرەو لای خۆی رابکێشێت و لە لایەکی دیکەوە هێزە هاوپەیمانەکان لەگەڵ خۆی رێکبخات.

هاوتەریب لەگەڵ نەخشە رێگای سیاسی دروست، دەبێ بەرەبەرە نەخشەرێگای سەربازی دروست داڕێژێت. لە کردەوەدا بتوانێ هێزەکانی دوژمن لە کار بخات، هێزەکانی خۆی پەرە پێبدات، پێشمەرگە رابێنێت، کادری سەربازی پێبگەیەنێت، هێزی پێشمەرگە لە شەڕی پاریتزانییەوە بۆ شەڕی بەرەیی و لەدواییدا پێکهێنانی هێزی چەکداری رێکخراو بەرز بکاتەوە. بێگومان هاوکات لەگەڵ پەرەدان بە ریزەکانی پێشمەرگە دەبێ بتوانێ پرسی لۆجستیک، کەرەستەکانی شەڕ، چەکی قورس و تەقەمەنی بە باشی چارەسەر بکات.

لەباربوونی هەلومەرجی گشتی ناوچەیی و نێونەتەوەییش دەورێکی گرنگی لە گەشەی هێزی پێشمەرگەدا هەیە کە دەبێ لەبەرچاو بگیرێت.

بەڵام سێهەمین و گرنگترین قۆناغی شەڕ، قۆناغی سەرکەوتنی تەواوە. بە گشتی سێ مەرجی سەرەکی بۆ ئەمە هەن و ناسراون.

١- بوونی حیزبێکی بە راستی شۆڕشگێڕ و سەرانسەری کە لە رەوتی خەباتی تارادەیەک درێژماوەدا توانیویەتی خۆی بکاتە رێبەری راستەقینەی گەل، رێبەری بەرەیەکی یەکگرتوو و رێبەری هێزی چەکدار. ئەم پارتە لە رەوتی خەباتدا درووست دەبێت و نەک هەر لەگەڵ چینی کرێکاردا پێوەندییەکی پتەو دادەمەزرێنێت، بەڵکو دەبێتە رێبەری چینی بەرینی زەحمەتکێشانیش. دروست بوونی بینای ئەو حیزبە لە راستیدا هاوکاتە لەگەڵ تێگەیشتنی فرە ڕەهەندی دۆخی شۆڕش لە وڵات و دامەزراندنی هێزی چەکدار و بەرەی یەکگرتوو.

٢- مەرجی دووهەمی سەرکەوتن، هێزێکی چەکداری بە رادەی پێویستە. وەک دەبینین

هێزی چەکدار دەورێکی زۆر کاریگەر و تەنانەت دیاریکەری لە گەشەی هەلومەرج بە سوودی بزووتنەوەی رزگاریدەر و شۆڕشدا لە ئەستۆیە. بە بێ هێزی پیشمەرگە و گەشەی بۆ هێزی رێکخراو و نیوەرێکخراوی چەکدار نە حیزبە پێشڕەو و سەراسەرییەکە درووست دەبێت و نە کۆمەڵانی گەل لێی کۆدەبنەوە و بۆیە بەرەی یەکگرتووش رێی گەشە ناپڕێت. بەم شێوە بە بێ ئەوەی بمانەوێت دەوری مەرجەکانی دیکە کەم بکەینەوە، دەبێ بڵێین کە بوونی هێزێکی چەکدار گەورەترین هۆکاری دابینکردنی هەولومەرجی سەرکەوتنە.

٣- مەرجی سێهەمی سەرکەوتن بەرەیەکی بەرفراوانی یەکگرتووە کە هەموو هێزەکان ئامادەن تێیدا لە سەر بەرنامەیەکی لانیکەمی یان کاتی و پێڕەوی بەرەکەدا خەبات بکەن. بێگومان دەبێ بنچینەی ئەم بەرەیە لە زەحمەتکێشان پێکبێت. ئەم هێزە مەزنە جەماوەرییە کە زامنی گەشەی بەرەی یەکگرتوو و پاراستنیەتی وەک وتمان لە دەوری پارتی پێشڕەو کۆدەبێتەوە، بەڵام دەبێ هێزی دیکەش یەکبخرێت بۆ ئەوەی دوژمن تا دەکرێت پەرتەوازە بکرێت و هەلومەرجی رووخاندنی ئامادە بکرێت.

جگە لەو سێ خاڵە سەرەکییەی کە باس کران، لە دۆخی تایبەتی کوردستاندا، دەبێ چوار پرسی دیکە چارەسەر بکەین. ئەم چوارە پەیوەندییان بە ئێراق، کوردستان، رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهانەوە هەیە:

پرسی یەکەم، پێوەندی بە ئێراقەوە هەیە. هێزەکانی ئێمە لە کوردستان دەبێ بتوانن لەگەڵ هێزە پێشکەوتوو و و شۆڕشگێرەکانی ئێراقدا یەکبگرن و هاوکاری بکەن. هێزە کوردەکان هیچکات ناتوانن بە تەنیایی حکومەتی ناوەندی بڕووخێنن، بۆیە بۆ هەر هێزێکی کوردستانی پێویستە هەوڵ بۆ یەکگرتن لەگەڵ هێزە شۆڕشگێڕ و پێشکەتووە ئێراقییەکان بدات.

پرسی دووهەم، چارەسەری پێوەندی درووستە لەگەڵ هێزە پیشکەتوو وشۆڕشگێرەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان و ئەو وڵاتەنە. پێویستە لەگەڵیان یەکبگرین و پشتگیری ئەوانمان هەبێت چونکە بارودۆخی بەشەکانی دیکەی کوردستان کاریگەری لەسەر بارودۆخی کوردستانی ئێراق دادەنێت.

سێهەمین چارەسەر پەیوەندیی دروستە لەگەڵ هێزە شۆڕشگێڕ و پێشکەوتوەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بە تایبەت جیهانی عەرەب. پێویستە هێزە شۆڕشگێر و

پێشکەوتوەکانی جیهانی عەرەب بزانن کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد نەک هەر دژی ئەوان نییە، بەڵکوو یاریدەدەر و پاڵپشتی خەباتەکەی ئەوانە و پێویستە ئەم بزووتنەوەش یارمەتی و پشتگیریی ئەوانی هەبێت.

چوارەمین پرس، دروستکردنی پەیوەندییە لەگەڵ هێزە رزگاریدەر و پێشکەوتوو و سوسیالیستییەکانی جیهان. دەڵێن هەر شۆڕشێک دەبێ پشتیوانی نێونەتەوەیی هەبێت. ئەم خاڵە بەتایبەت بۆ ئێمە دەبێ جەختی زیاتری لەسەر بکرێتەوە. چونکو بە پێی ئەزموون، بە هۆی دژایەتی سێ حکومەتی ناوەندیی تورکیا و ئیران و ئێراق بەرامبەر بە خەباتی گەلی کورد، گەر هێزە شۆڕشگێڕەکان نەتوانن بۆ خۆیان هاوپەیمانی و هەڤاڵبەندی نێونەتەوەیی دروست بکەن، ئەم سێ دەوڵەتە بە پێی ئەو توانایانەی هەیانە دەتوانن بزووتنەوەکە لە ئاستی نیونەتەوەییدا تەریک بخەن. لە ئەنجامدا، بۆیە دەستەبەرکردنی پشتگیریی نێونەتەوەیی بە تایبەتی بۆ بزووتنەوەی گەلی کورد پێویست و گرنگە.

**پرسیار:** پرسیارەکە لە وتەیەکی لێنینەوە سەرچاوە دەگرێت کە دەڵێ: "جەنگ تاقیکردنەوەی هەمەلایەنەی توانا مادی ومەعنەویەکانی دوو لایەنە. مێژووی شەڕەکان نیشانی دەدات کە ئەم تاقیکردنەوە تەنیا ئەو هێزانە بەرگەی دەگرن و تێیدا سەردەکەون کە لە بواری پێشکەوتن و توانای ئابوورییەوە، لە ئەزموون و شارەزایی و ورەی جەنگیدا و لە بواری خۆڕاگری و یەکیەتی گەلەوە لە هەموو ماوەی شەڕدا لە دوژمنەکەی خۆیان بە هێزتر بن". ئاخۆ ئەم وتەیەی لێنین لە سەر شەڕی کوردستانیش راستە؟

**وەڵام:** وەک دیارە لێنین ئەم قسەی لە سەر شەڕی نێوان دەوڵەتان کردووە. شەڕی نێوان خەڵکێکی چەوساوە و هێزی ئەمپریالستی و دەوڵەتی داگیرکەر لە بواری ئابورییەوە ناتوانێت بەو شیوە بێت. چونکو گەلی چەوساوە دەتوانێت لە هەر بوارێکەوە بە هێزتر بێت، وەک ورە و خۆڕاگری، یەکیەتی، ئەزموون و شارەزایی، بەڵام لە بواری ئابوورییەوە ئەستەمە پێش هێزی ئەمپریالیستی یان دەوڵەتانی سەر بەو هێزانە بکەوێت. بە ڕای من قسەکەی ئەنگلس زیاتر لە دۆخی ئێمە نزیکە. ئەو پێمان دەڵێت:

"ئەو گەلەی بۆ سەربەخۆیی تێدەکۆشێت ئەگەر بیەوێت سەربکەوێت نابی خۆی لە چوارچێوەی شەڕی باودا کورت بکاتەوە. راپەڕینی گەل و شەڕی پارتیزانی، واتە شەڕێک کە

هەموو وڵات بگرێتەوە، تەنیا شێوازێکی شەڕن کە بەهۆیەوە گەلێکی بچووک دەتوانێ لە بەرامبەر نەتەوەیەکی گەورەتر، یان ئەرتەشێکی بچووک لە بەرامبەر ئەرتەشێکی گەورەتردا بوەستێ و سەرکەوێت، ئەرتەشێک کە بە کەرەستە و رێکخستن بەهێزتر بێت."

شەڕی ئێمە لە کوردستان پێڕەوی شەڕی جەماوەری دەکات و ئەمەش باشترین شێوەیە کە ئێمە دەتوانین بە سەر دوژمندا زاڵ بین، شەڕی خەڵکی ئەلجەزایر دژی ئەمپریالیزمی فەرەنسا بە پێی بنەماکانی شەڕی جەماوەری بوو. یان شەڕی گەلی قارەمانی ڤیتنام دژی ئامریکا. لەم دوو شەڕەدا ئەمپریالیستەکانی فەرەنسا و ئامریکا ئەرتەشی بەهێزیان هەبوو و لە ڕووی کەرەستەو ڕیکخستنەوە تا کۆتایی شەڕەکە بە بەهێزی مانەوە، بەڵام لە کۆتاییدا هێزی چەکداری رزگارکەر سەرکەوت و گەلی ئەلجەزایر و ڤیتنام سەربەخۆییان بەدەست هێنا.

ئێمە ناتوانین بچین و بەغدا بگرین. ئەمە ئەرکی ئێمە نییە. هەوڵدەدەین بە خەباتی خۆمان دەوڵەتی ناوەندی سست بکەین، ماندووی بکەین، بەو مەبەستەی هێزە عەرەبییەکانی ئێراق راپەڕن و بە هاوکاری یەکتر بتوانین حکومەتێکی دیمۆکراتیک دامەزرێنین کە دان بە ئۆتۆنۆمیی کورددا بنێت. سەرکەوتن بۆ ئێمە بە مانای سەرکەوتن نییە لە مەیدانەکانی جەنگدا، سەرکەوتنی ئێمە لە دوا شیکاریدا سەرکەوتنێکی سیاسی دەبێت. بە تایبەت کە ئێمە لە ئاستی نێونەتەوەییدا پشتگیرییەکی زۆرمان نییە. دۆخی ئێمە و فەلەستین بەراورد بکەن. ئەوان پشتیوانییەکی بەرفراوانی نێونەتەوەییان هەیە، لە کاتێکدا ئێمە چەند لە سەدێکی ئەوەشمان نییە.

**پرسیار:** ئێستە حەز دەکەم کەمێک روونتر لە سەر دۆخی یەکێتیی نیشتیمانی پرسیار بکەم. لە سەر هێزی پێشمەرگە لە چەندایەتی و چۆنایەتیدا، شوێن و برەوی لە نێو گەلدا، شێوەی هەڵسووڕانی و هتد، لەم پرسیارەوە دەست پێدەکەم بۆ ئەوەی ئێوە باسی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانمان بۆ بکەن. ئاخۆ یەکێتیی نیشتیمانیی حیزبە یان بەرە؟

**وەڵام**: یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان کە ساڵی ١٩٧٥ دامەزرا، نە حیزبە و نە بەمانای تەواوەتی وشەکە بەرەیە. بەڵکوو نیمچە بەرەیە. ئێستا لە باری رێکخستنەوە لە

سێ بەش پێکهاتووە: رێکخراوی رەنجدەران کوردستان، یەکیەتی شۆڕشگێرانی کوردستان و کەسانێک کە بە شێوەی فەردی ئەندامن(خەتی گشتی). ئەم دوو رێکخراوەیە هەر یەک رێکخستنی سەربەخۆی خۆیان هەیە، هاوکاتیش ئەندامی یەکێتیی نیشتیمانین و پەیڕەوی بەرنامە و پێڕەوەکەی دەکەن. رێکخراوی کۆمەڵەی ڕەنجدەران، ئایدۆلۆژیای مارکسیزم - لێنینیزمی هەیە و یەکیەتی شۆڕشگێڕی کوردستان رێکخراوێکی نەتەوەیی و دیمۆکراتیک و شۆڕشگێڕە کە تێیدا کەسانی مارکسیست – لێنینیستیش بە شێوەی فەردی ئەندامن.

باسکی چەکداریی یەکێتیی نیشتیمانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی ناوە کە لە هەناوی جەماوەردا سەریهەڵداوە و راستەوخۆ لە ژێر رێبەرایەتیی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتیمانیدایە. دیارە هەر یەک لەم گروپ و رێکخراوانەی یەکێتیی نیشتیمانی، لەم هێزەدا ڕێکخستنی خۆیان هەیە. باڵی چەکداریی یەکێتیی نیشتیمانی ٦ بۆ ٧ هەزار پێشمەرگەی هەیە و گەورەترین هێزی چەکداری شۆڕشگێرە لە کوردستانی ئێراقدا.

**پرسیار:** ئێوە ئێستە ئەنجومەنی گوندەکانتان دامەزراندووە. کاری ئەم ئەنجومەنانە چییە و کێ ئیدارەو ئاراستەیان دەکات؟ ئاخۆ وەک هێزێکی سیاسی نوێ کە لە گونددا دروست بووە سەیریان دەکەن؟ ئەمانە چۆن هەڵدەبژێردرێن؟

**وەڵام:** ئێمە ئەنجومەنی گوندەکان وەک پرسێکی ستراتژیک سەیر دەکەین و بە بەشێک لە پرسێکی گەورەتر واتە جووڵاندن، وشیارکردنەوە، رێکخستن و لە دواییدا هەوێنی دروستکردنی بزووتنەوە لە نێو گەلدا دەزانین.

دروستکردنی بزووتنەوە لە نێو گەلدا چەند لایەنی دیاری هەیە:

لە شارەکاندا هەوڵدەدەین بزووتنەوەی کرێکاری وشیاربکەینەوە، رێکیبخەین و بیجووڵێنین.

لە شارەکاندا دیسان هەوڵدەدەین بزووتنەوەی رووناکبیران کە هێزیکی تا رادەیەک بەرچاون( خوێندکاران و قوتابیان، مامۆستایان، نووسەران وهونەرمەندان) بجووڵێنین و ئاراستەی شۆڕشگێرانەی بدەینێ.

لەشارەکاندا هەروەها هەوڵدەدەین بزاوێک لە نێو ژناندا دروست بکەین و بەرەو

خەباتێکی فراوانتر ئاراستەیان بکەین.

لە گوندیشدا بە دوای درووستکردنی بزووتنەوەی جەماوەریەوەین. ئەنجومەنی گوندەکان لە لایەن گەل و لە ریگای ئەوانەوە دادەمەزرێت.

بەم شێوە هێزی چەکداری ئێمە لە پاڵ رێکخستنی سیاسی لە شار و گونددا، جگە شەڕی چەکداری کە لە ئەرکە دیارەکانیەتی، لە نێو گەلیشدا کاری سیاسی دەکات و هەوڵ بۆ دامەزراندنی بزووتنەوەی گەورەی جەماوەری دەدات. ئێمە ساڵی ۱۹۸۲ بزووتنەوەی ناڕەزایی جەماوەریمان لە شار و دێ هەڵگیرساند و لە رەوتی خەباتی سیاسیدا وشیاری کۆمەلان گەشەی کرد و ورەیان بەرزتر بوەوە و هێزێکی زۆر روویان لە رێکخستنەکانی ئێمە کرد. بەلاّم بێینەوە سەر پرسیارەکەتان واتە ئەنجومەنی گوندەکان. لە ڕاستیدا ئەم ئەنجومەنانە ئەرکە ستراتژیکیەکانی شۆڕشمان بۆ چارەسەر دەکەن:

۱-لە رێگەی ئەم ئەنجومەنانەوە خەڵکی گوند چارەنووسی خۆیان بە دەستەوە دەگرن و بنچینەکانی هێزی سیاسیی نوێ لە گوند دادەمەزرێنن.

۲-ئەم ئەنجومەنانە لە راستیدا حکومەتێکی بچووکن کە ئەم ئەرکانە رادەپەڕێنن:

- پرسی زەوی، ئاو، دارستان و بە گشتی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری چارەسەر دەکەن

- کێشەی ئابووری بە تایبەت سەبارەت بە کەل و پەل و پێداویستییەکان چارەسەر دەکەن.

- پرسی پاکوخاوێنی و تەندروستی بۆ مندالاّن

- پرسی وەقف و مزگەوتەکان

- رێکخستنی پێوەندی نێوان پێشمەرگە و خەڵک و یارمەتیدانیان

- رێکخستنی پێوەندی نێوان گوندەکان

۳-تەمرینی دیمۆکراسی و ناسینی جێبەجێکردنی بنچینەکانی سەنترالیزمی دیمۆکراتیک بۆ گەلی ئێمە زۆر گرنگە. ئێمە دەمانەوێت خەڵکەکەمان لەم بوارەوە فێری ئەزموون ببێت و ئێمە بەتەواوی دژی شێوەی بیرۆکراتیکی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی گوندەکانین. هەندێ هێزی وەک حزبی شیووعی ئێراق دژی ئەوەن کە ئیمە دەڵێین با کۆمەلان خۆیان سەربەخۆ ئەنجومەنی گوندەکەیان بگەڕێنن و دەڵێن ئێمە سەرەتا پێکەوە لیستێکی هابەش بدەین و پاشان بڵێین خەڵک دەنگ بەم لیستە بدەن. ئێمە دەڵێین با

خەڵک بۆ خۆیان ئەنجومەنەکان لەسەر شێوەی دیموکراسی ڕاستەقینە هەڵبژێرن. پاش دیاریکرانی نوێنەران ئێمە هەوڵ بدەین گەر ئەوان سەر بە ڕێکخراوە و پارتی جیاوازن، هاوکاری لە نێوانیاندا دروست بکەین.

٤-خاڵی چوارەم ئەوەیە کە ئیمە لەگەڵ دامەزراندنی سیستمی شوورایین لە هەموو کوردستانی ئێراق. ئێمە دەمانەوێت کوردستانێکی ئۆتۆنۆمی شوورایی دامەزرێنین. لە داهاتوودا نابێ حکومەتێکی بیرۆکراتیک لە دەرەوەی دەسەڵاتی خەڵک حوکمی کوردستان بکات. گەل دەبێ لە ئاستی بەرین بەشداری کاروبار بکەن و لە ڕێگەی ئەنجومەنەکانەوە چارەنووسی خۆیان بە دەستەوە بگرن.

ئەمانەن ئەرک و هۆکانی دامەزراندنی ئەنجومەنی گوندەکان. کۆمەلانی خەڵک پشتگیری لە دامەزراندنی ئەنجومەنی گوندەکان دەکەن. ئەوڕۆکە لە هەموو گوندە ئازادەکاندا ئەم ئەنجومەنانە دامەزراون. لە شوێنە پارتیزانییەکانیش (کە هێشتا تەواو ئازاد نەکراون و دەوڵەتیش هاتوچۆیان دەکات) بەرەبەرە ئەنجومەنەکان خەریکن دامەزرێن. ئێمە هەوڵدەدەین بە دامەزراندنی بزووتنەوەی گەورەی جەماوەری تەنانەت لەو گوندانەش کە هێشتا لە ژێر دەسەلاتی دەوڵەتدان، ئەنجومەنی گوندەکان بە دەستی کۆمەلان خۆیان و لە خەبات لەگەڵ دەسەلاتی دەوڵەتدا، دامەزرێن. ئەمە خۆی چەکێکی خەباتکارانەی بەکارە دژی رژێمی زاڵ و خەباتێکە بۆ دیمۆکراسی.

**پرسیار:** ئایا ئەنجومەنەکانی گوند ئەرکی چەکدارکردنی خەڵکیشیان لە ئەستۆدایە؟

**وەڵام:** بەلێ. سیاسەتی ئێمە چەکدارکردنی خەڵکە لە سەرتاسەری کوردستان. ئێمە بڕوامان بە خەباتی جەماوەریی هەیە. بۆ تەواوکردنی ئەم شەڕەی ئێستا بڕوامان بە شەڕێکی تەواو جەماوەرییە. کەواتە ئێمە هەوڵدەدەین خەڵکی گوندەکان چەکدار بن و بەرنگاری لە ئازادی و دیمۆکراسی خۆیان بکەن. لە گوندەکانی کوردستان خەڵک بەزۆری چەکیان هەیە و ئەمە بەشێکە لە نەریتی بەرنگاری گەل، بەرامبەر بە ستەمگەران.

**پرسیار:** ئایا لە ڕێگەی ئەنجومەنەکانی گوندەوە ئێوە باج کۆ دەکەنەوە؟

**وەڵام:** سالانێکە خەڵک ژیانی پێشمەرگە دابین دەکەن. ئەوان سەرباری ئەوەی

خۆیان لە لایەنی پێداویستییە سەرەتاییەکانەوە لە تەنگانەدان، بەڵام یارمەتی پێشمەرگە دەدەن. ئێمە لە ساڵی ٨٢ وەوە هەوڵمانداوە ئەرکی گوندییەکان قورس نەکەین و هیچ جۆرە باجێکیان لێنەسێنین. بۆ وێنە خەڵکی گوند وەک نەریت دوو لە سەر سەدی زەکاتی خۆیان دەدەنە پێشمەرگە. ئێمە ئێستا بۆ یارمەتی پشتمان بە شارەکان بەستووە و جەختمان لەسەر توێژی دەوڵەمەندە.

**پرسیار:** لە هەل و مەرجی ئێستادا کاری شانە سیاسییەکان چۆناوچۆن ڕێک دەخەن؟ ناوەڕۆکیان چییە؟

**وەڵام:** وەک پێشتر ئاماژەم پێ کرد ئێمە هەوڵەکانمان لەسەر ڕێکخستنی بەربڵاوی خەڵکی شار و گوندەکانە، هۆشیاریان بکەینەوە و ڕێکیان بخەین. ئێستا هیچ گوند و شارێک لە کوردستانی ئێراق بوونی نییە یەکێتی نیشتیمانی هێزی تێدا نەبێت. ئەرکی ڕێکخستنەکانی ئێمە ئەوەیە هۆشیاری گەل بەرز بکەنەوە و هەوڵ بدەن بە شێوەی جۆراوجۆر ڕێکیان بخەن. جگە لەمە هێزە چەکدارەکانی ئێمە ئەرکی سیاسیکردنەوەی گەلیان لە ئەستۆیە. ئەوان بۆ ئازادی خەڵک چەکیان هەڵگرتووە و لەمڕووەوە لە ناو خەڵکدا ڕێزی تایبەتیان هەیە و بەمەش کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر هۆشیارکردنەوەی خەڵک هەیە. هەروەها ئێمە کادێری تایبەتیشمان بۆ ئیشی ڕێکخستنی خەڵک هەیە. بۆیە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە کاری سیاسی ئێمە بریتییە لە:

یەکەم: هۆشیارکردنەوەی ئەوان سەربارەت بە بەرنامە و پلانی یەکێتیی نیشتیمانی و ڕێکخستنیان لەسەر بنەمای خەبات و ئەوەی هەرکەسە و بە پێی توانای خۆی هەوڵی پێشخستنی خەبات بدات.

دووەم: ئاگادارکردنەوەی خەڵک دەربارەی هەلو مەرجی ئێستا. بە تایبەت دەربارەی شەڕ و دیاریکردنی ئەرکەکانیان.

سێهەم: تێگەیاندنیان لە گرنگی کاری ڕێکخستن و یارمەتیدانیان بۆ ڕابوون و ڕێکخستن و بۆ بەربڵاوکردنەوەی خەبات. کاری سیاسی ئێمە دەبێ لە خزمەتی ئامانجە دیاریکراوەکانماندا بێت، واتە چەکداربوونی خەڵک و ڕابوونی خۆڕسک و پەیوەستبوونیان بە هێزی پێشمەرگەوە *پێکهێنانی بزوتنەوەی جەماوەریی و

گەشەپێدانی بۆ ئەوەی ببنە هێزێکی گەورەی دژ بە حوکمڕانەکان و بە جووڵەی سیاسی ورەی خەڵک و ورەی هێزی پێشمەرگە لە خەباتی چەکداریدا بەرز بکەنەوە و ببنە هۆکارێک بۆ زاڵبوون و گەورەکردنەوەی کێشەی هێزە سەرکوتکەرەکان. بۆ کاری سیاسی ئێمە کەڵک لە شێوازی جۆراوجۆر وەردەگرین. بانگهێشتی گشتی خەڵک دەکەین لە ڕێگەی رادیۆەوە کە هەموو رۆژێک بە زمانی کوردی و عەرەبی وەشانی هەیە. جگە لەوە، بلاڤۆکی بەردەواممان هەیە وەک "رێبازی نوێ" کە ئۆرگانی یەکێتی نیشتیمانییە بە زمانی کوردی. "شەرارە"مان هەیە کە ئۆرگانی یەکێتییە بە زمانی عەرەبی. بەیاننامە، بڵاوکراوە و نامیلکە لە ئاستێکی زۆردا بڵاو دەکەینەوە. جگە لە هەموو ئەمانە ئێمە لە ئێستای کوردستاندا چوار مەڵبەندی ناوچەییمان هەیە کە هەریەکەیان بە پێی هەل و مەرجی تایبەتیی خۆیان گۆڤار و بڵاوکراوەیان هەیە. هەموو ئەمانەش هاوکات لەگەڵ روونکردنەوەی زارەکی - تاکەکەسیی و بە کۆمەڵ -ی ئەندامان و لایەنگرانی یەکێتی کە لە پێوەندییەکی چڕدان لەگەڵ خەڵکدا. بە مانای ئەوەی بەردەوام سەرقاڵی روونکردنەوەی کێشەکانن. سەرباری ئەمانەش ئێمە بە پێی پێویستیی لە گوندەکان کۆبوونەوەی گشتیمان هەیە بۆ لێکدانەوەی کێشەکان بۆ خەڵک. ئێمە هەوڵدەدەین خەڵکیش لە لای خۆیانەوە بۆچوونەکانیان بخەنە روو. یەکێتیی نیشتیمانی جەختێکی زۆری هەیە لەسەر دیمۆکراسی بۆ خەڵک و لەمڕووەوە کادێر و ئەندامانی خۆی پەروەردە دەکات بۆ ئەوەی بە گوێی کراوەوە رووبەڕووی ویست و رەخنەی خەڵک ببنەوە. هاوکات رێکخراوی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان هەر یەکە بە سەربەخۆیی بڵاوکراوەی خۆیان هەیە. "کۆمەڵە" زمانحاڵی رێکخراوی رەنجدەرانی کوردستانە و "کوردایەتی"یش گۆڤاری یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان.

**پرسیار:** بیستوومە گەنجانێکی زۆر دەیانەوێت چەک هەڵگرن، چ ئەوانەی لە گوندەکان دەمێننەوە و چ ئەوانەی دەیانەوێت بە هێزی پێشمەرگە پەیوەست بن. چۆن دەتانەوێ و دەتوانن کێشەی چەکدارکردنی خەڵک چارەسەر کەن؟

**وەڵام:** دەبێت دان بەوەدا بنێم کە ئێمە لە رووی چەکەوە لە کێشە و تەنگانەداین.

ئەمڕۆکە ئەگەر چەکمان ببوایە دەمانتوانی لە کاتێکی کورتدا هێزی چەکداری خۆمان چەند ئەوەندە بکەین. جگە لەمە دەمانتوانی خەڵکی زەحمەتکێشی گوندەکانیش چەکدار بکەین بۆ بەرنگاری لە خۆیان. ئێمە بە زۆری لەم ڕێگەیانەوە چەک بەدەست دەهێنین:

*چەککردنی هێزە دەوڵەتییەکان. ئەمە سەرچاوەی جێگەی متمانە و هەمیشەیی ئێمەیە. لە ساڵی ١٩٨٢دا ئێمە زیاتر لە ٥٠٠٠ چەکمان لە دەوڵەت و نۆکەرانی حکوومەت دەستکەوت. *سەرچاوەی دووەم کڕینی چەکە لە بازاڕی قاچاخ. ئێمە هەموو خەڵک هاندەدەین کە چەک دابین بکەن. هەم خۆمان و هەمیش خەڵکی شۆڕشگێر هەوڵدەدەین لە بازاڕی ڕەشدا چەک بکڕین.

*هەوڵمانداوە ژمارەیەک چەک لە دەرەوە بهێنین، بەڵام بەداخەوە سەرکەوتوو نەبووین، چونکو ڕژیمی تورکیا و ئێران دەستیان گرتووە بەسەر ئەو چەکانەدا و ئێستا لە دەستی ئەواندایە.

**پرسیار:** ئەی کێشە لۆجستییەکانی ترتان چۆن چارەسەر دەکەن؟

**وەڵام:** پێشتر هێزەکانی ئێمە لە رووی خواردەمەنییەوە وابەستەی خەڵکی گوند بوون. بۆ وێنە پۆلێک پێشمەرگە دەچوونە ناو گوندەکان و دابەش دەبوون بۆ خواردنی نان. هەڵبەت لە ساڵانی رابردوودا لەم رووەوە هەندێ ئاڵوگۆڕمان بەسەردا هاتووە. لەگەڵ ئازادکردنی چەند ناوچەیەکی بەرڵاو، هێزی پێشمەرگە توانیان کۆمەڵێک بنکەی هەمیشەیی بکەنەوە بۆ خۆیان سەربەخۆ کێشەی خواردن چارەسەر بکەن. پێشمەرگە کەل و پەل و پێداویستییەکانی خۆی لە دوو ڕێگەوە چارەسەر دەکات: کڕین لە بازاڕ و یارمەتی خەڵک. هەوڵدەدەین تا ئەو جێگەی پێمان بکرێت قورسایی لەسەر خەڵکی گوند کەم بێتەوە. ئەوان لەم ساڵانەی دواییدا بەرپرسایەتی و کێشەی زۆریان لە سەر شان بووە.

**پرسیار:** لە هەر خەباتێکدا شەهید هەیە، ئێوە لە خەباتی ئەمجارەتاندا شەهیدی زۆرتان هەیە. لەو رۆژانەی لە کوردستان بووم پێشمەرگەی زۆرم بینیوە کە کوڕە شەهید بوون. خەڵکی زۆرم بینیوە کە پاش شەهیدبوونی براکانیان چەکیان هەڵگرتووە و چوونەتە شاخ. لە شیعر و ئەدەبی کوردی ئەمڕۆدا شەهید پێگەیەکی تایبەتی هەیە، رادیۆکەی ئێوە رۆژێک لە هەفتەدا بەرنامەی تایبەت بە شەهیدانی هەیە کە زۆرترین گوێگری لە

ناو بەرنامەکانی دیکەدا هەیە. کەمێک باسی ئەوەمان بۆ بکەو پێمان بڵێ هەڵسوکەوتی بنەماڵەی شەهیدان چۆنە و ئێوە چیتان بۆ کردووون؟

**وەڵام:** بە داخەوە ئێمە شەهیدی زۆرمان هەن. لەم حەوت ساڵەی دواییدا نزیکی ٢٥٠٠ رۆڵەی قارەمان و شۆڕشگێڕی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان گیانی خۆیان لە رێگەی ئامانجی زەحمەتکێشان و گەلی کورد دا بەخت کردووە. شۆڕش و رزگاری نەتەوەییی بە بێ گیانفیدایی و لە خۆبوردەیی سەرناکەوێت و نایەتە دی. خوێنی شەهیدان، بەری قارەمانێتی و گیانبەختکردنی رۆڵەکانی ئەمڕۆی شۆڕشە کە دەبنە هەوێنی دوارۆژێکی گەش و کوردستانێکی ئازاد و دیمۆکرات. شەهیدانی ئێمە کە لە ناویاندا کادێرێکی زۆر و ژمارەیەک رێبەری دیار هەن، سەرمەشقێکی باشن بۆ ئێمە. ئەوان بە کردەوەی خۆیان دەرسی فیداکاری و گیانبخەتکردن فێری هێزەکانمان دەکەن و شەهید بوونیان دەبێتە هۆی پەیوەست بوونی دەیان شۆڕشگێڕی دیکە بە هێزەکانی پێشمەرگەوە. رێگەم بدەن پێش ئەوەی بڵێم ئێمە چی بۆ بنەماڵەی شەهیدان دەکەین، هەڵسوکەوتی ئەو دایکانەت بۆ باس بکەم کە بە تازەیی بینیومن: شەهید فەیسەڵی نەقشبەندی یەکێک لە ئازا و بوێرترین فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگە بوو. شارەزاییەکی تایبەتی لە تەقەکردندا هەبوو. بە کلاشینکۆف و بە تەنیا دەستێک پەتی قولاپی ماسیگری لە مەودایەکی تا رادەیەک دوورەوە دەپێکا. لە ناو ئاوێنەدا، نیشانەکەی دەدۆزییەوە و دەیشکاند. بەردەوامیش سەرکەوتوو بوو. ئەم فەرماندە ئازا و بوێرە، لە بەرەی کوردستانی ئێراندا و لەشەڕ لەگەڵ ئەرتەش، سوپا و قیادە موقەتدا شەهید کرا. پاشان دایک و خوشکی سەردانی منیان کرد. بە رێز و شانازییەوە قەبوڵم کردن و ویستم دڵدانەوەیان بدەم. دایکی هاتە قسە: و گوتی "کوڕەکەم وتبووی کاتێک شەهید کرام بۆم نەگریت و کاتێک چوویتە لای مام جەلال گلەیی نەکەی. لەسەر داوای کوڕەکەم هەتا ئەمڕۆ نەگریاوم". سەیری ئەم گەورەییە بکەن. منداڵێک دەزانێت شەهید دەبێ، دەزانێ رۆژێک دایکی شینی بۆ دەگێڕێ و دەشزانێ دایکان بۆ جگەر گۆشەکانیان دەگرین. ئەمانە پێشبینی دەکات و داوا لە دایکی ئەکا لە کاتی مردنیدا فرمێسکی بۆ نەڕێژێت و بە خۆڕاگرییەوە یادی ئەو زیندوو بکاتەوە. دایکی ئەم شەهیدە خۆشەویستە دەیوت: "داوام لە دەوڵەتی سەدام کرد وەرەقەیەکم بدەنێ تەرمی کوڕەگەم بگوازمەوە بۆ کوردستانی ئێراق، وەرقەیەکیان بۆ کردم و تێیدا نووسیان: "رێگە بدەن تەرمی خراپەکار فەیسەڵ نەقشبەندی

بگوازرێتەوە بۆ سلێمانی". وتم ئەو خراپەکار نییە و لە ڕێگەی نیشتیماندا گیانی خۆی بەخت کردوە. ئەو کوڕی قارەمانی گەلە. وەرەقەکەم دڕاند و ئەمڕۆکە هاتووم بڵێم تەرمی کوڕەکەم لەم دەڤەرەدا، لەم کێو و بەندەنی گوندانەدا دوور لە ئێمە بنێژن، دڵنیام ڕۆژێک گەل سەردەکەوێ و ئەو کات بە ئالآیەکی سوور کە لەسەری نووسراوە "شەهیدی نەمر فەیسەڵ نەقشبەندی" دەگەڕێتەوە ماڵەکەی خۆی. دایکێکی دیکەم لە هاویندا بینی بە ناوی هۆوە زاهیر، خانمێک لە هاوسەر و سێ کوڕی شەهید ببوون. هاوسەرەکەی بە ناوی زاهیر کەریم و ڕۆڵەکانی بە ناوی رەفیق زاهیر، شەفیق زاهیر و تۆفیق زاهیر. کوڕی چوارەمی بە ناوی کەریم زاهیر لە ژێر ئەشکەنجەی قورسدا لە ژووری سێدارەی رژیمی بەعس شێت بووە. ئەم دایکە شکۆدارە لەگەڵ کوڕی بچووک و دوایین ڕۆڵەکەی هاتنە لام. بە ڕێزەوە بە ناوی یەکێتیی نیشتیمانییەوە پێشوازیم لێ کرد. پێش ئەوەی بیبینم بیرێکی زۆرم کردەوە سەبارەت بەوەی چۆناوچۆن رووبەڕووی دایکێکی لەو چەشنە ببمەوە و چۆناوچۆن بەرامبەر ئەم هەمووە فیداکارییە بە ناوی گەلەوە وەلامی بدەمەوە. بەلآم کاتێک رووبەڕووی ئەم دایکە بوومەوە هێشتا هیچم نەدرکاندبوو کە خۆی هات بە هانامەوە و گوتی:"هاتووم داوا بکەم ئەم کوڕەشم چەکدار بکەن و ڕێگە بدەن ببێتە پێشمەرگە و ڕێگەی باوک و برایانی درێژە پێبدات"سەیری ئەم گەورەیی و فیداکاری و مەزنییەی لە ناو گەلی ئێمەدا هەیە. ئەمانەن گەلی کورد دەکەنە گەلێکی کۆڵنەدەر و ئێمە لە خەباتماندا دڵگەرم دەکەن. بە سەرنج بەو بابەتانەی باسم کرد، دەبێت بڵێم هەرچی ئێمە دەرحەق بە شەهیدان کردومانە و دەیکەین شایستەی ئەوان نییە، بەلآم بە هەر حاڵ ئەوەی لە دەستمان بێت ئەنجامی دەدەین. بە دیاریکراوی ئێمە بە ئەرکی خۆمانی دەزانین: *یارمەتی مانگانە بۆ ئەو بنەمالآنە ببڕینەوە کە پێویستییان پێیەتی.

* برا و ڕۆڵەی شەهیدان چەکدار بکەین و بە شانازییەوە لە ریزەکانی یەکێتیی نیشتیمانیدا پێشوازییان لێ بکەین.

* هەل و مەرجێک برەخسێنین تاوەکوو منالی شەهیدەکانمان درێژە بە خوێندن بدەن. بە زۆری ئەو بورسانەی وەلآتانی دەرەوە پێمانی دەدەن، بە پلەبەندی تەرخان دەکەین بۆیان بە مەبەستی فێربوون و پێگەیاندنی خۆیان، پێشمەرگەکان و گەل، ڕێورەسمی یادکردنەوەی شەهیدان بەڕێوە دەبەین. نامیلکە و پۆستەر بلآو دەکەینەوە و لە رادیۆی

یەکێتیی نیشتیمانیدا بەرنامەی تایبەتییان بۆ ساز دەدەین.

**پرسیار:** بیستوومە برۆنۆ کریسکی، سەرۆک کۆماری نەمسا نامەیەکی بۆ نووسیون و تیایدا وێرای دەربڕینی پشتیوانی خۆی بۆ خەباتی ڕەوای گەلی کورد، داوای کردووە یارمەتی بدەن بۆ پاراستنی ئەو پسپۆڕە نەمساییانەی لە ئێراقدا کار دەکەن. ئایا ئێوە وازتان لە سیاسەتی گرتن و بە بارمتەگرتنی کەسانی بیانی هێناوە. بۆ چی لە رابردوودا ئەو کارەتان دەکرد؟

**وەڵام:** پێشتر ئێمە ئەو کارەکان بۆ ناساندنی دەنگی خۆمان بە جیهان دەکرد. سەبارەت بە ئێمە بێدەنگییەکی ڕەبەق لە ئارادا بوو. بێدەنگیەک زۆرتر بە جۆرێک پیلان دەچوو. گەلی ئێمە و پێشمەرگەکانمان دژی حکومەتی زۆردار و خایین چەکیان هەڵدەگرت و شەڕیان دەکرد. ڕۆژ نەبوو ئێمە تێکهەڵچوونی چەکداریمان نەبێت، شەهید نەدەین و ڕێپێوان و جۆرێک لە خەباتمان نەبێت، بەڵام لە هیچ شوێنێکی دونیا، لە هیچ رادیۆ و بڵاڤۆکێکدا بڵاو نەدەبوویەوە. لە هەل و مەرجێکی وەهادا ئێمە واماندەزانی لە ڕێگەی بە بارمتەگرتنەوە، دەتوانین دەنگی خۆمان بگەیەنینە جیهان و ئەمەش کاریگەری هەبوو. لە هەمانکاتدا دەمانویست بە دەوڵەتانی ئەورووپی، ئەوانەی ستەمیان لە کورد دەکرد و دەیانخستینە ژێر گوشارەوە، هۆشداری بدەین تاوەکوو ئاگایان لە رەفتاریان بێت. زۆرێک لەوانە پاش ئازادبوونیان، لەسەر داوای خۆیان بۆ ماوەی زۆر لە ناوچە ئازادکراوەکان دەمانەوە، هەندێکیان گەڕانەوە لامان لە ئەورووپا کاریان بۆ ناساندنی کورد و خەباتەکەی ئێمە کرد. بە هەر حاڵ ئەمڕۆکە هەل و مەرجەکە گۆڕاوە و چیتر ئێمە بیانیەکان ناگرین و لە لای خۆشمانەوە هەوڵدەدەین جارێکی دیکە هێزەکانمان لە کوردستان کاری لەو جۆرە نەکەن.

**پرسیار:** حزبی کۆمۆنیستی ئێراق چ رۆڵێکی لە خەباتی کورددا هەیە و پێوەندییەکانی لە گەڵ یەکێتیی نیشتیمانی چۆنە؟

**وەڵام:** ئەوەی راستی بێت حزبی کۆمۆنیستی ئێراق، حزبێکی بە مانا ڕاستەقینەکەی کۆمۆنیستی نییە. رێبەرانی ئەم حزبە ریڤیژیۆنیستی و ریفۆرمیست و پاشکەوتوون. کاتێک ساڵی ٧٥ یەکێتیی نیشتیمانی دامەزرا، ئەم حزبە هاوکاری حکوومەتی ئێراق

بوو لە بەناو بەرەی نەتەوەیی، دیمۆکراتیی ئێراقدا و لەگەڵ حزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەبی سەدام حوسێندا لە پێوەندیدا بوو. ئەوان لە کونگرەکەیان لە مانگی مایسی ١٩٧٦ دا ئەم هەڵوێستەی خوارەوەیان گرت "لە ئێراقدا ڕەوتێکی شۆڕشگێڕانە هەیە لە شێوەی سۆسیالیزم کە رێبەرایەتییەکەی لە ئەستۆی حزبی بەعسە. ئێمە دەبێ پشتگیری ئەم رەوتە بکەین و پێشی بخەین." ئەوان لە راستیدا دەیانویست لە ژێر ئالأی بەعسی ئێراق و سەدام حوسێندا، ئێراق بگەیەننە سۆسیالیزم. ئەم بابەتە بە ڕوونی ناوەڕۆکی رێبەرایەتی حزبی کۆمۆنیستی ئێراق دەخاتە ڕو. ئەمە ئەلف و بێی مارکسیزمە کە بینای سۆسیالیزم بە دەستی چینی کرێکار و تەنیا لەسەر دەست و رێبەرایەتی چینی کرێکار دەتوانێت بێتە دی. ئیتر چۆنچۆنی پارتێکی کۆمۆنیستی، ئەگەر بەڕاست کۆمۆنیست بێت، دەتوانێ لە کۆنگرەی خۆیدا ئەوە پەسەند بکات کە حزبێکی وردەبۆرژوازی و شۆڤێنیستی کە پشتی بە سەرمایەی بیرۆکراتیک بەستووە، سۆسیالیزم لە ئێراقدا بهێنێتە دی! جگە لەمە ئەو کاتەی حزبی کۆمۆنیستی ئێراق بەشداری هەموو بوارەکانی دەسەڵاتی سیاسی ـ مەرکەزی و ناوچەیی بوو و هاوکات رۆڵی لە دارشتنی سیاسەتەکان و جێبەجێکردنیاندا هەبوو! پشتگیری سیاسەتی دەوڵەتی ئێراقیان دەکرد بەرامبەر بە کورد. پاساویان بۆ سیاسەتی شۆڤینیستی دەوڵەت دژی گەلی کورد دەهێنایەوە و دەیانگوت: ئەو خۆبەڕێوەبەرییەی سەدام بە کوردی داوە باشە و دەبێت پەسەند بکرێ و بەرە بەرە گەشەی پێ بدرێت. کاتێک یەکێتیی نیشتیمانی دەستی بە خەباتی چەکداری کرد، ئەوان لە دژی وەستانەوە و ئێمەیان بە "خراپەکار" و "ناسیۆنالیستی داردەستی بیانی" پێناسە دەکرد. پاساویان ئەوە بوو کە دەوڵەتی ئێراق دەوڵەتێکی پێشکەوتووە و بە ئاراستەی سوسیالیزمدا هەنگاو دەنێ و ئەوە دۆگماتیزم و ئەمپەریالیستەکانن کە کوردەکان بەرەو خەبات دژی دەوڵەت هاندەدەن. بەداخەوە ئەوانە تا ئەو کاتەی لە دەسەڵاتدا بوون هیچ وانەیەکیان وەرنەگرت. ئەوان وەها بە کورسی دەسەڵاتەوە نووسابوون کە تەنیا بە زۆر و هێزی سەدام وازیان لێ دەهێنا. لە راستیدا ئەمە بەعسی ئێراق بوو کە ئەوانی لە بە ناو بەرەی دەوڵەتدا کردە دەرەوە.

لە ساڵی ١٩٧٩ کاتێک سەدام دەستی بە سەرکوتی حزبی کۆمۆنیست کرد، سەرەڕای جیاوازییەکانمان، ئێمە لە ناوچە ئازادکراوەکان و بارەگاکانی سەرکردایەتیی یەکێتیی

نیشتیمانیدا جێگامان کردنەوە و یارمەتیمان دان، چەکدارمان کردن بۆ ئەوەی دژی سەدام خەبات بکەن. بەڵام بیرکردنەوەی ئەوان بە هێواشی دەگۆڕدرا و ساڵێکی خایاند تا دروشم و خەبات دژی سەدام و ڕووخاندنی دەسەڵاتەکەی هەڵبگرن. ئەمڕۆکەش هێشتا بە هەمان ناورۆکی ریڤیژیۆنیستی و ریفۆرمیستی شوێنکەوتوانە کار دەکەن بەو جیاوازییەوە کە ئەمڕۆ یەکجار لاوازترن لە ڕابردو. ئەوان بە هۆی هاوکاری لەگەڵ دەوڵەت و پشتیوانی لەوان و لە رێگەی گەلاڵەکردنی بیرۆکە هەڵەکانی خۆیان، بەرە بەرە ریشە و پێگەی خۆیان لە دەست دا. ئەوان ئەمڕۆکە حزبێکی بەڕاستی جیا لە چینی کرێکار و خەڵک و بە تایبەت گەلی کوردن. ئەوان هیچ پێگەو بنەمایەکییان نییە. لە هەل و مەرجێکی وەهادا کە دەکرێ بە فەشەلهێنانی حزبێک ناوبهێنرێت، لە کوردستان سیاسەتی دوفاقەییان نایەوە و بە نانەوەی کێشە و گرفت، یاری لەگەڵ هێزە سیاسییەکانیان گرتە پێش. ئەوان هاوکاریی هەر جۆرە جاش و هێزێکی راستگەرایان دەکرد تاوەکوو هێزێک خڕبکەنەوە و دژی یەکێتیی شەڕی پێبکەن. ئەوان ئەم کارە بە ئاشکرا ناکەن بەڵکوو لە رواڵەتدا و لە لای خۆمان باس لە هاوڕێیەتی ودۆستایەتی دەکەن کەچی لە ژێرەوە دژی ئێمە پیلان دەگێڕن و لە پشتەوە خەنجەرمان لێ دەوشێنن. لە نێوان قسە و کردەوەیاندا کەلێنێکی گەورە هەیە. بە قسە لە مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد دەدوێن و بە کردەوە پشتگیری کۆماری ئیسلامی خومەینی دەکەن کە بۆ خۆی دەستی بە خوێنی کوردی ئێران سوورە. ئەوان دۆست و هاوپەیمانی قیادە موەقەتەن کە ئەمڕۆکە لە ژێر ئالای خومەینی و ئەرتەش و سوپای پاسدارانی ئێراندا شەڕ دەکەن. رێک ئەو کاتەی هێزە چەکدارەکانی خومەینی هێرشیان کردە سەر کوردستان و قیادەی موەقەتیش هاوکاری ئەم جینایەتەی دەکرد، حزبی کۆمۆنیستی ئێراق بە هەراوهەڵایەکی زۆرەوە لەگەڵ قیادە موەقەتەدا بەرەیان پێکهێنا و بەم جۆرە پشتیوانی خۆیان لە قیادە موەقەتە و ئێران راگەیاند.

**پرسیار:** هێزی ئەوان لە ئێستادا چەندە و لە چ ئاستێکدایە؟

**وەڵام:** وەک باسم کرد ئەوان ئێستا لاوازن ، لەوە خراپتر ئەوەی کە ئێستا لە ناو گەلی کورددا خوش ناو نین. سەرجەم هێزی سەربازی ئەوان لە کوردستان رەنگە بگاتە

هەزار کەس. ورەی ئەم هەزار کەسەش بەرز نییە و هێزە چەکدارەکانیشیان لە ڕوی چۆنایەتیەوە لە ئاستێکی نزمدان. دەبێ بڵێم سیاسەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەردەوام سیاسەتی هاوکارییە لەگەڵ ئەوان. ئێمە و ئەوان ئێستا لەبەرەیەکداین کە نۆزدە ڕێکخراو و گروپی دیکەی تێدا بەشدارن. ئێمە هیواداریین ئەوان دەست لە یاریکردن بە هێزە سیاسییەکان هەڵگرن و بەڕاستی خەبات لە دژی سەددام بکەن. بەهەر حاڵ ئێمە بە مافی خۆمانی دەزانین درێژە بە خەباتی ئایدۆلۆژی خۆمان دژ بە سیاسەتی پێچ و پەنا و تێڕوانینە نادروستەکانیان بدەین و ئەم ئەرکەش پشتگوێ ناخەین.

**پرسیار:** پەیوەندی ئێوە بە خەباتی فەلەستینەوە چۆنە؟

**وەڵام:** ئێمە لە هەمان سەرەتاوە پشتگیری شۆڕشی فەلەستینمان کردووە و هاوڕێ و هاوخەباتی ئەم شۆڕشە و گەلی فەلەستین و ڕێکخراوە شۆڕشگێرەکانیان بووین. یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە ڕۆژی یەکەمی دامەزرانیەوە هاوکاری لەگەڵ شۆڕشی فەلەستینی لە بەرنامەکانی خۆیدا گونجاندووە. یەکێتیی نیشتیمانی گرنگییەکی زۆر بە شۆڕشی فەلەستین دەدات و خەباتی گەلی فەلەستین بە قازانجی گەلی کورد دەزانێ. ئێمە لەگەڵ ڕێبەرایەتی ڕێکخراوی ئازادی بەخشی فەلەستین و لەسەروی ئەویشەوە یاسر عەرفات و ڕێکخراوی فەتح پەیوەندی باشمان هەیە. وەکی تر لەگەڵ بەرەی گەلی بۆ ڕێکخراوی رزگاری فەلەستین بە سەرۆکایەتی جۆرج حەبەش پەیوەندی باشمان هەیە و هاوخەبات و دۆستی نزیکین. لەگەڵ بەرەی دیمۆکراتیک بۆ ڕزگاری گەلی فەلەستین بە سەرۆکایەتی برامان نایف حەواتمە دۆستایەتی و هاوخەباتی و پەیوەندی باش و نزیکمان هەیە و ئەم دوو ڕێکخراوە لە هەموو ڕویەکەوە یارمەتییان داوین و پشتیوانیان لە خەباتی گەلی کورد و مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کورد کردووە و بە کردەوەش ئەم گوتارەیان سەلماندووە. ئەوان نەک هەر لەگەڵ ئێمە بەڵکوو لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێرەکانی تری کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش هەر وایان کردووە. وەکی تر ئێمە لەگەل بەرەی گەلی بۆ رزگاری فەلەستین (فەرماندەی گشتی) بە سەرۆکایەتی برامان ئیبراهیم جەبرەییل دۆستایەتی و پەیوەندی نزیکمان هەیە. هەر وەها لەگەڵ "ئەلسائقە" بە ڕێبەرایەتی برامان عوسام القازی پەیوەندی و هاوکاری چڕ

و پرمان هەیە. ئەوان لە هەلو مەرجی دژواردا یارمەتییان داوین و پشتیوانمان بوون. خۆشبەختانە زۆرێک لە رێکخراوەکانی شۆڕشی فەلستین دۆزی کورد بە باشی دەناسن. ئەوان پشتیوانی گەلی کورد و دۆستی نزیک و دڵسۆز و هاوخەمی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانن. لەبەرامبەریشدا وەک لە سەرەوە جەختم لەسەر کردەوە، ئێمە پشتگیری گەلی قارەمانی فەلەستین دەکەین و پشتیوانی مافی چارەی خۆ نووسین و سەرجەم ئامانجەکانیانین. بە شەخسی بۆ خۆم لە کۆنەوە پەیوەندی چرم بە شۆڕشی فەلەستینەوە هەیە و بەم پێیەش هەستێکی تایبەتیم بۆ ئەو شۆڕش و بزووتنەوەیە هەیە.هەروەها لە کۆنەوە هاورێیەتی و دۆستایەتیم لەگەڵ رێبەرانی بزوتنەوەی فەلەستین بە تایبەت جۆرج حەبەش و نایف حەواتمە هەیە و لە ساڵەکانی ٦٩ ١٩- ٧٠ ١٩دا هەر چیمان پێ کرا بۆ شۆڕشی فەلەستین کردمان. لە ٧١ تا ٧٤ بۆ خۆم بە سیفەتی شەخسی لە بەرەی رزگاری فەلەستین بە رێبەرایەتی جۆرج حەبەش کارم کردووە. ئەوەیش هاوکات یارمەتی زۆری ئێمەی داوە. لە سەرەتای دامەزراندنی یەکێتیی نیشتیمانیدا براهان نایف حەواتمە لە ڕوی سیاسی و مەعنەوییەوە یارمەتی زۆری ئێمەی دا. ئەو بە دروستی بۆچوونی دۆستانە و هاورێیانەی لەگەڵ گەلی کوردە و لە هەموو شوێنێک بە تایبەت لە دانیشتنە نێو دەوڵەتییەکاندا پشتیوانی کورد و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانیان کردووە.

**پرسیار:** یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان پێوەندی و دۆستایەتیشی لەگەل لیبیا و سوریا هەبووە، بەڵام هەر دووی ئەم وڵاتانە لە رژیمی ئێستای ئێرانەوە نزیکن و ئێران ئەوان بە هاوپەیمانی خۆیان دەزانێ. ئەم بابەتە چلۆن لێک دەدەنەوە؟

**وەڵام:** وەک لە پەیڕەو و بەرنامەی یەکێتیی نیشتیمانیدا هاتووە، ئێمە هاورێیەتی و هاوکاری گەلانی پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێری جیهانی عەرب بە یەکێک لە ئەرکەکانی خۆمان دەزانین و بەم پێیەش دۆستایەتیمان لەگەڵ زۆرێک لە هێزە دژە ئەمپریالیستیی و هێزە شۆڕشگێرەکانی دونیای عەرەبدا هەیە. ئێمە ئەندامی ئەنجومەنی گەلانی عەربین کە بریتییە لە ١٢٨ رێکخراوی شۆڕشگێر و دیمۆکرات. بەڵام دۆستایێتی ئێمە و لیبیا و سوریا هیچکات لە سەربەخۆیی ئێمەدا کاریگەر نەبووە. ئێمە سوورین لەسەر پرەنسیپی پشتبەستن بە هێزەکانی خۆمان لە بڕیارداندا و بەم پێیەش رێکەوتووە کە دژی

هاوڕێکانمان بکەوینەوە. ڕێگەم بدەن چەند نموونە بهێنمەوە

*کاتێک سورییەکان دەیانویست لەگەڵ ئێراق یەک بگرن و ببنە هاوپەیمانی حزبی بەعسی ئێراق ئێمە بەردەوام بووین لە شەڕ دژی ڕژێمی ئێراق و بچووکترین ئاڵوگۆڕمان لە سیاسەتەکانماندا نەکرد

* سوریا و لیبیا ڕژیمی ئێران بە ڕژیمێکی شۆڕشگێڕی دژ بە ئەمپریالستی ئەمریکا و زایۆنیزم دەزانن. بە پێچەوانەی ئێمە کە ئەو ڕژێمە بە دواکەوتوو و ناشۆڕشگێر دەزانین کە ژێراوژێر هاوکاریی زایۆنیزم دەکات. ئەمەش جیاوازییەکی بچووک نیە

*یا نموونەیەکی دیکە، لە کاتی هێرشی بۆ سەر لوبنان و سەرهەڵدانی کێشە لە نێوان فەلەستین و سوریا، ئێمە لەگەڵ فەلەستینییەکان بووین و هیچ کات بۆچونەکانمان لە دۆستانی سوری و لیبیایی نەشاردۆتەوە.

**پرسیار:** لە هاوینی ساڵی ۸۲دا لە ورمێ ڕژێمی خومەینی ستادی عەمەلیاتی حەمزەی سەیدولشوهەدای دامەزراند و وەک بینیمان ئەرتەش، سوپای پاسداران، بەسیج و جاشەکانی ڕژیمی ئیسلامی لە چەن لاوە هێرشیان کردە سەر کوردستان و لەم هێرشە چەند لایەنە و سەراسەرییەدا ڕژیمی ئیسلامی هەموو توانا سەربازییەکانی خۆی خستە گەڕ: فڕۆکە، هێلیکوپتەر، تانک، تۆپ و بۆمبی فوسفۆری و هتد بەکار هێنا. ئێوە لەم هێرشەدا لەسەر داوای هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستانی ئێران کە بە شێوەی چەکداری بەرامبەر ئەم هێرشە دڕندەیە بەرنگارییان لە خۆیان کرد، بەشداری و پشتیوانیتان کردن. دەکرێ باسی هۆکارەکانی بەشداریتان لەم شەڕەدا بکەن؟

**وەڵام:** بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستە کەمێک بگەڕێینەوە بۆ دواوە. هاوکاری ئێمە لەگەڵ شۆڕگێرانی ئێرانی (کورد و غەیری کورد)، مێژوویەکی درێژی هەیە. ئێمە لە هەمان سەرەتای دامەزراندنی یەکێتیی نیشتیمانی لە ساڵی ۷۵ دا پێوەندیمان لەگەڵ چەند هێزێکی شۆڕشگێڕی وەک: حزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی ئێران، ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی حزبی توودە، چریکی فیدایی خەڵق، بەرەی نەتەوەیی ئێران هەبووە و پشتیوانی خەباتیان دژی ڕژیمی شا بووین. ئێمە تەنانەت لەگەڵ خودی خومەینی و لایەنگرەکانی پێوەندیمان هەبوو و هەوڵماندا

یارمەتیشیان بدەین. لە هەمان سەرەتای داگیرسانی بزووتنەوەی گەلانی ئێران دژی شا، ئێمە هەڵوێستی خۆمان بە ڕاشکاوی راگەیاند و پشتیوانیمان کرد. ئێمە شۆڕشی ١٩٧٩ بە شۆڕشی گەلانی ئێران دەزانین نەک شۆڕشی مەلاکان. ئەمە مەلاکان بوون کە بەرە بەرە لە رێگەی بەلاڕێدابردنی رەوتی شۆڕش سوڵتەی خۆیان بەسەر شۆڕشەکەدا سەپاند و لە سەرانسەری ئێران بە کوردستانیشەوە دەستیان دایە دژایەتی کردنی هیزە پێشکەوتنخواز و شورشگێڕەکان. بە تەواوی دیمۆکراتییان نایە ژێر پێ و دەستیان دایە سەرکوتکردنی ئەوەی بچووکترین ناکۆکی و جیاوازی بیروبۆچوونی لەگەڵ مەلاکان هەبوو. ئێمە لامان وایە رەوتی زاڵی مەلاکان دژی رەوتی شۆڕشی ١٩٧٩ بوو، دژ بە داخوازی ئەو گەلانە بوو کە بەشدارییان تێداکردبوو. ئەوان ئەمڕۆکە چیتر بوونەتە هێزی دژە خەڵک و دژە شۆڕش. مێژوو نموونەی دیکەی وەک ئێرانی تێدایە. هەر لەم عێراقەدا روویداوە. ئەزموونی کودەتای عەبدولکەریم قاسم بهێننە پێش چاوی خۆتان. لەوێدا قاسم رژیمی پاشایەتی ڕووخاند و بە شێوەی کاتی دیمۆکراسی لە ئێراقدا جێگیر کرا و خەڵکیش تا رادەیەک ئازادییان بە دەست هێنا. بەڵام زۆری نەخایاند کە قاسم خۆی بوو بە دیکتاتۆرێکی دیکە. ئەم مەسەلە بۆ عەبدولسەلام عارفیش دووبارە بوویەوە. ئێستا سەیر کەن لە ئێران چی روودەدا. مەلاکان، شۆڕشگێڕان و هێزی پێشکەوتنخواز واتە هاوڕێیانی پێشووی ئێمە سەرکوت دەکەن. ستەم لە هەموو گەلانی خەباتگێڕی ئێران دەکەن ئەوانەی بۆ لابردنی شا فیداکارییان کردبوو. بە تایبەتی تر لەگەڵ گەلی کورد دا تەعامولێکی شۆڤێنیستی هەبووە و بە تەرکیزەوە، گەورەترین هێزی سەربازی خۆیان بە جۆرەها چەکەوە دەنێرنە کوردستان و لە رێگەی ئاسمان و زەوییەوە هێرش دەکەن و لە هەل و مەرجێکی وەهادا هێزە پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێرەکان کە بەرامبەر حکوومەتی مەلاکان بەرگری لە خۆیان دەکەن، داوایان لە ئێمە کرد پشتیوانییان بکەین. ئایا ئێمە ئەمانتوانی وەڵامی نەرێنی بدەینەوە؟ بێگومان نا. هاوپەیمانی لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕە ئێرانییەکان، ئەرک و نەریتی ئێمە بووە و لە پەیرەوی یەکێتیی نیشتیمانیشدا جەختی لەسەر کراوە و ئەمە بە بەشێک لە هەل و مەرجی سەرکەوتنی خۆمان دەزانین. ئێمە ئەمڕۆ نەک هەر لە کردەوەی خۆمان پاشگەز نەبووینەتەوە، بەڵکۆ بەردەوامین لەسەر ئەم نەریتە و لە هەموو هێزێکی پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێر لە ئێران پشتیوانی ئەکەین. بەشداری ئێمە

لەم شەڕەدا هۆکارێکی دیکەشی هەیە. حکوومەتی ئێران هەموو هێزێکی دواکەوتووی کوردی کە وابەستەی ئەمپریالیسمی ئەمریکا، شا، موساد و ئیسڕاییل بوون و هێشتاش هەن چەکدار کرد و هانی دان دژی گەلی کورد شەڕ بکەن. هێزی وەک "قیادە موەقەتە" دوژمنی یەکێتییە و ساڵەهایە دژی یەکێتی شەڕ دەکات. رژێمی ئێران ئەوانەی گرتۆتە خۆ و بە هاوکاریکردنیان دژ بە ئێمە بەکاریان دەهێنێ. لە هەل و مەرجێکی وادا ئاشکرایە ئێمە رووبەڕووی رژێمی ئێران دەبینەوە و رێگای دیکەشمان نییە جگە لە خەبات دژی ئەوان. رێگەم بدەن نموونەیەک بگێڕمەوە: لە هاوینی ساڵی ٨١دا رژیمی ئێران هێزیک بریتی بوو لە پاسدار، ئەرتەش، بەسیج و قیادە موەقەتەی بە قووڵایی ٦٠ کیلۆمەتر هێنایە ناو خاکی کوردستانی ئێراق و هێرشی کردە سەر ئێمە کە ئەوکات لە ناوچەی ئازادکراوی بەرزەنجە بووین. هێزی پێشمەرگە بە توندی بەرپەرچیان دایەوە و شکستیان پێهێنان و گروبانێکی ئەرتەشیشیان بە ناوی محمەدی مەنوچێهری خەڵکی کرماشان دەستبەسەر کرد کە یەکێتیی نشیتیمانی رادەستی ئێرانی کردەوە. هۆکاری سێهەم سەبارەت بە شەڕ لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی ئێران بۆ ئێمە ئەوەیە کە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستانی ئێران وەک بنکەی پشتیوانی خۆمان دەزانین. هێرش بۆ سەر ئەم بنکانە و داگیرکردنیان لە لایەن رژیمی ئێرانەوە بە مەترسی هێرش بۆ سەر خۆمان دەزانین. لەم روانگەیەوە بەشداری ئێمە لەشەڕدا جۆرێک بەرنگاری لە خۆمان بوو لە ناوچە ئازادکراوەکاندا.

**پرسیار:** لە چ ئاستێکدا بەشداری ئەم شەڕەتان کرد.

**وەڵام:** ئێمە دەکرێت بڵێم نیوەی هێزی چەکداری خۆمان لەو شەڕەدا بەشدار کرد. نزیکەی ٣٠٠٠ پێشمەرگە. ئەم کارەی ئێمە لە رووی سەربازییەوە گرنگی زۆری هەبوو، چونکو یەکەمجار بوو کە هێزەکانمان لە بەرەیەکی رێکخراودا دەچوونە شەڕەوە. هێزەکانی ئێمە بە سەرکەوتوویی لەو شەڕە هاتنە دەرەوە و سەرکەوتنی بەرچاویان بە دەست هێنا.

**پرسیار:** ئایا لە داهاتووشدا لە وەها شەڕێکدا بەشداری دەکەن؟

**وەڵام:** ئەکەوێتە سەر دۆخ و و داوای هێزە پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕە ئێرانییەکان و لە ئێستادا دەم و دەست ناکرێ وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە

**پرسیار:** رۆڵی ئەدەب و هونەر لە خەباتی ئێستای گەلی کورددا چییە و یەکێتیی نشتیمانی لەمبارەوە چۆن کار دەکات؟

**وەڵام:** ئەدیبان و هونەرمەندانی کورد بوێرانە و بە سەر بڵندی و شانازییەوە کۆڵیان بۆ گوشار و ستەمی حاکمان نەداوە و بەرامبەری وەستاونەتەوە. ئەوان بە ڕاشکاویی وەستاون و قسەی خۆیان دەکەن، نەچوونەتە ژێر رکێفی دەرباری پاشاکانەوە. زۆرینەی هەرە زۆری ئەوان لە بەرەی داهێناندان. شیعر، چیرۆک، موسیقا و وێنەگری، هەمووی لە ژێر کاریگەری رابوونی گەل و لە خزمەتی خەباتی گەلدایە. ئەمڕۆکە ئەدەب و هونەری کورد بە گشتی پێشکەوتنخواز و ئازادیخوازە. ژمارەیەکی زۆر لە ئەدیبان و هونەرمەندانی شۆڕشگێڕ هاوڕێی ئێمەن و لە پێوەندی چڕدان لەگەڵماندا و ئێمەش هانیان دەدەین و پشتگیری کار و چالاکییەکانیان دەکەین. لە ئێستادا ئێمە لە کوردستان دوو جۆر کار لە بەرەی هونەر و ئەدەبدا دەکەین. یەکەم لە ناوچە ئازادکراوەکانە کە لە لێرەدا شاعیران، نوسەران و شانۆنامەنووسان و مۆسیقارەکان بە ئازادی و سەربڵندی بەرهەم دەخوڵقێنن و بەرهەمەکانیان پێشکەش بە گەلی ئازاد دەکەن. جگە لەمە بەرهەمەکانی ئەوان بە شێوەی جۆراوجۆر دزە دەکاتە ئەو ناوچانەی لە ژێر دەسەڵاتی رژێمدایە و لەوێش بڵاودەبنەوە. کارێکی دیکەش کەڵک وەرگرتن لە ئەو هەل و ئەگەرە ئاشکرایانەیە وا گەل بە خەباتی خۆی بە دەستی هێناوە. ئەمڕۆکە لە کوردستانی ئێراق بڵاوکراوە و چالاکی کولتوری و هونەری دیکە لە لایەن گەلەوە دەکرێ. لەم بوارەشدا کەسی پێشکەوتنخواز و ئازادیخواز کار دەکەن و هەوڵ ئەدەن (دیارە بە شێوازی خۆیان) ئەم بەرە لە خەباتیش بخەنە خزمەتی خەباتی گەل و رزگاری نەتەوەیی. ئەمڕۆکە لە کوردستانی ئێراق چەندین بڵاوکراوەی ئەدەبی و هونەری دەرئەچێت. لە نێوان ئەوانەدا دەکرێ ئاماژە بۆ "نووسەرانی کوردستان" بکەین کە لە ناوچەی ئازادکراودا بڵاودەبێتەوە. ئەدەب و هونەر لە نێوان گەلی ئێمەدا لایەنگری زۆری هەیە و بەم پێیەش رۆڵێکی هەستیاریان لە ئەستۆیە. ئیش لە بەرەی ئەدەب و هونەردا بەشێکە لە کاری سیاسی کە هاوکات لەگەڵ خەباتی چەکداریدا دەبێت پێبگات.

**پرسیار:** ماوەیەکە رۆژنامە بەناوبانگە جیهانییەکان هەواڵ و راپۆرتی ئەوە بڵاو دەکەنەوە کە یەکێتیی نیشتیمانی لەگەڵ حکوومەتی ئێراقدا خەریکی دانوستاندنن. تەنانەت "بی بی سی" ش باسی ئەوەی کردووە کە نوێنەرێکی ئێوە بۆ ئەم مەبەستە چۆتە بەغدا. ئایا ئێوە گفتوگۆ پشتڕاست دەکەنەوە؟ ئێوە لە کام هەل و مەرجدا ئامادەن کۆتایی بەم شەڕەی ئێستا بهێنن؟ وەک دەزانین لە رابردوشدا چەندین جار لە کوردستانی ئێراق ئاشتی کاتی بەرقەرار بووە. ئایا ئاشتی و دانوستاندن کاریگەری لەسەر پێشمەرگەکانتان دانانێت؟ هەست بە مەترسی ئەوە ناکەن هێزەکانتان پەرتەوازە بن و ئەمەش لە دواجاردا بە سوودی دەوڵەت بشکێتەوە؟

**وەڵام:** وەک دانوستاندن، تا ئێستا یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان دانوستاندنی ڕەسمی قەبووڵ نەکردووە. دەوڵەت داوای دانوستاندنی کردووە، بەڵام ئێمە قەبووڵمان نەکردووە. لە نێوان ئێمە و ئەواندا کەسانێک دێن و دەچن و ناوبژیوانمانن. دەوڵەت کەسایەتیی دینی و کەسانی ناسراوی ناردۆتە لامان. ئەوانەی لە لای دەوڵەتەوە هاتوون پێمان دەڵێن دەوڵەت داوای دانوستاندنی کردووە، مەرجەکانی ئێوە چییە؟ یەکێتیی نیشتیمانی دانوستاندنی ڕەسمی قەبووڵ نەکردووە. بەڵکو داوای لە دەوڵەت کردووە لە پێناوی مسۆگەر بوونی داواکانی گەلدا هەنگاو بنێت و سیاسەتی شوڤێنیستی خۆی لە بەرامبەر گەلی کورد دا بگۆڕێت. لە ساڵی ٨٢ دا رێپێوانێکی هەمە لایەنە لە سەرانسەری کوردستان کرا. رێپێوەران نوێنەرانی گەلی کورد بوون و داواکانی ئەوانیان نوێنەرایەتی دەکرد. ئێمەش لە لای خۆمانەوە پشتگیری ئەو داوایانەمان کرد. بە دەوڵەتی ئێراقمان وت بە کردەوە داواکاری خۆپیشاندەران جێبەجێ بکەن تاوەکوو رێگە بۆ دانوستاندن خۆش بێت. داواکاریی ئەم خۆپیشاندانە بەربڵاوانە بەم شێوەی خوارەوە بوو:

- یەکەم: گەڕانەوەی جوتیارە کۆچێنراوەکان بۆ گوندەکانی خۆیان.
- دووەم: ئازاد کردنی سەرجەم زیندانییە سیاسییەکان و بنەماڵەی پێشمەرگەکان.
- سێهەم: چوونە دەرەوەی هێزە چەکدارەکانی دەوڵەت لە کوردستان.
- چوارەم: مسۆگەر بوونی خودموختاری راستەقینە بۆ کوردستان و دیمۆکراسی بۆ ئێراق.

- پێنجەم: بە کوردی کردنی قوتابخانەکانی کوردستان.
- شەشەم: کۆکردنەوەی ڕێکخراوە ئەمنییەکان لە کوردستان.

ئەمانە داواکاریی ڕەوای خەڵکە و ئێمە داوامان لە دەوڵەت کردووە وەڵامی ئەم داخوازیانە بداتەوە. بەڵام بۆچی ئێمە بەم شێوەیە لەگەڵ دەوڵەت مامەڵە دەکەین و بۆچی بە ڕەسمی ناچینە دانوستاندنەوە لەگەڵیان؟

بە هۆی ئەوەی ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین ناوەڕۆکی چینایەتی و سیاسیی دەوڵەتی ناوەندی گۆڕانی بەرسەردا نەهاتووە، سیاسەتی شۆڤێنیستی زاڵ بەسەر دەوڵەتدا وەک خۆی ماوەتەوە. چارەسەری کێشەی کورد بە مانا راستەقینەکەی لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی دیموکراتیدا دێتە دی و دەوڵەتی ئێستا هەڵگری ئەو تایبەتمەندییانە نییە. ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین کە رژێمی بەغدا دەبێ بگۆڕێت. دیموکراسی جێگەی دیکتاتۆریی هەنوکەیی بگرێتەوە. دەوڵەتی ئیتیلافی بێتە سەرکار و بە کردەوە گەرەنتی خودموختاری بۆ کوردستان و دیموکراتی بۆ ئێراق بکات و کۆتاییش بە شەڕ لەگەڵ ئێران بهێنێت. هێزە چەکدارەکانی ئێراق لە بری خۆخەریک کردن بە شەڕی کوردستان و شەڕی ئێران، با ئێراق پشتیوانی گەلانی فەلەستین و سوریاو ئەردەن بکەن کە روبەڕووی ئەمریکا و ئیسراییل بوونەتەوە. بێمتمانەیی ئێمە سەبارەت بەوەی دەوڵەتی هەنوکەی ئێراق ئامادە بێت وەڵامی ئامانج و خواستەکانی گەلی کورد بداتەوە و بچێت بە پیریانەوە، زۆرە، چونکو ئەمە دەوڵەتی بۆرژوا ـ بیرۆکراتیک شۆڤینیستییە کە تەنیا بەرژەوەندییەکانی خۆی مەبەستە. بەڵام لە مێژودا رێکەوتووە دەوڵەتێک ناچار بێت مل بە کاری وەها بدات. دەبێ لەسەر ئەم ئەگەرە ئیش بکەین کە هەلومەرجی بابەتی و گوشار بۆ سەر دەوڵەتی ئێراق ببێتە هۆی ئەوەی بە جۆرێک لە جۆرەکان رێکەوتن لەگەڵ بەشێک لە داواکانی گەلی کورد. لە دۆخێکی وەهادا ئێمە بە پێی هەلو مەرجی بابەتی و زەینی و دیاریکراوی شۆڕش دەچینە پێشەوە و چی بە قازانجی شۆڕش و دیموکراسی بێت دەیکەین. ئێمە خەباتی خۆمان بە خەباتێکی دوورودرێژ دەزانین و وەک لەسەرەوە باسم کرد خەباتی ئێمە خەباتێکی سەخت و دژوارە و کێشەی زۆر هەن کە دەبێت چارەسەر بن. ئەگەر ئێمە ئەم تایبەتمەندییانەمان لەبەرچاو بێت ئەو کات ناچارین لە تاکتیکدا نەرمی بنوێنین و ئاگامان لە پێشکەوتنی قۆناغ بە قۆناغی خەباتەکەی خۆمان بێت. ئێمە ئیرادەمان کردووە هاوکات لەگەڵ گەلی کورد بۆ

گەیشتن بە سەرجەم مافەکانمان تا کۆتایی خەبات بکەین. ئەمە ئامانجی باڵای ئێمەیە و هیچکات چاوپۆشی لێ ناکەین. بەڵام بۆ گەیشتن بەم ئامانجە باڵایە ئێمە ناچارین ڕێگای دوورودرێژ ببڕین و پێچ و پەنای زۆر تێپەڕێنین و لەم پێناوەشدا جارجارە بە کورتی پشوو بدەین. دانوستاندن و ئاشتی خۆی جۆرێکە لە جۆرەکانی خەبات و دەرئەنجام و کۆتایی شەڕە. لە هەموو خەباتێکی چەکداریدا هەندێ جار ئاگربەست دەکرێ. دیارە هەر دوولا هەوڵدەدەن لە دانوستاندن و ئاگربەسدا ئەوپەڕی کەڵکی خۆیان وەرگرن. ئێمە تەنیا لە دوو حاڵەتدا ئامادەی ئاگربەسین، بۆ نموونە چەند ساڵ پێش ئێستا ڕامانگەیاند ئەگەر دەوڵەتی ئێراق ئەرتەش و هێزەکانی خۆی بۆ یارمەتی فەلەستینیی و سورییەکان کە ڕووبەڕووی شەڕی ئیسراییل بوونەتەوە، بنێرێتە ناوچەکە ئێمە ئامادەین هێرشەکانی خۆمان بۆ سەر هێزەکانی ئێراق ڕابگرین و بکەوینە ئاگربەستەوە. یان هەر ئێستا ئەگەر ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە درێژەی شەڕدا بەشێک لە خاکی ئێراق داگیر بکات و بیەوێ بە زۆری هێزە چەکدارەکانی خۆی حکومەتێک لە ئێراق بە ناوی کۆماری ئیسلامی دابمەزرێنێت، ئێمە حازرین لەگەڵ سوپای ئێراق ئاگر بەست بکەین. لە بەرامبەریشدا دەوڵەتی ئێراق چەندین جار داوای لە ئێمە کردووە کە لە کاتی شەڕ لەگەڵ ئێران، دەست لەشەڕ هەڵگرین، بەڵام ئێمە جەختمان کردەوە سەرباری ئەوەی کە دژی دەستدرێژی ئێران بۆ سەر ئێراقین و دژی دامەزراندنی کۆماری ئیسلامین لە عیراقدا، بەڵام بە شێوەی خۆمان خەباتەکە دژی ئەم دەستدرێژییە دەبەینە پێشەوە. ئێمە تا ئەو کاتەی ئامانجەکانی گەلی کورد نەهاتوونەتە دی و دیمۆکراسی لە ئێراق مسۆگەر نەبووە، تەنانەت یەک چەکی خۆمان دانانێین و هێزی پێشمەرگەی خۆمان لە هەمو هەل و مەرجێکدا رادەگرین. ئێمە بە قووڵی لەسەر ئەو باوەڕەین کە بێ هێزی چەکداری جەماوەریی، گەلی کورد ناگاتە هیچ یەک لە ئامانجەکانی خۆی.

**پرسیار:** بۆچی حکومەتی سەدام دەیەوێ دانوستاندن لەگەڵ ئێوەدا بکات؟

**وەڵام:** هۆکاری سەرەکی کێشەکان حکوومەتی ئێراقە. ئێستا دەوڵەتی ئێراق سەرقاڵی شەڕێکە لەگەڵ ئێران و واش دیارە ئەم شەڕە بەمزوانە ناگاتە کۆتایی و تا دێت زۆرتر خەسڵەتی شەڕێکی درێژخایەن لە خۆ دەگرێت. لە لایەکی دیکەشەوە، دەوڵەتی

ئێراق بە کردەوە گەشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە گەلی کورد دژی ئەم شەڕەیە و دەشزانن کوردەکانی ئێراق چۆناوچۆن خۆیان لەم شەڕە دەپارێزن و ئەگەریش بە زۆر بیانئێرێتە بەرەی شەڕەوە چۆناوچۆن بە نابەدڵییەوە مل بە شەڕەکە دەدەن. ئەمڕۆکە یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێراقەوە پشتگیری دەکرێت. خۆپیشاندانی بەربڵاوی ساڵی رابردوو زیاتر ئەم بابەتەی بۆ حکومەتی ئێراق روونکردەوە کە یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بۆتە باسکی راستەقینەی چەکداریی گەل. دەوڵەت ئەمڕۆکە چیتر دەزانێت بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد زیندووە و هەر دەم لە گەشەدایە. بەم پێیە لە لایەکەوە رژێمی بەغدا پێویستیی بە هێزی شەڕ هەیە و لە لایەکی دیکەشەوە سەرقاڵی شەڕی کوردستانە. بۆیە هەوڵدەدات بۆ تەرکیزی زۆرتر لەسەر شەڕی خومەینی، کۆتایی بەشەڕی کوردستان بهێنێت. دیارە حکوومەتی ئێراق بۆ ئەم مەبەستە لۆژیکی تایبەت بە خۆی هەیە. وای بۆ دەچێ ئەگەر لەشەڕی ئێراندا سەرکەوتن بەدەست بێنیت یاخود ئاشتی لێبکەوێتەوە، دەرفەتی ئەوەی هەیە جارێکی دیکە دەست بداتە سەرکوتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد. ئێمە وایتێدەگەین کە تەنانەت ئەگەر دانوستانیش بێتە ئاراوە، کاریگەری خراپ لەسەر خەڵک و پێشمەرگە دانەنێت. چونکە ئێمە و پێشمەرگەکانمان دەزانین ئەم هەل و مەرجە چۆناوچۆن هاتە ئاراوە. ئەوان دەزانن یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە رەوتی شەڕدا بە هەزاران شەهید و زیندانی داوە، بەڵام بەهۆی گەشەپێدانی هێزە چەکدارەکانییەوە هەلو مەرجێکی هێناوەتە ئاراوە کە تیایدا رژێم پێشنیاری دانوستانی لەگەڵدا بکات. خودی ئەم پرسیارە لە لایەن دەوڵەتەوە بۆتە هۆی ئەوەی خەڵک و پێشمەرگەکان باشتر لەو راستییە تێبگەن کە دەوڵەت ناچار بووە دان بە یەکێتیی نیشتیمانیدا وەک هێزێکی خاوەن توانا بنێت. لە هەمانکاتدا جۆرێک ئاگربەست دەتوانێ خاڵی گرنگیشی بۆ پێشمەرگەکان تێدا بێت. هەڵبەت ئێمە دەبێ ئاگامان لەوە بێت کە ئاگربەس و ڕاگرتنی شەڕ دەتوانێ کاریگەری خراپیشی لە سەر هێزی پێشمەرگە هەبێت.

**پرسیار:** ئێستا دەمەوێت پرسیارێک سەبارەت بە مەلا مستەفای بارزانی بهێنمە ئاراوە. دیارە بە شوێن وەڵامی هەمیشەیی کوردانی ئێراق نیم کە دەڵێن "مەلامستەفا خایین بوو" بەڵکو ئەوەی مەبەستمە روبەڕوبونەوەیەکی مێژوویی و شیکاریانەیە. باسی ئەوە بکەن کە کام هەلو مەرج مەلا مستەفای هێنایە سەر تەختەی شانۆکە و چ هەلو مەرجێک لای برد؟

**وەڵام:** مەلا مستەفای بارزانی یەکێک لە گەورەکانی خێڵی بارزانی بوو. خێڵێکی ئایینی کە لە چەندین عەشرەتی جیاواز پێکهاتوون. بە دیاریکراوی دەکرێت بڵێین مەلا مستەفا سەرۆک عەشیرەت بوو. بەشداری ئەو لە خەباتی سیاسیدا دەگەڕێتەوە بۆ شەڕی جیهانی دووەم. خێڵی بارزانی لە ساڵی ١٩٣١دا بە هۆی کێشەی عەشیرەتییەوە رووبەڕووی دەوڵەت دەبنەوە و پاشان هێزە چەکدارەکانی دەوڵەتی ئێراق هێرشی سەربازی دەکەنە سەریان. ئەوان بە خێرایی شکست دەخۆن و روو دەکەنە کوردستانی تورکیا و لەوێ دەبنە پەنابەر. تورکیا یەکێکە لە دوژمنەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد و بەم پێیەش سەرەتا ئەوانی قەبووڵ نەکرد. پاش ماوەیەک وتووێژ لە نێوان دەوڵەتی تورکیا و ئێراقدا، دواجار دەوڵەتی ئێراق بە مەرجی ئەوەی سەرۆکەکانی عەشیرەتی بارزانی دوور بخرێنەوە بۆ شوێنێکی دیکە، ئامادە بوو لێبوردنی گشتی بۆ ئەندامانی دیکە دەربکات. شێخ ئەحمەد بارزانی، برا گەورەی مەلا مستەفا و براکانی دیکەی هەموویان دوور خرانەوە بۆ شارەکانی باشووری ئێراق. پاش ماوەیەک واتە ساڵی ١٩٤١هەموویان لەوانە: مەلا مستەفای بارزانیش، لە ساڵی ١٩٤١ دا دەگەڕێنەوە بۆ سلێمانی. تا ئەو کاتە مەلا مستەفا بەشداری لە هیچ بزووتنەوەیەکی سیاسی و نەتەوەیی کورددا نەکردووە. لە ساڵی ١٩٤٢ دا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەوانە ئێراق لە ژێر دەسەڵاتی ئەمپریالیزمی بەریتانیادا بوو. لە ئێراق لە هەر ویلایەتێکدا ئەفسەرێکی بەریتانی وەک ئەڵقەی پەیوەندی (رابت) سیاسی جێگیر کرابوو. لەم ساڵەدا مەلا مستەفا و ژمارەیەک لە کەسە نزیکەکانی، سلێمانییان بەرەو ناوچەی بارزان بەجێهێشت. دەنگۆی ئەوە هەیە کە مستەر شوتەر، ئەفسەری بەریتانی ئەوانی هانداوە کە بەرەو ناوچەی بارزان هەڵبێن و دەست بدەنە خەباتی چەکداری. دەوترێ بەریتانییەکان ئەم کارەیان بۆ دوو مەبەست کرد.

* چاو ترسێن کردنی تورکیا بۆ ئەوەی لە ئەڵمانیا نزیک نەبێتەوە و هەڕەشەی ئەوەی کە ئەگەر ئەم کارە بکات کوردستان لە ڕێگەی رابوونەوە دەکات بە گژیاندا.

* ئەرتەشی سوور لەو کاتەدا لە کوردستانی ئێران بووە و بزووتنەوەی دیمۆکراتیخوازیی لە ئارادا بوو. بەریتانییەکان دەیانویست لەم ڕێگەیەوە دەستێکیان لە بزووتنەوەی کورددا هەبێت. پاش ماوەیەک بەریتانییەکان دەوڵەتی ئێراق ناچار دەکەن لەگەڵ بارزانیەکاندا بکەونە دانو ستاندنەوە (١٩٤٣) و کۆمەڵێک ئیمتیازیان دەدەنێ و لە ئەنجامدا حوکمی مەنفای(دوورخستنەوەی) بارزانی هەڵوەشایەوە و تەنانەت نوری سەعید، سەرۆک وەزیرانی ئێراق باسی لە داهاتووی کورد کرد کە بۆ خۆی هەڕەشە بوو بۆ سەر تورکیا. لەم کاتەدا حزبێک بە ناوی حزبی هیوا دامەزرابوو کە دەیویست لە ڕێگەی هاوپەیمانەکانەوە کارێک بۆ کوردەکان بکات. ناسیۆنالیستەکان و کەسانی نیشتیمانپەرەستیش لە ناویاندا هەبوون. چەند ئەفەسەری کورد کە لە ئەرتەشی ئێراقدا خزمەتیان دەکرد چوونە ریزی بارزانیەکانەوە: مستەفا خۆشناو و عزەت عەبدولعەزیز، خێرۆڵا عەبدولکەریم، محەمەد مەحمودی قودسی ـ ئەم ئەفسەرانە دواتر گیران و لە لایەن دەوڵەتی ئێراقەوە لە سێدارە دران. دوو ئەفسەری دیکەش بە ناوەکانی عەزیز شەمزینی و سەرهەنگ میرحاجی ئەحمەد کە هێشتا زیندوون، هەوڵیاندا سەرنجی بارزانی بەرەو بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد رابکێشن. بارزانی لەم قۆناغەدا لەگەڵ دوو ئەفسەری بەریتانی لە پێوەندیدا بوو. لەمبارەیەوە کۆمەڵێک بەڵگە لەوانە نامەی مەلا مستەفا هەن کە خۆی بۆ ئەفسەرانی بەریتانی نووسیوە. بۆ نموونە لەنامەیەکدا بۆ بەریتانییەکان دەنووسێ: "من خزمەتکاری دەوڵەتی بەریتانیام". لە ساڵی ١٩٤٤ کە دەوڵەتی تورکیا رووی لە هاوپەیمانان کرد، چیتر مەسەلەی هەڕەشەکردن لە تورکیا لە ئارادا نەمابوو. لەم کاتەدا بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ئێران لە گەشەدا بوو و هەبوونی ئەفسەرانی سۆڤیەت لە کوردستانی ئێران ببوە هۆی درووستبوونی پێوەندی ئەفسەرانی کوردی ئێراقی و سۆڤیەت. بەریتانییەکان بەمەیان زانیبوو و وەک پەرچەکردار کۆتاییان بە سیاسەتی هاندانی بارزانی هێنا. لە ئەگۆستی ١٩٤٥ بارزانی و چەند لە خزمەتکارەکانی رووبەڕووی هێزە سەربازییەکانی عێراق بوونەوە و لەم شەڕەدا چەندین کەس کوژران. دوای ئەم رووداوە بارزانی دەچێتە ئێران و هانا بۆ کۆماری مەهاباد دەبات و دەبێتە پەنابەر. لە سەرەتادا سۆڤیەتییەکان قەبووڵی ناکەن و

تەنانەت قازی محەمەد و ژ.کا فیش بە هۆی پێوەندی بارزانی لەگەڵ بەریتانییەکان بە گومانەوە لێی دەڕوانن. بەڵام دواجار لە جەنیوەری ٤٦١دا کۆماری مەهاباد پلەی ژەنەڕاڵی دەداتە چوار سەرۆک عەشیرە: عومەر خانی شکاک، سەرۆکی خێڵی شکاک، زیرۆ بەگ هەرکی سەرۆکی خێڵی هەرکی، حەمە رەشی خان بانەیی، سەرۆکی خێڵی بەگزادەی بانە (کوڕەکانی ئێستا جاشن) و مەلا مستەفا بارزانی کە لە ئەرتەشی کوردستانی ئێراندا خزمەتی دەکرد. لە جولای ١٩٤٦دا کوردە ئێراقیەکانی دانیشتووی مەهاباد لە دەوری یەک کۆدەبنەوە و کۆمیتەیەک بۆ دامەزراندنی پارتی دیمۆکراتی کوردستان پێکدەهێنن و مەلا مستەفا بارزانی دەکەنە سەرۆک. هەر وەک دەزانن لەم ساڵەدا کۆماری مەهاباد دەڕووخێ و بارزانییەکان دەگەڕێنەوە بۆ ئێراق و داوای لێبوردن لە دەوڵەتی ئێراق دەکەن، بەڵام ئێراق لێیان نابووڕێت و لە ئەنجامدا هەموویان تەسلیم دەبنەوە، جگە لە چوارسەد کەسێک کە بە رێبەرایەتی مەلا مستەفا بارزانی دیسانەوە بەرەو ئێران دەگەڕێنەوە و بە شەڕ و شۆڕ و زەحمەتێکی زۆر خۆیان دەگەیەننە سنووری سۆڤیەت و لەوێ دەبنە پەنابەر. سۆڤیەتییەکان لە ئازەربایجاندا نیشتەجێیان دەکەن. لەم قۆناغەدا سیاسەتی سۆڤیەت بەرامبەر کورد پشتیوانی بوو. بۆیە سەرەتا سۆڤیەتییەکان لە ناو پەنابەرانی کوردی ئێراقی دەست دەکەن بە کاری سیاسی. بەڵام پاش ماوەیەک لە نێوان بارزانییەکان و سوڤیەتییەکاندا لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە ناکۆکی درووست بوو: سۆڤیەت دەیویست دەوڵەتی کوردی لە مەنفا(دەرەوە) دابمەزرێنێ، لەسەر ئەوەی کێ سەرۆک دەوڵەت بێت کێشە ساز بوو، سۆڤیەت سوور بوو لەسەر ئەوەی رەحیمی قازی و عەلی گەلاوێژ لە ئەندامانی حزبی توودە لە دەوڵەتەکەدا بن، بەڵام بارزانی لەگەڵ ئەمەدا کێشەی هەبوو. جگە لەمە جەعفەر باقرۆف سەرۆک کۆماری کۆماری سۆسیالیستی ئازەربایجانی سۆڤیەت لە بارزانی بە گومان بوو. لە ساڵی ١٩٤٩دا سۆڤیەت هەموو بارزانییەکانی بۆ ئۆزبەکستان دوورخستەوە. ئەوان هەتا دوای مردنی ستالین لەوێ مانەوە. بەڵام پاشان خرۆشچۆف(خرۆشۆف) نەرمی لەگەڵیاندا دەنوێنێت و لەناویاندا مەلا مستەفا بانگهێشت دەکات لە خولەکانی کادێرانی حزبدا بەشداری پێدەکات. مەلا مستەفا تا ساڵی ١٩٥٨ واتە تا کاتی کودەتای عەبدولکەریم قاسم لە سۆڤیەت دەمێنێتەوە. پاش گەڕانەوەی بۆ ئێراق دەردەکەوێ لەم ماوەیەدا نەک هەر هیچ فێر نەبووە، بەڵکوو دەکەوێتە دژایەتی

سۆڤیەت و کۆمونیزمەوە بە گشتی. لەم قۆناغەدا خۆی بە سەربازێکی قاسم لە قەڵەم دەدات و دەڵێت وەک ئەو نە کوردم و نە عەرەب، ئێراقیم. مەبەستی ئەو لەم نزیکایەتیە پاراستی بەرژەوەندیەکانی عەشیرەت بوو نەک گەلی کورد. بەم پێیەش هەر لە سەرەتادا لە گەڵ دەفتەری سیاسی پارتی دیمۆکراتی کوردستانی ئێراق دەکەوێتە کێشە. ئەو لە بنەڕەتدا بڕوای بە کاری بە کۆمەڵی رێکخراوەیی و حزبی و بەرنامەی حزب و هتد نەبوو. ئەو دەیگوت: "هەموو شتێک خۆمم". کێشەی دیکەی لە گەڵ پارتیدا لەوێوە دەستی پێکرد کە مەلا مستەفا دەیویست سەرۆک عەشیرەتەکان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و پشتیوانی داوا و بەرژەوەندییەکانی ئەوان بکات. لەوانە کاتێک بزووتنەوەیەکی جوتیاری گەورە لە کوردستان هەڵگیرسابوو، ئەو هاودەنگ نەبوو لەگەڵ ئیسلاحی زراعی بە جۆرێک لە بەرژەوەندی جوتیاراندا بێت، یا خود داوای ئەوەی دەکرد موڵکداران قەرەبوو بکرێنەوە. لە بەرامبەردا پارتی سیاسەتی پشتیوانی لە جوتیارانی گرتبووە بەر. کێشەی دیکە لە سەر بوون و نەبوونی پارتی بوو. مەلا مستەفا بە ئاشکرا دژی پارتی قسەی دەکرد، لە کاتێکدا ئەندامانی حزب هەوڵیان دەدا حزب وەک خۆی بهێڵنەوە و گەشەی پێبدەن. مەلا مستەفا بارزانی لەو کاتەدا بۆ گەلی کورد ببووە کەسایەتییەکی ئەفسانەیی. بۆیە  کاتی دەویست بۆ ئەوەی خەڵک لە سەر ئەزموونی خۆیان بیناسن. لە سەرەتای شەستەکاندا لەگەڵ عەبدولکەریم قاسمیشدا نەک لەسەر کێشەی سیاسی و نەتەوەیی بەڵکوو لەسەر کێشەی پەیوست بە عەشیرەتەکەی کەوتە کێشەوە. بارزانییەکان ئەحمەد ئاغای زێبارییان لە موسڵ تیرۆر کرد. ئەوانەی تیرۆرەکەیان کردبوو لە لایەن هێزە سەربازییەکانەوە گیران و بەم پێیە کێشەی کۆنی زێبارییەکان و بارزانییەکان جارێکی دیکە زیندوو بوویەوە. عەبدولکەریم قاسم بەرامبەر بارزانییەکان پشتی زێباریی گرت و بەم پێیەش بارزانی لە عەبدولکەریم قاسم ڕەنجا و لە ساڵی ١٩٦٠ ەوە دەستی بە رەخنەگرتن لە قاسم کرد، هەتا ئەو جێگەی ڕەخنەکانی بە گوێی قاسم گەشتەوە. ئەویش لە بەرامبەردا دەستی بە رەخنەگرتن لەمەلا مستەفا کرد و کێشەکانیان چووە قۆناغێکی دیکەوە. قاسم بارزانیی بەوە تۆمەتبار دەکرد کە لە رابردودا پێوەندی لەگەڵ بەریتانییەکاندا هەبووە. لەساڵی ٦١ەوە پێوەندییەکانی دەوڵەت و بارزانی کەوتە قەیرانەوە. لەم ساڵەدا بارزانی بە نهێنی لە لایەکەوە لەگەڵ سەفیری بەریتانیا لە بەغدا و لە لایەکی دیکەشەوە لەگەڵ ژەنەڕاڵ

وەرهیرام، ئەفسەری ئەرتەشی ئێران کە دانیشتووی مەهاباد بوو پێوەندی دەکات. لە هەمان ساڵدا بزوتنەوەی جەماوەریی وڕابوون سەرهەڵدان لە کوردستانی ئێراق دەستی پێکردبوو و دەوڵەتی ناوەندیش هەوڵی دەدا ئەو ئازادییە دیمۆکراتییانە لە گەلی کورد بسێنێتەوە کە لە ڕەوتی خەباتدا بە دەستی هێنابوو. بۆیە نووسینگە و بارەگای نوێنەرایێتی حزبەکانی هەڵوەشاندەوە کە لە پارێزگا جیاوازەکاندا هەیانبوو و پاشانیش دەستی کرد بە گرتنی ئەندامانی حزب. پارتی دیمۆکرات لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٠ەوە وەک ناڕەزایەتی لەسەر دوو درووشم ئیشی دەکرد و ڕەخنەی لە حکوومەت دەگرت کە بریتی بوون لە:

یەکەم: دەبێت حوکمی سەربازی هەڵبوەشێتەوە.

دووەم: دەبێت ئەنجومەنی پیران پێکبێت.

دواجار لە ساڵی ١٩٦١ دا شەڕی کوردستان دەستی پێکرد. لە ٩ ی ئەگۆستەوە بۆ ١٨ی سێپتەمبەر سەرجەم هێزە عەشیرەتییەکان بڵاوەیان کردبوو و لەم ماوەیەشدا عەشرەتی بارزانی بێدەنگبوون و یارمەتی عەشیرەتەکانی دیکەیان نەدا. دوای ١٨ ی سێپتەمبەر سوپای ئێراق هێرشی کردە سەر ناوچەی بارزان. مەلا مستەفا و سێسەد کەس توانیان لە ئابلۆقەی ئەرتەشی ئێراق دەرباز بن و بەرەو ناوچەی بادینان لە باکووری کوردستان هەڵبێن. ئەو لەم کاتەدا شەڕی نەدەکرد و هەڵهاتنی کردبووە پیشەی خۆی. برا گەورەکەی، شێخ ئەحمەد و، بەشێک لە پیاوە گەورەکانی عەشیرەتی بارزانی تەسلیمی دەوڵەتی ئێراق بوون. بارزانی بۆ خۆی داوای پەنابەرێتی لە تورکیا و سوریا کرد، کە هەر دووکیان رەتیان کردەوە. بۆیە بە ناچار لە بادینان مایەوە. ئەگەر لە ساڵی ١٩٤٧دا نووری سەعید داڵدەی دابا و ئەگەر عەبدولکەریم قاسم لە ١٨ سێپتەمبەردا هێرشی نەکردایەتە سەری و ئەگەر هەر یەک لە دەوڵەتی تورکیا و سوریا پەنابەرێتییان پێ بدابا، لەوانەبوو مێژوی کورد بە جۆرێکی دیکە بشکابایەوە. بەهەر حاڵ ڕووداوەکان وا چوونە پێشەوە کە بارزانی ببێتە رێبەری بزووتنەوەی کورد. باقی ژیان و چالاکی سیاسی مەلا مستەفا بارزانی تا ساڵی ١٩٧٥ بەم پێیە چوویە پێشەوە و لەم ساڵەدا لە پاش خیانەتی کۆتایی بە بزووتنەوەی کورد، کارنامەی سیاسی دادەخرێت. ئێمە لە جێگای دیکە ئاماژەمان بە لایەنە جیاوازەکانی ڕووداوەکانی ئەم ساڵانە داوە. بە کورتی دەکرێت بوترێت، بارزانی بەو هۆیەوە بزوتنەوەی کوردی بەرەو شکست برد چونکو نوێنەری چینی دواکەوتوو و عەشیرەتی بوو. وەکی‌تر، بۆ

خۆشی هەڵگری رۆحی باوکسالارانە و عەشیرەتی بوو. رێک بەم پێیەش هاوکاری لەگەڵ هێزی بێگانەی وەک ئەمپریالیسمی ئەمریکا و زایۆنیزم و ساواکی ئێران هەبوو. شکستی ساڵی ٧٥ بێگومان ریشەی لەم وابەستەبوونەدا بوو.

**پرسیار:** بەڵام سەبارەت بە ئەرمەنییەکان. ئاگامان لێیە کە لێکۆڵینەوەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە کوردەکان بەڕاستی لەم رووداوەدا خەتابار نەبوون و تەنانەت پاش ئەرمەنییەکان بە تووندی لە لایەن " گەنجە تورکەکانەوە" سەرکوت کران ـ ئەمە هەم پێویستی بە روونکردنەوەیە و هەمیش بە شیکردنەوە. پێویستە ئەمە روون ببێتەوە کە کام هەلو مەرج زەمینەی بۆ کوشتاری لەو جۆرە رەخساند، کوشتارێک کە "تۆین بی" نووسەری بەریتانی بە درووستی بە "کوشت و بڕی نەتەوەیەک" ناوی دەبا.

**وەڵام:** دەبێت کوشت و بڕی ئەرمەنییەکان بە یەکێک لە تاوانە گەورەکانی سەدەی بیستەم ناوزەد بکرێت. ئەم رووداوە نەک هەر نەتەوەیەکی ستەملێکراو و خەباتگێڕی لە ناوبرد، بەڵکوو زیانێکی زۆریشی بە نەتەوەکانی دیکە گەیاند، چونکە ئەرمەنییەکان، نەتەوەیەکی خەباتگێڕ و هونەرمەند و دەست رەنگین و پیشەکارن و دەتوانن لە قەرەبووکردنەوەی دواکەوتوویی نەتەوەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا یارمەتیدەر بن. ئێمە ئەم تاوانە بە تووندی ئیدانە ئەکەین و بەردەوامیش هاودەردی و پشتیوانی خۆمان لە گەلی ستەملێکراو و خەباتگێڕی ئەرمەنی رادەگەیەنین. بەڵام سەبارەت بە رۆڵی کوردەکان لەم تاوانەدا: راستییەکەی ئەوەیە کە گەلی کورد لەو کاتەدا، نە سەربەخۆیی هەبوو و نە خاوەنی دەوڵەتێک بوو کە بتوانێت بڕیار لەسەر کوشتنی ئەرمەنییەکان بدات. دەزانین کە خەباتگێرانی وشیاری کورد بەردەوام دۆست و هاوسۆزی گەلی ئەرمەنی بووە. بۆ نموونە یەکێ لە راوێژکارانی شێخ عوبەیدوڵای نەهری، یەکەم سەرۆکی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، کەسایەتییەکی ئەرمەنی بووە. بە هەموو ئەمانەشەوە دەبێ بوترێ لەم تاوانەدا کە لە لایەن ئەرتەشی عوسمانییەوە کرا، کوردیش رۆڵی هەبووە، بەڵام نەک لە رووی هۆشیاریی و بە ویستی خۆی. عوسمانییەکان بە زۆری کوردەکانیان دەبردە ناو ئەرتەشەوە. بەداخەوە بە درێژایی مێژووی گەلی کورد دیاردەیەک هەبووە بە ناوی "جاش"، واتا ئەو کەسانەی خۆیان فرۆشتووە و دژایەتی نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکەشیان

کردووە. جگە لەمە لەوکاتەدا، بەرژەوەندی موڵکدارە کوردەکان لە دژی بەرژوەندی گەلی خەباتگێڕی ئەرمەن بووە. بۆیە رۆڵیان بووە لە هێرش بۆ سەر ئەرمەنییەکان، بەڵام ناکرێت ئەم کردەوەی ئەوان بخرێتە ئەستۆی سەرجەم گەلی کورد. دەوڵەتی عوسمانی ئایینی دەکردە دەسکەلا و بەکاری دەهێنا و کەسانی دەمارگرژ و توندڕەوی جۆراوجۆری دەدا بە گژ ئەرمەنییەکاندا. بەڵام دەبێت بەشی بۆرژوازی ئەرمەنییەکانیش وەک بۆرژوازییە هەژمونخوازەکانیتر دیاری بکرێت. بۆرژوازی ئەرمەنی پلانی ئیمپڕاتۆریی ئەرمەنستانی هەبوو. لە کۆتاییدا دەبێت جەخت بکەمەوە لەسەر ئەوەی کە خەباتگێڕانی کورد و ئەرمەنی لە تورکیەدا دەبێت یەکگرتوو بن و دژ بە دەوڵەتی شوڤێنیستی تورک خەبات بکەن. خەبات بۆ مافی چارەی خۆنووسین خەباتە بۆ هەر دوو نەتەوەکە. ئێمە بە مافی گەلی ئەرمەن دەزانین کە بگەڕێنەوە سەر خاکی سەرەکی خۆیان و تورک و کورد و ئەرمەنی یەک بگرن و بە شێوەی فیدراتیڤ یا جۆری دیکە پێکەوە بژین. یاخود ئەرمەنییەکان بە ویستی خۆیان دەوڵەتێکی سەربەخۆ دابمەزرێنن.

# کۆبوونەوەی فراوانی مام جەلال

## لەگەڵ کادیرانی هێزی پێشمەرگە لە گوندی خەتێ

## هاوینی (١٩٨٣)

داگرتن و تایپ و ئامادەکردنی بۆ چاپ

رەنج جەعفەر

## بەرایی

ئەو ناملیکەیەی لەبەردەستدایە، پێکهاتووە لە چوار کاسێت کە کۆبوونەوەی فراوانی رابەری کۆچکردوو (مام جەلال)ە لەگەڵ کادیرانی ناو هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە هاوینی ١٩٨٣دا لە گوندی خەتێ ئەنجامدراوە.

دوای تۆمارکردنی نێردراوە بۆ رێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە شاری هەولێر، ئەو کاتە مامۆستا محەمەد مەنگوڕی لێپرساوی کۆمیتەی ڕێکخستنی هێڵی گشتی (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان) بوو، (جعفر خۆشناو)ی باوکم یەکێک بوو لە کادیرانی ئەو کۆمیتەیە دوای ئەوەی ئەو چوار کاسێتە دەنێردران بۆ ئەندامانی ڕێکخستن لە شانەکاندا دواجار گەڕایەوە لای باوکم، یەکێک لەهۆکارەکانی مانەوەی کاسێتەکان لە ماڵی ئێمە ئەوەبوو کە مامۆستا مەنگوری لەژێر چاودێری چڕی دەزگای ئەمنی بەعسدا بوو، بۆیە بڵاوکراوە و دۆکۆمێنتەکانی لای خۆی نەدەهێشتەوە ئەوە بوو مامۆستا مەنگوری لەساڵی (١٩٨٩) لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دەستگیرکرا، بۆیە ئەو دۆکۆمێنتە لای ئێمە پارێزرا.

بابەتەکانی ئەو چوار کاسێتە لە ساڵانی رابوردوودا بە پەرت و بڵاوی و پچڕ پچڕی لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ و گۆڤاری (رێبەر) ی مەڵبەندی رێکخستنی پێشمەرگەی (ی. ن. ک) دا بڵاوکراونەتەوە. لێرەدا، بۆ یەکەمجارە کۆی بابەتەکانی ئەو کاسێتانە بەسەر یەکەوە چاپ و بڵاوبکرێنەوە.

ئەوەی لێرەدا پێویستە باس بکرێت، ئەوەیە بەپێی ئەو بابەت و باس و خواسانەی مام جەلال لەم زنجیرە کۆبونەوە فراوانەدا باسی کردووە لەم کتێبەدا ناونیشانی بۆ دیاریکراوە و بەهەمان ئەو شێوازەی مام جەلال پێی دەدوێ، بەبێ دەستکاری نوسراوەتەوە، گرنگیەکەشی لەوەدایە هەڵوێستی ئەوسای مام جەلال و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانە لەو قۆناغەدا، ئەوەش وەک دۆکیومێنتێک بایەخی خۆی هەیە بۆ لێکۆڵیارانی مێژوو بۆ تێگەیشتنێکی بابەتیانە لە ڕەوشی سیاسیی ئەو قۆناغەی ململانێ سیاسییەکان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستاندا.

**ئامادەکار**

# شۆڕش چییە؟

شۆڕش کارێکی جەماهیرییە، بە جەماهیر دەکرێ، بۆ جەماهیرە، ئەلێرە تەتبیقی ئەو مەبدەئەیە، نیشانەی تێکەڵاوبوونی جەماهیرە لەگەڵ شۆڕش، شۆڕش خۆی کارێکی جەماهیرییە، بزانە فەرقی شۆڕش لەگەڵ ئینقلاب، لەگەڵ ئەوەی پێی دەگوترێ بلانکیزم لە جووڵانەوەی کرێکاریدا، ئەوەیە هەرچی کاری جەماهیرییە، ئەوەیە کە بە جەماوەر دەکرێ، زۆربەی زۆری جەماوەری تێوە دەگلێ و پێی دەکرێ، هەرچی کاری ئینقلابە مەجموعەیەك عەسکەر خۆیان مات دەکەن، دادەنوسێنن، فورسەتیان لێ هات، ئیزاعەیان گرت، چوار دەبابە، بەیانی یەکەمیان خوێندەوە.

لە حەرەکەتی کرێکاریدا شتێك هەیە پێی دەگوترێ بلانکیزم کە ئەوەیە کەمایەتی خۆی بسەپێنێ بەسەر زۆرایەتیدا، ئەوەش نابێ، لە شۆڕشدا شەرتی شۆڕش ئەوەیە، بەلای کەمەوە ئەوەیە دەبێ زۆربەی خەڵك پێی خۆش بێ، ئەگەر لەگەڵیشت نەبێ.

ئینجا کە باسی شۆڕش دەکەین دەڵێین شۆڕش کارێکی جەماهیرییە بە چەند نەفەرێك ناکرێ، بە جەماوەر دەکرێ، لەبەرئەوە ئەهمیەتە ئەساسییەکەی، ئەهمییەتە حەیەویەکەی لەوەدایە کە جەماوەر دەخاتەگەڕ بۆ شۆڕش، ئەوە ئەهمییەتە ئەساسییەکەی، ئینجا ئەهمیەتی فەرعی خۆیشی گەلێك زۆرە، بەو شێوەیەش ئێمە فەقەت دەتوانین تەوازنی هێز لەبەینی خۆمان، دوژمندا بگۆڕین، بەتایبەتی ئێمە (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان) هێزێکی سەربەخۆین، پشتمان بە خۆمان بەستووە، بەگژ عەرز و ئاسماندا هاتین، ئێمە هیچ دەوڵەتێك بە شوانی خۆمان قبووڵ ناکەین، کەسمان قبووڵ نییە، ئەو فاشیستە، ئەو کۆنەپەرستی دینییە، ئەو بورژوا بیرۆکراتە، وامان لێ کردووە کەس بە سەپانی خۆمان قبووڵ ناکەین، لەو کاتەدا ئەگەر جەماوەری خۆمان نەخەینەگەڕ، ئەگەر وای لێنەکەین، ئێمە ناتوانین شەڕەکە بەرینەوە، هێز بەلای ئێمەدا بێت، ئەگەر ئێمە ئەوە بکەین هەتا لە ناحیەی تریشەوە زاڵدەبین بەسەر دوژمندا، میسالەکتان لە بۆ بێنمەوە:

ئەگەر ناوچەکانی کوردستان، هەموو دێهاتەکانی، شار و شارۆچکەکانی وای لێبکەین، لەئەنجامدا ئێمە چەند سەد هەزار کوردێکمان چەکدار دەبێت، دوژمن خۆی بکوژێ ئەو سەد هەزار سەد و پەنجا هەزار عەسکەرەی پێ هاتە کوردستان، هەتا لە ڕووی ژمارەش ئێمە زاڵدەبین بەسەریدا، ئەگەر جەماوەرمان خستەگەڕ، خستە ناو شۆڕشەوە، ئەگەر وامان لێ بهاتبا رۆژێك لە رۆژان هەموو دێهاتی کوردستان چەکداربا، هەمووی شەڕی بۆ بکردبایەن، چی لێ دەهات؟

میسالێکی ترتان بۆ بێنمەوە، لە ناحیەی عەسکەری، سوریا بەپێی نفوس سێ بەقەدەر ئیسرائیلە، سوریا (٩) ملیۆنە، ئیسرائیل (٣) ملیۆنە، جەیشی سوری لە حدودی دوو بەقەدەر جەیشی ئیسرائیلە، جەیشی سوری ٢٢٠ هەزارە، جەیشی ئیسرائیلی ١٢٠ هەزارە بەڵام کە هاتە تەعبیئەی عامە، ئیسرائیل (٥٠٠) هەزار عەسکەر تەعبیئە دەکات، سوریا (٤٥٠) هەزار تەعبیئە دەکات، کە دەبوایە مەسەلەن سوریا سێ (٥٠٠) هەزاریی واتە ملیۆنێك و نیو تەعبیئە بکات، ئەوە زۆر موهیمە، سازدانی جەماوەر زۆر موهیمە کە لە شەڕدا دەکرێت.

ئەڵمان کە هات پەلاماری روسیایدا، نوقتەی ئەساسی کە بۆی حساب نەکرابوو ئەوەبوو کە چەند دەوڵەتی سۆڤێتی دەتوانێ خەڵك سازدا لە بۆ شەڕ، ئەو پێیوابوو (ستالین) هەر ئەوەندە ئەو هێرشی بۆ کرد، هەموو خەڵك لێی هەڵدەگەڕێتەوە و ئیتر هیچی پێ ساز نادرێ، ئەو لەشکرەشی تێکدەچێ، کەچی جەیشی سۆڤێتی لەساڵی یەکەمدا بەس ئەسیری ملیۆنێك و دووسەد هەزار ئەسیریدا، لە دوو شەڕدا لەهەر شەڕێکدا ٦٠٠ هەزاری تێداچوو، بەڵام ئەڵمان هەر هاتە پێش، تەماشای کرد جەیشێکی تر هەیە، جەیشێك ئیبادە دەکەن جەیشەکی بەرامبەرە، یەك ئەسیر دەکەن، دووی دیکە لێی زەق دەبێتەوە، لەئەنجامدا خواردیان، قووتیاندا، هەڵیان لووشی، چونکە توانیان جەماوەری خۆیان تەعبیئە بکەن، لە کۆتایی ساڵی ١٩٤١دا کە ئەڵمانیا پەلاماری سۆڤێتیدا، (٩) ملیۆن ئینسانیان هێنایە ژێر سیلاح، لە نیهایەتی شەڕدا ١٨ ملیۆن ئینسانیان هێنایە ژێر سیلاح، سێ یەکی ئەڵمانیا، چاوت لێیە بزانە چی لێدەکەن، چین سەد ملیۆن میلیشیای هەیە لە لادێکاندا ٢٠ ملیۆن، لە شارەکاندا ١٢٠ ملیۆن، جا وەرە هەموو جەیشی دونیای تێبەردە، کێ دەرەقەتی ١٢٠ ملیۆن دێ، هەر ئەسیریشیان بکە جێ نییە لێی دانێن، لە کوێی

دادەنێی؟ عەینی چین، ژاپۆن دەهات هەزار شەقی تێهەڵدا، بچکۆلەکە دەیگرت، هیچیشی پێنەدەکرا، چونکە نەیتوانی بوو جەماوەری خۆی تەعبیئە بکا، موهیمترین نوقتە، ئەرکی ئەساسی هەر تەنزیمەکی سیاسی چییە؟ وشیارکردنەوە، راپەڕاندن، سازدان، رێبەریکردنی کۆمەلآنی خەڵکە، ئەوە ئەو قانونە تەنزیمییە دەبێ لەبیرمان نەچێ لە عەسکەریشدا، لە پێشمەرگایەتیشدا، سازدانی جەماوەر، خستنەگەڕی جەماوەر شتێکی ئەساسیە لە سەرکەوتندا، ئەوە ئەهمیەتەکەی لەوەدایە، ئەوە سازدانی جەماوەرە.

لەم رۆژانەدا مەسەلەن مەفرەزەیەکمان، دوو پێشمەرگەی بریندارمان لە دێیەك بوونە لە گەرمیان، نازانم دێیەکە ناوی چییە، چەند چەکدارێکی یەکێك لە حزبەکان پێیان زانیووە، شیوعییەکان چوونەتە سەریان، گوتویانە بچین بیانکوژین، مەفرەزەیەکی حزبی شیوعی هاتوونەتە سەریان، بەلآم خەڵکی بەرگریی میللی لێیان راپەڕیوون، یەکێکیان لێ کوشتوون، یەکێکیان لێ گرتوون، یەکێکان لێ بریندار کردوون، ئەوەکەی دیکەشیان ڕاوناوە، ئەوەتا...، ئەهمیەتەکە لەوەدایە، کۆمەلآنی خەڵکت سازداوە، یان شەڕی ئەو جارەی پێشمەرگە تەتویق کرابوون لە دێیەکی دیکەدا، هەشتا نەوەد بەرگریی میللی هاتن بۆ یارمەتیدانیان، یان مەسەلەن برادەران ئێرە چۆڵدەکەن دەیان کەس لە بەرگریی میللی دێت، چەك هەڵدەگرێت، دێ مەقەڕەکان دەپارێزێ، دێت شەڕ دەکات، یان لەو رۆژانەدا وابزانم لە تۆم پرسی مامۆستا ئیبراهیم تەقدیری کرد دەتوانین ٤٠٠-٥٠٠ کەس لە بەرگریی میللی بێنین، وەنەبوو واتگوت، ئێ باشە ئەوە زۆرترە لە تیپەکەمان کە لەوێیە.

پێشمەرگەیەك: لە گەرمیان ئێمە خۆمان لەناوچەکانی خۆمانەوە هێزی پارێزراومان هەیە، زۆرجار ٥٠ کەس دێنە دەرەوە.

باشە، ئەوە زۆر شتەکی باشە، ئەوە مەعنای ئەوەیە شەڕەکەمان وردە وردە، شۆڕش کارێکی جەماهیرییە، عەمەلی جەماوەرە، ئا ئەوەتە، ئەوە وای لێهات، ئەوە ئەهمییەتی ئەساسی مەسەلەکەیە.

پێشمەرگەیەك: گەرمیان پێشمەرگەی لێ نەبوو ١٨ کەس بۆخۆیان شەڕیان کردبوو...

ئەوە زۆر چاکە، چاوت لێیە، ئەگەر ئێمە بتوانین ئەوە والێبکەین لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا نەتیجەکەی چی لێ دێت؟، نەتیجەکەی ئێمە ژمارەیەکی کەممان پێشمەرگە دەبێ، ژمارەیەکی زۆریشمان چەکدار دەبێ، ئەرکمان سووکە، زەبرمان قورسە، گورزی سەد

باتمانیمان بەدەستەوەیە، ئەوەیە بەوە سەردەکەوین، ئێوە روو بکەنە ئەو شتانە برادەرانی خۆشەویست، پێویستە لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵك، لە مەسەلەی هاندانی خەڵك بۆ بەرگری، ئەوە شتێکی زۆر زۆریش باشە، بەعزە مەشاکیلمان لەکۆڵ دەبێتەوە، بۆنموونە کابرایەك کە پێشمەرگەی ناوچەیە، دێ دەبێتە پێشمەرگەی کوردستان، دەینێریت بۆ ئەولا، ناچێت، مەجبوری دەبیت یان چەکی کەی یان تووڕەیکەی یان بینێریتەوە، نا کاکە پێشمەرگەی کوردستان نیم، پێشمەرگەی ناوچەی خۆمم، سەر ئەو چاوەم، پێشمەرگەی ناوچەی خۆتی، دیفاع لە ناوچەی خۆت دەکەی، ئەوە زۆر باشە بۆئێمە، جەماوەری خۆتە، ئەگەر چەکیشمان بوو دەیدەینێ، فیشەکیشمان بوو دەیدەینێ، ئەگەر دەستکەوتیشمان بوو، لەولاوە بەشی دەدەین سەرچاوان، ئەوەیە مەسەلەی چەکدارکردنی جەماوەر، ئەهمیەتێکی زۆر زۆری هەیە، لەبەرئەوە بە عەکسی ئەوەی کە بچین چەکی لێ بسەنین، ئێمە بۆمان بکرێ چەك بدەین بە جەماوەر.

ئێمە لە شێنێ کە تیپی شێنێمان هەبوو، نزیکەی ٥٠ کەسی شێنێ لە تیپەکەدا بوون، کە دەبووە شەڕ ١٠٠-١٢٠ کەس دەچوو، ٥٠-٦٠ کەسی ماڵیش چەکی دەستدەدایێ، ملی دەنا و شەڕی دەکرد، ئێستا لە وەرتێ هەمانە، لە وەرتێ نزیکەی ١٠٠-١٢٠ کەس ٨٠ی موسەجەل، ناوی خۆی نووسیوە، مەعلومە کە ئێستا بەرگریی میللی بە چەکەوە لە ماڵێ دانیشتووە، لەکاتی پێویستدا دێ سەنگەرت بۆ دەگرێ ئەوە چاکە، لە شاورێش هەیە وردە وردە تەنزیمی دەکەین، واپروا.. مەبەستم ئەوەیە، ئێمە ئەوەمان داهێنا شتێکی چاکە، زۆر چاکە، ئەوە یەکەمجار لە گەرمیان داهێندرا، بەڕاستی ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ تیپی گەرمیان، هەندێ شت داهێندرا لە تیپی کەرکوك داهێندرا، ئەو داهێنانە زۆر چاکە، ئەوەیە موبادەراتی جەماوەر، لێی گەڕێ با جەماوەریش موبادەراتی خۆی بنوێنێت، شتی خەلاق بکات.

لەوەڵامی پێشمەرگەیەکیشدا کە وتی لە دۆڵی خەلەکان گوندێك پێیانوتوین، ئێمە (١٠٠) چەکدارتان بۆ تەئمین دەکەین، هەڤاڵ مام جەلال وتی: ئەو جارە شەڕیان کردووە لەگەڵ حکومەت و خەڵکی دێهاتەکانی دۆڵی خەلەکان چوون شەڕیان کردووە لە کەرکوك، جا بۆ ئەوەی بزانن برادەرانی خۆشەویست، دەبێ ئێستا کارێك بکەین کە خەڵك بەهی خۆیمان بزانێ نەك بە چەتە و داگیرکەرمان بزانێ، دەبێ لەگەڵ خەڵك باش بین،

رفتارمان نه‌رم بێ، ده‌ست و ده‌م و داوێن پاك بین، ئه‌وسا كۆمه‌ڵانی خه‌ڵك به‌ هی خۆیمان ده‌زانێ، وه‌ڵلاهی هیچیان له‌ ئێمه‌ چاو نابێ، ئه‌و ڕۆژه‌ی ئه‌و په‌یوه‌ندییه‌ دروست ده‌كه‌ین، له‌ به‌ینی ئاو و ماسییه‌كه‌، له‌ به‌ینی پێشمه‌رگه‌ و كۆمه‌ڵانی خه‌ڵك، ده‌بینه‌ هێزێك له‌ شكاندن نایه‌ین، چی هێزی داگیركه‌ری توركیاو عێراق و ئێران هه‌یه‌، هه‌موویان ده‌شكێنین، چییه‌ ئه‌و هێزه‌ قه‌ڵایه‌ی له‌ شكاندن نایه‌ت بۆ شۆڕش، جه‌ماوه‌ره‌، كۆمه‌ڵانی خه‌ڵكه‌، كۆمه‌ڵانی خه‌ڵكه‌ ئه‌و قه‌ڵا شۆڕشگێڕییه‌ی كه‌ له‌ شكاندن نایه‌ت، كه‌نگی كۆمه‌ڵانی خه‌ڵكمان هۆشیاركرده‌وه‌، ڕێكمانخست، سازماندا، ڕێبه‌ریمان كرد، سه‌رده‌كه‌وین، ئه‌و كاته‌ سه‌رده‌كه‌وین، چ ده‌وڵه‌تێك دڕنده‌یه‌ چۆكی پێ داده‌ده‌ین، سه‌ری ده‌خه‌ینه‌ زبڵه‌وه‌، سه‌رنگوێلكی (زبڵدان) كوردستان، هه‌تا ئه‌وه‌مان پێ نه‌كرێ زه‌حمه‌ته‌، شۆڕشه‌كه‌شمان بۆ درێژخایه‌نه‌، چونكه‌ ئه‌وه‌مان پێ نه‌كراوه‌، بۆ شۆڕش درێژخایه‌نه‌، چونكه‌ دوژمن به‌هێزه‌، ئێمه‌ نه‌مان توانیووه‌ جه‌ماوه‌ری خۆمان سازده‌ین، بیخه‌ینه‌گه‌ڕ، كه‌ی ئه‌و ڕۆژه‌ی ئه‌وه‌مان كرد، ئه‌وا جه‌ماوه‌ری خۆمان سازده‌ده‌ین، ده‌یخه‌ینه‌گه‌ڕ، ئه‌وه‌ به‌ڕاستی پێموایه‌ چه‌ندین نیشانه‌ هه‌یه‌.

بۆ یه‌كه‌م جار له‌ كوردستان ڕووده‌دا، مژده‌ی سه‌ركه‌وتن ده‌ده‌ن به‌ كۆمه‌ڵانی خه‌ڵك، من له‌ ڕاپۆرته‌كه‌مدا باسی دووسێ شتم كردووه‌، پێموایه‌ موهیمه‌، ئیشه‌ڵلا كه‌ بڵاومانكرده‌وه‌ ده‌بینین به‌ ته‌فسیلی باسمكردووه‌، یه‌كێك له‌وانه‌ ئه‌وه‌یه‌ كه‌ بۆ یه‌كه‌م جار له‌ مێژووی میلله‌تی كورددا شۆڕشێك له‌سه‌ر خاكی كوردستان، پشت ئه‌ستوور به‌ خۆی، دێت له‌لایه‌ن كۆمه‌ڵێك خه‌ڵكه‌وه‌، ڕابه‌ریی ده‌كرێ كه‌ نه‌ ده‌ربه‌گ، نه‌ شێخ، نه‌ خانه‌دان، نه‌ فلان عه‌شیره‌ت، ئه‌و شه‌گ و به‌گانه‌ی كه‌ خۆمان دانیشتووین، بۆ یه‌كه‌مجاره‌ هێزێكی سیاسی سه‌رپه‌رشتیی ده‌كات كه‌ باڵێكی ده‌ڵێ من ماركسیست-لینینیستم، باڵێكی ده‌ڵێ ئه‌من سۆسیالیستم، ئه‌وه‌ ته‌ئسیره‌كه‌ی هی ئه‌وه‌ نییه‌ دوژمن ده‌توقێنێ له‌ڕووی سیاسییه‌وه‌، ئه‌وه‌ دوژمن ده‌تۆقێنێ له‌ ڕووی ته‌به‌قیشه‌وه‌، كوردستان به‌و هه‌موو ئه‌همیه‌ته‌ی كه‌ هه‌یه‌تی، ئه‌همیه‌تی ستراتیجی و نه‌فتی، كه‌ ئیمپریالیزم كوردستانه‌كه‌ی له‌ كیس چوو، حكومه‌تێكی وا نایه‌ت كه‌ به‌ته‌ما بێت سبه‌ینێ سازشی له‌گه‌ڵدا بكات، ڕایكێشێته‌وه‌ به‌لای خۆیدا، هێزێك دێت ده‌ڵێ ئه‌من ماركسی لینینیمه‌، شۆڕشی پرۆلیتاری ده‌كه‌م، یه‌كێك ده‌ڵێ سۆسیالیزم داده‌نێم، یه‌كێك دێ ده‌ڵێ نازانم چی ده‌كه‌م، ئه‌وه‌ خه‌ته‌رتره‌

لە مەسەلەی حوکمی زاتییەکە، مەسەلە سیاسییە روت و قوتەکە، بە رەئی من ئەوە گەورەترین تاوانی سەرکردایەتی حزبی شیوعی لەمەدایە کە ئەو حەقیقەتە دەرك ناکەن، ئەوە نوقتەی هەرە گەورەی تاوانی سەرکردایەتی حزبی شیوعییە کە ئەوە دەرك ناکەن.

جاران هەموو شۆڕشەکانی تری کە کراوە لە کوردستان، فلان کویخا لەفلان..، مەسەلەن شۆڕشی مەلا مستەفا با باسکەین، لە ١٩٦٢دا کە ئێمەش لەگەڵیدا بووین، مەسولی بێتواتە ئەو ئەنوەر بەگە جاشە بوو ئێستا لەوێ دانیشتووە، مەسئولی مەنتیقەی باڵەکایەتی عەلی ئاغای عەلی ئەمین ئاغای بوو لەو سەرەوە، بابی کاك ئیحسانەکەی خۆمان بوو لەو خوارەوە، کێ ئاغای پێ دەڵێن وەلاشی، لە مەنتیقەی مەرگە هەباسی مامەند ئاغای بوو، لە پشدەر هەر ئاغاکانی دانا، لە فلان جێ کۆمەڵێك ئاغا داندرابوون شەڕیان لەسەر دەکرد، ئەفەندیش گاڵتەیان پێ دەکرا، ئەفەندی سەر چەور، گاڵتەیان پێدەکردیین، فلان مەتتارە لە مل و کەری کەران باوکگاو مەنسول حزب پارت، ئستا وایە کاکە دادەنیشن خەڵك خڕدەکەنەوە هەموومان، ئەو شەگ و بەگانەی خۆمان لە کۆمەلانی خەڵکەوە هاتوون، تەماشای سەرتیپەکانمان بکەن کێن، بڕواناکەم یەك دووانێکمان ماوە لەو تیپە نیین، بەلام تەماشایکە لە (٣٤)دا (٣٠) وابێت، ئاخر زۆرە، حسابی ئەوە بکە، بیرکەرەوە کێن جڵەویان بەدەستە، کێ سوکانەکە لێ دەخوڕێ، ئەوە موهیمە، موهیم نییە کێ سواربووە، زۆر کەس سواری قیتار دەبێ، موهیم ئەوەیە کێ لەسەر مەکینەکە دانیشتووە، فارگۆنەکە لێدەخوڕێ، دەنا با زۆر کەس سواربێ، ئەوە بەڵگەی قوەتیەتی، کێ سیاسەتەکە دادەنێ، کێ رێباز دادەنێ، کێ شیعار دادەنێ، لە حوکمی زاتییەوە بۆ مافی چارەنووس، سەدرەدین یان سوار ئاغا، ئەوە موهیم نییە، ئەوە دەلیلی پان و بەرینی و فراوانی شۆڕشەکەیە، موهیم ئەوەیە کێ رێبازەکە دادەنێ، کێ شیعارەکەی بۆ هەڵدەکا، کێ ئالای بەدەستەوەیە، کێ قاتیرەکە لێدەخورێ، ئەوە لازمە ئێمە تێبگەین، ئەوە بارمان قورس دەکات، ئەوەیە مەسەلەکە خەڵك لە خۆوە لەگەڵمانن، ئێمە عیلاقاتی شەخسیمان لەگەڵ خومەینی و ئەوانە باشتر بوو، هەتاکو قیادەی موەقەتە، گرنگیان بەوان زۆرتر داوە هەتا ئێمە، لەو رۆژانە کتێبێکیان دەرکردووە (ئەسنادی لانەی جاسوسی ئەمریکا) دوو ئەوەندەیە لەسەر کوردستان، هەموو هجومەکەی لەسەر من ئەوەیە، جەلال تاڵەبانی چەك لە عیراق وەردەگرێت، دەیدات بە کوردی ئێران بۆ ئەوەی شۆڕشی کوردی ئێران زدی

ئێمە دەستپێبکا، هەموو دەلیلەکەشی ئەوەیە کە جاسوسەکی سەربە قیادەی موەقەتە (محەمەد سەعید دۆسکی) چووە تەقریرەکی داوە بە وەزارەتی خاریجییەی ئەمریکی، چووە دەڵێ ئەو شۆڕشەی لە ئێرانە بە فیتی جەلال تاڵەبانییە، پێموایە ئەو چەکانەی ئەو لە عێراق وەریدەگرێ دەیدا بەوان بۆ ئەوەی شەڕبکەن زدی حکومەتی ئێران، کە ئەویش پێموایە، چونکە دەلیلەکی نییە، هەر خۆی کابراکەی ئەمریکی تەعلیقی لەسەر دەکا، لە بەینی دوو قەوسدا، دەڵێ ئەوە مەعقول نییە، جەلال تاڵەبانی شەڕدەکا لە زدی حکومەتی عێراق، لە دوو قەوسدا، هەر خۆی خستویەتە دوو قەوس، هەموو تۆمەتەکە ئەوەندەیە، دەیڵێنەوە زدی ئینقیلاب ئەوە دەکا، یارمەتی کوردی ئێران دەدا، لەسەر ئەوان سەد قسەی تێدایە، تێیدایە دەڵێ لەگەڵ ئەمریکانە، تێیدایە دەڵێ جاسوسی ئیسرائیلن، تێیدایە دەڵێ لە ئیسرائیل تەدریبیان کردووە، عیلاقەتیان لەگەڵ ئیسرائیل ئەوەندە بەقوەت بووە، ئەمریکا بۆ شئونی کوردی پرس بە ئیسرائیلییەکان دەکا، چونکە ئەوان ئەوەندە دەستیان لەناو حەرەکەی مەلا مستەفادا بووە، شارەزای هەموو شتێکینە، تێیدایەتی دەڵێ پاش شۆڕشی ئێرانیش ئەوانە نۆکەری ئیمپریالزمی ئەمریکان، بە میسالیان دێنێتەوە دەڵێ پاش شۆڕشی ئێرانیش، عەلی سلێمان بەناوی لیژنەی مەرکەزی حزبی دیموکراتی عێراق چۆتە سەفارەتی ئەمەریکی گوتویەتی ئەو شۆڕشە زۆر خراپە، ئێمە لە خەتەرین، ئێمە خەتەرمان لەسەرە، پێویستە وابکەین و وابکەین، ئینجا لەگەڵ ئەوانە لەزدی ئێمەن، بۆ..؟ چونکە بۆ داگیرکردنی کوردستان ئەوان پێویستن، بۆ رزگاری کوردستان ئێمە پێویستین، مەعلوم دەبێ زدی ئێمە بن، حکومەتەك بیەوێ رزگاری کوردستان بکا لەگەڵ ئێمە پێکدێ، ئەو شتانە مەسڵەحەتی تەبەقی و سیاسی تەعبیری دەکا، نەك عەلاقاتی شەخسی، عەلاقاتی شەخسیمان زۆر باشە، مەسەلەن شێخ مەحەمەدی شێخ حوسێنی شێخ عەلی مونتەزەری کە جێنشینی ئیمام خومەینییە هەموو کەس دەڵێ ئایەتەڵلاهو عوزما سبەینێ ئەو دەبێتە...، هەمووی مانگێك نابێ خەبەری بۆ ناردوم دەڵێ من بەقەدەر محەمەدی کوڕم کە شەهید بووە ئەوم خۆشدەوێ، بەڵام مەسەلەکە خۆشەویستی ئەونییە، مەسەلەکە مەوقیفە لە ئێران و کورد و ئەوەوە، راستیش دەکا مەسەلەکە خۆشەویستی نییە، مەسەلەکە مەوقیفە، ئێمە بچین ببینە جاشی ئێران، ئێران یارمەتیماندەدا کورد لەعنەت و تفمان لێ دەکا، مەسەلەکە لازمە باش تێبگەین، چاومان بکرێتەوە، تەحلیلاتی قوڵی

تەبەقی و سیاسی ڕێشەو ڕەگ داکوتراو بکەین نەك ئاوا سەتحی مەسەلەکان ببینیین، چونکە مەوقیعەکە زۆر خەتەرە، مەسەلەکە زۆر خەتەرە، مەسەلەکە شەڕی ژیان و مردنە، ئەوڕۆ لەو ڕۆژهەڵاتە تەماشاکەن کێ کشوماتە، هەموو دنیا کشوماتە لەغەیری ئێمەو فەلەستین، فەلەستینیش لە وڵاتی خۆی دەرکراوە، قڕەقڕە ئێمە دەکەین لەسەر ئەرزی خۆمان، شەڕی عیراق- ئێران ببڕێتەوە چ وڵاتێك قڕە و شەڕ و شۆڕشی تێدایە، بەغدا یان بەسرا، یان کەرکوك و سلێمانی و هەولێر، ئێران ئەسفەهان تێدایەتی یان شیراز یان تاران، نەخێر کوردستان، تورکیاش هەروەتر، نیوەی گیراوەکان کوردن (٢٠-٣٠) هەزار لە زیندانەکانی تورکە، دەیانی تورك حوکم بە ئیعدام دراوە، سەدان کورد حوکم بە ئیعدام دراوە لە تورکیا، دەیان تورك، سەدان کورد، دەنا تورك سێ بەقەدەر کوردە، زاهیرەیەکی تەبیعیە لە تەئریخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە کوردستانەکەی ئێمە هەڵساوە، جووڵانەوە تێیدا هەڵچووە، خەتەریش بەڕاستی لەسەر بڕبڕەی پشتی ڕۆژهەڵاتە، کوردستان ڕزگار بێ بڕبڕەی پشتی ڕۆژهەڵات ڕزگار دەبێ، پشتی سەرمایەداریی جیهانی دەشکێنێ، پشتی دەوڵەتە ئیستعمارییەکان دەشکێ، ئێران، تورکیا، عیراق، سوریا هەمووی هەڵدەتەکێتەوە، سەرلەنوێ خەریتە، موهەندیس، مەساح، ئەو فلان لوتکە..، گاڵتە نییە، شتێکی زۆر گەورەیە، لەبەرئەوە حەتمەن دوژمنەکانمان زۆر دڕندانە دژمانن، هەموو هێز و توانایان بەکاردێنن، حکومەتی عیراق هەر لەیەك موستەوا شەڕمان ناکات، لەهەموو موستەوایەك شەڕمان دەکا، هەرئەوەی لەناو خۆمان جاسوس دروست بکات، هەتا سەر ئەوەی جەماعەتی ڕەسول مەمەندمان بۆ بکا بە جاسوس، هەتاسەر ئەوەی وەکو لە تەقریرەکە پیشانمدان کە ئێمە و حزبی شیوعی بکا بەگژیەکدا، جا قیادەی موەقەتە و ئێمە بکا بەگژیەکدا، ئینجا حزبی کارتۆنیمان بۆ دروستبکات، ئینجا حوکمی زاتییەکی کارتۆنی قوت بکاتەوە بۆ خەڵك هەڵخەڵەتاندن و مەسرەحییەی ئینتیخابات بکات، بڵێ ئەوە نییە دیموکراتی هەیە کوردەکان بە ئارەزووی خۆیان خەڵك هەڵدەبژێرن، یان دەڵێ کوردەکان دوو هەقیان هەیە، حەقی کورد بوون، حەقی عیراقی بوون، هەم مەجلیسی تەشریعی هەڵدەبژێرێ، هەم ئەوەیدیکە (مەبەست بەغدا)یە، باشە جارێ ئێستا ئەوان حازر بن، یەك هەقمان هەبێ با ئەو دوو هەقەمان نەبێ، هەقی تەقریری مەسیری خۆمان بدەرێ، دوو حەقەکە بۆ ئەو، باشە یا حکومەتەکە ئێمە بین، ئێمە ئەو دوو هەقە

دەدەینە ئەوان، با حکومەتەکە کوردی بێت، ئێمە کار بەدەست بین، حوکمی زاتیشیان دەدەینێ، لە مەرکەزیش بەشدارییان پێ دەکەین، جا ئێستا ئەو مەسەلەیەمان تەواوکرد، دێینە سەر مەسەلەی گفتوگۆ.

## مەسەلەی گفتوگۆ

با هەندێ وردە مەسەلەی غەڵەت راستکەمەوە، یەکێکیان بەعزێ لەبرادەران واتێدەگەن مەسەلەی روخاندنی حوکم ستراتیژی ئێمەیە، روخاندنی حوکم ستراتیژی ئێمە نییە، ستراتیجی ئێمە، ستراتیج بەمەعنای ئەوە گەورەترە لە هەدەف، ستراتیج هەدەف و شتیکەش دەگرێتەوە، بەڵام هەتا مەخسەدم ئەوەیە ئامانجی ستراتیژییە یان ئامانج ستراتیژی نییە، ئێمە روخاندنی حوکم بەرنامەی ئێمەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجمان، بۆ ئەوەی بگەینە ئەو ئامانجەی کە دەمانەوێ، حوکمی ئیئتیلافی دیموکرات کە سەربەخۆیی و دیموکراتی بۆ عێراق و مافی چارەنوس بۆ کورد تەئمین دەکا کە دەبێ حکومەت بڕوخێنین، یەعنی روخاندنی حکومەت هەنگاوێکی گەورەی سەرەکییە لەو رێیەماندا کە دەچین بۆ ئامانجەکانمان، یانی ستراتیجمان نییە، ئامانجی ستراتیجرمان داهێنانی حوکمی ئیئتیلافی دیموکراتییە بە دانانی دیموکراتی و سەربەخۆیی بۆ عێراق و مافی چارەنوسیشە بۆ نەتەوەی کورد، بەڵام ئەوە لە رێگای ئەوەدا ئەوەمان پێویستە ئەو حکومەتە بڕوخێنیین بۆئەوە بچین، ئەوە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە، بەعزێ لە برادەران فەرەزیاتی مەحاڵ دەکەن، ئەگەر عێراق هەموو حەقی ئێمەیدا، دەی باشە ئەگەر هەموو حەقی ئێمەیدا دەمانەوێ، حەقی ئێمە حەقی تەقریری مەسیر، سبەینێ ئەگەر عێراق گوتی ئەوە حەقی تەقریری مەسیری ئێوەمدا، ئێ باشە دەمانەوێ، ئەوە وەریدەگرین و جمهوریەتی دیموکراتی خۆمان دادەنێین و بەسەر چاو، بەڵام ئەوە فەرەزی مەحالە، سەدام حوسێن واز لە نەوتی کەرکوك بێنێ دەڕوخێ، نەوتی کەرکوك ئاخر سەرچاوەی ژیانیتی چۆن هەموو حەقی ئێمەدەدا، بەعزە فەرەزیاتی مەحال دێنیین، دەنا مەسەلەن باشە، حوکمەتەك هات گوتی هەموو حەقی ئێوە دەدەم، ئەو حەقەی ئێمە ئەمڕۆ داوای

دەکەین مافی چارەنووسە، مافی چارەنوسمان دەداتی، وەی بەسەرئەو چاوەم، خۆ شەعبی جەزائیری مافی چارەنووسی خۆی دوانەخست، هەتا ئیشتراکییەت لە پاریس دێتە سەر حوکم تا ئێمەش دوایخەین، ڤێتنامیش نەیگوت با ئەمریکا ببێتە سۆسیالیست، ئینجا ئەمن حوکمەتم دەوێ، وەڵلا بەسەر چاو، ئەگەر ئێستا دەماندەنێ، حەقی تەقریری مەسیرمان دەدەنێ وەڵلا بەسەر ئەو چاوەم، ئەو وەختە دەبینە دەوڵەتێکی دیموکراتی، پێشکەوتوخواز و ئازادیخوازانی عەرەب لەجیاتی ئەوەی لە لبنان و سورییە دەربەدەرن، با بێنە ئێرە، یارمەتیاندەدەین و پارەشیان دەدەینێ، میزانییەکی باشیان بۆ دابیندەکەین، هەر رۆژەی بەرمیلە نەوتێك بۆخۆیان بفرۆشن بەشی خەباتەکەیان دەکا، بەڵام ئەوە ناکا حکومەت، چۆن ئەوە دەکا، ئێمە دەبێ موقابیلەکەمان بناسین و بزانیین هەرشتەك بخەینە ناو چوارچێوەی زەمان و مەکانی خۆیەوە، بە موجەرەد قسە نەکەین، هەر شتەك بەتەجرید بەعام بیپچڕێنین لە واقیعەکان، جوابەکەی زۆر ئاسانە، زەحمەت ئەوەیە شتەکە بخەینە ناو چوارچێوەی هەلومەرجەکان و زەمان و مەکانی تایبەتی خۆیەوە و ئەو وەزعەی قۆناغی خەباتمان پێیدا دەڕوا.

دەبێ بزانیین ئەوەلەن حکومەت بۆ گفتوگۆ دەکات لەگەڵمان، ئایا حکومەت بۆیە گفتوگۆ دەکات حەقمان بداتێ، یان بۆ ئەوە گفتوگۆ دەکا، نیازێکی کەی هەیە، هەرچی سەردێنی سەردەبەی، تەماشای تەبیعەتی ئەو حکومەتە دەکەی، تەماشای عەقلیەتی ئەو حاکمانە دەکەی، تەماشای وەزعی تەبەقی و سیاسی و فیکری ئەوان دەکەین، ئەوانە هیچ ئەوەیان لەباردا نییە کە حەقی ئێمە بدەن، تەنانەت حوکمی زاتی راستەقینەشمان بدەنێ، کەواتە مفاوەزات بۆ ئەوە ناکەن حەقمان بدەنێ، ئەی بۆچی دەیکات، پێیناوێ زۆر مێشکی خۆمان بەوە مەژغول بکەین، ئەوە کیتابی رەسمی خۆی لێمان گرتووە و بڵاومانکردۆتەوە، قسەی دڵی خۆی لەوێدا کردووە، بۆیە مفاوەزاتیان لەگەڵ دەکەین ناویان بزڕێنیین، دیعایە بکەن لەناو خەڵك بڵێن یەکێتیی نیشتیمانیی عیلاقەی هەیە لەگەڵ حکومەت، مفاوەزات دەکا، لە جەبهە دێتەدەرێ، وازی لە شیعاری روخاندنی حکومەت هێناوە، بۆ ئەوەی بمانشکێنێ، خۆی وتویەتی ئینسان بەعزە جار هەیە مەسەلەن ئەڵێ فلان نیازی چییە سەد تەخمیین دەکەی، نیازی دڵی خۆی گوتبوو لە جێیەك گوتبوی ئیتر دەستمان کەوت، پێیناوێ ئیتر ئێمە خەیاڵ پلاوبکەین، خۆمان بەدوای شتەکیکە

بەرین، ئەوە خۆی دەڵێ، لە دڵی خۆیدا، دەڵێ کاکە من دەمەوێ، یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان دوژمنی سەرەکیمە، خەتەری گەورەیە، بیشکێنم ریسوایکەم، کەواتە گفتوگۆ بۆ ئەوە ناکا، بۆ ریسواکردنمان دەکا، دەی باشە..، خۆمان ریسواکەین..، لەلایەکی ترەوە، نییەتی وانییە، هێشتا تەرازوی هێزەکانیش وا بەلای ئێمەدا داینەشکاندووە چۆك بە دوژمن دادا، لێی بسەنیین، ئێمەش وامان لێ نەهاتووە ئەوەندە بەهێزبین، ئەوندە بە توانا بین، بڵێین ئەگەر سەدام حسێن حەقەکەمان نەداتێ، بڕوخێ، جا بۆ ئەوەی ئەو نەڕوخێ، چۆکدادا، بڵێ کاکە ئەوە حەقەکەتان، جا کە حەقەکەشمان درایێ، وەك هەولێری دەڵێ چ سەگبابەك حەقی ناوێ، بەڵام هێشتا وای لێنەهاتووە، حەقەکەمان لێی بسەنیین، یانی تەرازوی هێزەکانمان دەزانیین، هی دوژمنیش دەزانیین، کەواتە خۆی نایەوێ بماندادتێ بەپێی تەبیعەتی تەبەقاتی خۆی، ئەمەیان یەك، دوو تەرازوی هێزەکان هێشتا وای لێنەهاتووە کە وای لێ بکا ناچاری بکا، سێ بە عزە جار هەیە خەڵك دەڵێ باشە بابە تەرازوی هێزەکان نییە، بەڵام زروفی مەوزوعی و دەولی و شتی وەها، زۆر جار وای لێهاتووە، مەسەلەن زروفی مەزوعی هاتووە بۆتە سەبەبی تەقسیمی فەلەستیین، بۆتە سەبەبی ئەوەی سوریاو لبنان استقلال وەربگرن، بۆتە سەبەبی ئەوەی دەوڵەتی عێراق دامەزرێ، بۆتە سەبەبی ئەوەی کوردستان دابەش کرێ، بۆتە سەبەبی ئەوەی فلان دەوڵت ڤۆڵتەلعولیا و ڤۆلتەلسوفلا و نازانم چی، مۆرسیۆس و جیبۆتی دروستببێ، ئەوەش نەهاتۆتەکایەوە لە عێراق، چوارەم شەڕی عێراق و ئێران هێشتا وای لە سەدام نەکردووە، ئەوەندە ناچاری کوردبێ، بێ ملکەچکا بڵێ کاکە وەرە لەگەڵم پێکەوە شەڕی ئەوە بکەین و ئەوەش هەموو حەقەکانی خۆت، کەواتە نە زروفی زاتی و مەوزوعی، نە تەرازوی هێزەکان، نە تەبیعەتی حوکمەکە، نە زروفی دەولی گۆڕینێکی ئەوتۆی تێدا بووە، ئەو رێژیمە وا لێبکا کە حەقی کورد بدات، ئەوە هەمووی..،

خۆتان دەزانن سیاسەت بۆتە عیلم و حیساباتی دەقیق وەکو ریازییات، دەتوانیین تێیدا بیکەی لە سیاسەتدا، نەتیجەکانیشی روون و ساغ و پاگژکراو بدەینە دەست کۆمەڵانی خەڵك، ئەوە لە ناحییەی حەقدان و حەق وەرگرتن و ئەو شتە، دێتە سەر نەتیجەی ئەوەی کە ئێمە (کاکە شوان چاکی مەسەلەکە تەقسیمکرد)، پێکهاتن و پشودان، پێکهاتن و هودنە و ئەو شتانە، ئەوە بۆ پێکهاتن وەکو گوتمان هیچ روناکیەك نییە،

دەمێنێتەوە بڵێن بۆ پشودان، بەعزە جار هەیە، زۆرجار هەیە هودنە دەکرێ بۆ پشوودان، شۆڕشەکەی تر پێنج شەش جار هودننەی کرد بۆ پشوودان، لە شەست و سێدا کرا، لە شەست و چواردا کرا، لەشەست و شەشدا کرا، لە حەفتادا کرا، ئەو جارە یەکەم جارە لە تەئریخی کورددا حەوت ساڵە عەرەبانەکە رادەکێشیین بەبێ ئەوەی نوچدانێکی تێدابێ، هێنێ بکەین، دیارە پشوودان باشە، بەکەڵکیشە، بەڵام لێرەدا یەك سوئال هەیە، یاخود پێش ئەوەی سوئالەکە بکەین، یەك قانون هەیە، پێویستە ئەو قانونە، سیاسەت بووە بە عیلم، ئەو قانونە عیلمییەمان لەبیربێ لە شۆڕشدا، ئەویش قانونەکە ئەوەیە، شۆڕش خۆی خەباتێکی جەماهیری سیاسی شۆڕشگێڕانەیە بە چەك، ئینجا قانونەکە دەڵێ چی، دەڵێ هەر هەنگاوێك، هەر کارێك هەر هەڵوێستێك، ئەو خەباتە سیاسییە جەماهیرییە شۆڕشگێڕانەیە بەهێز بکات و گەشەیپێبدا، راست و رەوایە، هەر هەنگاوێك، هەر کارێك، هەر هەڵوێستێك ئەو خەباتە جەماهیرییە سیاسییە شۆڕشگێڕانەیە کز و لاوازکات، ناراست و غەڵەتە، خراپ و غەڵەتە، بەپێی ئەو قانونە هەموو شتەکان هەڵدەسەنگێنیین، ئەوە تەرازوی خۆمان پێیە، ئەوەش سەنگی مەحەکمان پێیە، ئایا مەسەلەن فلانە هودننە، دەبێتە سەبەبی ئەوەی کە ئێمە پێی زەعیفبین یان پێی بەقوەت دەبین، یانی خەباتی جەماهیریمان، سومعەی جەماهیریمان، هەڵچوون و نفوزی جەماهیری، ورەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەبێتە هۆی هەڵچوون و بەهێزبوونی دەیکەین، با پێکهاتنیشی بەدوادا نەبێ، با حەق وەرگرتنیشی لە ئەنجامدا نەبێ، نەخێر بە پێچەوانەوە دەبێتە سەبەبی کزبوون، دوودڵی جەماوەر، ساردبوونەوەی پێشمەرگە، شکانی سومعەی هێزە پێشڕەوەکە نایکەین، ئینجا جار هەیە مەسەلەن، ئێمە لە کوردستانی ئێران، ئێمە ئەو موناقەشەیەمان بەو شێوە لەگەڵ برادەرانی ئەوێ کرد، وەختی خۆی من بووم بە ناوبژیکەر لەنێوانیاندا، فروهەر و سەباغییان هاتن ئەوانە، پێمانوابوو ئەوێ رۆژێ هودنەکە دەبێتە سەبەبی هەڵچوونەوەی جولانەوەی خەڵکی کوردستان و چوونەوە ناو شارەکان، فیعلەن کریان، ئەوەبوو ئەنجامەکەی باش بوو، لەشەست و سێ بووە سەبەبی یەك ئینتیلاقی گەورەی جەماهیری ئەگەر لەبیرتان بێ، چی کۆمەڵانی خەڵك هاتن و ئەوە شتێکە، لە حەفتا فیعلەن بووە یەك ئینتیلاقی گەورەی جەماهیری، ئەوە فیعلەن شێکی باش بوو، بەڵام ئەگەر هاتوو نەخێر بووە سەبەبی کرمێکردنی دڵی کۆمەڵانی خەڵك لە رێبەرەکەی و

ساردکردنەوەی پێشمەرگە یان درێژکردنەوەی عومری دەوڵەتە داگیرکەرە زۆردارەکە، ئەوە چیلێدەکەی، ئەوە خراپە، ئەوە زەرەرە، ئەوە کردەنی نییە، ئێمە بەو شتە قیاسی هین دەکەین، یانی بەو پێپێوە بەو تەرازوە، بەو سەنگی مەحەکە شتەکان هەڵدەسەنگێنین.

ئێمە هیچ نەبووین، هاتبا مەیدانێ ئیعتیرافێك بوو بە ژیاندنەوەی شۆڕشی کورد و ژیاندنەوەی تەڕەفێکی کوردی و هێزێکی کوردی فیعلەن تەئسیرەکی جەماهیری گەورەی دەکرد، لەبەر ئەوە نە دەیگوت نایکەم، ئێستا بۆ ئێمە خراپە، دەگێڕنەوە دەڵێن لە زەمانی پاش ئەوەی شێخ مەحمودیان لابرد، ئینگلیزەکان دەیانویست یەکێکیکە دابنێن بیکەنە حوکمداری کوردستان، دەچن خانەدانێکی لێقەوماو کە باشکاتب بووە، یەخەی دەگرن، دەڵێن وەرە کاکە ببە بەوە، تەبعەن پێشتر چونەتە لای سەید ئەحمەدی خانەقا و زۆر کەسی وا کوردی ناودار، گوتیان نایکەین، حەمدی بابان و ئەوانە، گوتیان نایکەین، چوونە لای ئەو کابرایەش کە خانەدان بوو، باشکاتبی مەحکەمە بووە، گوتویەتی سبەینێ جوابتان دەدەمەوە، بیکەنە حوکمداری کوردستان، سبەینێ هاتۆتەوە، گوتویەتی نایکەم، گوتویانە بۆ..؟، گتویەتی وەڵلا موستەقبەلی خۆم نافەوتێنم، باشکاتبییەکەی باشترە لەوەی ببێتە مەلیکی کوردستان، موستەقبەلی خۆم نافەوتێنم، موسەقبەلی خۆم و ماڵ و منداڵم نافەوتێنم، ئێمەش ئێستا فیعلەن موستەقبەلی خۆمان و ماڵ و مناڵمان نافەوتێنیین، با باشکاتب بین و لە دێی خەتێ دانیشتبین، بەڵام موستەقبەلی خۆمان نافەوتێنیین، ئەوەش عەینی شتە لە هیندا، لە سیاسەتدا، ئێمە ئێستا فیعلەن موستەقبەلی خۆمان نافەوتێنیین، موستەقبەلەکی زۆر گەش و روناکمان هەیە ئەوە دەبینن، بەو حاڵەوە داوای موقاتەعەی ئینتیخابات دەکەین، حوکمەت زدییەتی، جاش زدییەتی، قیادەی موەقەتە زدییەتی، فلاَن زدییەتی، بە غەیرە موباشر جود زدییەتی، چونکە هەتاکو ئێستا بەیانێکی دەرنەکرد، بۆ موقاتەعە، ئەوە خەڵك سەد نۆهەد.. نۆهەدو پێنجی، هەشتا هەشتاو پێنجی، بەقسەماندەکەن، چ هێزەکی سیاسی وابووە ئەوەندی جەماهیر لەپشت بێ، رەئیس جمهوری ئەمەریکا بە سەدی چل و دوو سەوت بۆتە رەئیس جمهور، میتەران بە سەدی پەنجاو نیو بۆتە رەئیس جەمهوری فەرەنسا، سەدی هەشتامان با هێنابێ، بۆ ئێمە ئەوە بدۆڕێنیین، وەکو کابرای باش کاتب بۆ ئێمە موستەقبەلی خۆمان بفەوتێنیین،

بە شتەکی کەوا حوکمڕانییەکی موەقەت، بەڵێ راستە بەعزە جار برادەران، وا تێدەگەن مەسەلەن کە فیعلەن ئێمە، سەرکردایەتیی ئێمە جەماعەتێکی موغامیری بەهیچ رازی نەبووی نازانم چی، دەچین بەگژ عەردو عاسماندا، چییە شێت بووینە، شێت نەبووینە کاکە، ئەوە حیساباتە، وەکو بۆم گێڕانەوە کە شۆڕش هەڵگیرسایەوە، خەڵك وەیدەزانی شێت بووینە، هاتووین بەگژ حکومەتەکی زڕت و زەلامی بە قوەتی چل و دوو ملیار دۆلار سالآنەیەتی، جەیشەکی بەقووەتی هەیە، هەموو کوردستانی لەبەردەستە، حکومەتێکی ناسراوە، معاهەدەی نازانم لەگەڵ ئیتیحادی سۆڤیەتی هەیە، وەزیری شیوعی هەیە، بە دەوڵەتەکی تەقەدومی دیموکراتی نازانم چی ناسراوە، قائیدی جەبهەی رەمزی عەرەبییە، چییە شێتین بەگژ ئەو دێوەزمە دادێن، ئەوە وا نەبووە، ئەوە روکەشی مەسەلەکەیە، ناوەڕۆکی تەماشاکە چییە..؟، جگە لەوە دوایی مەسەلە کە هاتیین، لەگەڵ شا، ئێمە کە لێرە بووین، ئەوەل جار کە هاتبووینەوە، زۆرم لەبیرە بەتایبەتی شەهید سەعدی گچکە بەرەحمەتێ بی، بابە کو شەڕی دوو لامان پێ دەکرێ، ئاخر خوا سەلامەتتکا، بەمنی دەگووت، ئەتوو وادێی توشی بەرامان دەکەی، لەولا ئێران لەولا عێراق کو شەڕی دوولامان پێ دەکرێ، ئەمە وا مەخفەرەکمان پێ ناگیرێ، ئەو وای تەماشا دەکرد، بەچەك چەند ژمارە چەك هەیە، ئەو نەیدەزانی ئێمە تەیارێکی تەئریخی قیادەدەکەین، مەدێکی تەئریخی حسابە، بەتەماینە، قەوانینی تەتەوری ئیجتیماعی لەپشتمانە، هەندەك هێزی نەدیومان هەیە، دەزانی چییە مەسەلەن هەندەك کەس سوارەی غەیبی هەیە، ئێمەش خۆمان چل سوارەی غەیبی خۆمان هەیە، قەوانینەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئێمەنە، ئەوە چل سوارەی غەیبینە، حەق بە ئێمەیە، حەق خۆی چل سوارەی غەیبە، ئێمەش مەهدی مونتەزەرمان هەیە، خۆ هەر ئیمام خومەینی و ئەوانە نییانە، ئەوانە هێزی نەدیون، بەڵام هێزی کاریگەرن لە موجتەمەعدا، کێ لەگەڵ تەیاری گەشەکردنی کۆمەلایەتی دەڕوا..؟، ئێمە یان رێژیم، ئێمە ئەو دژی وەستاوە، ئەو لافاوی گەورەی تەئریخە هێزێکی گەورەی نەدیووە، لەبنەوە وەکو بومەلەرزە شت هەڵدەتەکێنێ، ئەو رۆژەی کە دەتەقێتەوە تەفروتونای دەکات، ئێمە لەسەر مەوجەکە کەشتییەکەی خۆمان لێدەخوڕین، ئاشی نەزان خوا دەیگێڕێ، ئاشی ئێمە ئەو مەوجەیە دەیگێڕێ بۆکەشتییەکە، یانی ئاشی راستەکان، هی ئەوانەی لەگەڵ تەتەوری تەئریخی دەڕۆن، ئاشی ئەوان خوا

دەیگێڕێ، ئاشی ئێمە تەئریخ دەیگێڕێ، لەبەر ئەوە ئێمە ئەو هێزە نەدیوانە حیساب دەکەین، دێین بەگژ حکومەتدا، دەنا قابیلە ئەمە شێت بین، بزانیین بڵێین ئێمە بە حکومەت ناوێرین، ناوەڵلا، رەنگە بەشەخسیش لەگەڵ سەدام زۆرە بانێ بکەین، ئەو ئەمن لەعەرزەدا، شتەکە خۆ ئەوە نییە، بەلاّم ئێمە حسابی قەوانینی تەتەوری موجتەمەع و شەرتی زەینی و عەینی و میللەتکی کورد هەیەو لە حەقی خۆی بێ بەشەو فلاّنەو ئەوەیە، ئەوە بەو حیسابە حیساب دەکەین، لە ئەنجامدا ئەوە سەردەکەوێ، ئەوەیتر ژێردەکەوێ، وای لێکدەدەینەوە، ئەگەر لێکدانەوەکانمان راست بوو، ئەوە سەردەکەوین، ئەگەر خەڵەت دەرچوو ئەوە ئێمە دەشکێین، بەلاّم تائێستا وەکو پشدەر دەڵێ چاکمان لەژێلاّ هێناوە، کێ باشی هێناوە لە ژێلاّ، زۆر چاکمان لەژێلاّ هێناوە، ئەوە ئەو هەموو هێزەمان پەیداکردووە، ئەو هەموو شەهیدەشمان داوە، کەچی ئەوە رۆژ بەرۆژ گەشەدەکەین، سیاسەتەکەمان چونکە راستە، مەوقیفەکەمان سەربەخۆیە، لەگەڵ دەستکەوتی کۆمەلاّنی خەڵك دەڕوا بەرەوو پێش دەچیین، ئێ دەباشە دەوڵەت لەبەر ئەوەشە دەیەوێ توشی ئەو غەڵەتەمان بکا، تووشی ئەوەمان بکات کە مەسەلەن جارەك هاتن بۆ لامان، بۆم گێڕانەوە، تەبعەن دوو سێ جار هاتبوون، جارەك شێخ مەحمودی کارێزەیان ناردبوو، پێیان گوتبوو بڕۆ پێان بڵێ چیان دەوێ، گوتم: بڕۆ پێیان بڵێ ئەوانە شێتن هیچیان ناوێ، هەر کەوتوونەتە ئەو شاخ و داخە، خۆیان شێت کەوتونەتەوە، شێتن لێیان قەوماوە چونەتە شاخ، جارەشکە هاتنەوە ناو رێگای سیاسی و نازانم چی، دەی باشە کاکە ئێوە چ دەدەن، ئێمە مەعلومە چمان دەوێ، رادیۆمان هەیە، بەرنامەمان هەیە، شیعارمان هەیە، وەختی خۆی مزەکەرەمان نوسیووە، شەهید عەلی عەسکەری بردوویەتی بۆ حکومەت، هەمووی مەوجودە لە کنییان، ئێمە مەعلومە چمان دەوێ، هەموو جارێ دەیڵێیینەوە، حەزدەکەی ئەو جارەش دەیڵێیینەوە، دەمانەوێ کوردستان وەکو خۆی بمێنێتەوە، مەندەلی و بەدرەو جەسان و زەڕباتییەو خانەقین و لەوێ وەرەوە لیوای کەرکوکی قەدیم و ئینجا بەدجلەدا وەرە، هەتا موسڵ و ئینجا بڕۆوە سلێڤانی و تەلەعفەرو شێخان ئینجا سەرت نەیەشێنم، عەین زالەو سنجار، ئەوە کوردستانە، ئێوەش بڵێن ئەوە کوردستانە یەك، دوو حوکمی زاتییەکی راستەقینە بدرێ بەم خەڵکە، دێهات بچێتەوە جێی خۆی، تەعریب نەمێنێ، تەبعیس نەمێنێ، مونەزەمەیەکی فاشستی نەبێتە خوا لە شار و دێهاتەکانی کوردستان،

خەڵکی کوردستان خۆیان حوکمی خۆیان بکەن، دیموکراتیش هەبێ لە عێراق، (ما گایل شی) ئەتوو کاکە هیچیان نادەی، ئێ ئێمەش حازر نیین لە هیچیان تەنازول بکەین، لەبەر ئەوە لەسەر چ مفاوەزات بکەین، لەسەر چی بیکەین، کەنگی ئەتوو رەئیت گۆڕی یان ئێمە رەئیمان گۆڕی، ئەو وەختە دەتوانیین مفاوەزە بکەین، ئاخر لەسەر چی مفاوەزە بکەین، هەر خوامان یەکە هیچیکەمان یەك نییە، ئەویش ئەوەیە ئەتوو پێی دەڵێی رەب و ئەمن پێی دەڵێم خوا، ئەویش ناوی جیاوازە لەکن هەردووکمان، ئێ کاکە وەرە چیت گۆڕیوە ئەتوو، هیچ، ئەی ئێمە چیمان گۆڕیووە، هیچ، کەواتە ناگەینە یەك، مفاوەزەی چی، جار هەیە، تەبعەن بەعزە جارهەیە پێویستە بزانیین، هەموو حزب و گروپ و حکومەت و شۆڕشێك مناوەرات دەکا، چونکە ئەتوو دەچی بەسەر شاخ دەکەوی، ئەوها راست ناڕۆی، دەچی بۆ دێیەك، گردەکە لێی بادەدەیەوە، ئەوها دەکەی گەوەیەو نازنم چییە دێیەوە دۆڵەکەو نوی دەبییەوە و هەڵدەکشێیتەوە و سەردەکەوی و دەڕۆی، ئەوە رێگای ژیانیش ئەوهایە، رێگای دەشت و دێهاتی کوردستانیش ئەوهایە، رێگای ژیانیش لە کوردستان ئەوهایە، رێگای سیاسەتیش لە کوردستان وەهایە، یەك خەتی موستەقیم نییە، لەبەر ئەوە جار هەیە دەوڵەت مناوەرە دەکا، جار هەیە ئێمە دەیکەین، بەلاّم نابێ مناوەرەکەش، یەعنی ئەوی ئێمە دەیکەین، ببێتە ئەنجامی (سیاسەتی خۆتڕێن)، بەڵکو دەبێ خزمەتمان بکا بۆ ئەوەی ریزەکانی خۆمان بپارێزین، یانی مومکینە ئێمە پێمانوابوو پار جەزرێك هەبوو، جەزرێك هەبوو، تەسلیم بوونەوە هەبوو خۆتان دەتاندیت، بە چ شێوەیەك، ئەوێ رۆژێ، (پاش عەفواتەکەی) مقۆ مقۆی مفاوەزات نەختێ باش بوو بۆ راگرتنی مەعنەویات و بۆ راگرتنی خەڵك و بۆ ترساندنی ئێرانیش لەولا هەبوو، ترساندنی بەعزە جیهاتی تریش هەبوو، کاکە وەڵلاهی ئەگەر ئێوە وابڕۆن مەسەلەن ئەتوو لە تاران بووی، یەکێك لەوەی ئێرانمان پێ دەترساند، ئەگەر زۆر زەختمان لێ بکەن و ناچارمانکەن، نازانم چی و ئەوە، فیعلەن ئێرانیش ترسابوو، بەلاّم ئەوە قۆناغێکی مەحدودی موعەیەن بوو، تێپەڕی و خەلاس، وەکو ئەوەی مەسەلەن ئینسانەك لە زستاندا قاپوت و بلوزو گۆرەوی و دەستکێش هەمووی لەبەرکەی، کە هاوین داهات ئەوەی لەبەرکەی دەپرووکێ، ئەوە زستان لەبەر دەکرێ کە سەرمایە، جا کە هاوین داهات دەبێ یەك رانکو چۆغە کراسەکی وەکوو مامۆستا سەعید ئەوەی خۆی بکاتەوە، لەگەرما، دەنا دەپرووکێین،

مەجبورین وای لێ بکەین، دەی باشە کاکە ئێستا عەبایەکی گەورەی مەسەلەن یەك فەروەی گەورەی عەرەبی یان یەك قاپوتی گەرم ئێستا لە کۆڵی مامۆستا ئەحمەد کەین، وەنییە ئارەقە دەکاتەوە، هەر شتە بە وەختی خۆی، بەڵام ئەوەش دەبێ لە حدودی خۆی تێنەپەڕی، جار هەیە مەسەلەن حکومەت بۆ ئێمە دەنێرێ، میسالت بۆ بێنمەوە، هەتا جوابدانەوەکان وەختی هەیە، شەرت نییە ئەمە نەوعی ڕەتکدنەوەکەش بەپێی زروفی زەمان دەگۆڕێ، مەسەلەن ئێستا میسالت لۆ بێنمەوە، مەسەلەن کە جەیش ئیتیساڵمان پێوەدەکا نەوعەك جوابی دەدەینەوە، کە مەدەنی ئیتیساڵمان پێوەدەکا، نەوعەکی کە جوابی دەدەینەوە، چونکە دەمانەوێ تەئسیر بکەینە سەر جەیشەکە خۆی، هەردووکی ڕەفزە، بەڵام ڕەفزەکەی لای جەیش بە نەوعەك دەڵێی، ڕەفزەکەی لای مەدەنی بە نەوعەشکە دەڵێی، چونکە ئەوەش سیاسەت هەم عیلمە هەم فەنە، عیلمە لە ناحییەی لێکدانەوەو هەڵسەنگاندن و نەخشەدانان و جێبەجێکردن و ئەوانە، فەنە لە جێبەجێکردنی، لە تەتبیقدا، لە مومارەسەدا، سیاسەت عیلم و فەنە، سیاسەت خۆ هەر ئەوە نییە کاك محەمەدی ملی لێنێی، بەبێ حیساب و کیتاب، وانییە، سیاسەت بۆتە عیلم، عیلم و فەنە، عیلمە دەبێ باش ئەو عیلمە بزانی، هەتا سیاسەتەکەت پێ بەڕێوەبچێ، باش ئەو فەنەش بزانی تا تەتبیقیکەی، فەنەکەی حیساباتی خۆی هەیە، نەوعی قسەکان دەگۆڕێ لەگەڵ عەسکەرییەکەی، هەموو جارێ دەمانگووت وای تێبگەینیین کە ئێمە زدی جەیشی عێراقی نین، جەیشی عێراقی ئەگەر دیفاع لەوەتەن بکا، ئێمە زدی نابین، لە پشتەوە خەنجەری لێنادەین، بەڵام ناڵێین لە جاش نادەین، ناڵێین لە پۆلیس نادەین، خۆ دەشزانیین جەیشی عێراقی هیچی بەدەست نییە تاکو قەراربدا، تا بڵێ باشە من هودنەتان لەگەڵ دەکەم قەیناکا، نە جەیشی عێراق چی بەدەستە، لە هەر جێیەکی جەیش قسە بکا سەدام سەری هەڵدەکەنێ، ئێمە دەمانەوێ هیچ نەبێ دووری کەینەوە لە حوکمەکە، کەم و زۆر باشیکەین بەرامبەر بە خۆمان، حیساباتی خۆمان دەکەین، ئەوە شتەکی ڕاستە، کابرایەکی تر دێت، نەوعەکیکەی جوابدەدەینەوە، لەبەر ئەوە کوردێك دەنێرن دەڵێن کاکە ئەتوو خۆت ساحێبی قەزییەکەی بڕۆ بزانە کورد ڕازیکە، خەڵکی سلێمانی و هەولێرو کەرکوك و بادینان ڕازیکە، ئەمە ئەسڵەن هەر نقەشمان نایێ، ئەوە قسەکی مەتاتییە، خۆ هیچ مەعنای نییە ئەو قسەیە، چۆنی ڕازیکا، وەڵڵاهی ئەگەر خەڵك ڕازی بوو، جەماهیری

کوردستان لە هەولێر و بادینان و کەرکوك و سلێمانی و کوردی بەغدا رازی بوو، قابیلە ئێمە شێت بین لەو شاخە، مەجبورین ئەمەش رازیبین، هەموو جارێ ئەوها ناکرێ پێی بڵێی ئەتوو «سەگبابی»، «فاشیستی»، جار هەیە ئەوهاشی پێدەڵێین، جارێکیان هەندێکیان ساڵی پار هاتن وتیان: «انتم وتەنیین، وەئەحنا هەم وتەنیین، ئەحنا نقر»، گوتم: «کاکە چی تقر، انت لیش تقر، ئەحنا لازم نقر)، هەویەی وەتەنی لەکن ئێمەیە، ئێمە دابەشی دەکەین، دیفاع لە وەتەن کێ دەیکا، ئێمە دیفاع لەو دێهاتە سوتاوانەی تۆ سووتاندوتە، دیفاعی لێ دەکەین، لەو دۆڵ و شاخە دیفاع دەکەین، ئەتو دیفاع لە قەسر، قسور و جاهو سەڵتەنەتی خۆت دەکەی کاکە، فەرقی زۆرە، ئێمە دیفاعی راستەقینە لە وەتەن دەکەین، ئەتو کەی دیفاع لە وەتەن دەکەی، ئەتو وەتەنت خستۆتە خەتەرەی ئەو شەڕەوە، تۆ ئەو شەڕەت هەڵگیرساندووە، خۆ ئێمە هەڵمانەگیرساندووە، لەپاشان ئەتو دیفاع لە قەسر و قسور و سەڵتەنەتی خۆت دەکەی کاکە، لەوەی نەوتی بەسرە ، نەوتی کەرکوکە، ئێمە دیفاع لە چ دەکەین لە خڕی ناوزەنگ، زەڵێ، باوزێ، رەزگە، پشتاشان، قڕناقا کە تۆ سووتاندوتە، کاولت کردووە، جێی بزنی تێدا نابێتەوە، ئەوە وەتەنیەتی راستەقینەیە، ئەگەر مەسەلە وەتەنیەتە، هەویەی وەتەنیەت لای ئێمە دەردەچێ، لازمە ئەتوو لەمەی وەرگری، بۆ ئەتوو بەشی ئێمە دەدەی، کاکە لە کنە خۆمانە، پاشان لەقسەکانی وتی: (خەلی یعتبرون نفسهم صاحب الدار)، کەس لە ئێمە خاوەن (دار) تر نییە، ئەوماڵە هەر ماڵی خۆمانە هی باب و باپیرمانە، کەس لە ئێمە بەوە زیاتر نازانین، لەپاشان سەدام وتبوی جەلال تەکتیکاتمان لەگەڵ نەکا، بەڵکو بە قسەی راست، وەڵڵاهی رەبی تەکتیکات حزبی بەعسی ئێوەن، ئێمەی فەقیر لەو شاخ و داخە چوزانین تەکتیکات چییە، هەر سەریشمان لێ دەرناچێ، تەبعەن کاکە ئەوە ئەنواعی قسەی وا دەکرێ، بەڵام ئەسڵی مەسەلەکە چییە، ئەسڵی مەسەلەکە ئەوەیە کە عەرزم کردن، حکومەت کە تەنگاو دەبێت دێت، بەڵام چی پێیە؟ هیچی پێ نییە، لێکی دەدەینەوە هیچی پێ نییە، زروفی مەوزوعی وای لێ نەهاتووە پێی بسەلمێنێ، زروفی دەولی وای لێنەهاتووە پێی بسەلمێنێ، تەوازنی هێز وای لێنەهاتووە پێی بسەلمێنێ، تەبیعەتی خۆی نەگۆڕاوە، پێی بسەلمێنێ، لەبەر ئەوە نییە، وەڵڵا ئەمن زۆر شەرم پێ خۆش نییە بەڕاستی، باوەڕ بکەن یەعنی زۆر زۆرم پێناخۆشە، خەڵك دەکوژرێ، برادەری خۆمان شەهید دەبێت، بەڵام ئەوە شەڕەکەیە، مادام دەستمان پێکردووە، هەتاسەر دەبێ بڕوا، لە

نیوە ڕێ نابێ بوەستێ، دەبێ بگاتە ئامانجی خۆی، نەگا بە ئامانجی خۆی دەمرین، دەمرین بە جەهەنم، ئەو ژیانەی ئێمە چی خۆشە..؟ پیاو بەتەمای بێ، ئاخیرجار وام پێوتن: وەڵڵاهی بەدەست ئێمەیە، بە ڕەغبەتی ئێمەیە، بە ڕەغبەت بێ، ویست و ئارەزوو بێت، ئێمە پێمان خۆشە ئەم لەحزەیە شەڕەکە ببڕێتەوە، ئەگەر مەسەلەکەش پەیوەندیی بە توانای شەڕکردن هەیە، درێژەپێدانی، وەڵڵاهی تا ڕۆژی قیامەت ژیانی خۆمان داناوە هەر بۆ شەڕ، تەرتیبی حەیاتی خۆمان کردووە، هەتا ئەو ژیانەی هەمانە هەمووی لەو شاخ و داخانە بەسەرچێ وەڕەس نین و ماندوو نین، جا ئەو حکومەتە ئەوە حاڵیەتی، لەبەرئەوە نییە ئێمە کە ڕەفزی دەکەین، تڕزلین، شەڕفرۆشین یان نۆکەری سوریا و لیبیاین، پارە لە سوریا و لیبیا وەردەگرین، ئێوە خۆتان دەزانن ئێمە نە لەسوریا، نە لە لیبیا هیچ وەرناگرین، لەگەڵ سوریا و لیبیاش ڕەئیمان یەك نییە نە لەسەر عیراق، نە لەسەر ئێران، نە لەسەر ئەوە شەڕیش دەکەین، ڕاستە دۆستایەتیمان هەیە، عیلاقاتمان هەیە، بەڵام موختەلیفین لە زۆر مەواقیفدا، بەڵام لەبەر خاتری ئەوان شەڕ ناکەین، لەبەر خاتری خۆمان دەیکەین، دە باشە ئەگەر ڕاست دەکات، سوریا نایەوێ ئێمە لەگەڵ عێراق پێکبێین وا نییە، دەبا سەدام حەقی تەقریری مەسیرمان بداتێ، بزانە ئێمە دەمانەوێ یان نامانەوێ، با سوریا هەر ڕازی نەبێ، خۆ ئەویش هیچی لە دەست بەرنابێتەوە و هیچ نادا، باشە ئەوەی لە ئێمەی دەوێ لە حەقیقەتدا..؟، کاك نەوشیروان پێی وتن دەزانن ئێوە چیتان لە ئێمە دەوێ، ئێوە دەتانەوێ ئێمە بێین تەسلیمتان بین، ببین بە بەعسی بێ ئەوەی حقوقی بەعسیشمان هەبێ، ئەگەر حەقی بەعسمان هەبایە، ئەوا کوردستانمان حوکم دەکرد، وتی: کاکە شتی وا ناکەین، بەڕاستیش وایە، گفتوگۆی چ بکەین، هەتا شەرتی هودنەیەکی شەریفی ئابڕونەبەر هێشتا لەکایەدا نییە، هودنەیەك ئەگەر ببێ، وەکو وتمان هەنگاوێك بێ بۆگەشەپێدانی، جۆشدانی یان پەرەپێدانی خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماهیریی بە چەك، وەڵڵاهی زۆر باشە، بەڵام ئەمەش لەکایەدا نییە، ئێستا ئەوە بکەین دەشکێین (جەماهیریەن) کز دەبین، متمانەی جەماهیرت پێ نامێنێ، قسەی دوژمنانت لەسەر ڕاست دەردەچێ، درۆ و دەلەسەی جودومود دێتەدی، ئێ بۆ ئەوە دەکەین شێتین..؟، هارین، تەنگاوین..؟، لە چیمان کەمە..؟، تەنگاومان کەن لە خەتێ دەچینە وەرتێ، لەوێ تەنگاومان کەن دەچینە ئەوبەر، لەوبەر دەچینە ئەوبەری زێ، ماندوو نین، تازە زرمەمان دێ، هەندەك ماندوو بن، هەندەك تازە

گەرم دەبنەوە، لەبەرئەوە مەسەلەی مفاوەزات، مەسەلەیەکە بەڕاستی بە موجەڕەدی برادەران باسی مەکەن کە (کادیرە سیاسییەکان) مەسەلەن ئەو پرسیارەی کاکە حەمە تەرحی کرد، نابێ کادیرە سیاسییەکان تەرحی بکەن، ئەگەر حکومەت هەموو حەقی داینێ، نابێ ئەوها قسە بکەین، دەبێ ئەوە بزانین ئایا حکومەت هەموو هەقمان دەداتێ..؟، ئەگەر حکومەت هەموو هەقی داینێ وەڵڵا لێی وەردەگرین، چ سەگباب هەموو حەقی ناوێ..؟، وەکو هەولێرێ دەرێن وانیە، بەڵام ئەو حکومەتە هەموو هەق نا دەیەکی حەقمان دەداتێ..؟، ئەوە مەسەلەکەیە، هەموو هەقەکەمان بداتێ مەمنونیشین، بۆ خۆمان ئێستا حەقی تەقریری مەسیرمان بدەنێ، چ لەوە خۆشتر نییە، بەڵام ناماینداتێ، لەبەرئەوە مەسەلەکە بە موجەڕەدی تەرح نەکەین، لە واقیعی خۆیدا، لە چوارچێوەی رژێمی سەدام حسێنی رەفتار فاشستی بۆرژوا بیروکراتی، ئەوەی کە پێیوایە کەرکوك نا عەقرەش عەرەبە، عەقرە..عەقرە لەبەر چیی، عەرەب رۆژێك لە رۆژان داوای عەقرەی نەکردووە، چونکە خەبەر هەیە لە عەقرە زێڕ، ئەڵماس هەیە کاکە، تەنقیبات ئیسباتی کردووە لە عەقرە زێڕ هەیە لەگەڵ ئەڵماس، لەبەرئەوە خستویانەتە سەر موسڵ، باشە عەقرە عەرەب بێ، وەڵڵاهی سلێمانیش عەرەبە، خەتێ هەر هیچ ناوەکەشی عەرەبیە، خەتێ عەرەبیشە هی سەدام، کەواتە خەتێ لە عۆجە عەرەبستانترە، ئەگەر عەقرە عەرەب بێ، جا ئەتوو ئەو شتانە لێگەرێ، بێجگە لەوەی حەقی کورد نادا، قەدەرەکە هاتومەوە ئێرە تەماشای تەلەفزیۆن دەکەم، وەڵاهی هەر لە داخی تەلەفزیۆن پیاو دەبێ شۆڕش بکا، لە دژی ئەو حکومەتە، لە ئێوارەوە دەیکاتەوە هەتا شەوێ دادەخرێ سەدامە، مەدحی سەدام، حزبی بەعس، ئەوەیە، سەگبابینە خەڵك گێژبوو، مێژ بوو، مرد، ئەو چییە ئەو هەمووە بەڕاستی بێتام، بێ حەد دەبێت، دەڵێن زۆر گۆتن قورعان خۆشە، وەڵڵاهی زۆر گۆتن قورعانیش خۆش نییە، ئێستا محەتەیەك هەیە، هەموو رۆژێك قورعان لێدەدا، کێ هەموو رۆژێك ئەو مەحەتەیە دەکاتەوە، کام مەلای هەرە وشکە، مەلای موتەعەسب، جارێك دەیکاتەوە، ئەوە وای لێکردووە کە هەر ئەسڵەن ژیانەکە ناکرێ، ژیان نییە، جا ئەوە دەڵێن رادیۆش هەر وایە، تەلەفیزیۆن هەر وایە، سینەما هەر وایە، جەریدە بکەوە، شینە رەسمەکی رفیق قائد سەدام حوسێنە، جارێك، رۆژێك، دوو رۆژ، نەبڕایەوە، هەر بۆ خۆیان عەیبە، بوونەتە قەشمەری دونیا، عەیب ناکا عەیب و شورەیی دونیا، مندالێکی لە باوەش داناوە (عندکم بعد من هل کلمە قسائد حلوە)، جەواهیر لال نەهرۆ بە حساب بە

پیاوێکی بۆرژوازی حیسابە، دەڵێ کە مەدحم دەکەن ئارەقە دەکەم، تەریق دەبمەوە، مارکس لە کاغەزێکدا بۆ ئەنگلس دەنووسێ: «هەموو ئەو کاغەزانە کە بۆم هاتوون جوابم داوەتەوە، تەنها ئەو کاغەزانەم جواب نەداوەتەوەو فرێمداوەتەوە سەلەی موهمەلاتەوە کە مەدحی خۆم دەکا بە زیادە»، عیبادەی خەڵك تەحقیرە، خەسڵەتی هیچ و پوچانەی پێهەڵدانی فەرد باس دەکا دەڵێ ئەو کاغەزانەم قەت بیر نەهاتووە جوابی دەمەوە، ئێ باشە مارکس لە کوێ، کەچی ئەو سەگبابە، شەو و رۆژ مەدحی دەکەن، دەڵێ لە ئین شەکەرتوم لە ئەزیدەنەکم، بابە لە ولاتی وا ئینسان چۆن دەژی، با حوکمی زاتیشی تێدا نەبێ توخوا بە راستی یەعنی، جا ئەوە بێجگە لەوەی کە هیچیش نادەن، کوردیش ئەوە حاڵییەتی بەدەستیەوە، هیچ قیمەتێك بۆ ئینسان، بۆ قانون، بۆ نیزام لەو ولاتە نییە، لە چ ولاتێك هەیە، هەتا لە سعودیە وا نییە، قانون هەیە، نیزامی هەیە و ئوسوڵ هەیە، لە عیراق هیچ نییە، بەردەوامیی ئەو دۆخە کورد بەرەو حەقی تەقریری مەسیڕ دەبا، بۆ نموونە بوونی ئەو حوکمە فاشیستانەیە لە ئیسپانیا وای دەکرد کە خەڵکەکە داگیرکەرانی باسك، کەتۆلۆنیا داوای ئیستقلال بکەن، کە بووە دیموکراتی دەڵێ حوکمی زاتیم دەوێ، ئێستا رژێمی خومەینی خوا نەخواستە ئەگەر بچەسپێ لە ئێراندا، کورد دەبێ داوای ئیستسقلال بکا دەنا ناژی لە ژێر رژێمێکی وادا، جا خوا نەخواستە حکومەتێکی شیعەگەری تایفی هاتە عێراقەوە، وەڵلاهی نە حوکمی زاتی فیدرالیشمان ناوێ، کاکە جیادەبینەوە، لەگەڵ ئێوە نابین، لەگەڵ ئێوە ناژین، ئەو ژیانە بە ئێمە تەحەمول ناکرێ، ئێ ناشکرێ وەکو کابرا بڵێین بزن شیردا بۆ داپیردا، داپیر کلکە قورە وەمام رێوی داتەوە، هەتا ئێمە رادەوەستین، هەتا حزبی پرولیتاری عیراق دروست دەبێ، جا شۆڕش، جا جارێکی دی کرێکاران، جوتیاران، ئینجا ئەو شەرابەتی عەینی و مەوزوعی و نازانم چی، زاتی دروست دەبێ، ئەوجا شۆڕش دەکا، هەی هو هەی هو، ئەوە نازانی کەی دێ باشە، جا وەزعەکە بەرەو ئەوەمان دەبا، وەکو گوتمان مافی چارەنووس ئەوەکەین، بە حوکمی زاتیش رازی نەبیین وردە وردە لەگەڵ ئەو نەوعە حوکمەتانە، بەڵێ حوکمەتێکی دیموکراتی، وەڵلاهی ئەمن پێم خۆشترە حوکمەتەکی دیموکراتی وەکو مەسەلەن سویسرا بێت، حوکمی زاتیشی تێدابێ، ئێمە هەموو حەقی خۆمان وەردەگرین بەڕاستی، بەلام حکومەتەکی فاشیستی وەکو عیراق، وەڵلاهی حوکمی زاتییەکەشی تاڵ و تفت و جەهەنەم دەبێت، ئەوەش مەسەلەی گفتوگۆکە.

# مەسەلەی جاش

هەڵوێست لە جاش، مەعالەجەی زاهیرەی جاش، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەو مەسەلەیە بفەرموێ،(پێشمەرگەیەك: تا ئێستا دەستی ئێمەیان گرتووە، ناتوانیین چۆك بە حکومەتیش دادەین، لە ئەساسدا جاشە، چونکە ئەگەر جاش نەبێ، نە حکومەت دەتوانێ وا محارەبەی مە بەو شێوەیە بکا، نە شارەزای شوێنەکانی ئێمەشن بەو شێوەیە، دووەمیشیان ئەوەی جەماهیری لێ دابڕوین بەتەواوەتی مانیعە لە بەینی ئێمەو خەڵکدا کە ستراتیجەکەی خۆمان، سیلاحە رەئیسییەکەی خۆمان بخەینە کار جاشە، کەواتە دەبێ ئەهمیەتێکی رەئیسی، زۆر ئەهمییەت بەوە بدەین کە چۆن بەرنامەیەك دابڕێژین، بۆ ئەوەی جاشایەتی وەکو زاهیرەیەك لە کوردستان نەمێنێ، چونکە ئەو جاشانەش پایەگایان لەناو خەڵکدایە، کەسوکاری خەڵکن، بۆ تەبریرکردنی خیانەتەکەی خۆیان خەڵك لە ئێمە دەتەکێننەوە.

جاشایەتی لەناوناچێ، یەك لە برادەران وای قسەکرد، پێموایە جاشایەتی، لقی دووەمی ناکۆکییە لە کوردستان، مادام باشایەتی هەیە، جاشایەتیش دەبێ، تا پێشمەرگە هەبێ، جاش دەبێ، چونکە هەموو شتێك دوو لایەنی هەیە، ئەوەش وایە، مادام پێشمەرگە هەبێ جاشیش دەبێ، بەڵام لێرە چییە، مەسەلەی کەم و زۆری جاش، بەکاری و بێ کاری جاش، لە کوردستانی ئێمە چەند سەرچاوەیەك هەیە بۆ بوون بە جاش کە پێموایە برادەران هەر هەموویان باس نەکرد، هەندەکیان باسکرد، یەکێك لەو سەرچاوانە بگەڕینەوە بۆ بنج و بنەوانی جاشایەتی، بنج و بنەوانی جاشایەتی بزانیین تا لە رەگ و رێشەوە هەڵیکەنیین، گەر بنج و بنەوانی جاشایەتی نەزانیین، ناتوانیین نەخشەو پلانی چاك دانێین بۆ هەڵکەندنی لە رەگ و رێشەوە، بنج و بنەوانی جاشایەتی چییە لە کوردستان..؟

یەکێکیان باسکرا، برادەران گوتیان مەسەلەن، پاشماوەی دەرەبەگایەتی و بەعزە دەرەبەگ و ئەوانە، خۆیان دەژیێننەوە، وەکو هەباسی بایزی بالو ئاغای، هەمزەی

عەباسی مامەند ئاغای، براکانی تری عەلی بابەکر، حسێنی حەمەسور ئاغای، ئەنوەر بەگی بێتواتەی، کوێخا محەمەدی مەلا شەریفی، چەندین جاشی تریش لەو مەناتیقانەی تر، ئەوانە ئەسڵی بەهۆی عەشایری، خۆیان ژیاندوە پاشماوەی دەرەبەگایەتینە، ئەوە دەکەن.

دووەمیان: ناکۆکی عەشایەری لە کوردستان، مەسەلەن ئێستا من پێرێ خەبەرکم بۆهات کە عیزەت دوری هاتووە، لە عەقرە عەشیرەتەکانی کۆکردۆتەوە، ماڵی بارزانی ئەوە هاتنەوە..وا..وا، گەلەك لەو عەشیرەتانەی  هەتا ئێستا نەبوونەتە جاش  وەعدیان داوە چەك هەڵگرن، بوونە جاش، وەکو هەرکی و سورچی و برادۆست و نێروەیی و دۆسکی و ئەوانە، ئەوانەش سەرچاوەیەکە لە سەرچاوەکانی بوون بە جاش.

سێهەم نوقتە ئەوەیە کە وەکو باستانکرد جەماعەتی قیادەی موەقەت و جودیش یەعنی لە هەوەڵەوە هۆیەکی موهیمی، سەرچاوەیەکی موهیمی جاشایەتی بوون، ئێمە هەر وەختی خۆی دەمانزانی مەسەلەن تەحسین شاوەیس و قالە فەرەج و چەندیین کەسیکەش، خولەی رەشە بەحری و ئەوانە، قیادە ناردنیەوە، وتی ئەگەر پێتان نەکرا لە ناوەوە تێکیدەن، بڕۆن ببنە جاش و لە زدی یەکێتی ئیش بکەن، (حسك)یش عەینەن شت دەکا، ئێستا حزبی شیوعیش ئەوە دەکات، فیعلەن ئێستا جەماعەتی جود لەو دواییە، نەك لەو دواییە، لە قەدیمەوە ئەو دەورەیان هەیە، تەحسین شاوەیس و قالە فەرەج و کۆمەڵەك خەڵکیکە، وەختی خۆی ناوەکانیمان نووسی بوو، بە فیتی ماڵی بارزانی بوون بە جاش، وەختی خۆی ئیدریس هەڕەشەی کرد بوو گوتی (لە زەمانی شادا) گوتبووی شۆڕشمان پێ ناکرێتەوە، بەڵام شۆڕشمان پێ تێکدەدرێتەوە، دوای ئەوە ئێستا دەبینیین لە زۆر شوێندا، ئەو زاهیرە هەیەو دەشی بینیین.

چوارەمیین نوقتەی ئەوەیە، یانی سەرچاوەی لاتولوتی کوردستانە، یانی ئەوەی پێیدەڵێن لومپن، یانی ئەو کەسانەی بێکارن، بێ ئیشن، بێ هینن، لاتولوتن، ئەوانە زۆری وا هەیە بەوە دەژیەن، رەشەی حەمە سالح لە هەڵەبجەو کۆمەڵێ خەڵکی تر هەیە، لەم لاو ئەولا دێن، سەرچاوەی ژیانێکیان نییە غەیری ئەوە نەبێ دەبن بە جاش.

ئەو چوار سەرچاوەیە، بێجگە لە سەرچاوەیەکی تریش، جاسوسەکان و چڵکاوخۆرەکانی رژێم، ئەوانەش بەڕاستی هۆیەکی تری ئەو جاشایەتییەنە، چۆن ئەو جاشایەتییە هەڵدەتەکێنینەوە، کزی دەکەین، هەوڵدەدەین هەڵبوەشێتەوە، کەمبێتەوە، برادەران

باسی دوو نوقتەی موهیمیان کرد، بەڵام ئەوە هەر نوقتە دامرکاندنەوەکە بوو، لێدانەکە بوو، لایەنە هۆشیارکردنەوەکە و لایەنە سیاسییەکەی تێدا نەبوو، هەر ئەوە بوو گوتت لێیاندەین و بیانکوژین.

دوو نوقتە کە من تەلخیسم کردووە، کە هەردووکیان راستە، یەکیان ئەوەیە، ژیانی جاشایەتییان لێ تاڵکەین، ئەوە هۆیەکی موهیمە، ژیانی جاشایەتییان لێ تاڵکەین بچینە سەریان، وەکو ئەو برادەرەی تیپی بیست و یەك گێڕایەوە، لێیان دەین لێیان بکوژین ماڵیان بسوتێنیین، ناچاریان کەین واز لە جاشایەتی بێنن، ئەوە ژمارەیەکی تەواو ئەوە دەکەین.

یەکی تریان ئەوەیە، تۆقاندنی جاشەکانە، کوشتنی سەرۆکەکان و کەسەکانی تریانە،سێیەمیان قورسکردنی سزادانیانە وەکو کاك برایم باسی کرد.

بەرەئی من تەنها ئەو سێ شتە کافی نییە بۆ کەمکردنی، بە رەئی من پێویستە خەباتی سیاسی بۆ بکەین.

# شەڕی ناوخۆ، جود و جاش،
# شەڕی نێوان دوو بەرداشەکە

هەندێك له برادەران زۆر ئیهتیمام دەدەن به پوچەڵکردنەوەی دیعایەی جود، که به دەرەجەی یەك کارەکانمان بۆ ئەوە بێ، بەڕای من ئەوە کارێکی ڕاست نیه، دەبێ ئێمه فیعلمان هەبێ ڕەدی فیعلمان نەبێ، بەو حیسابه ئێمه ئیشمان نامێنێ، چ دیعایەکمان له دژ بکرێ ڕەدی ئەوە بدەینەوە، ئەوە کارێکی غەڵەته، قەت، قەت زاری دوژمن نابەسترێ، هەر شتێك هەیه بیکەین دوژمن درۆیەك هەردەکا، بەتایبەتی ئەو دوژمنەی ئێمه بەڕاستی که جەماعەتی جودن له درۆدا زۆر بێ شەرم و بێ حەیان، مەسەلەن ئەو شۆڕشه خۆمان هەڵمانگیرساندۆتەوە، کەچی ئەوان دەڵێن ئێمه لەگەڵ حکومەتی عێراقین، لەوەختێك که تەماشاکەن قیادەی بارزانی هەڵات، خۆی هاویشته باوەشی شا و ئەمریکاوە، بارزانی چووە واشنتن میوانی( C.I.A ) بوو، کوڕەکانیشی لەکەرەج دانیشتبوون، ئێمه هاتین شەڕمان کردەوە، بڵاویان کردەوە له مەنتیقەی بادینان، لای خەڵکی نەزان که ئەو شەڕە به فیتی سەدامه هەڵگیرساوەتەوە، چاکترین دەلیلیش ئەوەیه که ئێمه له سوریاین لەوێوە دێین، سوریاش بەعسه، بەعس هەر بەعسه، ئەوە فێڵە له کورد دەکرێ، دەنا سەدام و حافز ئەسەد هەریەکن، ئەوە نیه له سوریاوە دێن، ئەو دیعایانه دەکەن، دەیانگوت ئەوانه جاشی سەدامن، هەتا حکایەتەکی دکتۆر خدر، مولازم حەسەن خۆشناوی ڕەحمەتی شەهید هەیە، دەچنه ماڵێك پێیان دەڵێن ئێوە کاکه بۆ جاشن، دکتۆر خدر دەڵێ کاکه ئەمن دکتۆرم، ئێستا ئەگەر دکتۆری بکەم مانگی حەوت سەد دینار وەردەگرم مەعقوله جاش بم، توخوا دکتۆرە فەندی دکتۆری، دەڵێ ئەرێ به خودێ ئەز دکتۆرم، وەڵڵا کەواته توو جاش نی، یانی مەخسەدم ئەوەیه زاری دوژمن ناگیری به دیعایە، ئێمه ئیشەکانمان هەر جوابدانەوەی و پوچەڵکردنەوەی دیعایەی دوژمن بێت، کارمان قەت بۆ ناکرێ، نەتیجەش کارمان دەکەوێته سلبیات، پوچەڵکردنەوەی دیعایەی دوژمن له

خەباتدا دەکرێ، پاشان نەوعەك دیعایە هەیە، بەراستی خۆی لە خۆیدا، ئێمە پێمان خۆش نیە لە زدمان بکرێ، کێ شەڕی حوکمەت دەکا لە ئێمە زیاتر، کێ شۆڕشی هەڵگیرساندەوە لە ئێمە زیاتر، ئێمە شۆڕشمان هەڵگیرساندەوە، قیادە لە کوێ بوون، حزبی شیوعی لە کوێ بوو، (حسك) لە کوێ بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان هەر دێن قسە دەکەن، پەکی ئەو دیعایانە بە کردەوە دەخرێت، من پێموایە ئەو دیعایە درۆیانە زەرەری ئەو کەسانەیە کە دەیکەن، چونکە نەتیجەکەی کۆمەڵانی خەڵك بۆی روون دەبێتەوە، مەسەلەن هەموو ئەو دیعایەیەی کە دەیکەن کۆشکەکەی لەسەر ئەو شتە دابمەزرێ کە ئێمە پیاوی حکومەتین، دەی کە دەرکەوت هەر ئێمە شەڕی حکومەت دەکەین، ئەوە هەمووی هەڵدەتەکێتەوە، لەبەرئەوە من پێموایە حەقە ئێمە هەوڵدەین بۆ پوچەڵکردنەوەی دیعایەی دوژمن، بەڵام نابێ ئیشەکانمان لەسەر ئەو ئەساسە دانێین، تەکتیك و سیاسەتەکەمان لەسەر ئەو ئەساسە دانێین کە کارمان پوچەڵکردنەوەی دیعایەی دوژمن بێ، بەڵکو نەخێر ئێمە نەخشە و پلانی خۆمانمان هەیە لەکاتی مومارەسەدا، لە خەبات و درێژەدان بە خەباتدا دیعایاتی دوژمنیش پوچەڵ دەبێتەوە، وەکو ئەوەی کە جود شەڕی پێ فرۆشتین، هاتن شەماڵ و سەربازیان شەهید کرد، هاتنە سەر مەڵبەندی چوار، کەچی ئەوان خۆیان بلاّویانکردەوە، گوتیان مەڵبەندی چوار پەلاماری ئێمەی داوە، ئێ هەموو کەس دەزانێ مەڵبەندی چوار هێزی پەلاماردانی ئەوانی نەبوو، ئەوان هەزار و چوارسەد پێشمەرگە بوون، ئێمە چوار سەد پێشمەرگەمان هەبوو، ئەساسیەکەشمان بردبوو بۆ لای خۆمان، کەچی لەهەموو جێیەك بلاّویانکردبووەوە، گوتبوویان هێزی یەکێتیی نیشتیمانیی هاتووە پەلاماری ئێمەی داوە شەماڵ و سەرباز، ئەوان خۆیان لە کەمیندا کوشتیان، وتیان نەخێر ئەوان کەمینیان بۆ ئێمە داناوە، لە کەمیندا لە شەڕا کوژراون، کەریم ئەحمەد کە هاتە لای ئێمە، بە شەرەفی سوێندی خوارد، گووتی من تا گەیشتومەتە وەرتێ، وایان لە من گەیاندووە کە شەماڵ و سەرباز و ئەوانە چوونە کەمینیان داناوەتەوە، بۆ ئەوەی ئەوانە بکوژن، بەلاّم ئەوانە دەستیان کردۆتەوە لە ئەنجامدا ئەوانە کوژراون نەك ئەمان، ئێ جا باشە لێرە بە بارەبارِ بەبەرچاوی خەڵکی ئەو دۆڵەوە هاتنە سەر مەڵبەندی چوار، ووتیان نەخێر مەڵبەندی چوار شەڕی پێ فرۆشتین، هێزەکانی جود ناچار بوو دەست بکاتەوە، لە بەیانەکەیاندا وایان نووسیووە، هەموو کەس لە مەنتیقەکە دەزانێ

ئەوە ئەسڵ و ئەساسی نییە، درۆیەکی شاخداری هەڵبەستراوی بێ ئابڕوانەیە، لەبەرئەوە بەڕاستی ئەوانە جەماعەتێکن لە درۆ بێ شەرمن، بەتایبەتی کوڕانی بارزانی، چونکە لە سەردەستی موساد و (C.I.A) شتی جاسوسی فێربوونە، رێگای سیاسی ناگرن، بە تەریقەی جاسوسی سیاسەت دەکەن، لەبەرئەوە لە درۆ و لە بۆختان هەڵبەستن و ئەوانەدا وەستان، هیچ شەرمیشیان نیە، بۆیە ئەوە قەت قەت بەربەست ناکرێ، دوژمن درۆی خۆی هەر دەکا، پروپاگەندەی خۆی دەکا، ئێمە خۆ بەچاوی خۆمان دەیبینین، بە گوێی خۆمان دەبیستین چۆن درۆ و ئەو شتانە دەکەن. لێرە مەسەلەیەك هەیە کە زۆر موهیمە، ئەویش ئەوەیە، ئایا ئێمە مەسەلەی پارستنی ولاتنمان بەلاوە مەسەلەی سەرەکی و موهیمە، یان بەلاوە مەسەلەی سانەوەییە، من مەخسەدم ئەوەیە هەندەك بە سەراحەت قسەتان لەگەڵ بکەم، بەعزەك لە برادەرانی ئێمە لەوە دەترسێن بڵێن ئای ئەوە لەو جێیە یارمەتی عیراق دەدەن شەڕی ئێران دەکەن، کەچی جود هیچ لەوە شەرم ناکا لەژێر ئالای جەیشی ئێرانی دێتە وولات و رەسمەن حکومەتی ئێرانی لە بەلاغی رەسمیدا ناویان دێنێ و باسیان دەکا، ئەوان لەگەڵ لەشکرێکی داگیرکەری بێگانەن، لەگەڵ لەشکرێکی داگیرکەری بێگانەن کە لەگەڵ دوو شۆڕش شەڕ دەکا، هەم شەڕی شۆڕشی کوردستانی ئێران دەکا، هەم شەڕی شۆڕشی کوردستانی عیراق دەکا، ئێمە لەوە بترسێین ئەو جاشانەی ئەوها بە ئاشکرا جاشن دیعایەکمان بۆ دەکەن کە وەڵلا نەوەکە ئێمە لەپشتەوە یارمەتی نازانم چ بدەین، بەرەئی من نابێ ئەو وەهمە لەدڵماندا بمێنێ، بەتایبەتی لە کن کادیرەکان، دەبێ قسەیەکی وەها سوك و چروکبێ هەر بێزمان نەهێنێ باسی بکەین، چونکە بەراستی ئەوە شتێکی زۆر ریسوا و ئاشکرایە، کەسانێك هەنە، ئەو جەماعەتانەیان دەوێ بەهەموو نەوعێك برادەرینە، وەکو تەحلیلمان کرد، پێشتریش لەسەر ئەساسی تەبەقاتی لەسەر ئەساسی مەسلەحەت لەسەر ئەساسی بۆچوون و دیدی سیاسیان، کەسانێك هەیە ماڵی بارزانی جاش بن قبوڵیانە، جاشی ئەمریکا بن قبوڵیانە، جاشی ئیسرائیل بن قبوڵیانە، جاشی شا بن قوبڵیانە، دوای شا جاشی خومەینی بێ سبەینێ جاشی عیراق بن قبوڵیانە، ئەو کەسانە بە دیعایە و قسە و باسی ئێمە ئەوە ناکەن، بەراستی ئێمە هەندێ جار ئەو ژمارانە تەزخیم دەکەین، من یەکێکم لەوانەی زۆر تەقریرم خوێندۆتەوە، زۆرجار برادەران باسی دەکەن، هەموو مەنتیقەی قەلادزێ بوو بە جاش، هەموو خەڵکەکەی وا...،کەچی کە

ئینتیخابات دەکرێ، تەماشا دەکەین نیسبەتی ئەوانەی کە بە قسەی یەکێتی دەکەن، ناچنە ئینتیخاباتەوە، دە بە قەدەر نیسبەتی ئەوانەنە کە جاشن، پیاوی حکومەتن، قیادەی موەقەتەنە، پێموایە هیچ مەنتیقەیەك لە کوردستان لە قەلاَدزێ پیستر نیە، لەبەرئەوە پێموایە، ئەوەش لەسەر تەریقەکەی دوو هەزار و دوو شەقەکەی تێهەڵدەدا، ئەو موبالەغاتانە ئەوەندە پێویست نییە بمانترسێنێ لە قسەکانی فلاَن فیسارن، جود، ئەو شتانە، مەسەلەی جاشەکان، جود مەسەلەن، من پێموا نییە ئەو جاشانە لەگەڵ جودن، من پێموایە جود لەگەڵ ئەو جاشانەیە، مەسەلەن بڵێین عەباسی بایزی باڵو ئاغای یان ئەنوەر بەگی بێتواتەی، راستە ئەنوەر بەگ عیلاقەی هەبوو لەگەڵ ئەبو حیکمەت لێرە و عەباسیش عیلاقەی هەیە لەگەڵ کوڕانی بارزانی، بەلاَم بۆ ئەوە نیە، سبەینێ عەباسی بایزی باڵوئاغای ئامادەیە تەزحیە بدا بە خۆی، بە ژیان، دەست لە سەروەتی خۆی هەڵگرێ، بە خۆی و ٣٠٠ کەسەوە بچێ ئیلتحاق بکا بە مەسعود، لە ئێرانەوە بچێ شەڕی عێراق بکا، ئەوە قەت ناکا، بەدەلیلی ئەوە، ئێستا لەگەڵ جەیشی عێراقی شەڕی ئەوان دەکا، لە شەڕی رووبەڕووی جاشەکانی بارزانی و حکومەتی ئێراندا هەباس بریندار بوو برای نازانم چی قۆڵی شکاوە، شەش جاشی تۆپیوە، ئەوانە بە عەکسەوە دەیانەوێ ئەوان راکێشن بۆ لای خۆیان، یانی جاشایەتیەکەی خۆی بکا، بەوەی کە نەختێ شەکر و برنج و شتیان بۆ بنێرێ، عەتفی ئەوان وەرگرێ تا لای ئەوان جاشاتیەکەی بۆ پینە بکرێ، ئەگەر رۆژێك لە رۆژان ئەوان دەستاین بوون، ئەوان پاکانەی بۆ بکەن، بڵێین ئەوە لەگەڵ ئێمەیە یان ئەنوەر بەگی بێتواتەی، ئەنوەر بەگی بێتواتەی، کە مەلا مستەفا بەو هەموو قودرەت و نفوز و دەسەلاَتە جاشی عیراق بوو، زدی ئەو بوو، تازە ئەنوەر بە دوو مەسعودی دەرکراوی دەربەدەر دەکەوێتەوە لە وێندەرێ، ئەوە حەقیقەتەن وا نییە، بەلاَم ئەوان بە نەختێك پارە ئەوانە رادەکێشن بۆلای خۆیان، ئەوان ئەوان تەوریت دەکەن بۆ جاشایەتی نەك ئەوان جاشەکان تەوریت بکەن بۆلای خۆیان، حەقیقەتەن دەبێ ئەوەمان لێ تێکنەچێ. کە شەڕی ئێمە دەکەن سەبارەت بەوە عێراق پێی خۆشە شەڕی ئێمە بکەن، ئێوە چاك دیراسەتی بکەن، ئەو تەقریرەی کیتابی مدیر ئیستیخباراتی عەسکەری (٢٠٧١٠) بکەن، ئەڵێ هەتا مەفاریزی خاسەمان ئیشتیراك بکا لە تەقەکردن لە مەقەڕاتی ئیتحادی وەتەنی کوردستانی، دەڵێ ئەوە مەفاریزی متعاونە، یانی ئەو مەفاریزانەی کە جاشن هی

ئەوانن لە ناو (حسك) دانە، بێجگە لەوە مەفاریزی خۆشمان یارمەتیان بدات بۆ ئەوەی پەلاماری مەقەڕاتی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بدەن، کەواتە لەکاتێکدا ئەوان تەقە لە مەقەڕی ئێمە دەکەن لە بالیسان، ئەنوەر بەگیش ئەولا دەگرێ، بەپێی ئەو قەرارە کە دەبێ مەفاریزی ئەوان تەقە لە مەقەراتی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بکەن، ئەنوەر بەگ لە حەقیقەتدا ئەمری حکومەت جێ بەجێ دەکا، من پێموایە ئەو فیشەکەی کە بۆشی ناردوون بە ئەمری ئیستیخبارتی عێراقی بووە، ئیستیخباراتی عێراقی کێ بەخەتەر دەزانێ، برادەرینە حکایەتێکتان لەبۆبکەم، بێجگە لە قسەی مەنتقەوە، ئەو وەختەی ئێمە لەسەر سنوورەکە بووین، ساڵی ١٩٧٧ شەهید عەلی عەسکەریمان نارد بۆ بەغدا لەسەر داوای حکومەت، کە شەهید عەلی عەسکەری چوو بوو سەدامی دیبوو، لەو نوقتەی کە پێکنەهاتبوون مەسەلەی پێشمەرگە بوو، کاك عەلی گوتبوی ئاخر لازمە پێشمەرگە بمێنێ، وتبوی بۆ بمێنێ، وتبووی دوژمن، ئیستعمار، ئەوانە، وتبووی ئەوانە بۆ خۆمان لێگەڕێن بە جەیش مقاوەمەی دەکەین، گوتبووی کوڕە هیچ نەمێنێ جەماعەتی بارزانی، ئەگەر ئێمە هاتینەوە ئەوان دەمێننەوە، گوتی سەدام پێکەنی گووتی کاکە ئێوە وەرنەوە ئەمن بە تەلەفۆن مەسەلەی ئەوان حەل دەکەم، هەر تەلەفۆنەك لۆ شا دەکەم، مەسەلەی ئەوان تەواو دەبێ، تەبعەن ئێمە تێگەیشتین مەعنای چییە بە تەلەفۆن حەلی دەکەم، یانی هاتنەوەی ئەوان بە موافەقەتی خۆمانە، لەگەڵ شا ئیتیفاقمان کردووە، خەتەری سەرەکی لای حکومەت، یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانە، نە جودە نە جەوقەدە نە کەسە، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کە هێزەکی سەرەکیە، بەتینە بەهێزە، تین دەگەیەنێتە دوژمن، شەڕی چاك دەکا لە شار و لە لادێ، حکومەت ئەوە باش دەزانێ، لەبەرئەوە خەتەری ئەساسی، دوژمنی ئەساسی دەبێتە یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، بۆیە ئەو مساعەدەی جود و غەیری جودیش دەکا لە دژی ئێمە، باوەڕ بکەن حکومەتی عێراق باش دەیزانی کە ئەو هێزەی ئێمە دەچێت بەرەو قەڵاتوکان، مومکینە ئیستیدام بکا لەگەڵ جود، کە بۆمببارانی کرد، شەش سەعات لەسەر یەك حەوتی لێ شەهید کردین، دوازدەی لێ بریندار کردین، باش دەیزانی ئەوە یارمەتیدانە بۆ جەماعەتی جود، بۆیە زۆریان پێ ناخۆش بوو، ئێمە جەماعەتی جودمان دەرپەڕاند، بەتەنیا ماینەوە لە ساحەکە، زۆر زۆریان پێ ناخۆش بوو، بەینەما ئەگەر بە مەنتیقی فیکری تەماشای ئەو مەسەلە بکەین، دەبوایە پێیان

خۆشبا، ئەوان گرێدراوی ئێرانن، شەڕیانە لەگەڵ ئێران، ئێمەش هیچ نەبێ هێزێکین زدی ئێرانین، مەسەلەکە ئەوە نییە، مەسەلەکە ئەوەیە ئەوان نایانەوێ یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان ببێتە تاکە سواری مەیدان، خەتەرێکی گەورە بێ لەسەریان، لەبەرئەوە بە عەکسەوە، ئەوان ئەوەیان پێباشە کە ئەو هێزانە کە هەبن، تێکبەربن، لەو مەسەلانەدا بە سەهو مەچوون، هیچ تەڕەدود، تەوەهومێکتان نەبێ، ئەوە شتەکان وەکو رۆژ ئاشکرایە.

ئینجا دێنەوە سەر مەسەلەیەکی تر، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە خۆمان نیشان نەدەین کە یارمەتی لەشکری عێراق دەدەین، من پێموایە ئەو مەسەلەیە نسبیە، ئێمە سیاسەتەکی خۆمان هەیە، ئەو سیاسەتەی خۆمان ئیعلانکردووە لە بەیانی خۆماندا، لازمیشە بە ئاشکرا بیڵێین، ئەویش ئەوەیە، ئێمە پارێزگاری ناوچە رزگارکراوەکانی خۆمان دەکەین، بەپێی توانا، بەپێی قانونەکانی شەڕی پێشمەرگانە، هەر ئەوەندەی بۆمان دەکرێ یەك، دووەم پارێزگاری هەموو بەشی نیشتیمان دەکەین لە پەلاماردانی ئێرانی بۆ..؟، چونکە ئەوەلەن پەلاماردانی ئێران غەزوەکی خاریجیە، دووەم رژێمێکی کۆنەپەرست دێنێتە ئەو وولاتەوە، سێ یەم جود لەگەڵ خۆی دێنێتەوە، ئەویش دەکاتە بەربەرەکانی کردنی ئێمە، چوارەم دژی نەتەوەی کوردە، پشتی شۆڕشی کوردستانی ئێرانیش دەگرێ، لە چوار لاوە داگیرکردنی عیراق لەلایەن حکومەتی ئێران خراپە، لەبەرئەوە ئێمە زدی دەوەستین، ئەو مەوقیفەی خۆمان ئیعلانی دەکەین لە پێشەوە، بەڵام جار هەیە بمانەوێ، نەمانەوێ خزمەتی ئێران دەکا، جار هەیە بمانەوێ، نەمانەوێ خزمەتی عێراق دەکا، ئەو حەقیقەتەکە مەزوعیە خیلافی تێدا نیە، میسالەکتان لە بۆ بێنمەوە، جەیشی عێراق شەڕ دەکا لە حاجی ئۆمەران قەسف دەکا بەگەرمی، لە کەرکووکەوە بۆ هەولێر، ئێمە دەچین لە رێگا سێ ترێلە عیتاد دەسوتێنین، ئەوە خزمەتی کێیە..؟، ئەوە بە غەیرە موباشر خزمەتی ئێران دەکا، زۆر چاکە، بەڵام ئێمە ویستومانە خزمەتی ئێران بکەین..؟، ئێمە بۆ ئێرانی دەکەین..؟، بۆ خۆمانی دەکەین، عەسکەری عێراقی چووە بۆ فلان جێ، ئەنواعی گولەی هێناوە لە کەرکووکەوە دەیبا بۆ جەبهە، چەکەکە ئێمە نیمانە، وەکو ٢٤ میلیم و ١٤ ملیم، نازانم چی و چی، ئەوانە، مام رۆستەم دەچێ کەمینی بۆ دادەنێتەوە دەیگرێ، دەیهێنێ و دەیبا ئەو چەکانە هەتا بۆ خۆمان نیشمانە بەکاری بێنین، ئەوە بە کردەوە خزمەتی کێیە، لە قازانجی ئێرانە، بەڵام ئێمە بەو حیسابە نایکەین کە بۆ ئێرانی دەکەین، ئێمە شەڕ دەکەین دژی دوو

دەوڵەتی داگیرکەر، لەم دەدەین، لەمیش دەدەین، ئەویان بە غەیرە مباشر بۆ ئەو باشە، ئەوەشیان غەیر مباشر بۆ ئەوە باشە، لەبەرئەوە ئێمە نابێ لەو قسانەش بترسێین، ئێ سەدام وامان پێدەڵێ، رادیۆی بەغدا پێماندەڵێ، ئەوانە لە پشتەوە خەنجەری ژەهراوی لە لەشکری عێراق دەدەن، خزمەتی داگیرکەرانی بێگانە دەکەن، ئەو وامان پێدەڵێ، ئەوانیش مومکینە خۆیان، رادیۆکان و جاشەکانیان عەینی قسەمان پێ بڵێن، بڵێین لە لەشکری ئێران دەدەن، خزمەتی سەدام دەکەن، بەڵام لە حەقیقەتدا ئەوە وانییە، لە حەقیقەتدا ئەوە بەری سیاسەتە سەربەخۆیەکەی خۆمانە کە ئێمە زدی هەردوو دەوڵەتە داگیرکەرەکەین، جا ئەو مەسەلەیە نەمانترسێنێ، وەی وێکبێینەوە ئەها، وەڵڵا بۆمان بکرێ ئێستا یەك فەوجی عێراقی دەڕوا دەیگرین و چەکەکانی بۆ خۆمان دێنین، ئەگەر بۆشمان بکرێ دوو فەوجی خومەینی قڕ دەکەین، هەموو چەکەکانی بۆ خۆمان دێنین، کێش قازانجی لێ دەکا، ئێمە مەخسەدمان قازانجی خۆمانە بە دەرەجەی ئەساسی، بەڵام پاراستنی نیشتیمان واجبێکی ترە لە غەیری شەڕەکەمان لەگەڵ حکومەت، ئەوەش دەکەین ناترسێین، بەعزە جاریش وا روودەدا کە مەسەلەیەك راستەوخۆ خزمەتی ئێران دەکا نایکەین، مەسەلەن جەیشی عێراقی لە خانەقاوە تەقەدوم بکا بۆ قەسرێ یان لە قەسرێ وە بچێ بۆ حاجی ئۆمەران، ئێمە نۆکەری خومەینی نین بچین لە پشتەوە لەم شوێنە لەو قاتیعە بدەین هەتا ئەو ئیحتیلالی چۆمان بکا، ئێمە قەت ئەوە ناکەین، بەسەڕاحەت بڵێین نایکەین، ئەوە سیاسەتمانە، فەرماندەکانی پێشمەرگەشمان تێگەیاندووە ئەوە نەکەن، ئەوە خزمەتکردنی مەعرەکەی دوژمنە، ئێمە مەسەلەن لە وەرتێی خۆمان دیفاع دەکەین، دیفاع کردنمان لە وەرتێ، دیفاع کردنمان لە گەلی بەدران، دیفاع کردنمان لە زارگەلی، لە بێرمەکە، لە حەقیقەتدا دیفاع کردنە لە رانیە، بەڵام خۆ ئێمە لەبەر رانیە نایکەین، لەبەر مەقەڕاتی خۆمان دەیکەین، جا بەعزە شت هەیە لێمان تێکنەچێ، مەسەلەن کاکە محەمەد قسەکی جوانی کرد، وەکوو مەسەلەی مەنتیقەی باوزێ، باشە ئێمە لە مەنتیقەی باوزێ شەڕمان دەکرد، لەو دیوە لەگەڵ عێراق، لەو دیوە لەگەڵ ئێران، ئێمە ناتوانین خۆمان بکەینە بەینی دوو بەرداشەکەی دوو دەوڵەتە داگیرکەرەکە، ئەگەر خۆمان بکەینە بەینی دوو دەوڵەتە داگیرکەرەکە دەهاڕێین، ئەبێ بە جێی بێڵین، ئێ باشە لایەکی بەجێدێڵین قازانجی ئێرانە، لایەکی بەجێدێڵین قازانجی عێراقە، بەڵام ئێمە لەبەر قازانجی ئەوان نەمانکردووە لەبەر

قازانجی خۆمان کردوومانە، پێمان بکرابا بەجێمان نەدەهێشت، پێمان بکرابا بستەکمان لێ بەجێنەدەهێشت، مەسەلەن ئێمە پێمان ناکرێ (٤٠٠-٥٠٠) پێشمەرگە تەجمید کەین بۆ مامەندە، چیە ئەوە مامەندە دەپارێزین، ناپارێزرێ ئێمە مەسئولی نین، ئێمە شەڕی پێشمەرگانە دەکەین، ئێرەش ئەگەر سبەینێ ببێ بە بەلاَ بەجێیدێڵین، لەبەرئەوە قسە لەسەر خۆمان دروست نەکەین لەوە بڕەوینەوە، لەوە بترسێین، هیچ وا نییە، یەك سیاسەتی سەربەخۆی ئاشکرای خۆمانمان هەیە، لە هیچ کەس ناترسێین، کێ پێی خۆشە پێی خۆش نییە چاوی دەردێت، ئێمە سیاسەتێکی سەربەخۆی شۆڕشگێرانی خۆمانمان هەیە دژی ئێرانین دژی عێراقین، وولاَتی ناوچەی رزگارکراوی خۆمانە، ئەوەندەی پێمان دەپارێزرێ، دەیپارێزین، ئەوەندەی پێمان ناپارێزرێ نایپارێزین، سبەینێ هێزێك دێ، هێرشێکی گەورە دێ، فرقەیەك عەسکەر لە مەنتیقەی قەلاَسێوکەیە، ئێمە (٣٣٠-٤٠٠) پێشمەرگەی تیپی ٢١ی کەرکوکی خۆمان کە تیپێکی نمونەیە بە کوشت نادەین لەبەر خاتری قەلاَسێوکە، وەڵلاَ قەلاَ سێوکە بەجێدێڵین، هەڵدێین دێینەوە ئەوبەرە، دێینەوە شاخ، جارەشکە حکومەت چۆڵی بکا دەچینەوە، هەروەها باوزێ، هەروەها شێنێ، هەروەها وەرتێ، هەموو جێیەکی تر، ئەوە قانونی شەڕی پێشمەرگانەیە، لەوەش نەترسێین لایەك، مەسەلەن سەدام کردی بە هەڵلاَ ئەوانە درۆ دەکەن، وەزیری ئەعلام گوتی ئەوانە دیفاعیان نەکرد لە وەتەن، حدودیان بەجێهێشت، مەخسەدی ئەوەبوو ئێمە دانیشین هەر شەڕی خومەینی بکەین، کاکە شەڕی خومەینی ئیشی ئێمە نییە، هەروەها قیادەی موەقەتەش دەستیکرد بە حەپە حەپ، رادیۆی قیادەی موەقەتە ملازم عومەر تەواتئی کردووە لەگەڵ حکومەت مامەندەی تەسلیم کردووە، با ئەویش بۆ خۆی هەر بوەڕێ لەو لاوە، ئێمە لەسەر نەخشە و پلانی راستەقینەی شۆڕشگێرانەی خۆمان ئیشەکە دەکەین، ئەگەر ئیشمان پوچەڵکردنی دیعایەی ئەوان بێ، ئیشمان بۆ ناکرێ، نا کاکە ئێمە سیاسەتی راستی خۆمان، ئەوەیە ناشترسێین بەکاریشی دێنین، جێبەجێشی دەکەین، قسەی دوژمنیش هەر دەبێت و دەمی دوژمنمان پێناگیرێ قەت، ئەوە لازمە لەوە دڵنیابین برادەران.

دێتە سەر مەسەلەیەکی تر، مەسەلەی ئەوەی کە ئێمە خەتەری ئەوە تێبگەین باشە، کاك محەمەد بوو نازانم کێ بوو، کاك سەعید بوو، یەکێك بوو.. قسەکی جوانی کرد، ئەویش ئەوەیە جەماوەر وشیارکەینەوە لەوەی کە ئەو هاتنی شەڕە هێنانی شەڕە بۆ کوردستان چ

زەرەرێکی بۆ ئەوان تێدایە، ئەوە شتەکی زۆر زۆر موهیمە، لە دوولاوە ئاگاداریان بکەینەوە، یەك لە ناحیەی ئانی مەسالحی رۆژانەی خۆیان، کە ئەوانە چ خەتەرێکی تێدایە، ماڵیان وێران دەبێ، تۆپباران دەکرێن، زەراعەتیان دەسووتێ، دێهاتی ئاوەدانکراوە کاول دەکرێتەوە، ئەویترە چۆڵ دەکرێ، مەسەلەن خەڵکی دەربەند، چۆمان، قەسرێ، ئەوانە هەمووی دەربەدەر، هەر کەسە لە لادێی خۆی لە وولاتی خۆی، ماڵ و شتی، ئەوەی بۆی دەرچووە، ئەوەی بۆی دەرنەچووە، لە ئیش و کار و کەسابەت کەوتووە، هاتۆتە لادێ، بۆتە پەناهەندە لەو شوێنانە، لە ئەنجامدا زۆر زەرەری کردووە، زۆریش زیانی پێکەوتووە، وەزعێکی ناخۆش، پڕ کوێرەوەری، چەرمەسەری تووشی هاتووە، ئەوە لایەکیان، بەڵام ئەوە هەموو لایەکی نییە، ئەوە لایە سەرەکیەکەش نییە، ئەوە لایە شەخسیەکەیە، لایە ئینسانیەکەیە، لایە سەرەکیەکە ئەوەی کە وڵاتی داگیر دەکرێ لەلایەن هێزێکی بێگانەوە، هێزێکی کۆنەپەرستی بێگانە کە دوژمنی شۆڕشی کوردستانی عیراق و کوردستانی ئێرانە، دێ خاکەکەمان دەگرێ، هێزێکی کۆنەپەرستی دێت کە دەیەوێ جەمهوریەکی ئیسلامی دابنێ، جەمهوریەتێکی ئیسلامی شیعە، کە دژی سەربەخۆیی بۆ عێراق و دیموکراتی بۆ گەلی عێراق و مافی چارەنووسە بۆ نەتەوەی کورد، ئەمە شتە ئەساسەکەیە، لەبەرئەوە ئێمە دژی ئەو داگیرکردنەین، ئەوەندەی پێمان بکرێ پەکی دەخەین، ئەوەندەی پێمان بکرێ نابێ پێمان خۆشبێ سەرکەوێ، ئێمە لەوە ناترسین، لە دەربڕینی رەئی خۆمان ناترسین، لە ئەوەی دەزانین کە شتەکی راست و مەبدەئیە، جورئەتمان هەیە بیڵێین، بە سەربەستیش دەیڵێین، بەتایبەتی ئێستا گەیشتۆتە ئێسقانمان، گەیشتۆتە شەڕ، کە گەیشتە شەڕ ئیتر هیچ نامێنێتەوە، هەتا نابێتە شەڕ، پێکهاتن پیاو زۆر شتی تێدا دێڵێتەوە، بەڵام کە بووە شەڕ، پێکهاتن ئیتر خەلاس بوو، دەبێ هەموو شتەکان ئاشکرا بکەیت، بیخەیتە روو، زۆر کەس واتێدەگەن، هەتا لە دۆستانی خۆمان، بەعزە جار سورییەکان یان لیبیەکان دەڵێن بەربەرەکانی لەشکری ئێران دەکاتە خزمەتکردنی سەدام حوسێن، ئێمە پێمانوایە بەربەرەکانی نەکردنی لەشکری ئێران دەکاتە خزمەتی سەدام حوسێن کە ئێمە هێزێکی عێراقین دژی هێزێکی عێراقی کۆنەپەرست، ئەو هێزە عێراقیە کۆنەپەرستە فاشیستە دەیەوێ لە میللەتی عێراقی بگەیەنێ کە ئەو پارێزگاری عێراقە، ئێمە خائنین، ئێمەش دەمانەوێ لە عێراقی بگەیەنین نەخێر ئەو فاشیست و خائینە، ئێمە پارێزگاری راستەقینەی

عێراق، نیشتیمانی عێراقین، کاممان گەلی عێراقمان بردەوە لەو بەربەرەکانیەدا، ئەو ئەویتر لە عەرز دەدا، ئەگەر سەدام توانی گەلی عێراق بەلای خۆیدا راکێشێ، خۆی نیشاندا بە پارێزەری عێراق، پارێزگاری نیشتیمان و سەربەخۆیی، بەراستی ئێمەمانان و خەڵکی کە پوچەڵ دەبینەوە و دەڕۆین، چونکە ئێمە پشت و پەنامان کۆمەلانی خەلکە، خۆ ئەگەر ئێمە توانیمان کۆمەڵانی خەڵك بەلای خۆماندا راکێشین، تێبیگەیەنین سەدام فاشیستە و خیانەتی کردووە، ئەو کوێرەوەری و کارەساتە لەنێوچەوانی ئەوەوەیە، ئەو وەختە ئێمە ئەو دەڕوخێنین، لەبەرئەوە ئەوە نوقتەی ئەساسیە، نەك مەسەلەی ئەوەی لەشکری ئێران ١٤ کیلۆمەتر دێنە ژورێ یان ١٨ کیلۆمەتر یان دەچێتە دواوە یان ناچێتەوە ئەوە مەسەلەی ئەساسی نییە، ئینجا لەو مەسەلە ئەساسیەدا، ئەو هەڵوێستەی ئێمە خزمەتی ئەوە دەکا کە ئێمە کۆمەڵانی خەڵکی خۆمان بەلای خۆماندا راکێشین، تێی بگەیەنین کە ئێمە خائین نین نیشتیمان فرۆش نین، بەعەکسەوە نیشتیمان پەروەرین، نیشتیمان پارێزین، سەدامە کە نیشتیمانی خستۆتە خەتەرەوە، لەم شەڕەشەدا، بەهەڵوێستی خۆمان کە دژایەتی پەلاماردانی بێگانەین، کە دژایەتی داگیرکردنی کوردستانی عێراق دەکەین لەلایەن ئێرانەوە، نیشتیمان پەروەری و دڵسۆزی خۆمان ئیسپات دەکەین، جەماوەر بەلای خۆماندا رادەکێشین، سەدام ریسوا دەکەین، ئەمەیە خزمەت نەکردنی سەدام، بەعەکسەوە بەوەی تر، مەسەلەن ببیتە کەوا سپی بەرلەشکری خومەینی وەکو جەماعەتی جود دەیکەن، سەدام دەڵێ ئەوانە خائینن ئەها هاتوون لەگەڵ بێگانە وولات داگیردەکەن، منیش پارێزگاری عێراقم، نەتیجەکەی کە موعارەزە بوو بە خائین، بوو بە نۆکەری بێگانە ریسوا دەبێت، سەدام زۆرتر دەمێنێتەوە حوکمی پتر دەچەسپێ، عومری زیاتر درێژ دەبێتەوە، بۆیە ئێمە پێمانوایە وەکو لە بەیانەکەش نیشانمان داوە، نۆکەرایەتی کردن بۆ ئێران خزمەتی سەدام دەکا، بە عەکسەوە معارەزەی عێراقی ریسوا دەکا، دەیکاتە معارەزەیەکی نۆکەری بێگانە، بەپێچەوانەوە معارەزەیەکی نیشتیمانی سەربەخۆی شۆڕشگێر، عەتف و پشتیوانی خەڵك رادەکێشێ، سەدام زەعیف دەکا، لاوازی دەکا.

پێویستە بەعزێ شت هەیە سەرمان لێ تێکنەچێ، ئەسڵی مەسەلەکەمان لەبیر نەچێ، لەپاشان ئەو رەئیە بەرای منیش راستە، کۆمیتەی سەرکردایەتی بڕیاری لەسەردا کە لەو شوێنانەی ناکەوێتە نێوان دوو بەرداشەکەی دوو دەوڵەتە داگیرکەرەکەوە، دەبێ

پارێزگاری لە ناوچە رزگارکراوەکانمان بکەین، بەڵام بەشێوەی شەڕی پێشمەرگانە، شەڕی خۆتڕێن نا، یانی شەڕی جەبهەیی گەورە نەکەین، پێویستە شتێکیش بزانین کە ئێمە قەرارەکیشمان هەیە، خۆمان نەخەینەبەر لافاوی لەشکری هێرشی ئێرانی، بەری لافاو بەئێمە ناگیرێ، بەڵام لەم لاو لەولا، لە روخەکانی بە شەڕی پێشمەرگانە، دەتوانین زەربەی کوشندەی لێ بدەین ئەمەیان یەك، نوقتەی دووەم، لەکاتی پێکهاتنی ئەرتەش و جاشەکانی لەگەڵ جەیشی عێراقی و جاشەکانیدا، بەپێی توانا نەبینە تەرەف لەو شەڕەیاندا، لەکاتێکدا عێراق هجومی پشتاشان و قڕناقا دەکا، ئێمەش نەیقۆزینەوە لەلایەکی دیکەوە پەلاماری ئەوانە بدەین، بەڵام لەکاتێکدا فەرز کەین ئەوان هاتنە سەر هێزەکانی ئێمە لە زارگەلی، دەرگەڵە، وەرتێ و ئەو شوێنانە ئێمە شەڕی ئەوان دەکەین، لەلایەکی کەشەوە ئەوان کەوتنە شەڕەوە، ئێمە ناڵێین ئەوان کەوتنە شەڕەوە، ئێمە با هەڵبێین لەبەریان وەرتێ و زارگەلییان بۆ چۆڵکەین هەتا پێمان نەڵێن لە یەك کاتدا لە شەڕدان، حەز دەکا نازانم کێش لەشەڕدا بێ لە پشتەوە، ئێمە شەڕی خۆمان دەکەین، دیفاع لە ناوچەی خۆمان دەکەین، چالاکیمان لەبەرامبەر عێراق هەبێت، ئەوە شتێکی زۆر زۆر راستە بە ڕەچاوکردنی ئەوەی، ئەو پەندەی سەرەوە گوتمان، لەکاتی پێکهاتنیاندا، ئێمە نەبینە تەرەفێك، لەکاتێکدا ئێران پەلاماری حاجی ئۆمەران دەدا، یان پەلاماری قەسرێ دەدا، ئێمەش لەپشتەوە پەلاماری قەسرێ نەدەین، یانی هەروەکو نابینە تەرەف لە شەڕی عێراقدا لە زدی ئەوان، لەهەمان کاتدا شەڕی ئەوان لەگەڵ عێراقیشدا نابینە تەرەف بۆ ئەو شەڕە، چونکە تەعادولەکەمان تێکدەچێت، ئەوەتان لەبیر نەچێت، دوو جەبهەن، ئێران و جاشەکانی، عێراق و جاشەکانی، کە ئێران و جاشەکانی پێکدادێن، ئێمە دەڵێین لەو کاتەدا نەبینە تەرەف بە مەعنای هەردوولایان، نەبین بە تەرف لەگەڵ ئێران زدی عیراق، نەبین بە تەرەف لەگەڵ عێراق زدی ئێران، ئەو مەسەلەیە پێویستە ئاشکرا بێت، لەلایەکی تردا، نەهێڵین هێزەکانی دوژمن پەلاماری ناوچە رزگارکراوەکانمان بدەن، ئەوە شتەکی راستە، قەراریشمان لەسەر ئەوە داوە، پێیوستە هەمووتان ئەوە بزانن، خەڵکی ناوچەکانی شەڕەکان وشیار بکەینەوە، ئەوە شتێکی زۆر زۆر باشە، بەراستی ئەوە یەکێك لە قەرارەکانمانە، خەڵکی ناوچەکانی شەڕەکان وشیاربکەینەوە، هانیشیان بدەین دیفاع لە خۆیان بکەن، بەڵام بەو شەرتەی نەبنە جاش، مەسەلەن شاری قەڵادزێ دەکەوێتە

خەتەرەوە، کە خەڵکی قەڵادزێ قەراریدا چۆڵی نەکا، بمێنێتەوە بۆ دیفاع لە قەڵادزێ، دەبێ برادەرانی ئێمە لە پێشەوەی کۆمەڵانی خەڵك بن بۆ دیفاع لە قەڵادزێ، نەك هەڵبێین، خەڵکەکە وەرە بەردا، ئەوە بکا، بەڵام کە خەڵکی قەڵادزێ ویستی چۆڵی بکا، نەچین خەڵکی قەڵادزێ هان بدەین ببێتە جاش بۆ حکومەتی عیراق، بەڵکو هانیدەین نەبێتە جاش بۆ حکومەتی عێراق، یانی لە دوو حاڵەتی لێکچوودایە دەبێ بیزانین، مەسەلەن بڵێین جەیشی ئێرانی دێت دەگاتە نزیك قەڵادزێ، خەڵکی قەڵادزێ دژی جەیشی ئێرانی شەڕ دەکا، ئێمە دەبێ شەڕ کەین لەگەڵ خەڵکی قەڵادزێ، بەڵام بەشێوەی خۆمان بەسەربەخۆیی خۆمان لە ئیستیقلالیەتی خۆمان لە دیفاع کردن لە بیروباوەڕی خۆمان، خەڵکی هانبدەین لە دژی ئێران، کە چۆن ماڵوێرانی و کاولیان هێناوەتە کوردستانەوە، شار و لادێ کاول دەکەن، ئەوە شتێکی باشە، یەکێك لە هەڤاڵان گوتی ئاگامان لە هاوکاری جود و جاش هەبێ لە دژی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لەکاتی خۆیدا، من ئیزافەی دەکەم، دەڵێم ئاگامان لە هاوکاری ئێران و عێراقیش هەبێ لە زدی یەکێتی لە کاتی جوت بوونی مەسلەحەتیاندا، باوەڕکەن بەوە کە ئێستا لە بەعزە شوێندا لە بەینی موخابەراتی عێراقی و ئێرانی تەنسیق هەیە لە زدی ئێمە، باوەڕ بەوە بکەن، لەکاتێکدا عێراق و ئێران شەڕی یەك دەکەن، جاسوسی مزدەوەجی هەردوولایان هەیە، هانی دەدەن لە زدی ئێمە، جوجەڵە جاسوسی ئێرانە کەسانی تر هەن جاسوسی عێراقن لەناو (حسك)دا، هەردوولایان هاندەدرێن، هەرکەسەیان لەلایەن دەوڵەتی خۆیانەوە شەڕی ئێمە بکا، دەی باشە ئەوە چییە..؟ ئەوە چییە ئەگەر تەنسیقی دوو دەوڵەت نەبێ، ئێ باوزێ وابوو، ئەوەی باوزێ میسالێکی ترە کە بیهێنینەوە، شەڕی ئێرانمان دەکرد لە مەنتیقەی باوزێ، هێزەکانمان تەرکیزی کردبووە سەر بەرهەڵستکردنی ئێران، ئەو جێیانەی ئێمە نەماندەویست ئێرانی بێتێ، ئەو جێیانە بوو کە بەرزایی، مەسەیتەرە جەمالەدینە کە فیعلەن موسەیترە بەسەر قەڵادزێشدا، لەو کاتەدا کە ئێمە شەڕی ئەوێ دەکەین،  عیراق پەلاماری پشتەوەیدا، پەلاماری گەناویدا، پەلاماری گردە پێنازیدا، پەلاماری ناوچەکانیانیدا بۆئەوەی بیگرێت، بۆئەوەی نەتوانین شەڕی ئێران بکەین بە چاکی، شەڕی عێراقیش کە پێمان ناکرێ لەیەك کاتدا، وەکو کاکە محەمەد گوتی ناتوانین بێین بکەوینە بەینی دوو بەرداشەکەی دەوڵەتە داگیرکەرەکە، داگیرکەران هاوکاری دەکەن لە زدی ئێمە لە بیرتان نەچێ، مومکینە بەعزێ جار ئەسرار

ئاشکرا دەکەن بۆئەوەی خزمەتی یەکتر بکەن شێخ عزەدینی حوسێنی هاتبووە لای ئێمە، میوانی ئێمە بوو، پاشانیش دکتۆر قاسملۆ هات، ڕۆژنامەی سەر بە عێراق لە لەندەن دەردەچێ بڵاوی کردەوە، گوتی مانگێکە شێخ عزەدینی حوسێنی میوانی جەلال تاڵەبانییە، پاش ئەویش دکتۆر قاسملۆ چۆتە لای جەلال تاڵەبانی، مەخسەدی ئەوە بوو حکومەتی ئێران بزانێتەوە کە هەم ئەوە شێخ عیزەدینی حوسێنی ئەوە لەگەڵ جەلال تاڵەبانی هاوکاری دەکا لەگەڵ یەکێتی، هەم یەکێتی پشتیوانی شێخ عیزەدینی حوسێنیە لەگەڵ ئێران، زۆرجاریش هەیە ئەوان شتەکان ئاشکرا دەکەن بەهۆی غەیرە موباشرەوە، یانی ئەو دوژمنانە لە هاوکاریکردنی یەکتر بە موباشر و غەیرە موباشر درێغی ناکەن، لەبەرئەوە نەك هەر جاشەکان، جود، بەڵکو داگیرکەرانیش لەناو خۆیان بە موباشر یان غەیرە موباشر هاوکاری دەکەن. ئێمەش لەبەرامبەری ئەوەدا، دەبێ لەگەڵ هێزە پێشکەوتووخوازەکانی کوردستان هاوکاری بکەین، هاوخەباتی خۆمان بکەین، جگە لەوە هاوکاری، هاوخەباتی سەرەتایەکە لەسەرەتاکانی بیروباوەڕ، شەرتێکە لە شەرتەکانی سەرکەوتنی ئێمە.

دەبێ مەسەلەکە لە دوولاوە تەماشای بکەین، یەك لەلای سیاسییەوە، لەلایەك بەرامبەر حەرەکەی وەتەنی عێراقی و عەرەبییەوە، یەکێکیشیان لەلایەنی واقیعییەوە، یەکە یەکەی لایەنەکانییان، جود وەکو موئەسەسەیەك کە هەیە، بە ڕەئی من، ئێمە لە سەرکردایەتیش گەیشتینە ئەو نەتیجەیە، داوابکەین کە ئەو ئیتیفاقی (تەرابلس)ی نۆزدە قۆڵییەی کە هەموو لایەك ئیمزای کردبوو، ئەوە ببێتە ئەساسێك هەموو کەسەك لێی کۆببێتەوە، یانی داوای ئەوە بکەین یەك جەبهەی وەتەنی شامیلی عێراقی هەبێ کە ئەوان خۆشیان تێیدا ئیمزایانکردووە، ئەو جەبهەیە ببێتە جەبهە، نە جود و نە جەوقەد نەمێنێ، چونکە جود خۆی لە خۆیدا هەر بوونی میحوەرەکی ئینشیقاقی گێرەشێوێنە لە حەرەکەی وەتەنی عێراقیدا بۆ تێکدانی جەبهە و بۆ هەڵگیرساندنی شەڕو فیتنە دروستبووە، لەبەر ئەوە پێویستە بڵێین کاکە لە جیاتی جود هەبێ و جەوقەد هەبێ و فلان هەبێ و فلان هەبێ، هەمووی یەك جەبهەی وەتەنی شامیلی عێراقی هەبێ، هەتا حزبی شیوعی عێراقی خۆشی ئەو شیعارەی هەڵگرتووە و ناتوانێ یەکسەر ئاوا زوو بەئاسانی لێی پاشگەزبێتەوە، لە ناحییەی واقیعی یەکە یەکەی هێزەکانیەوە، ئێمە تەماشاکەین، ئەو هێزانەی جود هەرسێ لایەن، هەر چوار لایەن، زۆر هەرخلیسکاون بەلای بەرەی دوژمنانی گەلدا، بیانەوێ

و نەیانەوێ بەوەی  بونەتە رەزمەندەگانی موسڵمانی ئێرانی، ئەوە نوقتەکی زور خەتەرە، زۆر خەتەرترە هەتا لە عیلاقاتی پێشوشیان لەگەڵ ئێران، عیلاقەیان لەگەڵ ئێران ئەوە بوو کە مەسەلەن چەکیان وەردەگرت و دەهاتن شەڕی کوردیان دەکرد، ئێستا بونەتە بەشێك لە لەشکری پلاماردەری ئێران کە دەیەوێ جەمهوری ئیسلامی دابنێ لە عێراق، جاران ئەوەبوو دەیانگوت هەوڵدەدەین، ئێمە لەگەڵ ئێران، ئێمە مەسەلەن جەبهەی وەتەنی دیموقراتینە، ئێمە دەمانەوێ دیموقراتی لیلعێراق و حوکی زاتی حەقیقی لکوردستان و نازانم لەو قسانە، ئێستا ئەوە نەما، ئێستا ئەوان بەوەی کە قبوڵیانکردووە ببنە رەزمەندگانی موسڵمانی عێراقی و جەمهوری ئیسلامی عێراقی دێتە عێراقەوە، مەعنای ئەوەیە دەستیان لەبەرنامە و ئەهدافەکانی خۆیان هەڵگرتووە بە عەمەلی، بەکردەوە، چۆنی پینە دەکەن و درۆ دەکەن، ئەوە مەوزوعەکی ترە، لەبەر ئەوە بەرەئی من لەناو ئەوانەدا یەك ئیحتیمال هەیە، ئەویش ئەوەیە کە حزبی شیوعی فەقەت زەمانە،  شەقی زەمانە دەریبێنێ لەو زەلکاوە، هیچ ئیحتیمالەکی تر نییە ماڵی بارزانی، لەبەر ئەوەی ئەوان بەعەمەلی لە ئێران نابنەوە، لە ئێرانیش ببنەوە پاڵدەدەنەوە بە عێراق، لەناو ئەواندا تەنها حزبی شیوعی هەیە، ئیمکان هەیە شەقی زەمانە رایانکێشێ.

قسەیەکتان بۆ بکەم برادەرینە، کە یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان دامەزرا، حزبی شیوعی لە وەزارەت بوو، بە توندی، بەحەماس تەئیدی حکومەتی عێراقی دەکرد، پاشی ئەوە کە شۆڕشی ئێمە دەستیپێکردەوە، حزبی شیوعی موئتەمەری بەست، لە موئتەمەرەکەیدا، شیعاری موئتەمەرەکەیان (من ئەجلی تەعمیق نەحوە بیناء ئەلئیشتراکیە فیلعێراق)، کە تەبعەن قبولیشیان کردبوو بە قیادەی حزبی عەفالیقە ئەلفاشستییە، یەعنی حزبی بەعسی عەفلەقی بێ، لەو کاتەدا ئێمە باسی ئەوەمان کرد کە ئایا ئێمە چ بکەین لەگەڵ حزبی شیوعی، هەندەك لە برادەران پێیان وابوو کە ئەوانە بەشەکن لە دوژمنان، ئەوە لەبەرەی سەدامن، ئەوە لەبەرەی حکومەتن، ئێمەش لە زدی ئەو حکومەتە چەکمان هەڵگرتووە، کە ئەوانە بەشەکن لەو حکومەتە، کەواتە ئەوانەش بەشەکن لە دوژمن، هەندەك پێیان وابوو کە ئەوانە تەحریفینە، تەحریفیش نۆکەری ئیمپیریالیزمە لە سەر نیتاقی عالەمی و نۆکەری بورجوازییە لەسەر نیتاقی وەتەنی، لەبەر ئەوە ئەوانە بەهیچ شێوە و حاڵێك چانابن، هەندێك پێیان وابوو کە نەخێر ئەوانە

تەواوبوونە لەگەڵ سەدام و ئیتر ڕۆیشتوون، هەندێکیشمان ڕەئیمان وانەبوو کە ئەوە مومکینە زروفی مەوزوعی، تەتەوڕی ئەحداس و ئەحوال، ناکۆکی بخاتە نێوان حکومەتی عێراق و حزبی شیوعی عێراقییەوە، نەك سەبارەت بە ڕەغبەت و ویست و ئارەزووی سەرکردەکانی حزبی شیوعی عێراقی، بەڵکو سەبارەت بە هەڵوێست و مەوقیفی حکومەتی عێراق خۆی، حکومەتی عێراق پاش ئیتیفاقیەی جەزائیر لەگەڵ شا بەلای ئەمریکاو دۆستە کۆنەپەرستەکانی عەرەب دەچوو، دەوڵەتە کۆنە پەرستەکانی عەرەب و ئەمریکا قبولیان نەبوو شتێك بەناوی شیوعی سەربە ئیتیحادی سۆڤیەتی لە وەزارەت و لە حکومەت و لە حەیاتی سیاسی عێراقیدا هەبێ، یەکێك لەشەرتەکانی ئیتیفاقیەتی سڕی ئەمریکا لەگەڵ عێراق بەو پێیەی یارمەتی هینی دابوو بۆ بەستنی ئیتیفاقیەی جەزائیر، ئەوە بوو کە نفوزی سۆڤیەتی لە عێراق کەمبکرێتەوە، بە دەرهێنانی وەزیرەکانی شیوعی، بە لابردنی دەسەلأت و حوڕیاتی حزبی شیوعی، بەوەی کە عیلاقاتی تیجاری و ئیقتیسادی لەگەڵ ئەمریکا بکرێ، لەبەر ئەوە حکومەتی عێراق خۆی پاڵی بە حزبی شیوعییەوە نا دەربچێ لە جەبهە و خۆی دەریکرد لە وەزارەت، خۆ حزبی شیوعی نەیدەویست بێتەدەرێ لە وەزارەت و نەیدەویست بێتە دەرێ لە جەبهە و نەیدەویست ئەوە بکات، زەمانە وای لێ کرد، پاڵی پێوەنا کە بێتەدەرێ، یەعنی شەقی زەمانە، ئێمە بەڕەئی من ئەو سیاسەتەمان ڕاست بوو، کە هەر لەسەرەتاوە ویستمان توشی ئەو مەعرەکەیە نەبین لەگەڵیان کە ئیستیدام بکەین، ڕاستەوخۆ بێینە تەسادوم و وردە وردە کە ئەوان زۆر شتیان لەسەر ئێمە نووسی جوابمان نەدانەوە، من چەندین کاغەزم بۆیان نووسی هەر جوابیشیان نەداینەوە، چەندین کاغەزیشم بۆ نوسین هەروا بۆ تەئریخ تەبعەن، بە واستەی حزبی شیوعی سورییەوە من کاغەزم بۆ نوسین، بە واستەی حزبی شیوعی لبنانیەوە کاغەزم بۆ نوسین، بە واستەی بەعزە ئەترافی مقاوەمەی فەلەستینییەوە کاغەزم بۆ نوسین، خۆ من دەمزانی جوابم نادەنەوە، بەڵام ئەوە لەسەری تەسجیل دەکەین دەڵین ئەوەمان بۆکرا، لە پاشاندا ئەوەبوو کە ئەوانە تێکچوون لەگەڵ حکومەتی عێراق، لایاندا بەحوکمی تەبیعەتی تریان، ئەوان قیادە نزیکتر دەبینن لە خۆیان هەتا ئێمە، ئێستەش لەگەڵ قیادەنە کەوتونەتە ئەوەی ئێرانەوە، بەڵام زەمانە و شەقی زەمانە، زۆر ئیحتیماله دەریانهێنێتەوە لەو جەبهەیەش، شەقی زەمانە چییە..؟، ئەوەیە ئێران دژی حزبی تودە و شیوعیەت و

ئیتیحادی سۆڤیەتە، ئەمانیش لەگەڵ سۆڤیەتن و لەگەڵ حزبی تودەن، یەك، دووەمیان قیادەی بارزانی هەتاسەر ناتوانێ فرت و فێڵ بکا لە ئێران و مەوقیفی خۆی جیا بگرێت لە ئێران بەرامبەر بە ئەوان، سێیەم حزبی شیوعی بەرامبەر بە رەئی عامی عەرەبی و عیراقی هەتا سەر ناتوانێ کەوا رەشی بەر لەشکری ئێران بێت و لەو مەسەلانە ئەوە بکا، چوارەم لەناو خۆیدا خەڵك هەیە ئەو مەواقیفانەی پێ باش نییە، هەتاسەر ناتوانێ بیکا، بۆیە بەرەئی من ئێمە ئەوەشمان تەسدیق کرد لە کۆمیتەی سەرکردایەتی، کە دەڵێم رەئی من، مەخسەدم سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانە، ئێمە دەبێ دەرگەیەکیان بۆ بێڵینەوە، بانگەوازێك بکەین بۆ ئەوەی کەوا ئێوە جێتان لەکوێیە، بەتایبەتی روبکەینە دائیمەن شیوعییە دڵسۆزەکان، کادیرە سەورییەکانی حزبی شیوعی، ئەوە راستە تەئسیر دەکاتە سەر سەرکردایەتییەکەیان و هەژاندنیان وە پێیان بڵێین وەرە کاکە جێی ئێوە لەکوێیە، جێی ئێوە لەناو شۆڕشی عێراقی دیموقراتییە کە لە کوردستان هەڵگیرساوە، جێی ئێوە لەناو خەباتی موستەقیلی سەربەخۆیە زدی داگیرکەران، جێی ئێوە لەگەڵ جاشەکانی شاو ئەمریکاو فلان و فلان نییە، جێی ئێوە ئەوەیە، رەنگە ئەوە ئەورۆ تەئسیر نەکا، مانگی کەش تەئسیر نەکا، ساڵەکی کەش تەئسیر نەکا، رەنگە چەندین شەڕی کەش بقەومێتەوە لەبەینی ئێمەو ئەواندا، بەڵام ئەو سیاسەتەی ئێمە هەم لەلایەکەوە حەقیقەتێك دەردەخات، هەم لەلایەکەوە دەرگەیەك دەکاتەوە بۆ ئەوان، هەم لەلایەکەوە تەئسیری خۆی ئەگەر ئەورۆش نەبێ، لە موستەقبەلدا دەبێ لەسەر ئەو هەڵوێستەی کە ئەوان هەیانە، من پێمواية ئەوەش حیساب کەین بەینی سۆڤیەت و ئێران لە تێکچوونە، سیاسەتی سۆڤیەتی ئەوە نییە ئێران عێراق بگرێ، بەڵکو سیاسەتی سۆڤیەتی ئەوەیە نە ئێران عێراق بگرێ نە عێراق ئێران بگرێ، لەبەر ئەوە حزبی شیوعی عێراقی ناتوانێ هەتاسەر لەگەڵ ئەوە بێ ئێران عێراق ئیحتیلال بکا، مومکینە بۆ ماوەیەك زەغتێك لەسەر حکومەتی عێراق شتێك بەکاربێنێ ئەوە بکا، من پێمواية حزبی شیوعی راستە توشی شەڕی ئێمە بوو، شەڕی بە ئێمە فرۆشت، هەندێکی لێ کوشتین و هەندەکمان لێ کوشتن، زەرەرمان بوو، بەڵام ئەوە پاش ماوەیەکیکە وای لێ دەکات ناچاربێ سەرلەنوێ ئیعادەکی تەقیمی مەوقیف بکاتەوە، بەتایبەتی ئەگەر ئەو هجومەی ئێران سەرینەگرت، ئێمە هەر مەواقیعەکانمان قفڵدا لێیان نەمانهێشت بێنە ژورەوە، چونکە حزبی شیوعی ناتوانێ

هەتاسەر بەلاجیئی بژیێ لە ئێران، قیادە دەژیێ، قیادە چەند ساڵە وا لاجیئە لەوێ، جەماعەتی ڕەسوڵ مامەند ئەسڵەن پێش ئەوەی شەڕ بقەومێ، لیستەکیاندا بوو بچن خۆیان بکەن بە لاجئ، بۆ نوکتەش دەمەوێ بۆتان بگێڕمەوە، لیستەکیان دابوو، لیستەکەیان نۆزدە عائیلەیان تەقدیم کردبوو، وایان تەقدیم کردبوو، نووسیبویان ڕەسوڵ مامەند، پیشەی چیبە نوسیبویان محامییە، تەبعەن ڕەسوڵ مامەند سێ مانگ لە کولییەی حقوق دەوامی کردووە شەهادەی مەحاماتیان دابوێ، حاجی حاجی برایم، نووسیبویان ئەفسەری ژاندارمری، حاجی حاجی برایم موزەمیدی بەیتەریە کردبویانە ئەفسەری شورتە، سەید کاکە نووسیبویان عالم دینی، ئەوە لە کنمانە ئەو قائیمەی داویانە، یەعنی مەسەلەن بابی حاجی حاجی برایمی (حاجی برایمی شێرخۆ) نووسیبویان ڕەئیسی نازانم چی وە ڕەئیسی قوەتی مەقاوەمەی میللی، قادر جباری نازانم زابت لە جەیشی عێراقی، قادر جەباری نائیب عەریف بووە لە جەیشی عێراقی، خولاسە لەو بابەتە هینیان دابوو بۆ ئەوەی ببنە پەناهەندە لە ئێران، دەی ئێستا خوا بیانکا بە پەناهەندە، لەوە باشتر ئاواتیان هاتەدی، مەسەلەی ئەوان مەسەلە نییە، من مەخسەدم ئێستا سەرنجتان ڕاکێشم بۆ شەقی زەمانە، بۆ زروفی مەوزوعی نەك زروفی زاتی، بەڵام زروفی مەوزوعی، بۆ ئەوەی زروفی زاتی بگونجێنێ، ئەوە بە پاڕانەوە و ئیستیسلام و خۆلەبەرڕاکردنی ئێمە نابێت، بەڵکو بە سیاسەتەکی ڕاستی سەوری و مقاوەمەتیش لەکاتی پێویستدا، مەسەلەن میسالەکتان بۆ بێنمەوە، ئێمە هەمیشە ئەوساڵیش زستان پێمان گوتنەوە، بە حزبی شیوعیمان گوت، کاکە پیاوی چابن شەڕمان مەکەن، لە مانگی دوودا کە هاتن بۆ لای ئێمە پێمانگوتن، مەعلوماتی ئەکیدمان لەکنە قیادەی موەقەتە شەڕمان دەکا، مەعلوماتی ئەکیدمان لەکنە کە (حسك)یش شانبەشانی قیادە شەڕمان دەکەن، ئێستا جادەکە ئەوەیە، ئێوە ڕاکێشن بۆ شەڕی ئێمە، تکاتان لێ دەکەین بێ تەرەف بن، ئەوان هێشتا لەوێ بوون کە حەسۆ هاتە پشتی کونە مشکەو ئەوانە، گوتمان ئەوە هاتن، لەگەڵ ئێران دێن، گوتیان تەبعەن ئێمە بێلایەنین و ئێمە مومکین نییە لە زدی ئێوە بوەستین و بەعەکسەوە، ئێمە مومکینە لەگەڵ ئێوە بوەستین، هەتا ئیقتیراحێکیان کردو، ئێمەش بەخۆشییەوە قبوڵمانکرد، گوتیان ئێمە سەرکردایەتییەکانمان با پێکەوە بێ، گوتمان وەی بەسەر چاو، پێکەوە کوێ دانێین بە سەرکردایەتی ئەوەش دەکەین، تەبعەن ئەو قسانەیان

لەگەڵ ئێمە کرد و خوتەی تەوارئمان دانا، مەسەلەن ئەگەر عێراق هات پێکەوە چ بکەین و نازانم چی و جەبهەی وەتەنی واسیعە لە تەرابلس کراوە کە هەردووولامان پشتیوانی لێ بکەین و ئەوانە و لەو بابەتە، لەکن ئێمە وایان قسە دەکرد دوایی کە ئەوراقەکانمان گرت، تەماشادەکەین لە ساڵی (١٩٨١و ١٩٨٢)ەوە، ئیستیفتایان کردووە لەناو ئەندامەکانی خۆیان، کە ئایا شەڕی یەکێتی بکەن یا نەیکەن، ئەکسەریەتی گوتویەتی بیکەن، لەو کاتەدا لەگەڵ ئێمە ئەو قسەیان کردووە لە جود ئیجتیماعیان کردووە، پێش ئەوەی بێنە لای ئێمە، جارەکی کەش چونەتەوە ئیجتیماعیان کردووە، ئێستا وا ئەوراقەکانمان کەوتۆتە دەست تەبعەن، قەراریان داوە هێزەکانی جود یەکخەن و موەحەد بن، لەزدی یەکێتیی لە کاتی پێویستدا یەك مەوقیف بگرن، لە هەمان کاتدا کە لەکن ئێمە دانیشتبوون لە حەوت و هەشتی مانگ، هەشتی مانگ کاغەزەکی قادر عەزیز گیراوە لە مەڵبەندی ئێوە دەڵێ، مەندوبی حزبی شیوعی هاتە لام، ئێمە ١٠٠ پێشمەرگەتان بۆ دەنێرین بۆ ئەوەی پێکەوە لە جەلالیەکان بدەین، ئەمە سیاسەتی چەند روییە، فیعلەن وەکو تەقدیراتی ناوخۆیان دەردەکەوێ وایان قەرارداوە کە بە ئاسانی دەرماندەکەن، پێیان وابووە ئێمە هیچ نیین دەمانخۆن، هەروا بە فویەك، لەپاش مەڵبەندی چوار، دێن مەڵبەندی سێ دەگرن، ئینجا دێن سەرکردایەتیمان دەگرن یان دەرماندەکەن، ئەو وەختە بەس سلێمانی دەمێنێتەوە لە سلێمانیش دەمانکەنە تەیرێکی مەعقول، ئەو وەختە یان مەجبور دەبین شەرتەکانیان قەبوڵ کەین، یان لەوێش دەرمان دەکەن، تەبعەن ئەو حیساباتانە هەمووی غەڵەت دەرچوو، لە جیاتی ئەوەی ئەوان ئێمە دەرکەن ئێمە ئەوانمان دەرکرد، لە جیاتی ئەوەی ئەوان ئێمە بخۆن، ئێمە ئەوانمان خوارد، لە جیاتی ئەوان سەرکردایەتی ئێمە بگرن، ئێمە سەرکردایەتی ئەوانمان گرت، حیساباتەکانمان هەڵتەکاندن، سەرەونگونمان کردن، وەك مەسەلەی ئینگلیزەکە دەڵێ مێزەکەمان بەسەرسەری ئەواندا شۆڕکردەوە، پێشمەرگەیەک: (مەسەلەکی کوردی خۆش هەیە دەڵێ لێی وەستامەوە دووی تێهەڵدام)، ئا.. هی ئەوان وابوو، ئەوان تا حەدەکی زۆر لەسەر درۆ دەژین ها، درۆ لەگەڵ قاعیدەی خۆیان دەکەن، درۆ لەگەڵ ئەندامانی خۆیان دەکەن، هەتا لە دەرەوە، کە بەیانیان دەرکردووە لەسەرمان نەیان گوتووە، ئێمە چوینەتە سەر یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، گوتویانە یەکێتیی نیشتیمانیی، مەسەلەن لە مەڵبەندی چوار، گوتویانە

یەکێتیی نیشتیمانیی هاتۆتە سەر ئێمە، باشە ئەوە هەتاسەر ئەو درۆیە ناچێتەسەر، چونکە حەتمەن ئەوان سەدان ئەندامیان بەشدار بووە لەو هجومە، دەرەوە دەزانێتەوە کە بەڵێ، ئەندامانی خۆیان دەزاننەوە کە بەڵێ ئەوان هاتونەتە سەر مەڵبەندی چوار، کاغەزەکانمان هەموو نەشرکرد کە سەرکردایەتیان بەتەمابووە بێتەسەر سەرکردایەتی ئێمە، (کەریم ئەحمەد)مان کە گرت، گوتی وەڵڵا کاکە ئێمەیان راکێشاوە و قەراریاندا گوتیان یەکێتی هیچ نییە، وتی کەس گوی بەکلاوی من نەپێوا و پێشم گووتن ئەوە ناکرێ و ئەوە ناکرێ، ئیلا قەراریاندا بێنە سەرتان ئەوە نەتیجەکەیەتی، هەتا لەڕێی خۆمان بە ئەبو سەربازی گووت، پێم نەگوتن دەبیخۆن دەی، ئەوهای پێگوتن، (لە موقابەلەکەی مەلا محەمەدیش ئیعتیراف دەکا)، بەڵێ.. بەڵێ زۆر وەسائیقی ترمان لەبەردەستە، مەخسەدم چییە، مەخسەدم لێرەدا ئەوەیە، ئەو واقیعە هەتاسەر ناشاردرێتەوە، لە پاشان کە ناشاردرێتەوە، زۆر زەختیش هەیە لەسەر ئەوان یەعنی نزیکترین دۆستیان کە حزبە شیوعییەکانی عەرەبییەکانی مەشریقن، سوریاو لبنان و ئۆردن و ئەوانە، دەڵێن کاکە ئێوە غەڵەتن حەق نییە شەڕی یەکێتی بکەن، حەق نییە واپڕۆن، خۆیان هەموو دیعایەیان وابوو کە ئەوان ناوبژیکەرن لەبەینی ئێمەو قیادەدا، ئێستا ئەوان بوونە تەرەف، ئەوە بۆ ماوەیەك دەتوانن ئەوە بکەن، پاش ئەو ماوەیە ئینعیکاس دەکاتەوە سەر ناوخۆیان، لەبەر ئەوە ئەگەر ئیحتیمال هەبێ، ئەمن قسەکەم بە کوردی دەکەم، دەڵێم ئەگەر ئیحتیمال هەبێ فەقەد ئیحتیمال هەیە شەقی زەمانە، حزبی شیوعی جیاکاتەوە لە جود، ئیحتیمال نییە نەقیادە جیابێتەوە نە حسك جیابێتەوە لە جود، بەڵام دیسان وەکو مەوقیفی سیاسی، خەڵك مەوقیفی لێمان دەوێ، خۆ نابێ بڵێین وەڵڵا سەگ و سەگبابن و وایان لێدەکەین و وایان لێدەکەین، دەڵێن کاکە باشە زۆر چاکە، ئێمە مەوقیفمان ئەوەیە کە ئەو هێزانەی عێراقی لەسەر خاکی عێراق، شەڕی حکومەتی عێراق بکەن، ئەوە تەلەبەکی مەشروع و مەعقول و زۆر مەنتقیشە، هەر هێزێکی عێراقی مەفروزە لە عێراق بێت، لەسەر خاکی نیشتیمان بێ، شەڕی حکومەتی عێراق بکات، فەرموون بێنەوە لەسەر خاکی عێراق شەڕی حکومەتی عێراق بکەن، ئەمە شەرت نییە ئەسڵەن، ئەوە شتەکی مەنتیقییە و قسەکی تەبیعییە، بەڵام هێزێکی عێراقی قیادەکەی لە ئێران بێ، پاش حەوت ساڵ، حەوت ساڵیکەش لە ئێران بمێنێتەوە، شەڕەکەشی، شەڕی لەگەڵ کوردی ئێران بێ، ئەوە

هێزی عێراقی نییە، ئەوە جاشە، کێ دەبێ با ببێ، ئەگەر هێزەکی عێراقییە لازمە سەربەخۆ بێ، بێتەوە عێراق شەڕ بکا، سەرچاوان ئەوە یەك، دووەم فرە لەشکری نابێ، لەهەموو دنیا هیچ شۆڕشەك بیست لەشکری تێدا نەبووە، هەمووی یەك لەشکری بووە، فەرموون بیکەینەوە یەك لەشکر، بە جیاوازی بیروباوەڕی سیاسی تێکەڵاوی بکەین، ئێوە لە ئێمە زۆرترن، یارەبی ئێوە ئێمە دەخۆن وەنییە، لەبەر ئەوە ئەو قسانەی بەشکلەکی مەنتیقی تەرحکەین لەبەردەم کۆمەلانی خەڵك، قسەمان دەخوات و دەڕوات و دەچەسپێ، ئەگەر کردیان و قبوڵیانکرد سەرچاوان، ئەگەر قبوڵیان نەکرد، خۆیان زەرەریانکردووە، من لەپێشەوە پێتان دەڵێم قبوڵی ناکەن، بەلام رەنگە ئەم ساڵ قبوڵی نەکەن ساڵەکیکە قبوڵی کەن، رەنگە دوساڵیکە قبوڵیکەن، لەبەر ئەوە ئێمەش بۆ دوارۆژ ئیشدەکەین، سیاسەتەکانمان بەتەماینە موستەقبەل نەك بەتەماینە رابردوو تەسبیتیکات، لەبەر ئەوە ئێمە لەوە قەت زەرەر ناکەین، لەوە قازانج دەکەین و زۆریش قازانج دەکەین، بۆیە ئێمە وامان بڕیارداوە لە سەرکردایەتی، کەوا ئێمە دیسان جارەشکە بانگەواز دەکەینەوە، مەسەلەن (١١) حزبی کوردستانی و (١١) عێراقی نامەیان ناردووە، بۆ ئێمەش و بۆ ئەوانیش، داوایانکردووە کە شەڕ بوەستێت و بە ئیقتیتال و ئەوەنا، بە ودی، بە حیوار و شتی وا مەسەلەکان حەلبکرێت، ئێمە جوابیان دەدەینەوە دەڵێین زۆر باشە قبوڵمانە، فەرموون وەرن ئێوە ببن بەحەکەم، ئێوە وەرن ئەو ١١ حزبی کوردستانی ١١ حزبی عێراقی عەرەبی، وەرن ببنە حەکەم سەرچاوان، قبوڵمانە وەرن، کە ئێمە ئەو قسانە بکەین، ئەوان ناتوانن ئەسڵەن ئەوان لەوێ حاشادەکەن کە لەگەڵ ئێرانن لەناو ئێران شەڕدەکەن، یان لەگەڵ لەشکری ئێرانن، پیلیان دەگرین دەیانبەین دەڵێین کاکە ها ئەوەتە وەرن، دەیانهێنینە کوردستان وەرن بگەڕێن، شار بەشار، دێبەدێ، بزانین کێ شەڕی بەکێ فرۆشتۆتەوە، ئەو وەختە وەسیقەکانمان لەبەردەست نەبوو، بەلام ئێستا وەسیقەکان لەبەردەستن، وەسیقەکانمان نەشرکردووە، بەلام فەرموو ئەوە وەسیقەکان، ئاخر چەندین وەسیقەی تریش لەکنمانە پیشانیان دەدەین، خۆ هەموو وەسیقەکان بلاونەکراونەتەوە، ئێمە بە پەلە هەندەکمان حەلکردوون، هەندێکی ماوە، هەموویان بلاودەکەینەوە تەبعەن، دەڵێن فەرموو تەماشاکەن حاڵ و مەسەلەکە چۆنە، لەبەرئەوە بەو حیسابەی ئێمە بانگەوازەك بکەین، بڵێن کاکە هەموو هێزەکانی عێراقی، هەتا ئیسلامییەکان، ئیسلامییەکان قسەمان لەگەڵ دەکەن، کاکە ئێمە پێمان گووتن، ئێوە چدەکەن لەتاران فەرموون وەرنەوە خاکی کوردستان شەڕی عێراق بکەن، بەلام نەك کلکی

لەشکری ئێران بن، کە تۆکلکی لەشکری ئێران بووی، ئەتو نەبووی بەهێزەکی عێراقی، بووی بە هێزەکی کرێگرتەی بێگانە، چ ناو لەخۆت دەنێی بنێ، ناو هیچ نییە، بەریشە یان بە ئیشە، بە ئیشە بە ریش نییە، ئیشەکەت نۆکەرایەتییە، حەزدەکەی ریشی سۆفی ئاخری زەمان مەهدی مونتەزەر بەردەوە، ئەوە مەسەلەی جود.

جا وەکو جود ئەوەیەکمان هەیە، عەمەلیەن، بەڵام پێویستە تەوەهوم نەکەین، خۆمان حازرکەین بەوەی ئەوان شەڕمان دەکەن، ئەوە تەوەهوم نەکەن بەوە، ئێمە مەسەلەن لەگەڵ کەریم ئەحمەد ئەو بەیانەمان ئیمزاکرد و بڵاویشمانکردەوە، ئەوان ئیلتیزامیان پێ نەکرد، لەگەڵ شیوعییەکانی لیوای سلێمانی، ئیتیفاقیەکمان ئیمزاکرد، هەرچەندە ئێمە زۆر لەوان بەهێزترین و بەتواناترین، بەڵام ئیلتیزامیان پێنەکرد و شکاندیان، لە هەر جێیەك توانیان خەڵکیان لە ئێمە کوشت و ئەیانکرد، دەی باشە کێ بوو بۆی گێڕامەوە، وابزانم مامۆستا برایم بوو، یان مامۆستا بەیان بوو یان یەکێك بوو لەو برادەرانەی قەرەداخ، ئا مامۆستا موحسین بوو، بۆی گێڕامەوە، گوتی ئێمە لەوێ گفتوگۆمان لەگەڵکردن، خزمی بەهائەدین نوری و ئەنجومەنەکان و ئەوانەمان نارد و کردنمان بە وەسیت، وەرن و بچن و ئەوانە، پاش ئەوەی هاتن و چوون و هاتنەوە، گوتیان کاکە وەڵڵا حەقتانە و حەق بە ئێوەیە و ئێستا پاش ئەوەی ئەوەیان کردووە، دەڵێن ئەگەر لێشیاندەن دەستتان خۆش بێ، بەو مەوقیفەمان، ئێمە دەرمانخست کە دەمانتوانی لێیاندەین لێماننەدان، بەڵام ئەوان ئێستا کە خزوع دەکەن بۆ سیاسەتی قیادەی خۆیان لێماندەدەن، ئێمە لێیان دەدەین و حەقی خۆمانە، ئەو وەختە موعتەدییەکە ئەو دەبێت و لەبەرچاوی خەڵکیش، خەتاکە دەکەوێتە ئەستۆی ئەوان، من پێموایە شەڕمان دەکەن، لەبەر ئەوە ئێمە دەبێ خۆمان حازرکەین بۆ جوابی ئەو شەڕانە، لەبەر ئەوەی مست لە درێشە دەگەڕێتەوە، دوو درێشە لە مست ڕاچوو، ئیتر تاقەتی درێژبوونەوەی نامێنێ، بەڵام لە عەینی کاتدا یەك شیعاری سیاسیمان هەیە، وەکو یاسر عەرەفات دەڵێ، کلاشینکۆف بە دەستێك و چڵێکی زەیتونیش بە دەستێکی ترەوە، بەرامبەر بە شیوعییەکان قازانجمانە، هاتنەوە سەرچاوان، نەهاتنەوە خۆیان زەرەردەکەن، هەروەها بەرامبەر بەماڵی بارزانیش کە دەشزانیین ئەوە ناکەن، بەڵام دەبێ مەوقیفەکی سیاسیمان هەبێ لەسەری، دەبێ تێبگەین هەرچەندە ئەوان تەخسیری بەمە ناکەن ئەمەش تەخسیری بەوان ناکەین لە قسەو لە شتەکانیان.

# حزبی دیموکرات و کۆمەڵەی زەحمەتکێشان

حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە قەدیمی زەمانەوە عیلاقەیەکی هەبووە لەگەڵ عێراق، کە هەر لە ساڵانی حەفتاکانەوە لە عێراق بووە و کادری لەوێ بووە و خەڵکی لەوێ بووە، تا مودەتێك رۆژنامە و شتیشیان لەوێ دەردەکرد، لە زەمانی شا کە شا دەوڵەتێکی کۆنەپەرست بوو، عێراق داڵدەی هەموو موعارەزەی ئێرانی دابوو، هەر لە خومەینییەوە تاسەر قاسملو، تاسەر موجاهیدین، تاسەر حزبی رەنجبەران، تاسەر زۆر لە رێکخراوەکان لە عێراق هەبوون و بارەگایان هەبوو، رادیۆشیان هەبوو زدی ئێران ئیشیاندەکرد، تا ساڵی ١٩٧٤ ئێران و عێراق پێکهاتن و ساڵی ١٩٧٥ ئیتیفاقییەی جەزائیر کرا، ئیتر هەموو موعارەزەی ئێرانی وەدەرنرا لە عێراق، حزبی دیموکراتیش هەر لە ساڵی ١٩٧٤ەوە ئیتر وردە وردە عێراقیان چۆلکردو چوونەوە ئەوروپا، ئەوەندەی بۆیان کرا، ئەوەی تریش مانەوە لە عێراق، دەنگیان کپکرایەوە کە هیچیان پێ نەکرێ، تا شا روخا، هاتنەوە کایە، دیسان جارەکی کە عێراق هەوڵیدایەوە لەگەڵ هێزەکانی موعارەزەی ئێرانی دۆستایەتی بکاتەوە، ئیمڕۆ عێراق عیلاقەی هەیە لەگەڵ هەموو هێزەکانی موعارەزەی ئێرانی لە هەرە راستەوە تا هەرە چەپ، هەر لە جەماعەتی شاپوری بەختیارەوە بیگرە تاسەر موجاهیدینی خەڵك، حزبی دیموکراتی کوردستان، کۆمەلەی شۆڕشگێرانی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، چریکانی فیدائی خەڵك، ئەقەلیەت، ئەشرەفییەکان، نازانم راهی کارگەر، حزبی رەنجبەران، نازانم هەرچی هەیە خولاسە لەگەڵ عێراق عیلاقەی هەیە، چونکە عێراق رێیەکە هاتوچۆی پێدادەکەن و یارمەتیشیان دەدا و چەکیشیان دەداتێ و پارەشیان دەداتێ، ئەوە بێ ئیستیسنا، موعارەزەی ئێرانی هەموویان لەگەڵ عێراق عیلاقەیان هەیە.

ئەوەی شایەنی باسە ئێمە پێویستە دوو حەقیقەت بڵێین لەسەر حزبی دیموکرات و لەسەر کۆمەڵە، ئەوەلەن لەسەر حزبی دیموکرات، حزبی دیموکرات کە شۆڕشی

کوردستان دەستپێکرد لە ئێران، پرسی بە حزبی شیوعی عێراقی و بە حزبی سۆسیالستی یەکگرتوی کوردستان ئەو وەختە، بە یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و بە قیادەی موەقەتەش کە سامی سکرتێریان بوو کرد، هەر چوارلا رێیاندا بە حزبی دیموکراتی کوردستان، کە حزبی دیموکراتی کوردستان عیلاقەی هەبێ لەگەڵ عێراق و کەڵك لە ناکۆکی بەینی بەغداو تاران وەرگرێ، یارمەتیش لە عێراق وەرگرێ بە دوو شەرت، یەکێکیان ئەو یارمەتییە لە دژی کوردی عێراق و گەلی عێراق بەکارنەیەت، دووەم حزبی دیموکرات سەربەخۆیی خۆی لەدەست نەدا لە عیلاقاتی لەگەڵ عێراق، ئینجا ئەوێ رۆژێ فیعلەن ئەو رێیە درا بە حزبی دیموکراتی کوردستان، هەتا بە موافەقەتی هەموو لایەکیشمان (سونێ)یان بۆ چولکرا کە ببێ بە مەحەتەی هاتوچۆ و شت هێنانیان لە عێراقەوە، حزبی شیوعی خۆی موافیق بوو لەسەر ئەوە، موتەحەمیس بوو بۆ ئەوە، حزبی رەسوڵ مامەند و ئەوان موافیق بوون، ئێمەش موافیق بووین، هیچ ئعتیرازێکمان لەسەر ئەوە نەبوو، ئەوەی راست بێت پیاو بە ویژدانەوە قسەبکا، حزبی دیموکراتی کوردستان، لەو رۆژەوە تاکو ئێستا هیچ نیشانەیەکی نەداوە بەدەستەوە کە نیشانەی ئەوەبێ حزبی دیموکرات کە ئەو دوو شەرتەی بەجێنەهێناوە، یەعنی چەکەکانی و پارەکانی شتی کە وەریگرتووە، یەك رۆژ لە رۆژان زدی کوردستانی عێراق بەکارنەهاتووە، دیوتانە رۆژێك لە رۆژان حزبی دیموکراتی کوردستان شەڕی ئێمە یان قیادە یا حزبی شیوعی یا یەکێك بکا لە خاکی کوردستانی عێراقدا، هەموومان دیومانە.. نەء، بە پێچەوانەوە حزبی دیموکراتی کوردستان بەڕاستی یارمەتی زۆر لەو هێزانەی داوە غەیری یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، زۆر یارمەتی حزبی شیوعی عێراقی داوە، زۆر یارمەتی جەماعەتی رەسوڵ مامەندی داوە، تا مودەتەکی یارمەتی قیادەی موەقەتەشی دەدا، جگە لە یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، هەموو لایەنە عێراقییەکان بەڕاستی لە حزبی دیموکراتی کوردستان، هەتا لەو موساعەداتانەی لە عێراق دەهات، مومکینە بەشی ئەوانەشی لێ درابێ، ئەمن مەسەلەن لەبیرمە، حزبی شیوعی هەندەك لەو پەڕەشوتانەی وەرگرتبوو، وەختی خۆی کە حزبی دیموکراتی کوردستان لە عێراقی وەرگرتبوو، لە بیرمە بۆ حزبی شیوعی، گەنم و شت و ئاردو شەکرو برنجیان لەعێراق دەکڕی بە سیعری تەموین، لەپشت نۆکانەوە دەیاندایەوە بە

حزبی شیوعی بە سیعری عێراق، ئێمە فەردەی ئاردمان بە پانزە دینار دەکڕی ئەوان بە سێ دینار، چوار دیناریان دەکڕی، ئەوە مەسەلەکە، کەواتە حزبی دیموکراتی کوردستان بەڕاستی نەچووە ئەوە بەکاربێنێ زدی ئەوە، دووەمیش بەڕاستی ئیستقلالی خۆی لەدەستنەداوە، چونکە لە زۆر مەوقیفدا هاوکاری لەگەڵ ئێمە کردووە یان لەگەڵ هێزەکانی تر کردووە یان بەعزە جار بەیانی دەرکردووە، لە رادیۆ زدی حکومەتی عێراق وەکو مەسەلەی دەوڵەت و ئەوانە دەریخستووە بەڕاستی کلکی عێراق نییە.

کۆمەڵەش عەینی شت، کۆمەڵەش وەختی خۆی ئەو پەیوەندییەی کرد، درەنگتر کردی رەئی ئێمەشی وەرگرت، رەئی حزبی دیموکراتیشی وەرگرت، ئەو هێزانەش بەڕاستی موافیق بووین بە عەینی شەرت، وەکو بزانم کۆمەڵەش یارمەتی وەردەگرت هەتا ئێستا نە زدی ئێمە نە زدی کەسەکی کەی بەکارنەهێناوە، ئیستیقلالیەتی خۆشی لەدەستنەداوە، مەسەلەن چاکترین دەلیل بۆ ئەوەی ئیستیقلالییەتی خۆیان لەدەستنەداوە، عێراق زۆر زۆری پێناخۆشە عیلاقەیان لەگەڵ ئێمە هەبێ دەیکەن، ئاخر هەر ئەوهش نییە کاتی خۆی هاتن بۆ ئیمدادی ئێمە...

# پێشمەرگە و شەڕی ناو شارەکان

ئێستا دەتوانین لە ناو شارەکانیشدا بەشێوەیەکی تر و باشتر و کاریگەرتر شەڕبکەین، هەروەها کەڵکێکی تریشی هەیە، ئەو شەڕانەی ئێمە کە دەیکەین لەگەڵ دوژمن لەو شوێنە جیا جیانە، ئەویش ئەوەیە گەیاندنی دەنگی شۆڕشە بە شارە گەورەکان، جاران مەسەلەن شارەکانی وەکو کەرکوک و هەولێر لە دوورەوە دەنگی شۆڕشیان دەبیست، ئێستا کە شەڕ لە پەنایان دەکرێ گوێیان لە چالاکیەکانی پێشمەرگە دەبێت، هەم تەئسیر دەکاتە سەر ورەی خۆیان، ئەو شەڕکردنانەی لە شارە گەورەکانەوەیە، ئەویش ئەوەیە دەبێتەوە هۆی بەهێزبونی ڕێکخراوەکانمان، دەبێتە هۆی کزبون و تۆقاندنی دوژمنەکانمان، دەبێتە هۆی ڕەتدانەوە و پەرپەرچدانەوەی ئەو درۆ و دەلەسانەی جەماعەتی جود و غەیرە لە سەر یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان دەیکەن کە گوایە هەردەمە و بالۆرەیەکمان بۆ دەکەن، ها ئەوە لەگەڵ حکومەت پێکهاتن، فلان وا هات و وا چوو، ئەوە هەموو ئەو شەڕانە بە کردەوە بە درۆ دەخاتەوە و دەری دەخات کە کێ لە شەڕە و کێ شەڕناکات، کێ دەس لە دوژمن دەوەشێنێت، جگە لەوە تەئسیر دەکاتە سەر دوژمنیش، ئەوە ئێستا مەسەلەن بۆ یەکەم جارە لە هەفتەی دووەمی ڕابردودا ڕادیۆکەی بەغداد دەستی کردوە بە جنێو پێدانمان بە تەئکید تەنگاومان کردووە، بۆیە جنێومان پێ دەدا، جاران تەجاهولی دەکردین، هەرباسیشی نەدەکرد، هەر بێزیشی نەدەهات ناومان بێنێ، سەدام دەیگوت پۆلێسێک دێتەوە، مەنتیقە نائیبە،شورتی بالأئیجازە، کاکە یتقتوق بالبرنەو، ئێستا کە لە پەنای کەرکوک ئەنواعی خەڵک دەگرین و دەکوژین و ئەسیری دەکەین، ناتوانێ بڵێ شورتی بالئیجازازە، شورتی بالاجازەی چی، ئەوە ئێستا جەماعەتێکی زۆر و زەوەند، ئەنواعی زابت و مابت ئەوە دەکەین، مەسەلەن ئەوەل جار هێرشیان کە دەکردە سەریان بڵێین هەر ناوی من و دەستەکەیان دەهێنا، دەیانگووت پێشمەرگە گوتوویانە لەگەڵ کاک حەمید شانەیەتی، باسی ئێمە نییە، مام جەلال و جەماعەتەکەی کاک حەمید

و ئەوان، دوایی ئێستا وانییە، ئێستا دەڵێن جەماعەتە گێرە شێوێنەکەی نازانم بە کرێ گرتەکەی کە جەلال تاڵەبانی مەسولیانە هەرماوە بڵێ (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان) قەدەرێکی تر ناوی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان دەهێنێت و دەگاتە ئەوەی ڕادیۆ شڕەکەیان، لەوە دەرچوو کە من و کاک حەمید بین مەسەلەکە گەورە بوو، هەمووی گرتەوە، ڕادیۆ شڕەکەی گرتەوە، کاک ئەرسەلانیشی گرتەوە و هەموو مەسەلەکانی تریش، ئەوە چییە..؟، ئەوە تین گەیشتۆتە دوژمن، دەنا دوژمن باسمان ناکات بە تایبەتی بگەیەنە ئەو مستەوایە، ئەوە دەری دەخات کە هەموو خەڵک هەموو کەسێک ئەوەی نەشی زانیوە دەیزانێت کە شتێک هەیە و ئەو شتە مەجبوورە بپرسێت چییە، جا شتێکی تر دەڵێ چییە، مومکینە شتێکی تر وەربگرێت، ئەوەش بۆ بەپەرچدانەوەی دیعایەی دوژمنیش، ئەو شەڕانە زۆر پێویستە، بۆیە پێویستە ئێوە وەک ڕابەری سیاسی بەڕاستی ڕێبەری ئەو نەخشەو پلانە تازانەبن لە ناو هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا زۆر دەورتان هەیە لە ڕونکردنەوەی ئەو مەسەلانە و لە تێگەیاندنی و لادانی بەعزە بۆچونی نادروست و ناڕاست لە مەسەلەکاندا،مەسەلەن من پێموایە کاکە جەمال چاك نەی ئەنگاوتووە (واتە: نەیپێکاوە)، وتی شەڕی سنە زەرەری هەبوو، من پێموایە زۆر قازانجی هەبووە، ڕاستە قازانجی شەڕ بە سەرکەوتن نیە، قازانجی شەڕ بە نەتیجەکەیەتی لە تەئسیرکردنی لە کۆمەڵانی خەڵک و جەماوەر و لە ڕیسواکردنی دوژمن و بەهێزکردنی مەعنەویاتی خەڵکی خۆمان، من پێموایە کە شەڕی سنە هۆیەکی گەورە بوو کە ماهیەتی ڕژێمی تارانی بە گەلی کورد ناساند، خۆی لە خۆیدا قازانجی گەورەیە یەک نەزرەی مسالەمەت ئامێز هەیە، یەعنی یەک نەزرەی (تێڕوانیین) ئیسلاحی هەیە لە هەندێک قسەی برادەراندا خۆی نواند، ئەویش ئەوەیە دەڵێ لە فلان دێ ئاخر دەبێتە هۆی ئەوەی سەبەبی تەیارە بەکاربهێندرێت لێمان بدات و دێ و شارەکە کاول ببێ، کاکە شۆڕش بێ شار کاولکردن نابێ، هۆشیمنە قسەیەکی زۆر جوانی هەیە، ئەڵێ شارەکانمان هەمووی کاول دەکەن، بەڵام سەر لە نوێ جوانتر و نوێتر دروستی دەکەینەوە، شۆڕش وایە شۆڕش یەعنی کوشتن و کوژران، ئێمە کەچەند خانویەکی وەکو مەسەلەن دێیەکی کوردەواری کاول بێت زۆرترە یان شەهیدی وەکو شەهاب و علی عەسکەری و دکتۆرخالید و ئارام و شێخ حوسێن و سەدان قارەمانی تر بکوژرێن، کامەیان هەریەکەیان کە زیندوو دەکەیتەوە من ئامادەم

سەد خانوو لەو خانوانەی بکەمەوە کە لەو دێیە قۆڕانەی کوردستان دەسوتێنرێ، ئێمە هەموو خۆمان خستۆتە خەتەرەوە، هەرچی هەمانەو نیمانە، هەموو کادر و ئەندام و تێکۆشەرانمان خستۆتە خەتەرەی مردنەوە، حساب بۆ شۆڕش وادەکا، حسابی شۆڕش وادەگەیەنێت هەموویان بخەیتە خەتەرەوە و هەمووی بە شەهیدکردن و مان و یان نەمان، ئەنجامەکەی دوایی دەردەکەوێ، بۆ ئەوەی شۆڕش سەرکەوێ ئەمەت هێناوەتە کایەوە حساب بۆ ئەوە ناکەیت، بەڵام حساب بۆ ئەوە دەکەیت فلان دێ کاول دەبێ، یارەبی لەپارەوە، ئەی چۆن شۆڕش دەکرێت، ئەی چۆن وڵات ڕزگار دەبێت، دیارە بەو مەعنایە نییە باکی وڵاتی خۆمان نییە وەڵڵا بۆ هەموو پشیلەیەک لە کوردستان بەتۆپی حکومەت دەیکوژێت دڵمان بۆی دەسوتێت، بەڵام دەزانین لە پێناوی میلەتەکە دەبێت هەندێک بکوژرێین، دەبێ هەندێک بە فەوتاندن دەی، دەبێ هەندێ دێ بسوتێ، دەبێ هەندێک شار کاول بێ، دەنا چ شەڕێک، چ شۆڕشێک بێ ئەوە بووە، جەزائیر شانازی بەوەوە دەکات دەڵێ وڵاتی یەك ملیۆن شەهیدە، ئێ باشە بێ شۆڕش، بۆ جوابی ئەو قسانە، ١٢٤٧ دێی کوردستان کاولکرا، ڕاگوێزراو دێهاتەکانی سوتێنراو کانیاوەکانی بە چیمەنتۆ داخرا و خانووەکانی رووخێنرا و ڕەزو باخی سوتێندرا، ئەوە چییە بڵێی  شەش دێ کاول دەکرێت، مەعلوم کاول دەکرێت، شەڕە زەلامیش دەکوژرێ و دێش کاول دەکرێ، شاریش وێران دەبێت و ئەوەشمان لێدەکرێت، بەڵام دوایی کە سەرکەوتین چاکتری درووستدەکەینەوە، خۆشتری دەڕازێنینەوە و باشتری دادەنێینەوە، بۆیە نابێ ئاوا بیربکەینەوە، بەو جۆرە بیربکەینەوە دەست و پێی خۆمان دەبەستین، هیچ شەڕێکمان بۆ ناکرێ، بەڵێ دیارە ئێمە دەڵێین فەرز کەین، بڵێین توانیمان شارەکان، ڕزگارکەین، ناچین،بڵێین شارەکان لەبەردەست دوژمن بێ، چونکە بۆردومان دەکرێ، دەکرێ.. دەکرێ، دوژمن هەموو جێیەك بۆردومان دەکا، شەڕی ئێران و عێراق، ئەوە نییە شارەکانی یەکتری بۆردومان دەکەن، شەڕی روس و ئەڵمان ئەوەنەبوو چەند هەزار شاری یەکتریان کاول کرد، ئەوەنییە ئەڵمان و ئینگلیز، لەندەن چۆن بۆردومان کرا، کاول کرا، ئەوە شتەکی تەبیعیە، پایتەختی پۆلۆنیا شاری وارشۆ یەك خانووی بەپێوە ساغ نەمابوو یەك خانوو، لینیگراد  زۆری مابوو، بەڵام پایتەختی پۆلۆنیا شاری وارشۆ یەك خانوو بەپێوە نەمابوو، تەنها یەك دانەش، سەر لەنوێ بنیادیان نایەوە، دروستیان کردەوە، ستالینگراند هەمووی کاول بوو، یەك خانوی

بە پێوە نەمابوو سەرلەنوێ بینایانکردەوە، سەرلەنوێ دایانمەزراندەوە، کە شاری وارشۆ بەقەدەر هەموو کوردستانی عێراقە، هەر وارشۆ بەتەنێ بەقەدەر هەموو کوردستانی عێراقە، شەڕ وایە، شۆڕش وایە دوایی رزگاری دەبێت، ئەگەر ئەوەنەکەی قەد مومکین نییە ئەتو رزگار بیت و دەبێ دانیشی تا رۆژی قیامەت بن دەست و ئەسیرو زەلیل و لەبن پێی دوژمن بپلیشێیتەوە، ئینجا کاکە ئەوە مەسەلەکەیە دەبێ گیانی خۆبەختکردن، گیانی فیداکاری، بەتایبەتی رێبەرە سیاسییەکان پەروەردە کەن، بەو مەعنایە نییە ئێمە باکی ولاّتی خۆمان نییە، ئەی ئێمە بۆچی خەبات دەکەین، ئەی بۆ وولاّتی خۆمانی ناکەین، دیارە بۆ ولاّتی خۆمان خەبات دەکەین، بەلاّم دەزانین نرخی ئەو خەباتە ئەوەیە، چ بکەم، نرخی کوردستانێکی رزگار کراوی پێشکەوتوو رۆیشتوو بەرەو سۆسیالیزم، ئەوەیە دەبێ ئەو کەچە خانوانە بڕوخێن، قانونی ژیان وایە، دوایی دەبێ چاکیان بیناکەینەوە، سەر لە نوێ ئەو شارانەش هەندێکیش لەو برادەرانەی ئێرە و سەدان قارەمانی تریش دەبێ شەهید بن، چی بکەین بەداخەوە، پێمان خۆش نییە، کێ پێی خۆشە هەڤاڵێکی شەهید بێت و بمرێ، وەکو هەولێری دەڵێ چ سەگبابەك ئەوەی پێ خۆشە، کەس ئەوەی پێخۆش نییە، بەلاّم ئەوە قانونێکی ژیانە، ئەوە قانوونێکی شەڕی پێشمەرگانەیە، قانونی شەڕە، قانوونی رزگاریە، دەبێ ببێ، بەبێ ئەوە رزگار بوون نابێ، بۆ ئەوەی رزگاربین، دەبێ ئەوانەی قەراری شۆڕش دەدەن، دەبێ هەندێکیان شەهید ببن و دیتمان هەندێك لەو کەسانە قەراری شۆڕشیان داوە، ئەوە شەهید دەبن.

ئێستا بێینە سەر مەسەلەیەی شێوەی شەڕ، ئەوەتا ئەوەمان گۆڕاوە دەبێ بیگۆڕین، دەبێت رێبەرە سیاسییەکان، رێبەر بن لە گۆڕانکاری ئەو شەڕەدا، چ جۆرە شەڕێك ئەکەن ئێمە بڕیارماندا ئەم شەڕانەی خوارەوە بکەین.

یەکەمیان ئەو شەڕانە دەکەین کە دەیبەینەوە، دەست کەوتمان ئەبێت، یەعنی شەڕی خۆتڕێن ناکەین، هەرچەندە ئەو قسەیە جوانیش نییە، بەلاّم بەکورتی ئەو شەڕانە دەکەین کەدەیبەینەوە و دەست کەوتمان هەبێ، نەك بچین بڵێین سەنگەرەکانی دوژمن بەخەستی بۆردومان ئەکەین، دوو هەزار فیشەکمان تەقاندوە، چییە وەڵا زیانی دووژمن هێشتا نەزانراوە، ئەوە هیچ نییە، ئەو شەڕانە نەما بیکەین، ئەو شەڕانە ناکەینەوە، دوو هەزار فیشەك سەرف دەکەین هیچ نەبێ بایی پێنج شەش هەزار فیشەك دەست

کەوتمان هەبێ.

ئەو شەڕانە دەکەین کە وا ناوچەکانی دوژمن تیایدا زەعیفە و ئیمکانیەتی گرتنی هەیە، ئەو شەڕانە دەکەین کە ناوچەی رزگارکراومان دەستکەوێ، ئەو شەڕانە دەکەین کەناوچە رزگارکراوەکانی کورد تائمین کەین و باشتر بچەسپێین تێیدا، ئەو شەڕانە دەکەین کە دەبێتە پارێزگاری مافی توێژێك یان چینێك لەچینەکانی گەلەکەمان، مومکینە توشی شەرێك بین لەگەڵ دەرەبەگەکان لەسەر ئیسلاحی زەراعی، ئەو شەڕە دەکەین، ئەو جۆرە شەڕانەی دەکەین ئاوا دەبێ.

دیارە من هەموویم لەبیر نییە بەڵام بەگشتی ئەو جۆرە شەڕانە ئەکەین کە ئاوایە، ئەو جۆرە شەڕانە دەکەین کە عەرزم کردن، شێوەکەی وەك گوتم ئەوەیە کە لەمەودوا بەنەخشەو پلان بێ، یەك لەبرادەران ووتی نەخشەی مەرکەزی، شتی وابێ، زۆر باشی ئەنگاوتووە، نەخشەی مەرکەزی بەو مەعنایە نییە دەقائق و تەفاصیل دانێین، بەڵام چەند نەخشەیەکی گشتی دادەنێن تەماشای کوردستان دەکەین، چەند جێ مومکینە بگرین، دای دەنێن بە هەر مەڵبەندێك دەڵێین، دەڵێین مەڵبەندی یەک بتوانێت مەسەلەن هەڵەبجە بگرێ، بڕۆ خۆت نەخشە دانێ بۆ گرتنی ئەوێ، قەرەداغ تۆ مومکینە بتوانی سەنگاو بگری یان بڕۆ نەخشە دانێ قەرەداخ بگری، بڕۆ نەخشە دانێ ئەوە بکە، ئەوە چەند شتە گشتیانە دای دەنێن، هەروەها چەند تیپێک پێکەوە یان مەڵبەندەکان پێکەوە دایدەنێن، ئەوە بەوشێوەیە دەتوانین نەخشەی مەرکەزی دابنێین، بەڵام لەهەمان کاتدا جێبەجێکردن و تەفسیلاتی جێبەجێکردنی نەخشەکە لامەرکەزی دەمێنێتەوە، بۆ مەڵبەندەکان، بۆ تیپەکان، بۆ ئەو هێزانەی کەوا بەئیشەکە هەڵدەستن، بەجێی دێڵین ئەوان خۆیان ئەو تەفسیلاتە، لە دوورەوە ناتوانین تەفسیلاتی بۆ دابنێین، وابکە و وابکە و وابکە، لە فلاّن گردەوە بڕۆ ئەوێ، پێی دەڵێین ئەوە جێبەجێ بکە قابیلی گرتنە، ئەوەندەی هێز دەوێ بۆی کۆدەکەیتەوە، ئەوەندەی ئاربیجی و گولە دەوێ بۆی تائمین دەکەین، ئیتر خۆت بڕۆ نەخشەکە جێبەجێبکەو تەواوی بکەو بیبە سەر، لەپاشاندا تەوجیهی برادەرانی دەکەین، بەعزێ شت کە جاران دەیان کرد ئێستا نەیکەن، مەسەلەن بەردانی ئەسیر، ئیتر ئەوەنەما ئەو مەرحەلە رۆی، ڕێبازی شۆڕشمان بۆ ڕونکردەوە و بەرەڵامانکرد، ئەوەتا هەموو ئەسیرێک چ جاش بێت، چ جەیشی شەعبی، چ پۆلیس، چ سەرباز بێ، ئەبێت بگیرێت

و ببردرێت بۆ مەڵبەند، ئەوە نا ڕێبازی شۆڕشمان بۆ ڕونکردەوە و بەرماندا، یا حەقی جاشایەتی و جەیش شەعبیمان لێ سەند و بەرماندا، ئەوە ڕۆی ئیتر لەمەودوا هەموو ئەو کەسانەی کە دەگیرێن، دەنێرێن بۆ مەڵبەند، بەپێی ناویشی دەیدەین بە سەلیبی ئەحمەری دەولی و هەڵاش دەکەین ساڵی ئەوەندەش ئەسیرمان گرتووە و ئەوەندەشمان لە کنە، ئەگەر جیهاتێکی دەولیش هات، پیشانیان دەدەین و ناو ڕەسمیشیان دەنێرین بۆ دەرەوە و لە ڕادیۆش بەرنامەیان بۆ دەکەین، من کوڕی فلانی کوڕی فلانم لە لای یەکیتیی نیشتیمانیی کوردستان بەندم، ئەوا وەزعم زۆر باشە، سلاو دەکەم لە فلان و فلان ئەگەر ویستان ئەوەم بۆ کەن، وەرن بۆ فلان جێ بۆ لام، ئەوەش دەکەین.

ئەوەش گۆرینێکە لە شێوەی کارەکانمان تەجروبە دەریخست کە مومکینە لە هەندێک شوێن (دیل) بگۆڕینەوە لەگەڵ دوژمن، مەسەلەن لە مەڵبەندی یەک، لەمەڵبەندی یەک گۆرینەوەیەک کرا لەگەڵ دوژمن، نازانم ناوی چ بوو، هەڤاڵەکەمان گۆڕدرایەوە بە چەند کەسێکی دوژمن کە لە لامان بوو، مومکینە لەمەودوا، وەختی خۆی جەماعەتی (حسك) کردیان  عەقیدێکیان گرت لە رێی هەولێر، گۆریانەوە بە چەند چەکدارێکی خۆیان کە گیرابوون لەوێ، لە گەرمیان لەگەڵ کوڕەکەی قائیمقامیەتی کفری کردیان وەختی خۆی، زۆر ڕاستە، یەعنی ئەو شتانە قابیلی ئەوەشە.

مومکنە بەعزێك برادەرمان هەیە لە زیندانەکانن بچین ڕزگاریان کەین، پاشان هەروەها شێوەی کارمان شێوەی ماعامەلەشمان لەگەڵ ئەسیرەکان گۆڕا، ئەوەی پێویستە ئێوە چاودێری جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە تازەیەمان بکەن، ئەسیر کوشتن بەهەموو شێوەیەك مەمنوعە، مەنعەن باتا، بەهیچ شێوەیەك، بەهیچ نەوعێك، هیچ هێزێك بۆی نییە ئەسیر بکوژێ قەت، ئەو ئەسیرەی دەگیرێ دەنێردرێت بۆ مەڵبەند مەحکەمەی شۆڕش هەیە، لەوێ  مەحکەمە، ئەو تاوانبارە بە پێی مەحکەمەکەی جەزای خۆی دەبێت، یەعنی مەسەلەن سەدام حسین بگیرێت بۆتان نییە بیکوژن، دەبێت بنێرێت بۆ مەڵبەند، لەوێ قەراری خۆی لێ دەدا، مەسەلەن ئیلا ئەو کەسانەی مەفرەزەکان بۆیان دادەنرێ بڕۆ فلان بکوژە لە کاتی شەڕا،  چیت پێ دەکرێ، بچۆ بیکوژە، ئەوە کەیفی خۆتە لەکاتی شەڕا، بەلام کە ئەسیر بوو ئیتر کوشتن نەما، کەوتە دەستت وەك گیراو سجن دەکرێ و دەنێردرێ بۆ مەڵبەند لەوێ حساب و مەسەلەی خۆی لەگەڵ دەکا و باسی دەکات، چ

قەرارێك پێویستە ئەوە دەکا.

هەروەها پێویستە هەر لەگەڵ ووتمان کە بەرنادرێن، پێویستە معامەلەمان ئینسانی بێ لەگەڵ ئەو ئەسیرانەی دەستمان دەکەوێت، معامەلەمان وابێت کە سبەینێ بەرماندا، بچێتەوە بڵێ وەڵا کاکە شەڕی عەرەب ناکەن، شەڕی فاشستەکانی عەرەب دەکەن، شەڕی ئەو عەرەبانە ناکەن پیاوی باشن، شەڕی ئەو عەرەبانە دەکەن کە چۆن کوردستانیان داگیر کردوە، مەسەلەن ئێمە شەڕی ئەو عەرەبانە دەکەین کەهاتوون، مەسەلەن بوونەتە مستەوتەناتی مستەعمەراتی عەفلەقیان داناوە لە کوردستان، مستەعمەراتی عەفلەقی ئەو دیهاتانەی کەوا هی کورد بووە، کوردیان لێ دەربەدەر کردوە هاتونە لە دێ وەکو مستەعمەراتی سەهیۆنی لە فەلەستین شتی وایان لێ داناوە بەنیازی.

١. داگیرکردنی کوردستان.

٢. زەوتکردنی زەوی و زار و کشتوکاڵی جوتیارانی کوردستان لە کوردەوە بۆ کردنی بەعەرەب.

٣. چوار چەکداریشی بەدەوری جاش هەڵدەسن، یەعنی چوار بەقەدەر جاش، چوار جار جاشن. چوار جاشن، مورەبەعیش نینە، بۆ وایە دەی باشە ئێمە جاشێکی کوردی خۆمان کە کورد بێت لە کوردستان شەڕیبکەین و بچینە سەری، ئەگەر بەر گولە کەوت، ئاخ و ئۆفی بۆ دەخۆین، ناخۆین، دەی زۆر چاکە بۆ جاشێکی عەرەبی داگیرکەری کە هاتووە ووڵاتەکەشمان، کوردستانەکەشمان لێ دەگۆڕێ، ڕوخساری دەگۆڕێ، داگیریشی دەکا، ڕەفتارێکی فاشستی.. مەسەلەن دەچەسپێنێ، وەڵا نەئاخ و ئۆفی بۆ دەکەین، نەهیچ.

ئەو سیاسەتەشمان پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە، ئێمە بڕیارماندا هەم لە ڕادیۆ، هەم لە نووسینەکانمان، ئەو مەسەلەیە دەستپێبکەین، لە ڕادیۆ دەستیپێکردوە گەر گوێتان لێ بوبێ لە قسمی عەرەبیدا، ئیتر لەمەودوا لە ڕۆژنامەکانیشماندا ئەوە دەکەین، ئێوەش دەبێت لەناو پێشمەرگەدا شەرحیکەن.

ئەوە وازهێنان لە برایەتی کورد و عەرەب، یەکیەتی تێکۆشانی کورد و عەرەب نییە، ئێمە توند توند دەست بە ئەڵقەی برایەتی کورد و عەرەب و یەکیەتی تێکۆشانی کورد و عەرەبەوە دەگرین، دیسان تەئکیدمان کردوەتەوە، هەموو جارێ لە کۆبونەوەکان مەسەلەی جەبهەی وەتەنی فراوانی عێراقی لەوکاتی هاتمە سەری لە مەسەلەی جود

و جەوقەددا بۆتان باسدەکەم، بەڵام لێرەدا ئێمە و ئەوانە، ماهیەتی کۆنە پەرستانە و ئیستیعماریانەی ئەو موستەعمەرانە دەخەینە بەرچاو، زەمانی ئەوە هاتووە بیخەینە بەر چاو، ئەوە ماهیەتی برایەتی، ئەوە عەرەبێک نییە هاتبێتە سلێمانی دابنیشێت، سەرچاوان هەر برا عەرەبێک پێیخۆشە بێتە خەتێ دانیشێ، بابێ دانیشێت لە تەئریخی میللەتی کورددا زۆر ماڵە عەرەب لە کوردستان ژیاون، زۆریش حورمەتیان لێ گیراوە، من لە بیرم دێ لە کۆیە چەن ماڵە عەربێکی لێ بوو، وەکو عەبد جاسم و ئەوانە، زۆر زۆر خەڵکی حورمەتیان دەگرتن و پیاوێکی موحتەرەم و قسە خۆش بوو، هەموو کۆیە (عەبد جاسم)یان خۆشدەویست، کاکە ڕەوفیش لە بیریەتی زۆر چاکیش، کەس ئەوەی پێ ناخۆش نییە، بەڵام ئەوجارە وا نەهاتوە بۆ میوانداری، هاتووە وەک داگیرکەر هاتووە، وەک ئەوەی کوردستان تەعریب بکات، هاتوە وەکو ئەوەی کەوا هێزی چەکدارە، هەر کوردێک قسەی کرد سەری پان بکاتەوە، هاتووە ئەوەی زەویوزاری جوتیاری کوردستانە داگیری بکات، ئێمە هەزار خوا خوامان بوو زەویوزاری جوتیاری کوردستان لە دەرەبەگ بسەنرێنەوە، کەچی ئەم هاتوە داگیری دەکات، ناهێڵێت جوتیاری کوردستان لەو دێهاتانە کار بکات، یان هاتووە مەسەلەن کەرکووک تەعریب دەکات، ٣٠٠٠ کورد.. نازانم ٣٢٤٠ چەند لە شەریکەی نەوت دەرکراوە، ٣٢٤٠ کرێکاری ڕەنجدەری کورد دەرکراوە، چەندین ساڵە لەوێ ئیشی کردووە و دەردەکرێ، خەڵکیکە دێتە جێی خۆ زوڵم لە دەرەبەگی کورد نەکرا، لە سەرمایەداری کورد نەکرا، بە پێچەوانەوە تەماشاکەن حکومەتی داگیرکەر لە کاتێکدا کە زوڵمێکی زۆر دەکا لە کرێکار و جوتیارانی کوردستان، خۆیشی بە سۆسیالیست لە قەڵەم دەدا، خۆیشی بە یارمەتیدەرێکی زۆری سەرمایەدار و دەرەبگەکانی کوردستانی داوە، دەرەبەگ هیچ لە عەرەبستان نەماوە، لە کوردستان ژیاوەتەوە، چەندین ئەنوەر سەگ و عەباسی بایزی تەڕەماش ئاغا و نازانم چی، ئەوانە هەمووی دەوڵەمەند کران و قەڵەو کرانەوە، دەرەبەگی زەمانی قەدیمیش، رەشید بەگی باپیریشی نەهاتووە وەکو ئەنوەربەگی بێتواتەی زوڵم و زۆری لە خەڵك بکات، باڵو ئاغاش نەیتوانیوە ئەوە بکا کە ئێستا عەباسی نەوەی دەیکات، بەهۆی چییەوە، بەهۆی حکومەتی عێراقەوە، تاقمێك سەرمایەداری مشەخۆری چڵکاوخۆر پەیدابوون لە کوردستان، وەڵڵا زەرەریان لەحکومەت نەکردووە، کێ زەرەری لێکردوە جوتیارێکی قوربەسەر کە لەدێکەی، کرێکارێکی قوربەسەر

كه‌ له‌سه‌ر ئیشه‌كه‌ی ده‌ركراوه‌، بۆیه‌ ته‌ماشاده‌كه‌ین ئه‌م مسته‌عمه‌راتانه‌ له‌ چه‌ند لایه‌كه‌وه‌ خه‌ته‌ره‌ له‌سه‌ر نه‌ته‌وه‌ی كورد، له‌به‌رئه‌وه‌ ده‌بێت ئێمه‌ هه‌ڵیانكه‌نین به‌ هه‌موو شێوه‌یه‌ك ده‌بێت هه‌ڵیانكه‌نین، به‌ وشیاركردنه‌وه‌، به‌ بانگه‌واز، به‌ لێدان، به‌ تاڵكردنی ژیان لێیان، كوردستانیان لێبكه‌ین به‌ جه‌هه‌نه‌م، نه‌توانن تیایدا بمێننه‌وه‌، ئه‌وه‌ش شێوه‌یه‌كه‌ له‌ شێوه‌كان، شه‌ڕمان گۆڕاوه‌ به‌ هه‌موو نه‌وعێك.

بێینه‌ سه‌ر مه‌سه‌له‌یه‌كی تر، ئه‌ویش ئه‌وه‌یه‌ كه‌ شه‌ڕ خستنه‌ ناو شاره‌كانه‌، شه‌ڕی ناو شاره‌كان، ده‌بێت به‌چه‌ند شێوه‌یه‌ك بێت بیكه‌ین، یه‌كێكیان ئه‌وه‌یه‌ وه‌كو باستان كرد مه‌فره‌زه‌ی تایبه‌تی دروست كه‌ین له‌ شاره‌كان، به‌ دزی ئیش بكه‌ن، ئه‌و مه‌فره‌زانه‌، به‌ڕاستی ده‌بێ ئه‌وانیش چه‌ند نه‌وعێك بن، نه‌وعێكیان زۆر زۆر نهێنیه‌، ئینسانی ئیعتیادیه‌، مامۆستایه‌ له‌مه‌كته‌ب، یا دووكانداره‌، یا كرێكاره‌، یا مه‌ئموره‌، به‌ رۆژ قیتوقۆز دانیشتووه‌ له‌ نادیش قسه‌ده‌كات، له‌كاتی خۆی ئیشه‌كه‌ی خۆی ده‌كات و ده‌چێته‌وه‌ ماڵه‌وه‌، ئه‌وانه‌ زۆر زۆر ئیش هه‌یه‌ پێیان ده‌كرێ، شه‌رت نییه‌ ئێوه‌ له‌ ئیشی شار هه‌روا تێبگه‌ن، ته‌ق ئه‌وه‌ بكوژن جاسوسه‌، زۆر كار هه‌یه‌ ده‌كرێ له‌ شاردا وه‌كو فڕاندنی نۆكه‌رانی دووژمن، ئه‌سراڕیان لێ وه‌رده‌گرین بۆ ئه‌وه‌ی بزانین شه‌به‌كه‌ی جاسوسی چییه‌ له‌ ناوماندا، وه‌كو ته‌قاندنه‌وه‌ی ده‌بۆی فیشه‌ك و تفه‌نگی دوژمن له‌ ناوشاره‌كاندا، وه‌ك ته‌قاندنه‌وه‌ی مه‌ركه‌زه‌كانی پۆلیس، جه‌یشی ناشه‌عبی، عه‌سكه‌ر و ئه‌و شتانه‌، وه‌كو به‌عزه‌ وه‌رشاتی ته‌صلیحی سه‌یارات، ئه‌و شتانه‌ی كه‌ پێویسته‌، لێره‌دا ته‌بعه‌ن پێویسته‌ بڵێین چه‌ند شتێكمان پێویسته‌، به‌ پێچه‌وانه‌ی ره‌ئه‌كه‌ی كاك ئه‌حمه‌د ئه‌وه‌مان قه‌ده‌غه‌كرد، وه‌ك مه‌سه‌له‌ن ته‌قاندنه‌وه‌ی كارگه‌كانی كوردستان، كارگه‌كانی كوردستان یه‌كێكه‌ له‌ هه‌یئه‌كانی ئیقتیسادی موجته‌مه‌عی خۆمان و زۆر كرێكاری خۆمان ئیشی تێدا ده‌كه‌ن، ئێستا مانه‌وه‌یان باشتره‌ له‌وه‌ی كه‌ ئێمه‌ هه‌ڵیته‌كێنین، به‌ تایبه‌تی ئه‌وانه‌ قازانجێكی زۆری نییه‌، ئه‌وه‌ی قازانجی زۆر ده‌دا به‌ حكومه‌ت نه‌وته‌، چ پێمان بكرێ ده‌یكه‌ین، هه‌مووی بته‌قێنینه‌وه‌، نیوه‌ی بته‌قێنینه‌وه‌، بۆریه‌ك بته‌قێنینه‌وه‌ ده‌یكه‌ین، به‌ڵام ناچین مه‌عمه‌لی سه‌رچناری سلێمانی بته‌قێنینه‌وه‌، بۆ..؟، چونكه‌ كارێكی ئه‌وتۆ ناكاته‌ سه‌ر حكومه‌ت، ناچین كاره‌با بته‌قێنینه‌وه‌، چونكه‌ كاره‌با ئه‌سڵه‌ن كارناكاته‌ سه‌ر رژێم، چونكه‌ رژێم یه‌ك شه‌به‌كه‌ی موته‌كاملی كاره‌بای هه‌یه‌ له‌ عێراق، گه‌ر هه‌موو كاره‌باكه‌ی دووز،

یاخود هەموو کارەباکەی دوکان بکوژێنینەوە، ڕەبتی مەکینەکان بەیەکەوە پەکی ئەوە ناخات کە ئیشەکەی خۆی لە مەنتیقەی خۆی بڕوات، مەسەلەن دەچین لە چوار قوڕنە دەیتەقێنینەوە، خەڵکی چوار قوڕنە پرتە و بۆڵەیان لێوە هەڵدەستێت، تاریکدادێ ئیشیان ناڕوا، ئەوە کار ناکاتە سەر حکومەت، ئەو بەعزە شتانە ناکەین، ئەوە کاردەکاتە سەر نەخۆشخانە، کاردەکاتە سەر ژیانی خەڵک، هیچ ئیستیفادەیەکی نییە بۆ خۆمان، بەڵکو بۆ دوژمن مومکینە ئیستیفادەی لێ بکا لە ئیستیاء دروستکردن لەگەڵمان، لە زدمان، لەناو کۆمەلانی خەڵکی خۆماندا، ئەوانی تر، شتەکانی تر، هەرچیمان لە دەس بێ دەیکەین، شەڕی ناوشار شتێکی تریش دەگرێتەوە، ئەویش ئەوەیە جار هەیە بۆ وروژاندنی شار، جار هەیە بۆ ڕاپەڕاندنی شارە، مەسەلەن لە بیرتان بێ وەختی ڕاپەڕینەکەی ساڵی پار نا پێرار کردمان لە کوردستان، خۆتانیش باش دەزانن، وابزانم هەندێکتان تێیدا بەژداربون، مەسەلەن زۆر باشتان لە بیرە چۆنمان کرد، یانی چۆن یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان نەخشەی دانا و برادەرانی خۆمان کەوتنە کار، بە هێزی ناو شار و ڕێکخستن و هێزی پێشمەرگە هەڵمان گیرساند، دوایی جەماعەتی جود دەیانگوت، ئەمە بە فیتی جەماوەرە، جەماهیری بووە، عەفەویی بووە، ئەمە کە خۆشتان زۆر باشتان لە بیرە، ئێمە بێجگە لەوەی کە ئەوان خۆشیان لە بیریانە، چونکە ئێمە پێش ئەوەی لە ڕادیۆ ئەو بەیانە بکەین کە ئێوە قەرارتاندا و بیخوێنینەوە، پێمان گوتن، وتمان ئێمە شتێکی وا دەکەین، وتیان دەی باشە خوا مۆفەقتان کا، یانی بە دڵیان نەبوو، ئەوەبوو کە دەستمان پێکرد و سەرکەوت،لە هەولێر دەمانویست بێن لەگەڵمان شتێک بکەن، چەندی داوامان لێکردن، ئەو ئەبو حیکمەتەم دوو جاران بانگکرد، پێموت کاکە ئەوە وایە، ئێمە هێشتا بە تەنێ نامانەوێ بیکەین، ئەگەر بێن، چونکە دەبێ هەموو خەتەکانی تەنزیممان بخەینە گەڕ، ئینجا دەیکەین وەرە بیکەین، وتیان وەڵا ئێمە پێمان ناکرێ، ئەوەبوو خۆمان خستمانە گەڕ و ئەو جێیەی ئێمەی، تەنزیماتی ئێمەی تێدا زۆر بەقوەت نەبوو، یان پێشمەرگەمان لێی نەبوو، وەکو بادینان نەیانتوانی نە شارێک، نە شارۆچکەیەک، نە دێیەک، نە گوندێک، بجوڵێنن، یا ببزوێنن، یا ئیزهاریان پێبکەن، کەچی دوایی دەیانگوت نەخێر خۆمان کردومانە، پار نەمان کرد، پێیان نەکرا، پاریش پێمان گوتن، دە نایکەین، ئێوە بیکەن، بزانین پێتان دەکرێ، ئەوە دیتتان چۆن بوو، جاری وا هەیە پێشمەرگە دەچێ بۆ هاوبەشی پێکردن،

یاخود مەسەلەن هی ناو شار بۆ مەنعی ئینتیخابات، جا مەسەلەن لە بیرتانە، ئێمە داوای موقاتەعەی ئینتیخاباتمان کرد، بە تەنیا ئێمە داوای موقاتەعەی ئینتیخاباتمان کردووە، ئێمە مەعرەکەی موقاتەعەکردمان بەڕاستی بەڕێوەبرد و ڕێبەری کرد، هەرچی قیادەی موەقەتە بوو، هەم بەژداری کردوە لە خەڵک تەرشیح کردن، هەم بەژداریشی کردووە لە دەنگدان، هەم تەشجیعی خەڵکیشی دەکرد بۆ ئەوەی کە بەژداری بکەن لە دەنگدان و لە خۆ پاڵاوتن و دەنگدان بۆ خۆ پاڵاوتن، حکومەت عیزەت دووری ناردبوو لە بەغداوە دەگەڕا بەسەر شارەکاندا و هەڕەشەی دەکرد و هەموو توانای خۆی خستبووە گەڕ، مەئمور نەچێ پارەی دەبڕێ، مەعاشی دەبڕێ، فلان دەردەکرێ، کرێکار وای لێدەکرێ لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، بەڕاستی نەتیجەکەش زۆر دڵخۆشکەرە، یانی ئینتیخابات مەسەلەن شاری هەولێر بە ئەرقام شاری هەولێر ٥٧ هەزار ناخبی تێدایە، ٦٥١٠ ناخب بەژداری کردوە لە ئینتیخاباتدا، لە ڕانیەش لە ٨٦٥٠ ناخب ٣٨١ کەس چووە، یانی لە ٤.١٪ کەس چووە، لە هەمووی خۆشتر قەڵادزێیە، قەڵادزێ کە جاش تێیدا زۆر بەقوەتە گوایە، گوایە قیادە تێیدا بەقوەتە، دەرەجەی موقاتەعەی قەڵادزێ تەقریبەن لە ٩٠٪ بووە، تەقریرەکی موفەسەڵمان بۆهاتووە لەسەر ئەوەی لە  فلان مەرکەز چەن کەس چووە و لە فلان دێهاتەکان چ بووە، پێماڵك و توەسوران و بەستەستێن و ئەو جێیانە، غەیری جاش کەس دەنگی نەداوە و سەرکەوتنێکی گەورەی تێدابووە لە ئەوەدا، لە سلێمانی دەڵێن نسبەتی موقاتەعە خۆی لە (٩٥٪)دەدا هەتا مەئمور ١٧٪ بۆ ٢٠٪ی مەئمور بەژداری کردوە لە دەنگدان، جا لە کۆیە لە ڕانیە، لەو شوێنانەی کە بۆمان هاتووە دەرەجەی موقاتەعە بە دەرەجەیەکی زۆر گەورە، یان ناوچە ڕزگارکراوەکان، ئەوە کەس، هیچ کەس نەچووە، لەو شوێنانە ئەوە بووە، ئەوە خۆی لە خۆیدا دەلیلی ئەوەیە کە خەڵک چەند متمانەی بە یەکێتیی نیشتیمانییە، چەندە پێشوازی دەکا لە بانگەوازەکانی، بەڵام لە هەمان کاتدا دەوری پێشمەرگەشی تێدایە، ئەوە هێزی پێشمەرگە بەکارهات بۆ کوشتن و فڕاندن و ترساندن و تۆقاندنی ئەوانەی خۆیان پاڵاوتووە، کەواتە لە ناو شارەکاندا، پێشمەرگە بۆ ئەوەش بەکاردێنین، پێشمەرگە بۆ شتێکی تریش لە شارەکاندا بەکاردەهێنین کە ئەویش بۆ ئەوەیە کە بۆ لەمەودا هەتا ئێستا بەکارمان نەهێناوە بۆ فڕاندنی پارە.

مەخفەرەکان، بڵێین بانقەکان و ناوچەکان، ئەو جێگایانەی دوژمن لێیەتی، هەروەها

بۆ سەرمایەدارەکان، ئەوانە دەبێ ئەوەش بەکاربهێنین، ئێمە بەتەماینە کە بەڕاستی ئەو شێوەیەی لە کوردستانی ئێران بەکارهاتووە لە بەعزە شاردا تاقیبکەینەوە، بزانین لە کوردستانی ئێمەش چەند تەئسیری دەبێت و چەن سەردەکەوێ، بیگومان لە پێشەوە برادەرینە ئەو شەڕانەی کە دەیکەین هەندێ زەرەری دەبێ، مەسەلەن لە دێکاندا کە دەچی خۆت مات دەکەی لە دێیەکدا زەرەری دەبێ، بەڵام لە ئەنجامەکەیدا قازانج دەکەین و لە ئەنجامەکەیدا ئیستیاء لە دوژمن زۆر دەبێ، دیارە ئەمە بەو مەعنایە نییە کە ئێمە بەعزە جار هەیە نەتوانین بچینە دێهاتەکان نەچین.

لە دەشتەکاندا ناتوانین نەچین، مەسەلەن لە دێیەک شەڕێک دەکەین، شاخێکمان لە پەنایە و دێیەکمان لە پەنایە، با ئیسراحەتەکەی دێ تەرک بکەین، بچینە شاخ، نەچینە دێیەکە کە خەڵکی کە توش بکەین، بەڵام لەو جێیانەی کە ناکرێ، با توشی بکەین، با خەڵک بکەوێتە ناو گۆنگەڵەکەوە، با خەڵک تێوەگلێ، شەڕ بۆ خەڵکە، شەڕی خەڵکە، خۆ ئێمە بۆ خۆمانی ناکەین، لەبەر ئەوە دەبێ ئەو جێیانەش پەیداکەین و ئەو جێیانە، ئەو کاتە دەبێ پەروەردەکەن، هەم لە بۆ خەڵک، هەم لە ناو پێشمەرگەدا، ڕێبەریان بکەن بۆ ئەو شتانە دیارە دەبێ وەکو گوتم چاودێری جێبەجێکردنی سیاسەتەکانیش بکەن، لە هەموو مەسەلەکانی کە پێم گوتن و بۆم باسکردن.

فەرموو کێ قسەی هەیە دەیویست قسە بکات، کاک ئازاد دەمێکە قسەت پێیە، مامە وەکو ئەمرێك دایبەزێنن بۆ سەرتیپەکان مانگێ چەند عەمەلیاتێك بکەن..،

بەڵێ ئەوە قەرارە کولی کەرتێک بەلای کەمەوە دەبێ لە مانگێکدا دوو عەمەلیە بکات، لەمەودوا، ئەوە کرا بە قەرار، بە شەرتیش بۆ تەرقیە، یانی یەکێک دەکرێ بە ئامر مەفرەزە، دەبێ چەن شەڕی کردبێ، یەکێ کە دەبێ بە ئامر کەرت، دەبێ چەند شەڕی کردبێ، یەکێ کە دەکرێ بە جێگری فەرماندەی تیپ، دەبێ چەند شەڕی کردبێت، یەکێ کە دەبێ بە فەرماندەی تیپ، دەبێ چەند شەڕی کردبێت، ئەوەندەی شەڕ نەکردبێ، ناکرێ لەمەودا، ئەمەش کرا بە قەرار، ئێستا دەفتەرەکەم لە کن نییە، بەڵام نسبەتەکەی وابزانم ئاوایە، هەر کەسێک هەرگیز دوو شەڕی نەکردبێ، نابێتە فەرماندەی مەفرەزە، بەلای کەمەوە چوار شەڕی نەدیبێ، ناکرێتە فەرماندەی کەرت، بەلای کەمەوە هەشت شەڕی نەکردبێ، ناکرێتە جێگری سەرتیپ، بەلای کەمەوە دە شەڕی نەکردبێ، ناکرێتە سەرتیپ، یانی ئەوە

شەرتە بۆ تەرفیعکردن و بۆ ئەوە کردن لەمەودوا، ئەوە دانراوە، کولی کەرتێکیش مانگی بەلای کەمەوە دوو فەعالییە دەبێ بکا

پێشمەرگەیەکی دیکە بۆ مام جەلال: شەڕەکەش هەر شەڕێکی شکڵی نا مەسەلەن. مام جەلال: نا شەڕ دەبێ شەڕبێ، مەرحەلەی شەڕی فیکری نەما، بە خەستی سەنگەری بۆردومان کرد و ترومبێلی گرت و ئەو قۆناغە نەما، ئەو بەشە حساب ناکرێ، ئیتر لەمەودوا هەتا ئێمە بەعزێ، لەمەودوا بە فەرماندەی تیپەکان دەڵێین فیشەکیش نەدەنەوە بەو پێشمەرگانەی کە بە خەستی سەنگەری نازانم چی بۆردومان ئەکا، شتی وا نییە هەتا فیشەک دانەوەش بۆ ئەو شتانە، دەبێ کە ئینتاج و بەرهەمی دەبێت.

فەرموو.. (پێشمەرگەیەکی تر قسە دەکات: تەبعەن لەسەر دیاریکردنی فەرماندەی مەفرەزە فەرمانت دەرکرد، ئەوە بۆچونێکی باشە کە ئەو کەسەی دەکرێتە فەرماندەی مەفرەزە لە چەند شەڕدا بەژداری کردووە، بەڵام بە ڕەئی من دەبێ هەورازبێ بۆ جێگری تیپ یاخود بۆ سەرتیپ، پێویستە ئەوە ڕەچاو بکرێت، ئاخۆ لە چەند شەڕی وەکو کەرتدا، مەسەلەن سەرپەرشتی کردووە و تێیدا سەرکەوتوو بووە.

مام جەلال: ئێمە مەبەستمان ئەوەیە کە دەڵێین شەڕی کردبێ بەو مەعنایەی نا کە بچێ تەقە بکا، یانی یەکێ کە دەبێتە مەسەلەن لە ئامر مەفرەزەوە دەبێتە ئامر کەرت، چەند جار مەسەلەن لەڕێگەی خۆی شەڕی بە مەفرەزەکەی خۆی کردبێت و بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە، ئەگەر نا لە دەفتەری حسابات پێی دەڵێین نییە، مەسەلەن دوو کەس هاتن هەردوکیان دەکەینە سەرتیپ، یەکێکیان شەش شەڕی سەرکەوتوانەی بە مەفرەزەکانی خۆی کردووە، یەکێکیان چوار شەڕی سەرکەوتوانەی بە مەفرەزەکانی خۆی کردوە، ئەوەی شەشەکەی کردوە، ئەویان دەکەینە فەرماندەی کەرت، مەسولی کەرت، نەک ئەوەی چواری کردووە، یانی ئەوە تەمیز دەبێت لە بۆ ئەوەی هینی هەبێت، مەعلوم سەرەڕای ئەوانەش نەک ئەوانە، سەرەڕای ئەوە یانی ئەوە تاکە شەرت نییە، هەتا ئێستا حساباتمان بە نەوعێکیکە بووە، بەڵام حساباتی ئێستامان جیاوازە، ئەوە حەوت ساڵ تێپەڕی، ئیتر لەمەودوا نەوعێکی تر حسابات ئەکەین ئەو زەمانە ڕۆشت.

# نەخشە ڕێگای شەڕی پێشمەرگانە

هەنگاوە پراکتیکیەکانمان لە نەخشەکانمان چۆن دایدەنێین و چۆن دەیگونجێنین لەگەڵ ئەو قانونە گشتیانەی شەڕی پێشمەرگە کە لە تاقیکردنەوەی خۆشمان و گەلانی تریشدا دەرکەوتون کە پێویستن و ڕاستن، لە پێشەوە دەمەوێ باسی ئەوە بکەم کە هەندێ لە برادەران باسی ئەوەیان کرد کە پەلە بکەین لە سەرکەوتن، لە ڕزگارکردنی شار و شەڕی ناوشار کەوا زوتر ڕزگار بکرێ، بە ڕەئی من ئەو بۆچونە ڕاست نییە، ئەوە لەوەوە هاتووە کە ئێمە نازانین یان ئەو برادەرەی کە نازانێت شەڕی ئێمە، شەڕی پێشمەرگانەی ئێمە، چ جۆرە شەڕێکە، لە دونیادا چەند جۆرە شەڕێکی پێشمەرگانە هەیە، شەڕێکی پێشمەرگانە هەیە کە بۆ وەڕەزکردنی دوژمن و ناچارکردنی، بۆ ئەوەی کە دوژمن ناچار بکەی و وەڕەسی بکەی، ئەوەندەی زیان لێبدەی وای لێ بکەی کە مافەکەت بۆ بسەلمێنێت و بۆی دەرچیت، شەڕێکیش هەیە، شەڕی شکاندنی دوژمنە لە کۆڕی خەباتدا، لە مەیدانی جەنگدا، نموونەی ئەو شەڕەی یەکەم باسمکرد، وەکو شەڕی جەزائیرە لەگەڵ فەڕەنسا، یان شەڕی ڤێتنامە لەگەڵ ئەمریکا، مەسەلەن شەڕی ڤێتنام لەگەڵ ئەمریکا، یا شەڕی جەزائیر لەگەڵ فەڕەنسا، ئەوە نییە کە حکومەتی فەڕەنسا بشکێنی و جەزائیری چەکی لێ بکاتەوە و چەکی لێ داماڵێ و لەشکرەکەی ئەسیر کات و یا تەفر و تونای کات و خۆی وڵاتەکە بگرێ، بەڵکو ئەوەبوو، یاخود ڤێتنامیش هەر ئەوە نەبوو کە لەشکری ئەمریکا بشکێنێت و لە مەیدانی شەڕدا ئەسیری کات و چەکی لێ بکاتەوە و دەری بکات، بەڵکو ئەوەبوو کە ناچاری بکات بکشێتەوە لە وڵاتەکەی، وەڕەسی بکات، وای لێ بکات کە زەرەر و زیانەکانی مانەوە لە شەڕ لەگەڵ دژی ئەو گەلە، درێژەدان بەو شەڕە، دژی ئەو گەلە زۆرتربێت زۆر زۆر لەو ئومێد و هیوایەی هەیەتی بە قازانج وەرگرتن لەوە، لەبەر ئەوە ناچار دەبێت وڵاتەکە بەجێبهێڵێت، مەسەلەن جەزائیر کە خەباتی خۆیان گەیاندە قۆناغێک کە حکومەتی فەڕەنسا یا بۆرژوازی فەڕەنسی لێکیدایەوە کە مانەوەی لە جەزائیر، درێژەدان

بەشەڕ زۆر زۆر زەرەر و زیانی زۆرترە لەوەی کە مافی جەزائیر بسەلمێنێت و پەیوەندیەکی تری لەگەڵدا دروست بکات، بۆیە ناچار ملی کەچکرد و جەزائیری بە جێهێشت و مافی چارەنوسی جەزائیری سەلماند، یا مەسەلەن ئەمریکا لە ڤێتنام، ئەمریکا لە ڤێتنام بەو شێوەیە نەشکێندرا کە ئەمریکا و جەیشی ئەمریکا ئەسیر بکرێ و تەفرو و توناکرێ و بیگرن و دەرکرێ لە ولاتەکە، بەڵکو وای لێکرا کە شەڕی ڤێتنام بوو بە بارێکی قورسی ئەوتۆ لەسەر گەلی ئەمریکا، لەسەر ئیقتسادی ئەمریکا، لەسەر سیاسەتی ئەمریکا، لەسەر جەیشی ئەمریکا کە چونە دەرەوەکەی باشتربوو لە مانەوە و درێژە پێدان بە شەڕکردن دژی خەڵکی ڤێتنام.

جۆری دووەمی شەڕەکە، ئەوەیە کەوا شەڕێکی ناوخۆیی ئەوتۆ درێژە دەکێشێت کە لەشکری شۆڕشگێڕی زیاد دەکات و پەرە دەسێنێت، تا وای لێدێت دەگاتە ئاستێک لەشکری کۆنەپەرست، پاشان زاڵدەبێت بە سەریدا، پاشان دەیشکێنێت، وەکو مەسەلەن ئەو شۆڕشەی چین کە لەشکری شۆڕشگێڕانی چین ئەوەڵجار کەمبوو، شەڕی پێشمەرگانەی دەکرد، لەشکریان کاتێک گەلێک زۆر بوو، بە مروری زەمان وای لێهات کە دوای چەندین شکست و نوشست و هەڵسانەوە و هەڵچون و نیشتنەوە، وای لێهات کە لەشکرەکەیان گەیشتە ئاستی لەشکری نیزامی، ئەنجا شەڕی جەبهەوی، ئینجا زاڵبونی لەشکری سور بەسەر لەشکری ڕەشدا و بەسەر لەشکری سپیدا و شکاندنی تا ڕزگارکردنی هەموو چین لەدەستیان، یاخود کوبا کە وردە وردە لەشکری شۆڕشگێڕەکان بە سەرۆکایەتی ڤیدڵ کاسترۆ لەشکری پاتێستای تێکشکاند، چوو شارەکانی گرتەوە لە لادێوە، ئەنجا ئێمە پێویستە بزانین کە شەڕی ئێمە، شەڕی پێشمەرگانەی ئێمە کام نەوعە، شەڕی پێشمەرگانەی ئێمە، ئایا لەو نەوعەیە کە ئێمە بەتەماینە لە دوارۆژدا لەشکرەکەمان وا زۆربێت تا بەهێزبێت و بچین بەغدا بگرین و جەیشی عێراقی لە مەیدانی شەڕا بشکێنین، یا شەڕی ئێمە ئەوەیە کە بە درێژەپێدانی شەڕی پێشمەرگانەی خۆمان وای لێبکەین وەڕەسیکەین، هەراسانی کەین، ناچاری بکەین کە مافەکەمان بسەلمێنێ، بە ڕەئی من شەڕی ئێمە شەڕێکە، نە وایە نە وەک ئەوی تر، یانی شەڕێک نییە کە ئەو شەڕە بێت کە ئێمە بەتەماینە لەشکری عێراق بشکێنین لە مەیداندا و چەکی لێ بکەینەوە و بچین بەغدا بگرین، نە ئەو شەڕەشە کە هەر بۆ هەراسانکردن بێت، ئەوە بە پێی جۆری

شیعارەکانمان دەگۆڕێ، ئەگەر ئێمە شۆڕشەکەمان ببێتە شۆڕشێکی عێراقی و هێزە عێراقیەکانی تریش لەگەڵمان بەژداربن و بە تەواوی ببێتە شۆڕشێکی عێراقی ڕاستەقینە بە تەواوی ئەوانیش بەژداربن، شۆڕشەکەمان دەبێتە شۆڕشی نەوعی، وەکو چین و کوبا کە لە ئەنجامدا دەبێ وابکەین، کارێک بکەین کە لەشکری عێراق بشکێنین، ئەگەر لەشکری عێراقیش نەشکێنین، وابکەین کە شارە گەورەکان ڕاپەڕین بکەن، وەک ئەو ڕاپەڕینەی کە حکومەتی شای پێ ڕوخا تێیدا ڕوبدا کە بەغدا بگیرێ و پایتەخت بگرین کە کوردستانیش دەوری ئەوە بێت کە زەمینە خۆش بکات بۆ ئەو ڕاپەڕینە، هەر بۆیە ئێمە لەو فەترەیەدا کە شۆڕشەکەمان بە شۆڕشێکی عێراقی دادەنێین، هەر لە سەرەتاوە ئەو تێزەمان هێناوەتە کایەوە کە شۆڕشی عێراقی بە دوو قۆناغدا دەڕوات، قۆناغێکیان شەڕی پێشمەرگانەیە لە چیاکانی کوردستاندا کە دەبێتە هۆی دروستکردنی لەشکری هێزی پێشمەرگە و دروستکردنی تەنزیمات لە شارەکان و هەڵسانەوەی وەرەی خەڵک و گەندەڵکردن و کلۆرکردنی ڕژێم و زیادکردنی تەنگ و چەڵەمەی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و سازدانی زەمینە بۆ ڕاپەڕینی چەکدارانەی کۆمەڵانی خەڵکی عەرەبیش لە شارە گەورەکانی عێراقدا، ئەمە کە قۆناغی دووەمیەتی، یانی قۆناغی شەڕی پێشمەرگە لەگەڵ ڕاپەڕینی چەکدارانەی شارەکانی عێراق، ئێمە ئەو ستراتیجەمان پێشکەش کردووە، ئەو دیدەمان پێشکەش کردوە بۆ شۆڕشی ئەوجارەمان و ڕوداوەکانمان وادەریدەخات کە ئەوە ڕاستبێت، یانی تا ئێستا ئێمە لە شەڕی پێشمەرگانەمان بەتەمای ئەوەنین بچین شارەکان بگرین، بچین لە پاش گرتنی شارەکانیش بچینە بەغدا، ئەگەر هێزی پێشکەوتنخوازی عەرەب و گەلی عەرەبمان لەگەڵ نەبێ، هێزی کرێکاران و ڕەنجدەرانی عەرەب ڕانەپەڕن، ئەوە بە ئێمە ناکرێ، بە هێز و توانای گەلی کورد ناکرێ، هیچ نەبێ لە ڕوی ئەوەوە هەم لە ڕوی ژمارە و هەم لە ڕوی توانا و هەم لە ڕوی جۆری شەڕ و شێوەی چەک کەمترین لە دوژمنەکەمان، ئەوە بەو مەعنایە نییە کە شارەکان ئەهمیەتیان نییە، شەڕی شار هەم کاک ئازاد و هەم کاک جەمال بە شێوەیەکی نادروست هێنایانە کایەوە، شەڕی شار ئەوە نییە کە ئێمە بچین شار بگرین و لێیدانیشین و شارەکە بکەینە پایتەختی خۆمان، نە شەڕی شار وەک کاک شوان گوتی وایە، شەڕی شار دوو شێوەی هەیە، شەڕێکیان ئەوەیە کە چەند ڕۆژێک تێیدا شەڕ بکەیت بۆ ئەوەی دوژمن بشڵەژێنیت بۆ

ئەوەی دەسکەوتت لێی هەبێ و خەڵکی لێ بکوژێ و نەهێڵی هەموو هێزەکانی تەرخان بکات بۆ لادێ، ئەوە دەکرێ، تەجروبەی کوردستانی ئێران دەریدەخات کە ئەم جۆرە شەڕە دەکرێ، مەسەلەن دەچنە مەهابات شەو و ڕۆژێک لە مەهاباد دەمێننەوە و شەڕ دەکەن لە کۆڵانەکان، دوژمن بۆیان دێ،بۆ ئەوەی دوژمن نەچێتە سەنگەری پۆڵاین و چیمەنتۆوە، لە کۆڵان لێی ئەدەیت و دەشیکوژیت و چەکیش دەگری و دێتە دەرەێ، ئەوە شێوەیەکە لە شێوەی هێنانە دەرەوەی دوژمن لە ئەوەی بە ئیستیلاحی قەدیم پێی دەڵێن هێنانە دەری کەمتیار لە کونێ، یانی لە جیاتی ئەوەی کەمتیار لە کوندابێت، وردە وردە ڕایدەکێشیت و دەیهێنیتە دەرێ، کەمتیار لە کون دێنیتە دەرێ تا ڕاویکەیت، مەسەلەن ئێستا ئێمە بمانەوێ بچینە سەر ئەو سەنگەرانەی دوژمن چەندین ساڵە بە چیمەنتۆ قایمی کردون و گرتویەتی و خۆی تیادا قایم کردوە و ئەنواعی چەکی تیاداداناوە و ئەنواعی ئەڵغامی بۆ داناوە زۆر زەحمەتە، بەڵام ڕاییکێشین و لەو کونانە بیانهێنیە دەرەوە و داوێکی وای بۆ دانێینەوە و بێتە دەشت و بێتە شاخ و ئێمە خۆمان لەو قایمتر لێیدەین، هینەکە بە پێچەوانەوە وەردەگێڕینەوە، لە جیاتی ئەو دامەزرابێ، ئێمە دامەزراوین و لە جیاتی ئێمە بکەوینە بەیار، ئەو دەکوێتە بەیار و دەشت و بۆمان هەڵدەکەوێت و لێیدەین، ئەوە یەکێ لە شێوەکانە کە بچینە ناو شارەکان، ئێمە دوژمن ڕادەکێشینە کۆڵانەکان، ئێستا کە لە ناو مەعەسکەر و جێ قایمەکانی خۆیان دەری دێنین، کە دەزانێ ئەها لە فلان جێ تەقەیە، دوژمن دێ، یاخود مغاویر دێ، یاخود مسەلەحەی نازانم چی دێ و پۆلیس و ئەوانە دێ و دەکەوێتە کەمینەوە، دەکەوێتە ڕوبەڕووی تۆوە، لە کۆڵانەکان تۆ داوت بۆ هەڵداوە و لە عەینەن کاتیشدا داوت بۆ ناوەتەوە و دەکەوێتە ناو داوەکەوە و لێی دەکوژی و لێی دەگری و چەک و دەسکەوتت لێی دەبێ، ئەمە یەکێ لە شێوەکانە، شێوەی دووەمیان، ئەوەیە کە کاک شوان باسی کرد، تۆ مەسەلەن دێی شارێک دەگری، بۆ ئەوە نییە لێی دانیشی و لێی بمێنیتەوە، زیاتر بۆ ئەوەیە ئەو کەلوپەل و چەک و فیشەک و پارە و چاپەمەنی و نازانم تەلەفۆن و دەرمان و شتی تێدایە، لەگەڵ خۆت بیفڕێنی و بێیتە دەرێ و بەجێی بێڵیت، لێرەدا سەرنجتان بۆ ئەوە ڕادەکێشم، یەکێک لە شتە ئەساسییەکانی شەڕی پێشمەرگانە، یەکێ لە قانونە ئەساسییەکانی شەڕی پێشمەرگانە، پاراستنی هێزی پێشمەرگەیە، نەک ناوچە، نەک ناوچەی هێزی پێشمەرگە، یانی لە قانونی ئێستادا،

یەکێک لە قانونە گرنگەکانی شەڕی پێشمەرگانە، ئەوەیە کە ئێمە هەوڵبدەین هێزی پێشمەرگە بپارێزین نەک ناوچەکان بپارێزین، ناوچەکان مومکینە بە جێیانبهێڵین، لەو ناوچە ڕادەکەین بۆ ئەو ناوچە و دێینەوە جارێکیکە و دەڕۆینەوە جارێکی تر، بەڵام ناتوانین تەزحیە بدەین بە هێزی پێشمەرگە کە هێزی پێشمەرگە نەما و فەوتا، شۆڕشەکە تەواو دەبێت، بەڵام کە ناوچەیەک نەما، ناوچەیەکی ترت لێ گیرایەوە، شۆڕش تەواو نابێت، ئەو نوقتەیەمان دەبێ لە بیر نەچێت کە هەمیشە لە بەرچاومان بێت، لەبەر ئەوە مەسەلەی نەگواستنەوە یان گرتنی شار بەو شەرتەی چۆڵی نەکەین، ئەوە غەڵەتە، ئەوە نە لەگەڵ قانونی شەڕی پێشمەرگانە بەکاردێ، نە لەگەڵ مەنتقی هیچ شەڕێک لە دنیا بەکاردێ، هیچ شوێنێک نییە قابلی گرتن نەبێ لە دنیادا، تەنانەت پایتەختی دەوڵەتەکانیش گیراون و تەنانەت زۆر جار بووە دەوڵەتێک پایتەختەکەی گیراوە، ناچاربووە بچێتە لایەکی دیکە، هەر نەشکاوە، مەسەلەن ناپلیۆن: وەختی خۆی ناپلیۆن هەموو ئەوروپا و ڕوسیاشی گرت، تەنانەت مۆسکۆشی گرت، ڕوسەکان مۆسکۆشیان سوتاند لەبەر ئەوەی سودی نەبێ بۆیان، دواتر هاتنەوە و دەریانکردەوە و ناپلیۆنیشیان شکاندەوە، لە زەمانی هیتلەر؛ هیتلەر پارچەیەکی زۆری لە ولاتانی سۆڤیەت گرت، بەڵام دوایی لەشکری سور هاتەوە و شکاندیەوە، لەبەر ئەوە ئەو مەسەلەیە لە شەڕی پێشمەرگانەدا هەر قەت، لە شەڕی تری ئەو سەردەمە هەر قەت وارید نییە کە بڵێین ئێمە دێیەک دەگرین، هەتا سەر پێمان بپارێزرێ، نەخێر ئێمە چ جێیەکمان پێ ناپارێزریت، ئەو (خەتێ)یەی ئێستا ئێمە لێی دانیشتوین، حکومەتی عێراق بیەوێ تەرکیزی لەسەر بکات بە حەفتەیەک نا مانگێک دەیگرێ و دەریشمان دەکا و ڕاویشماندەنێ بۆ شوێنێکی تر، ئەو ناوچەیەی دوو سێ ساڵە لێی دانیشتوین، ئەگەر حکومەتی عێراق تەرکیزێکی گەورەی لەسەربووایە بەدرێژایی ساڵێک هێرشی هێنابا دەیشکاندین، هەر فیشەک لێبڕان دەبووە هۆی ئەوەی کە جێی بێڵین و بڕۆین، لە شەڕدا جێیەک نییە نەگیرێ بۆ هێزی پێشمەرگە تا ئەو ڕۆژەی کە هێزەکانی شۆڕشگێڕان لەگەڵ هێزی کۆنەپەرستان وەکو یەکی لێبێت لە ڕووی چەک و تەقەمەنی و ژمارە و ئەو شتانەوە کە ئەوکاتە پێی دەڵێن مەرحەلەی تەعادولی هێزەکان، ئەو وەختە زاڵی هۆی مەعنەوی و چۆنایەتی دەبێتە سەبەبی کە بڵێم مەناتیقمان هەبێ لە گرتن نەیەت، بەڵام ئێمە شارەکان بۆ ئەوە، هیچ شارێک بۆ ئەوە ڕزگارناکەین یا هیچ

ناوچەیەک، هیچ شوێنێک بۆ ئەوە ڕزگار ناکەین کە قەت قەت بەجێینەهێڵین، یانی مەسەلەن بڵێین، ئێمە ئێستا ئێرە ناوچەیەکی ڕزگارکراو ئەگەر هاتوو شوێنێک..، مەسەلەن شەڕێکمان کرد، بڵێین خەلەکانمان گرت، خەلەکان بۆ ئەوە ناگرین، تەلاًقی لەسەر بخۆین، هەتا ئاخیر پێشمەرگەی لەسەر بەکوشت ئەدەین، ئەنجا ئێمە خەلەکان بەجێ ناهێڵین، هیچ وانییە، هەر مومکینە ئەمشەو بیگرین و سبەی تێیدا بمێنینەوە، شەوی دووەم کەلوپەلەکان باربکەین و تێیدا بڕۆین و خودا حافیزمان بێت، ئەوە شێوەی شەڕی پێشمەرگە، قانونی شەڕی پێشمەرگانەیە لە بەکارهێنانی لە شەڕەکاندا، ئینجا گۆڕینی شەڕەکانیشمان، یاخود بە عیبارەتێکی تر و ڕاستر و وردتر، گۆڕینی شێوە و جۆری شەڕەکانمان لە شەڕی پێشمەرگانەدا، پێویستە دائیمەن حسابی ئەوە بکەین، وەکو ستراتیژ و تاکتیک پێکەوە گرێدرابن نەک هەروا بە کاک محەمەدی بەبێ لێکدانەوە و هەروەها لە خۆوەو و بەپێی ویستی تایبەتی بێت، ئێمە دەبێت بزانین شۆڕشیش ڕوداوێکی کۆمەڵایەتیە، جەرەیانێکی مێژووییە، وردە وردە ئەویش گەشەدەکا و پێ دەگاو دەسپێدەکا و دوایی دێ وەکو ئینسان، چۆن ئینسان لە دایک دەبێت و دوایی گاگۆڵە دەکا و دەڕوا و کامڵ دەبێ و دوایی پیر دەبێ، دوایی دەمرێ و خواحافیزی و دەڕوات، عەینەن شت شۆڕشیش وایە، ئەوە ڕوداوێکی کۆمەڵایەتیە، ئەوەڵ جار دەسپێدەکا، وەک شۆڕشی ئێمە مەسەلەن ئەوجارەی کە کردمان بە شێوەی مەفاریزی بچکۆلە و وشیارکردنەوە و کەم.. کەم دەستوەشاندن، دوای ئەوە پەرەدەسەنێت بۆ خۆ ناساندن و تەق و تۆقی ئەوتۆ دەکا کە هەلاًی لێوە ببێ، بۆ..؟، هەتا بزانن هەیە و شۆڕش بووە و میللەت مەعنەویاتی هەڵسێتەوە و دوایی دەگاتە قۆناغی دەستوەشاندن و شت پەیداکردن لە دوژمن، چەک وەرگرتن، پارە پەیداکردن، پێویستیەکانی ژیان و گوزەرانی پێشمەرگە پەیداکردن لە دوژمن، تا دەگاتە قۆناغی تر، یانی ئینجا مەسەلەن هەتا وای لێدێ شێوەی شەڕی پێشمەرگانەکەش دەگۆڕێت، لە شەڕی پێشمەرگانەوە دەگاتە جەنگی گەل کە دەگاتە جەنگی شۆڕشگێڕی دروست دەبێ شان بە شانی پێشمەرگە، ئێستا ئێمە هێشتا لە قۆناغی شەڕی پێشمەرگانەین، هێشتا نەگەیشتوین، هەوراز نەچوین لە قۆناغێکی سەرەتایی شەڕی پێشمەرگانەش نین قۆناغی مەفرەزەی هۆشیاریمان بڕیوە، ئیتر لەبەر ئەوەی قۆناغی مەفرەزەی هۆشیارکردنەوەمان بڕی، ئیتر پێویستمان بەوە نەماوە ڕێبازی

شۆڕش ڕوونبکەینەوە، وەلاَ چالاکیەکەمان ئەوە بوو، لەسەر جادەی فلاَن کەمینێکمان دانا، شەش حەوت ئۆتۆمبێل هاتن، سەرنشینەکانیمان دابەزاند، ڕێبازی شۆڕشمان بۆ ڕونکردەوە و تەواو خوا حافیزیان بێت، ئەوە ڕۆیشت، ئەو قۆناغە، ئەو سەردەمە پێویست بوو، ئێستا ئەمڕۆ کۆن بووە، ئەمڕۆ بۆتە شتێکی کۆنەپەرستانە لە شۆڕشدا و ئەمڕۆ هاتۆتە ئەوەی کە ئێمە لە هێزی کەمەوە هێزی زۆر، لە دەستوەشاندنی بچوکەوە، دەسوەشاندنی کاریگەر بەکاربهێنین لە شۆڕشدا، یانی لە ئەوەوە کە بە مەفرەزە ئیش بکەین، ئێستا بە کەرت و بە تیپ ئیش بکەین و بگرە لە چەند شوێنێکدا بە چەندین تیپیش ئیش بکەین، ئەوە بە پێی گەشەکردنی شۆڕشەکەمان، ئێمە گەشتوینەتە ئەو قۆناغەی، شۆڕش.. قەت لە بیرتان نەچێتەوە ڕوداوێکی کۆمەلاّیەتییە بە ئارەزوو نییە، کەس ناتوانێت لەسەر کەتەلۆک، بەپێی ئارەزووی خۆی تاکتیک و شەعارات و جۆری شەڕ و شێوەکانی بۆ دانێ، دەبێ تەماشای گەشەکردنی شۆڕش بکەین، تەماشای ئەو قۆناغە بکەین کە بڕیویەتی، ئەو قۆناغەی خۆی کە گەیشتوێتێ تا بتوانین تەکتیک و جۆری شەڕەکانی بۆ دانێین، ئەوە ئەگەر لەوە نەگەین توشی شتی جوزئی، توشی شتی زاتی دەبین، توشی هەڵەی کوشندە دەبین، شۆڕش توشی زەرەری گەورە گەورە دەکەین، بەپێی ئاوات و ئارەزوو، یا ویستی سەرکردەکان و هێزە سیاسییەکەی کە شۆڕشەکە دەکات، تەکتیک و نەخشەکانی شۆڕش دانانرێن، بەپێی دەرەجەی گەشەکردنی شۆڕش، بەپێی تەرازوی هێزەکان، بەپێی توانا و لێوەشاوەیی دەسەلاّتداری هێزەکان دەتوانین نەخشە و پلانەکان دانێین، تۆ مەسەلەن؛ ئێمە ئەگەر هێزێکی بچکۆلە بین، لە سەرتاسەری کوردستاندا هەزار چەکدارمان هەبێ، هەر ئەوەندەمان پێ دەکرێ بایی ئەوەندەی بلاّوبینەوە بە مەفرەزەی بچکۆلە، لەولا و ئەولای کوردستان بۆ دەستوەشاندن و خەڵک وشیارکردنەوە و شەڕکردن بە مەفرەزەی بچکۆلە بچکۆلە کە بوینە پێنج.. شەش هەزار، دەگەینە قۆناغێکی تر، کە بوین بە بیست هەزار، دەگەینە قۆناغێکی تر، گەیشتینە پەنجا هەزار پێشمەرگە، دەگەینە قۆناغێکی تر، ئەو تەکتیکەی کە پێنج هەزارین هەمان تەکتیک نییە کە پەنجا هەزارین، بەپێی ئەو هینە دەگۆڕدرێت، بۆیە مەسەلەن؛ ئێمە پێویستە لەگەڵ ڕەوتی گەشەکردن و پێشکەوتنی شۆڕش و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ ئەوەی شێوەی کار و نەخشەو پلانی شەڕەکانی خۆشمان بگۆڕین، واتە دیسان بە دیتنێکی واقیعیانە، بە چاوەدێریکردنی گەشەکردنی

ڕوداوەکان چۆن بەرەو پێش دەچین و چۆن دەگەینە چ قۆناغێک تا لەو قۆناغەدا بە پێی پێویستییەکانی گەشەکردن تەکتیکی خۆمان دانێینەوە و کار و نەخشەکانی خۆمان دانێینەوە، لەو کات و زەمانەدا مومکینە ئەوڕۆ نەخشە و تەکتیکێک راستە، ساڵێکی تر ئەو تەکتیکە کۆن دەبێت یا بەکەڵک نایات یا بەسەردەچێت، بۆیە پێویستە ئێمە بزانین ئێستا لە چ قۆناغێکداین، بەپێی لێکدانەوەی سەرکردایەتی، ئێمە گەشتوینەتە ئەو قەناعەتەی کە ئێمە ئێستا بە مەفرەزە شەڕ نەکەین، بەڵکو بە کەرت و بە تیپ شەڕبکەین و بگرە لە چەند جێیەکدا نەخشە دابنێین بۆ ئەوەی بە چەند تیپێکیش شەڕ بکەین، گەیشتوینەتە ئەو قۆناغەی کە دەتوانین بارەگا و بنکەی نیمچە جێگیر دابنێین، چەند ساڵێک لەمەوپێش لە بیرتانە، ئێمە لە هیچ جێیەک بنکەمان نەبوو، خۆتان زۆر چاکتان لە بیرە ئێمە لە هەموو ناوچەکاندا گەڕۆک بووین، ئێستا نەخێر ئێمە چوار بنکەی یان پێنج بنکەی سابتمان هەیە، سەرکردایەتی و هەر مەڵبەندەش چوار مەڵبەندە، ئەوە لەناو مەڵبەندەکانیشدا بەعزە شوێن هەیە لە قەرەداغ لە یەك دوو شوێن هین هەیە، بنکە هەیە، مەسەلەن؛ لێرە لە کۆسرەت بنکە هەیە، لە بەعزە شوێنی تریش، لای مەرگە بنکە هەیە، لە چەند شوێنی تریش، شارباژێڕ و لە ناوچەکانی تر، یانی کەواتە ئێمە ئێستا گەشتوینەتە قۆناغێک کە دەتوانین تێیدا چەندین بنکەی نیمچە جێگیر، نیمچە سابت، ناڵێم سابت، چونکە قابیلی گرتنە، ئەوەش ئەگەر دوژمن بیەوێت، بۆیە دەڵێم ئەوە نیمچە جێگیرە لە شوێنەکانی خۆیدا، بەڵام فەرقی هەیە لەگەڵ ئەو گەڕۆکیەی جاران لە ئەوەڵی ساڵی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٧ ئێمە هاتینەوە، بڵێین ساڵی دووەمی شۆڕش بوو، سبەینان زووو.. زووو، دەبوایە هەڵسین، ئەتوشمان لەگەڵ بویت، هەتا لەسەر سێ سنورەکە کە بنی دنیایە، دەبوایە سبەینێ پێش ئەوەی ڕۆژ هەڵبێت هەرکەسێک سەعات چوار و نیو دێمان بە جێ هێشتبێ، لە پەنا بەردا خۆمان مات کردبێت، لە بن بەرد و بنەوە، نەوەک تەیارە بێت و بۆردومانت بکا، بە شەو تاریکدابێت ئەمجا دەچوینەوە دێهاتەکان، نەخێر ئێستا ئەمڕۆ ئێمە گەیشتوینەتە قۆناغێک لەناو دێهاتەکانی شاخەکان نا، بەڵکو لەناو دێهاتەکانی دەشتەکاندا شەڕ دەکەین، بۆ وامان لێ هاتووە..؟، چونکە قۆناغ و جۆری شۆڕشەکەمان گۆڕاوە، چونکە هێزەکەمان گەشەیکردووە و گەشتۆتە ئەم قۆناغە، چونکە هێزی دوژمنیش وەکو خۆی نەماوە چ گۆڕینێک بووە، لە ئەوەدا ڕاستیەکەی ئەوەیە یەک ڕاستی هەیە

پێویستە بیزانین، ئەوە بۆ ترساندن نییە، بەڵکو بۆ دوژمن ناسینە، لەوەتەی کورد شۆڕش دەکات، لە سەرتاسەری کوردستان، هەتا ئێستا دوژمنێکی وەها بەهێز، وا ڕێک و پێک، وا منەزەم و سیاسی و هەمەلایین و جیهانگیر و بەهێز و توانا بەرەنگاری نەتەوەی کورد نەبووە، مەسەلەن؛ حکومەتی سەدام حسێن حیزبێکی گەورەی فرەوانی بەرینی هەیە کە لە ناو قوتابی و مامۆستا و ئافرەتان و پیاوی دین و دوکاندار و کرێکار و جوتیار و ئەوانە بە زۆربێ یان بە خۆشیبێ، ڕەگی خۆی داکوتیوە و تەنزیماتی خۆی هەیە، هێزێکی بەقوەتی هەیە کە نوێترین جۆرە چەکی دونیای بە دەستەوەیە، سەروەت و سامانێکی هەیە کە لە بن نەهاتووە، ئەگەر ئەو شەڕی عێراق و ئێرانە نەبا، پێویستە ئێمە ئەوە بزانین، مەسەلەن؛ من تەجروبەی خۆمتان بۆ بگێڕمەوە نەک هی کەسانی پێش ئێمە و شۆڕشەکانی تر، لە ساڵی ١٩٦١ ئێمە چوین بە گژ (عەبدولکەریم قاسم)دا، هەموو جەیشی عێراقی ١٠ هێلیکۆپتەری نەبوو، ئیمڕۆ جەیشی عێراقی سەدان فڕۆکەی هێلیکۆپتەری هەیە کە فڕۆکەی هێلیکۆپتەر خۆتان دەزانن چەن خەتەرناکە بۆ شەڕی پێشمەرگە، لە ساڵی ١٩٦١ کە شەڕەکەمان دەسپێکرد، عەبدولکەریم قاسم یەک تاکە نەفەر بوو، نە حزبێکی واسیع و نە لە هەموو شار و ناحیە و دێیەک لق و تەنزیم و تەرتیباتی هەبێت، یەک تاقە نەفەر بوو، ئەمڕۆ تەماشایکەین کە حزبێکی وایە پێنج فیرقە لە جەیشی عێراقی هەبوو، ئەمڕۆ ١٨ فیرقە هەیە لە جەیشی عێراقی، تەنیا هەمووی یەک فەوج مغاویری هەبوو، ئەمڕۆ چەندین لیوا و قواتی خاسە و چەندین لیوا مغاویر و چەندین لیوا قواتی مزەلی هەیە لە جەیشی عێراقیدا، هەموو دەباباتی جەیشی عێراقی ئەوێ ڕۆژێ تەقدیر دەکرا بە دوو لیوا دەبابات، دوایی کردیان بە سێ لیوا دەبابات، ئەوڕۆ دەباباتی جەیشی عێراقی لە بەینی دوو هەزار تا سێ هەزار دەبابات تەقدیر دەکرێت، بێجگە لە بەرمائیات و ئەنواع جۆرە چەک و شتی تر، پێویستە ئەو ڕاستییە بزانین کە دوژمنەکەمان ئێستا زۆر.. زۆر بەهێزترە، یانی ئێمە کە ئەو شۆڕشەمان دەستپێکردەوە لەگەڵ ئەو دوژمنە بەهێزە، بەڕاستی لەوە دەچوو کە پێمان بڵێی شێتن، مغامیرن، هەر بە ڕاستی من چەندین جار نوکتەیەکم گێڕاوەتەوە، ڕۆژنامە نوسێکی ئینگلیز هەیە ناوی (گوێن ڕۆبێرت) کورد دۆستە، تازە بیستبووی ئێمە یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانمان داناوە، هاتە شام بۆ دیتنی من، لەوێ لە ئوتێل (ئومەیە) دیتم، ئێستا جێیەکەم لە بیرە، چەند سوئالێکی هەبوو، یەکێک

لە سوئالەکانی ئەوە بوو، دوایی بە چەند دە ساڵی تری بەکارهێنا، ئیستلاحی (دەکەیت) یانی عەقد، ئەوە نییە دە ساڵی پێ دەڵێن، ئەو وتی بە چەند ١٠ ساڵی تر دەتوانرێت جارێکی تر شۆڕش لە کوردستان دەسپێبکرێتەوە، دیارە بەڕاستی ئەوێ ڕۆژێ زۆر کەس با بڵێین نەمابوو کە سەدو و پەنجا هەزار چەکداری مەلا مستەفا، ئەو هەموو سەدان ملیۆن دۆلارە، ئەو هەموو تۆپ و شتە شەڕی نەکرد، ٤٢ ملیۆن فیشەک لە مەخزەنەکان بوو، شەڕی نەکرد، تازە ئەو شەڕە چۆن دەکرێت..؟، حکومەت سەرتاسەری کوردستانی داگیرکردووە و ئەو هەموو نەوت و شتەشی هەیە، منیش پێم گوت، گوتم ئێمە بەتەماینە لە بیرەوەڕی یەکەم ساڵی دامەزراندی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستاندا پێشمەرگەمان هەبێت لە شاخەکانی کوردستاندا، گوتی ئەوە نوکتەیە، یانی لە گاڵتە زیاتر نییە، بەڕاستیش پێی وابوو، پاش سێ ساڵ هاتە کوردستان، لە ناوزەنگ هات و پێشانمدا وتم، دەی چۆنە نوکتەکە، وتی وەڵڵا نوکتەکە هەقیقی دەرچوو.. ڕاستبوو، بەڕاستی خەڵک پێیوابوو، چونکە لە ناحیەی عەسکەری مەسەلەکەیان تەماشا دەکرد، ناحیەی سیاسی مەسەلەکەیان تەماشا نەدەکرد، یانی ڕووی شۆڕشیان وەکوو ڕووداوێکی چەکداری دەهاتە بەرچاو، ئەوەندە چەکدار بەرامبەر ئەوەندە چەکدار کە لە واقعدا شۆڕش وانییە، شۆڕش ڕووداوێکی سیاسییە لە جەوهەردا، درێژەدانی ڕووداوە سیاسییەکە، لەبەر ئەوە ئەگەر شەرتەکانی مەوزوعی و زاتی شۆڕش مەوجود بوو، بەبێ چەک شۆڕش دەکرێ و چەک پەیدادەکرێ، ئەلبانیا کە دژی ئیتاڵیا شەڕیانکرد، ئیتاڵیا ٦٠ بۆ ٧٠ ملیۆنە، ئەلبانیا ٢ بۆ ٣ ملیۆنە وەک کوردستانی عێراق، کە دەستیان بە شەڕی پێشمەرگانە کرد، یەک چەکیان نەبوو، هەوڵیاندا چەندە دەمانچە و چەك پەیداکەن، هیچیان پێ پەیدا نەکرا، هەستان بڕیاریاندا چۆن یەکەم تاقم چەکداربکەن، گوتیان چاکترین شت (حەسحەسەکانن)، شەوان دوو.. دوو پێکەوە دەگەڕێن، بۆ هەر دوو دوو، پێنج شەش کەس تەرخانکەین تا بیانگرن، مەسەلەن؛ دوو کەس (حەسحەس) پێکەوە دەڕوات ١٠ کەس، پێنج ئینسان پەلاماری حەسحەسێکی دەدا، بە ١٠ کەسان ٢ حەسحەسیان چەک دەکرد، ئا بەو شێوەیە دەسیانکرد بە پەیداکردنی شەش حەوت پارچە چەک، وردە وردە دەسیانکرد بە پەیداکردنی چەک و وردە وردە شەڕێکی گەورەیان کرد، دوایی بە تاقی تەنێ، تاکە وڵاتە لە ئەوروپا ئەلبانیا کە بە تەنێ جەیشی ئیتاڵیای بەزاند لە وڵاتەکەی خۆیدا، تەبعەن ڕۆژێک هات ئیتاڵیا تەسلیم بوو،

ئەوەی مابوو تەسلیمی ئەوان بوو چەکیانکرد، چونکە شەرتەکانی مەوزوعی و زاتی شۆڕش لە ئەلبانیا هەبوو، جێی واش هەیە هەزاران هەزار چەکدارت هەبێ ئەگەر شەرتەکانی مەوزوعی و زاتی شۆڕش مەوجود نەبێ ناتوانی شۆڕشەکە بکەی، بۆیە دەبێ ئەو لایەنە لێکبدەیتەوە لە شۆڕشەکەدا، ئینجا ئێمە ئێستا کە تەماشای شۆڕشەکەمان دەکەی، تەماشا دەکەین گەشتۆتە قۆناغێکی تر، قۆناغی ئەوەی کە ئێمە بە مەفرەزە نا بەڵکو کەمینی گەورە دانێینەوە، کەرتێک دوو کەرت سێ کەرت لە جێیەکدا بەکاربێنین و تەماشا دەکەین لەو جێیانەی کە دایدەنێینەوە تێیدا سەردەکەوین، بەڵام دیارە حسابی تر دەکەین، یانی تەرازوی هێزەکان هەمووی لەبەر پەرەسەندنی ئێمە نییە کە گۆڕاوە، بەڵکو سەبارەت بەو کەرایەتییەی سەدام کردی کە ئەو شەڕەی هەڵگیرساند لەگەڵ ئێران، لەوەتەی کە سەدام توشی ئیمام خومەینی (گون ڕەشی) خۆی بووە، حاڵی بەدەست هەردوولامانەوە شڕە، لەوێ چی بەسەرهاتووە، لەوێ هێزێکی زۆری بردۆتە جەبهەکانەوە، هێزێکی کەمی ماوەتەوە لە پشتەوە، ئەگەینا مەسەلەن ئەو هەموو هێزەی کە ئێستا سەدام هەیەتی لەگەڵ ئێران بەکارنەهێنێ، لەگەڵ ئێمەی بەکاربێنابا، دەیگەڕاندینەوە ئەو قۆناغەی جاران کە ڕاکەینەوە و کۆڵەپشت لە خۆمان کەینەوە و بڕۆینەوە ئەولا، ئینجا باشە ئەوە ڕووداوێکی.. دیسان ڕووداوێکە و واقعییە و چۆن شەڕ لە بەینی دوو دەوڵەت قەوماوە و هەموو هێزە شۆڕشگێڕەکانی دنیا هەمیشە سودیان وەرگرتووە لە شەڕی بەینی دوو دەوڵەتدا، ئەگەر شەڕی ئەڵمانیا و قەیسەری ڕوس نەبا، شۆڕشی ئۆکتۆبەر وا بە ئاسانی سەرنەدەکەوت، ئەگەر شەڕی عالەمی دووەم نەبا، دوەلی ئەوروپای شەرقی هەمووی نەدەبوونە سۆشیالیستی و دیموکراتی شەعبی و ئەوانە، ئەگەر شەڕی جیهانی نەبا، ئەوا چین و ڤێتنام بە ئاسانی سەرنەدەکەوتن، دەباشە هەموو هێزە شۆڕشگێڕەکانی دونیا کەڵکیان لە شەڕ وەرگرتوە، ئێمەش کەڵک لەو شەڕە وەرگرین کە هەیە، ئینجا لێرە مەخسەدم ئەوەیە تەرازوی هێزەکان ئێستا کە هەندێکی گۆڕاوە سەبارەت بە گەشەکردنی زاتی خۆمان نییە، بەڵکو بە دەوروبەرەکەشمانە، بەوەی کە شەڕێک قەوماوە لە بەینی عێراق و ئێران، نابێ ئەو خاسیەتەمان لە بیربچێ، بۆیە زۆر شتی ئێستا ئێمە کە دەیکەین بەندە بە ئەو شەڕەوە، چونکە ئەو شەڕە دوایی هات ئەو ئسلوبە وا نامێنێتەوە، بۆیە من پێموایە ئەسڵەن یانی خەریتەی هێزەکانیش دەگۆڕێ، مەسەلەن؛ میسالتان بۆ بێنمەوە،

ئەگەر هاتوو عێراق و ئێران پێکهاتن، ئەو هێزانەی کە گرێدراوی هەردوو لایەنن (پف) با دەیانبا، ئاشبەتاڵی خۆیان دەکەن و چی لەم دیو و چی لەو دیو، ئەو هێزەی خۆی گرێدابێت، بڵێین هێزێکی وەکو شێخ جەلال گەر ڕەگ و ڕیشەی خۆی دانەکوتابێ لەناو کۆمەلانی خەڵک، هەموو پیشتیوانی عێراق بکەن، عێراق و ئێران کە پێکهاتنەوە، چی دەمێنێتەوە لە کوردستانی ئێران دوایی چی، بەلام مەسەلەن هێزی کۆمەڵە و دیموکرات کە خۆی داکوتابێت، لەوەش کەڵکت وەرگرتبێت دەتوانێت بمێنێتەوە، هێزێکی مەسەلەن وەک قیادەی موەقەتە جارێکی تر عەینی ئاشبەتاڵ دەکەنەوە، جارێکیکە توشی پێنجی حوزەیرانێکیکە دەبنەوە و خەلاس دەبێتەوە، هێزێکی وەکو ئێمە زرمەمان دێت، چونکە ئێمە خۆ نە بە پشتی ئەوان و نە بە پشتی ئەولاینە، بەلام ڕەنگە بەو شێوەیەی ئێستا کە ئازاد و مەناتیق رزگارکراو، وا نەمێنینەوە، یا ئەگەر یەکێک لەو دەوڵەتانە شکا نۆکەرانی دەوڵەتەکەی تر زەرەر دەکەن، مەسەلەن؛ خومەینی شکا، خومەینی شکا ئەوا جەماعەتی کە خۆیان بەستۆتەوە بە خومەینی تیاچون..، جود و مود هەموو خلۆربونەوە بۆ ناو قەبرسانی تاریک، خۆ ئەگەر سەدام شکا، جاش و ماش و هەموو ئەوانەی پێوە مەڕبوتن، عەینەن شت خلۆرئەبنەوە بۆ گۆڕستانی تاریک، هەموو ئەو هێزانەی سەربەخۆن، ماونەتەوە لە کۆڕی خەباتدا، ئینجا ئێمە لەو فەترەی شەڕەدا ئەبێ ئستفادە لەو ڕوداوە گرنگە بکەین بۆ گۆڕینی شێوەی شەڕەکانمان، بۆیە دەگەڕێمەوە سەر بڕیارەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی، جا کۆمیتەی سەرکردایەتی، بە ڕەچاوکردنی: یەک؛ گەشەکردنی هێزەکانی خۆمان، دوو؛ گۆڕانی تەرازوی هێز لە بەینی ئێمە و حکومەت نەک سەبارەت بە کەمی هێزی و زۆربون و زیادە، بەڵکو سەبارەت بەو شەڕەی کە دروست بووە، سێ؛ کەڵك وەرگرتن لەو مەناخەی ئەو شەڕە دروستی کردووە، ئەبێ ئێمە شێوەی شەڕەکانمان بگۆڕین، بەوەی کە یەک؛  شەڕەکانمان بە کەم کەم نەکەین، یانی شەرت نییە ئێمە شەڕەکانمان هەر بە مەفرەزە و شتی وا بکەین، ئەوا دەبێ کەرت بە کەرت یان تیپ بە تیپ و باشتریش، یا ئێوە خۆتان هەموو لە ناو پێشمەرگەنە، ئەو کەمینەی کە مەفرەزەیەک دایدەنێتەوە زۆر دەسکەوتی کەمتر دەبێت لەو دەسکەوتەی کە کەرتێک یا سێ کەرت دایدەنێتەوە، دوژمنیش گەلێک جار هەیە کە مەفرەزەیەک کەمین دادەنێین چاک دەس لە دوژمن دەوەشێنێت، بەلام دەسکەوتەکانی پێ نایەت، چونکە کەمە یا هەر بەشی ئەوەندە دەکا

کە دوژمن هات خۆی دەرباز بکاو هەڵێ، بۆیە دەسکەوتی ئەو کەمینەی کە دوو سێ کەرت دایدەنێتەوە، دوژمنیش دەشکێنێت و دەستی چاکیشی لێ دەوەشێنێ، زۆریشی لێ دەکوژێ و چەکیش و شتی تریشی لێ دەست دەکەوێ، ئەمە گۆڕینێکە لە شێوەی شەڕ، گۆڕینێکە کە دەبێ ئیتر بە هێزی زۆر، ئەوە لە ڕووی هێزەوە، جا گۆڕینەکان بزانە لە ڕوی چەن شتەوە گۆڕاوە، یەک لە ڕوی هێزەوە، دەبێ ئێمە بە ژمارەی زۆرتر، بە نەوعیەتی باشتر شەڕبکەین، ئەوە نەما مەفرەزەیەک شتێک ترومبێلی ڕائەگرت و سەرنشینەکانی دابەزاند و ڕێبازی شۆڕشی بۆ ڕوونکردنەوە و ئەگەر سەرو کاغەزێکیان لێ وەرگرتن و یا شتێ پارەشیان لێ وەرگرتن و دەنا خواحافیزیان بێ، ئەوە نەما، ئەو قۆناغە ڕۆیشت و کۆن بوو، ئێستا گەیشتۆتە ئەوەی کە کەمینی گەورە دانێتەوە، قافڵەی گەورەی تێدەکەوێت، ئەو قافڵانە بگرێت و دەسکەوتی هەبێ، دووەم؛ شوێنی شەڕەکان گۆڕا، جاران لە جێی تایبەتی و زۆر هیندا دەمانتوانی شەڕ بکەین، ئێستا لە دەشتەکان دەیکەین، لەسەر جادە گشتییەکان دەیکەین، لە زۆر شوێندا دەیکەین، هەتا لە بەینی ڕەبایەکاندا دەیکەین، بۆ..؟، چونکە ڕەبایەکان وا کەمبونە ئەوەندەی تیادا نییە بێ بەجێی بێڵێت بە فریای ئەوەی تر بکەوێت، ڕەبایەکان جاران ٤٠ کەسی تیابوو، ئێستا هەشت کەسی تیایە، دە کەسی تیایە، ٤٠ کەسی تیابوو، ١٠ کەسی بە جێ ئەهێشت ٣٠ی لێ ئەهاتە دەرێ، بۆ ئەوەی فریای ئەوەی دیکە بکەوێ و شەڕ بکات، کەواتە لە ڕوی جێگاشەوە جێگای شەڕەکانیش گۆڕاوە، بە ڕەئی من گۆڕینێک هەیە، ئەویش گۆڕینی شارە، شەڕی ناوشارمان، ئێمە هەر کردوە لە بیدایەتی ئەو شۆڕشەوە، دوژمنمان کوشتووە لە شەڕی ناو شاردا، ویستمان لە سلێمانی محافز بکوژین، ئەوە شەڕی ناو شارە، ویستمان چەندین کەس لە ناو هەولێر بکوژین، ئەوە شەڕی ناو شارە، بەڵام ئێستا لە ناو شاریش شەڕەکەمان لە کوشتنی نەفەرەوە تێپەڕیوە، لەناو شاریش شەڕەکەمان لە کوشتنی جاسوس و خائین و ئەوانەوە بەرزبۆتەوە بۆ شتی تریش، ئەویش دەکا و شتی تریش دەکا، وەکوو ئەوەی مەسەلەن؛ مەفرەزەی گەورە دەچێ مەخفەری پۆلیسی گومرگی سلێمانی دەگرێ و چەکەکانی دێنێت.

# سەبارەت بە ڕێبەری سیاسی
# لەناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان

بەپێی بڕیاری کۆمیتەی سەرکردایەتی ئەهمیەتێکی تایبەت دراوە بە ڕێبەرە سیاسییەکان، قەراردراوە هەرلەسەرەتاوە، هەر لە سەرەوەڕا، وەکو هەر هەڤاڵێکی سەرکردایەتی باس و پرسیار و لێدوان تەرخان بکرێ بۆ ڕێبەری سیاسی گشتی بۆ هەموو هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لە هەموو مەڵبەندێك یەکیك لە هەڤاڵە هەرە باشەکان تەرخان بکرێ بۆ ڕێبەری سیاسی ئەو مەڵبەندە، کە دوو شتی پێ سپێدرواوە، هەم کاروباری بەڕێوەبردنی ڕێبەرانی سیاسی، هەم کارو باری وشیارکردنەوەی جەماوەر، لەبەرئەوە لەمەڵبەندی چوار هەڤاڵ شاخەوان کراوە بە مەسئولی ڕێبەری سیاسی، دوو ئەرك جێبەجێ دەکا، یەکیان هی ڕێبەرە سیاسیەکانی هێزەکانی کوردستانە لە مەنتیقەکە، ئەوەی تریان وشیارکردنەوەی جەماوەرە بەکەڵك وەرگرتن لە کادیر و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵە و ناوچەکانی شۆڕشگێران.

بە کورتی ئەو جارە رابەری سیاسی ئەهمیەتی هەیە، هەروەها رابەری سیاسی ئەهیمەیتی هەیە، لە تیپەکەشدا، لەو تیپەدا رابەری سیاسی دەبێت لەسنوری کاری خۆیدا پرسی پێ بکرێت، دەبێ رەئی وەرگیرێت، رەئی هەیە لەوەرگرتنی پێشمەرگە، ڕەئی هەیە لە سزادانی هەندێك پێشمەرگە، رەئی هەیە لە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەلانی خەڵك و لە دانانی مەسئولەکانیش رەئی هەیە، بەلام چۆن رەئی هەیە، چۆن ئەو رەئییە دەردەبڕێت، بە چ شێوەیەك ئێستا بۆتان باس دەکەم.

لەوە دەستپێدەکەین کەوا رابەری سیاسی چ دەکا، ئینجا دێین بزانین سەلاحیەتی رابەری سیاسی چییە، ئینجا دێین باس دەکەین، ئەو سەلاحیەتانەی خۆی بە چ شێوەیەك بەکاردێنێ.

رابەری سیاسی وەکو گوتمان، ئەو تێکۆشەرەیە کەوا ئیشی وشیارکردنەوەی پێشمەرگەیە، پێگەیاندنی پێشمەرگەیە لە بیروباوەڕی یەکێتیی نیشتیمانیی

کوردستان، پەروەردەکرنی پێشمەرگەیە لەڕووی مەعنەوەیەوە، لەڕووی فیکری و دڵ و دەروونەوە، کارەکانی پێشمەرگایەتی چییە، پێشمەرگە کێیە، پێشمەرگایەتی چۆنە، رەفتاری پێشمەرگە لەناو خۆیدا چۆن دەبێ، لەگەڵ جەماوەر و خەڵك چۆن دەبێت، چۆن پێشمەرگە هاندەدات، گیانی خۆبەختکردنی لەکن پەروەردە دەکا، چۆن لەکاتی شەڕەکاندا، لەکاتی ناخۆشییەکاندا لەگەڵی دەبیت، وەهەروەها چاودێری دەکات، رێبەری سیاسی چاودێری دەکات بزانێ ئایا ئەو سیاسەتەی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان دایناوە کە لە قەرارەکانی سەرکردایەتییەوە دەرچووە، کەلە گۆڤارەکانی دەردەچێت، کە لە رادیۆ بڵاودەکرێتەوە، لە نووسین و ئامۆژگارییەکانەوە، چۆن جێبەجێ دەکرێت، ئایا ئەو سەرتیپە، ئەو فەرماندەی کەرتە، ئەو سیاسەتە جێبەجێ دەکا یان نایکات، ئەو حەقی هەیە تەدەخول بکا لەسەر ئەوەی ئەو سیاسەتە جێبەجێ نەکرا، حەقی هەیە بنووسێت، حەقی هەیە رەخنە بگرێت، حەقی هەیە ڕاپۆرت بدات، لەکاتێکدا کە هەر لادانێك هەبوو دژ بەو سیاسەتەی کە داندراوە.

ئێستا دەمەوێ لەوە دەست پێبکەم کە بۆتان باس بکەم، نوقتەیەك هەیە کە دەبێ هەموو رێبەرە سیاسییەکان باشی تێبگەن، ئەوەیە کە ئەوان رێبەری سیاسی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانن و بەس، نە هی کۆمەڵەن نە هی شۆڕشگێرانن، زۆر برایانە پێتان دەڵێم هەرکەس ئەوەی قبوڵ نییە بچێتەوە باڵەکەی خۆی و خواحافیزی بێ، ئەوە بۆ بێ ئیحترامی نییە، بۆئەوە نییە، وەکو گوتمان لەمەودوا ئەهمیەتێکی زۆر زۆر دەدەین بە رابەری سیاسی، مەجمووعەیەك حقوقی دەدەینێ، لە هەموو تیپێکدا دەوری دەبێت، قسەی دەبێت، رەئی دەبێت، لەمەڵبەندا دەوری زۆر موهیمی دەبێت، بەڵام ئەوە حەقیقەتە دەبێ بیزانین، ئێمە هەندێك ئەجهیزەی موشتەرەکمان هەیە، وەکو هێزی پێشمەرگەی کوردستان، رادیۆ، مەکتەبی سیاسی، عیلاقاتی دەرەوە، وەکو پەیوەندیەکانی کوردستانی، وەکو سیاسەتی گشتی، ئەوانەی هی یەکێتیی نیشمانییە، نە کۆمەڵە نە شۆڕشگێرانە، هی هەردووکیانە، ئی هەمووانە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هێزی کۆمەڵە نییە، هێزی شۆڕشگێران نییە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هێزی پێشمەرگەی خەڵکی کوردستانە، لە یەکێتی نیشتیمانیش فراوانترە، هێزی پێشمەرگە کە دەیەوێ هەموو تێکۆشەرانی چەکداری تێدا کۆبکاتەوە کە مومکینە حزبی جیا جیاشی تێدابیت، ئێمە

لایەنگری شیعاری لەشکری جەنگین، لایەنگری ئەوەین یەك هێزی پێشمەرگە هەبێت لەکوردستاندا، فەرزکەن سبەینێ حزبی شیوعی ئەو مەبدەئەی قبوڵکرد، مەسەلەن هێزێکی تریش قبوڵیکرد، باشە کە هێزەکانی پێشمەرگەمان کۆکردەوە، هێزی پێشمەرگە هی حزبی شیوعیشی تێدا دەبێ، کۆمەڵەی تـێدایە، شۆڕشگێرانی تێدایە، کەسانێکی تێدایە بەس یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانی رووت و قوتە، نەکۆمەڵە و نە شۆڕشگێڕانە، کەسانێکی تێدایە هیچ نییە، هەربیر و باوەڕێکی شۆڕشگێڕانەی پێشکەوتوخوازانە کۆیکردۆتەوە و هێناویەتی بۆ ناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لە بەر ئەوە، ئەو راستییە لەدڵتاندا بچەقێ، کاکە ئەوە هێزی پێشمەرگەی کوردستانە، هێزی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە، هەتا فراوانترە لە سیاسەتی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان کە کۆمەڵە و شۆڕشگێڕانە و کەسانی یەکێتیی نیشتیمانیی ڕووتیش دەگرێتەوە.

لەبەرئەوە ئەو نەزەرییەی ئێستا دامانهێناوە، مەسەلەی لەشکری گەڵ، لەشکری کۆمەڵانی خەڵك، لەشکری ڕزگاری، پێویستە کادرە سیاسییەکان باشی تێبگەن، هەرکادیرێکی سیاسی ئەوەی بۆ دەستنادات، بچێتەوە کن باڵەکەی خۆی، بڵێ کاکە من دەمەوێ بۆ ئەو باڵەی خۆم ئیش بکەم خواحافیزی بێت، بچێتەوە سەرچاوان، چونکە ئەوەتان پێخۆشە، هەموو بەهێزبوونی کۆمەڵە دەکاتە بە هێزبوونی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، بە هێزبوونی شۆڕشگێڕان، دەکاتە بەهێزبوونی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، بەهێزبوونی کەسانێك کە هەر بەخۆیان دەڵێن یەکێتی، هەردەکاتە بەهێزبوونی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، زەرەرەك لە کۆمەڵە دەکاتە زەرەرێك لە یەکێتیی، زەرەرێکە لە شۆڕشگێڕان دەکاتە زەرەرەك لە یەکێتیی، هەروەها زەرەر لهیەکێتی دەکاتە زەرەر لە هەمووان، خۆتان دەزانن یەکێتیی لەهەموو ئەوانە پێکهاتووە، یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان ئەو پێکهاتەیە، ئەو کەسانەی دەدرێن بە ئێمە مەسەلەن: دێنە مەڵبەند، مەڵبەندەکان مەڵبەندی شۆڕشگێڕان نین، مەڵبەندی کۆمەڵە نین، مەڵبەندی یەکێتیی نیشمانیی کوردستانن، مەسەلەن: کاك شاخەوان ئەندامی مەڵبەندی چوارە، لە بیری چۆتەوە کە کۆمەڵەیە و ئێمە وەکو یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە مەڵبەندا ئیش دەکەین، وەکو یەکێتیی دەچین سیاسەتی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، بریارەکانی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان جێبەجێ دەکەین، نووسراوەکانی رۆژنامە و

شەراره و رێبازی نوێ، تەعمیماتی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بەو شێوەیە ئیش دەکات.

هەروەها برادەرانی تریش، مەسەلەن: بڵێین عومەر عزیز کرایە رێبەری سیاسی مەسئولی مەڵبەند، عومەر عەزیز بەناوی شۆڕشگێڕانەوە ئیش ناکات، بەناوی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانەوە ئیش دەکات، مەسەلەی ئەو جیهازانە، جیهازی ئیعلامان، رادیۆمان، جەریدەکانمان، شەراره، رێبازی نوێ، ئەو گۆڤارانەی لە دەرەوە دەردەچێ، ئیتحاد و خاك و جەریدەکانی ترمان، ئالاّو ئەوانە، بلاّوکراوەی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانن، نە هی کۆمەڵەن نە هی شۆڕشگێڕانن، هی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و هی گشتمانن، هی کۆمەڵەو هی شۆڕشگێڕان نین، هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هێزی پێشمەرگەی  کۆمەڵە و شۆڕشگێڕان و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانیی و کۆمەلاّنی خەڵکە، ئەو راستییە دەبێ رێبەرە سیاسییەکان خۆیان تێبگەن، باش باوەڕی پێبێنن، باش پێشمەرگە تێبگەینن، ئەوە دەبێ رێبەرە سیاسییەکان، ئەگەر قەناعاتیان پێی نییە ئیشی پێنەکەن، ئێستا بڵێ کاکە ئەوە بە من ناکرێ، دەڵێم بڕۆوە، مەسەلەن رێبەری سیاسی چ دەکا، رێبەری سیاسی پەیڕو و پرۆگرامی یەکێتیی نیشتیمانیی لەکنە، پەیڕەو و پڕۆگرامی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی لەکنە، سیاسەتی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانی لەکنە، دەربارەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، دەچێ ئەو سیاسەتە بۆ خەڵك شەرح دەکات، دادەنیشێ پەیڕەو و پڕۆگرامی هێزی پێشمەرگەی کوردستان شەرح دەکات بۆ پێشمەرگە، ئەو پەیڕەو و پڕۆگرامە، تەبعەن گۆڕینی زۆری تێدا کراوە، سەرلەنوێ چاپی دەکەینەوە، وای چاپ دەکەین، چەندین هەزار دانەی لێ چاپ دەکەین، بۆ ئەوەی هەر پێشمەرگەیەك یەك دانەی بەرکەوێ، رێبەری سیاسی مەسئولە لە شەرحکردنی ئەو پڕۆگرامە بۆ هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان لە ماوەیەکی موحەددەددا، لەو مودەتە ئەوە کرابێت، رێبەری سیاسی ئەوە نەکات محاسەبە دەکرێ لەسەری، شەرحی دەکا، بۆی ڕووندەکاتەوە، پێشمەرگە چیە و هێزی پێشمەرگە چییە و ئەرکەکانی چییە و ئەو شتانەی هەمووی لەوێدا بە رێکوپێکی لەوێدا باسکراوە، شەرح دەکرێ بۆ پێشمەرگە، ئیشی ئەو ئەوەیە، مەسەلەن: بچێ گۆڤاری شەراره لەناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان بلاّوبکاتەوە، بۆیان شەرح بکات، (رێبازی نوێ)یان بۆ شەرح بکات، بەیانەکانی یەکێتیی نیشتیمانیی

کوردستان، دەبێ بۆیان شەرح بکات، ئەوەی مەسەلەن عیلاقەی بە بڵاوکراوەی کۆمەڵە هەیە، بە بڵاوکراوەی شۆڕشگێڕان هەیە، ئەوە ڕێکخستنەکانی خۆیان لەناو هێزی پێشمەرگە پێیهەڵدەستن، رابەری سیاسی حەقی نییە بەسەر ئەوە، مەسەلەن: گۆڤاری کۆمەڵە دەردەچێ، کادیری کۆمەڵە هەیە لە مەنتیقەکە ئیشدەکات، خۆی تەنزیماتی هەیە، دەیداتە ڕێکخراو و شانەکانی خۆیان، ئەوان لە ڕێگای ڕێکخراو و شانەکانی خۆیان، لەناو هێزی پێشمەرگە شەرحی دەکەن، رابەری سیاسی ناچێ شەرحی بکات، ناچێ بڵاویبکاتەوە، ناچێ بیدات بە خەڵك، ئەوە ئیشی ئەو نییە، یان مەسەلەن: رۆژنامەی کوردایەتی دەرچووە، هی شۆڕشگێڕانە، رابەری سیاسی ناچێ کوردایەتی بەرێ لەناو هێزی پێشمەرگەدا بڵاویبکاتەوە، رابەری سیاسی ئیشی ئەوە نییە، کادیری شۆڕشگێڕان هەیە، تەنزیماتی شۆڕشگێڕان هەیە لە ناو هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا، لەوێوە بڵاودەکرێتەوە، ئەی ڕێبەری سیاسی چی دەبات، شەرارە دەبات و ڕێبازی نوێ دەبات، بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان دەبات، پەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان دەبات، ئەوە بەو معنایە نییە، مەسەلەن: لە ناو هێزی پێشمەرگەدا سیاسەت مەمنوعە، ئەو قسەیە دژی بیروباوڕی ئێمەیە، بەعەکسەوە هێزی پێشمەرگەی کوردستان خۆی هێزێکی سیاسییە،خۆی سیاسەت دەکات، کۆمەڵە دەبێتە سەرچاوە، شۆڕشگێڕان سەرچاوەیەکی تر، هەر یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان خۆی دەبێتە سەرچاوە، هەر هەموویم قبوڵە، هەرکەسە بیروباوەڕی ئازادە، هەر کەسێك ئەتوانیت چ بیروباوەڕێك لە ناو یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان هەڵبژێری یان هەڵنەبژێرێ ئازادە، یان هەر کەسێك ئەو قەناعەتەی پەیداکردبێ، دەبێتە کۆمەڵە ببێتە کۆمەڵە، دەبێتە شۆڕشگێڕان ببێتە شۆڕشگێڕان، دەبێتە یەکێتیی نیشتیمانیی، هیچ نەبێ، هەر ئەوەبێ بەتەنێ، هیچیان نەبێ، هەر بڵێ بابە من هەر یەکێتیم، ئەوەش قبوڵە، ئەو دەورەی کە ڕێبەری سیاسی دەیبینێ لە ناو هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا، ئەوەیە کە یەکێتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە قوەت بکا، نابێ ماوە بدات جیاوازی بیروباوەڕی سیاسی ببێتە سەبەبی رەفتار و کردار لە ناو یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستاندا، وەکو بڵێین لە ناو جەیشی عێراقدا یەك جەیش هەیە، جەیشی عێراق حکومەت بۆ کوێی ببا دەیبا، هەموو ئەو جەیشە شەڕی خۆی پێدەکات، بەڵام لە بنەوە هەندێکیان بەعسینە، هەنێکیان ناسرینە، هەندێك یەکێتیی

نیشتیمانیی کوردستانە، هەندێك نازانم چیە، ئەوە جیاوازە، ئەوە مەسەلەی بیروباوەڕە، جیاوازی بیروباوەڕی سیاسی نابێ ببێتە هۆی جیاوازی کار و کردەوە یان تەفرەقەنانەوە لە ناو هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا، هێزی پێشمەرگەی کوردستان یەك هێزە، یەك هێزی یەکگرتووە، یەکێتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان شتێکی پیرۆزە لە کن ئێمە، بە هیچ شێوەیەك رێی شکاندنی ئەو هێزە نادەین، ئێمە مەسەلەن: فلانە کەس دادەنێین بە سەرتیپ، لە سەر ئەو ئەساسە دایانێین، ئەو کەسە کۆمەڵەیە یان شۆڕشگێڕانە، مام رۆستەم لە سەر ئەساسی کۆمەڵە یان شۆڕشگێران دانادرێت بە فەرماندەی تیپی کەرکوك، لە سەر ئەساسی کەفائەتی خۆی و توانای خۆی و لێوەشاوەیی خۆی، لێزانی خۆی، ئازایی خۆی، دڵسۆزی خۆی، لە سەر ئەو ئەساسە دایدەنێین، ئەو راستییە دیسان لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی تەئکید کراوەتەوە، ئەو جارە بڵاوی دەکەینەوە لە ناو پەیڕەو و پڕۆگرامی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان.

هێزی ئێمە زۆر گەورەترە لەوەی یەك تاقم بیرو باوەڕ بتوانێ کۆی بکاتەوە، ئێمە دەمانەوێ هەموو هێزی جووڵانەوەی رزگاریی نیشتیمانیی دیموکراتیی خەڵکی کوردستان بە جیاوازی بیروباوەڕەکەیەوە کۆ بکەینەوە و بیخەینە گەڕ و بیخەینە جووڵان موقابل بە دووژمندا، هەر تاقمێك و هەر تەیارێك بۆ خۆی بەڕێی خۆیدا ئیش بکات و خەڵك بۆخۆی پەیداکات، پێمانخۆشە ئێستا لە جیاتی ئەوەی مەسەلەن: دەیان هەزار کورد رێکخرابن، سەدان هەزار کورد رێکبخرێن، لە جیاتی ئەوەی رێکخراوێکمان هەزاران ئەندامی هەبێ، دەیان هەزار ئەندامی هەبێ، بۆ ئیمە قازانجە، بۆ ئێمە قازانجە، مەسەلەن: دەیان هەزار کەس لە کۆمەڵەدابن، بۆ ئێمە قازانجە دەیان هەزار کەس لە شۆڕشگێڕاندابن، بۆ ئێمە قازانجە دەیان هەزار کەسی تر لە ناو یەکێتیی خۆی رێکخستبێ هەر قازانجە، چونکە ئێمە هەموو هێزەکەمان پێکەوە وەکو یەك لەشکر، یەك لەشکری سیاسی، یەك لە شکری عەسکەری دەچین بە گژ دوژمنانی خۆماندا، بەگژ ناحەزەکانماندا، بەگژ ئەو کەسانەی دێنەوە بە گژماندا، لازمە رابەری سیاسی باش ئەو راستییانە بزانن، باش کار بەو راستیانە بکەن، رێگا نییە بۆ رابەری سیاسی لەو مەسەلانە لابدا، رابەری سیاسی ماوەی یەك لادانی نیە لەو مەسەلانە، یەکێتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، رێبەری سیاسی دەتوانێ بیچەسپێنێ، زیاتر لە فەرماندەی تیپ، چونکە فەرماندەی تیپ تەماشای ئازایەتی و کار و ئەوانە دەکات، رابەری

سیاسی تەماشای دڵ و دەروون دەکات، ئەگەر دڵ و دەروونت یەکخست پێشدەکەوی، ئەگەر دڵ و دەرونت یەك نەخست، یەکخستنەکە رواڵەتی دەبێ، زاهیریی دەبێ، بەڵام کە دڵ و دەروونی پێشمەرگەی بزانێ چییە، رابەری سیاسی چاکتر دەتوانێ پیشمەرگە بگێڕێتەوە لە خراپە، هەتا فەرماندەی تیپ، مەسەلەن: ئەگەر رابەری سیاسی توانی پێشمەرگە پێبگەیەنێ، پێشمەرگە چییە..؟، تێکۆشەرێکی سیاسییە لە پێناوی ئامانجەکانی گەل و نیشتیمان و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان خەبات دەکات، هاتووە گیانی خۆی بەخت بکات بۆ میللەتەکەی خۆی و پەیوەندی بکا لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵك، ئەوە عیلاقەی هەیە لەگەڵ ماسی و ئاوەکە، ئەگەر ماسی لە ئاو هاتە دەرێ دەفەوتێ، ئەویش (پێشمەرگە) لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵك گۆڤەند دەکا، ئەو وەختە رەفتاری باش دەکا لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵك، هەوڵدەدا دڵی کۆمەڵانی خەڵك راکێشێ نەك لێیان دات و ئەزیەتیان دات.

## ئەرکەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان

کۆمەڵێك ئیشمان لەکۆڵ هێزی پێشمەرگە کردۆتەوە، بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان توشی فەسادو ناخۆشی نەبێ لەگەڵ جەماوەر، بۆ نمونە ئیش و کاری ئیداری ئیشوکاری مەحکەمە، ئیشوکاری سزادان، ئیشوکاری سزا وەستاندن، پارە کۆکردنەوە، هەمووی لەکۆڵ هێزی پێشمەرگە کراوەتەوە، بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دزێو و ناشیرین نەبێ لەبەرچاوی خەڵك، هێزی پێشمەرگەی کوردستان یەك ئەرکی پێ سپێردراوە کە ئەویش شەڕی دوژمنە، بەگژداهاتنی جاش و جەیش و هێزەکانی چەکداری دوژمنە، لە ناوبردنی ناحەزانە، راوکردنی ئەو دوژمنانەی چەکداری گەلەکەمانن، لەبەر ئەوە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ناچێتە سەر خەڵك و بڵێن ئەوە جەردەن هاتوون زوڵممان لێ دەکەن، یان بڵێن ئەها راوڕوت دەکەن، یان بۆ نمونە: بچێ مەحکەمە بکا، لایەك حەتمەن ناڕازی دەبێ، لایەك رازی دەبێ، لایەك دەبێتە دژی، ئەوانەمان هەمووی لە کۆڵ هێزی پێشمەرگە کردۆتەوە.

## پێشمەرگە و کۆمەڵانی خەڵک

دەبێ هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەکو هێزێکی تێکۆشەری چەکدار بێتە بەرچاوی خەڵك، گیان بازی دەکات، لە پێناوی میللەتدا خۆی فیدا دەکا، خۆی بەکوشت دەدات، خۆی بەختدەکا لەپێناوی میللەتەکەی، پێویستە خۆشی بوێ بە کوڕی خۆی بزانێ، بە چەکداری خۆی بزانێ، بە رۆڵەی جگەرگۆشەی خۆی بزانێ، ئەوسا خۆشەویست بێ لەبەر چاوی کۆمەڵانی خەڵکدا، نەك وەك هێزی ژاندارم، وەکو پۆلیس لەناو خەڵکدا، بە درێژایی تائریخ خۆشەویست نەبووە، چونکە خەڵکیان گرتووە و هێناویانە و بردویانە، هێزی دامرکاندنەوە بوون، نامانەوێ هێزی پێشمەرگە هیچی بێتەسەر، کەوا دەبێتە سوککردنی یان دزێوکردنی یان رەشکردنی لە بەرچاوی کۆمەڵانی خەڵکدا، بۆیە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، یەك ئیشی هەیە کە ئەویش شەڕکردنە لەگەڵ دوژمن، دیارە شەڕکردن لەگەڵ دوژمن هێزی پێشمەرگە خۆشەویست دەکا، هەر پێشمەرگەیەك ئازابێ، هەموو کوردستانی پێ گەشدەبێتەوە، ئای پێشمەرگە لە فلانە جێ وایکرد، وا دەستی لە دوژمن وەشاند، ئەوە پێشمەرگە خۆشەویست دەکات، بەڵام بۆ نمونە: پارە وەرگرتن پێشمەرگە خۆشەویست ناکات، راوڕوت پێشمەرگە دزێو دەکات، کاری خراپ، لێدانی خەڵك پێشمەرگە دزێو دەکات، ناشیرینی دەکات لە بەرچاوی کۆمەڵانی خەڵك، بۆیە پێشمەرگە ئەو ئیشەی بۆ هێڵدراوەتەوە، یەکێتیی هێزی پێشمەرگە ئەساسی سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەیە.

## گۆڤارێک بۆ پێشمەرگە

لەمەودوا مومکینە گۆڤارێك بۆ پێشمەرگە دەرکەین، ئەو شتانەی تێدا تیکرار دەکەینەوە، تیێدا شەرح دەکەین، تیێدا تەسبیت دەکەین لەناو هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا، ئێمە تەبعەن دەمانەوێ هێزی پێشمەرگەی کوردستان پەرەپێبدەین، دەچێتە

بەردەمی هەموو دڵسۆزانی شۆڕش و دڵسۆزانی ڕێگای ڕزگاری نیشتیمانی دیموکراتی تێدا کۆبکەینەوە، کە بیانەوێ بێن، دیارە هەموو کەسێك ناتوانێ جەنگاوەربێ، لەبەر ئەوە هەموو کەسێك ناتوانێ پێشمەرگە بێ، ئەو کەسانەی دەیانەوێ پێشمەرگەبن، شەرت هەیە تێیدا بڵاوی دەکەینەوە.

## خەسڵەت و مەرجەکانی ڕێبەری سیاسی

بەڵام لەو شەرتانە ڕێبەری سیاسی دەبێ نمونەبێ، مەسەلەن: دەڵێین دەبێ پێشمەرگە دەست و دەم و داوێن پاك بێ، ئەگەر ڕێبەری سیاسی خۆی دەست و دەم و داوێن پاك بوو، نمونە بوو، پێشمەرگەکانیش چاوی لێ دەکەن، ئەگەر ڕێبەری سیاسی بە نەوعێك بوو، بە نەوعێکی تر پێشمەرگەکان دەبا بۆ کاروبار و ئەوانە، مەسەلەن: ئەگەر ڕێبەری سیاسی یەکێك بوو لەو کەسانەی دائیمەن بەتەنگ پێشمەرگەوە هات، مەسەلەن: لە دامەزراندندا ئاخیر کەس خۆی دامەزرا، ئەوانەی خوارخۆی، هەتا هەموو پێشمەرگەکان دادەمەزرێن و تەوزیع دەبن، ئینجا خۆی دامەزرا، لەگەڵ پێشمەرگەکان بوو لە ناخۆشییاندا، لە کاتی ماندوبووندا لەگەڵیان بوو، لە کاتی ناخۆشیدا لە پێشەوەیان بوو، لە کاتی شەڕدا لەگەڵیان بوو، دانیشت لە وەختی پێویست شتی بۆ شەرحکردن، قسەی خۆشی بۆ کردن، تەسقیفی کردن، ئەو کابرایە خۆشەویست دەبێ، دەچێتە دڵیانەوە، ئەو وەختە تائسیری دەبێ، خۆشی لەناو هێزی پێشمەرگە ئەهمییەتی دەبێ، تەئسیرێکی گەورەی دەبێ، چونکە کەسبی کردوون، دڵی گرتوون لەبۆخۆی، خۆی لە ڕاستیدا ڕێبەری سیاسی، لە دوای دواوە بێ، یەکەم جار خۆی تەوزیعبێ لە ماڵێکی خۆش کەوت، لە ناخۆشیدا پێشمەرگە نایبیننەوە لەگەڵ خۆیاندا، لە وەختی ئەوەدا دیارنییە، ئەو ڕێبەری سیاسییە حورمەتی نابێت، هەزار قسەیان بۆ بکات و کتێبیان بۆ بخوێنێتەوە، وەکو مەلای بێ عەمەل وایە، لەبەر چاویان سوك دەبێت و تەئسیری نابێ، ئەو شتانە پێویستە ڕابەری سیاسی نەیکا، برادەر هەیە نایکا بۆ خۆی ئیشێکی دی دەبیننەوە بەسەرچاو، ئەمن بەشبەحاڵی خۆم لەمەودوا مەسئولی ڕابەر سیاسییەکانم، هەر ئیشەکتان بوو، تەقریرەکانتان بۆ من دەنوسن، مەشاکیلەکانتان بەچاوان حەلدەکەین، هەتا لەبرادەرانی مەکتەبی سیاسی

یان سەرکردایەتی یەکێك دادەنێین بە رابەری سیاسی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، چونکە ئەوەندە ئەهمییەتی هەیە، کارەکە وا موهیمە وەکوو عەرزم کردن دوو کەس لە مەسولەکانی مەکتەبی سیاسی دەیکا، رابەری سیاسی ئەوەندە ئەهمییەتمان پێداوە، ئەگەر کەس نەیکرد، من خۆم دێم، دەبمە رابەری سیاسی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، یەکێك لە ئەهمییەت پێدانەکە ئەوەیە، یەکێك لە لایەنە ئەهمییەت پێدانەکانی رابەری سیاسی ئەوها دەبێت، یان یەکێك لە هەڤاڵەکانی مەکتەبی سیاسی دادەنێین بە بەڕێوەبەری سیاسیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، یان من خۆم رابەری سیاسی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەبم، لەبەر ئەوە دەتوانن ئێوەش ئەهمییەتی رابەری سیاسی بە کردەوە لەناو تیپەکاندا بسەپێنن، لە ناو تیپەکاندا ئێمە لەمەودوا دەمانەوێ هەموو رابەرێکی سیاسیمان دانا دەبێ راپۆرت بنوسێ، مانگانە راپۆرتێك بنوسێ، پێیخۆشە بیدا بەسەرتیپ، پێیخۆشە نەیدا، لەو راپۆرتەدا چی ملاحەزە و رەخنە و پێشنیار و گلەیی هەیە بیکات، لەو راپۆرتەدا حەقی هەیە باسی ئەوە بکا کە ئایا سیاسەتی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان جێبەجێ دەکرێ، یان جێبەجێ ناکرێ، میسالەکتان بۆ بێنمەوە: فەرزکە ئێمە بڕیارماندا لە ناو یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستاندا، کە ئێمە پشتیوانی ئیسلاحی زراعی دەکەین، رابەرێکی سیاسیمان هەیە، تەماشادەکا فلانە سەرتیپ پشتیوانی لە ئیسلاحی زەراعی ناکا، پشتیوانی لەوە ناکا کە ئیسلاحی زەراعی لە فلان مەنتیقە هەیە بکرێت و جوتیارەکان حەقی خۆیان وەربگرن، ئاغاکان دەستدرێژی نەکەن، چی دەتوانێ بکات ئەو رابەری سیاسییە، دەتوانێ ئەو شتانەی خوارەوە بکا:

**یەکەمیان**:

دەتوانێ لەگەڵ سەرتیپەکە قسە بکا، بلێ کاکە وەرە دانیشین پێکەوە قسەبکەین، ئەمن رابەری سیاسی ئەو تیپەمە، من مەسئولم لەوەی سەرپەرشتی بکەم و بزانم ئایا سیاسەتی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان جێبەجێ دەکرێ یان جێبەجێ ناکرێ، ئەوە دەبینم سیاسەتی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان جێبەجێ ناکرێ، لەبەر ئەوە کاکە ئەوە نابێ، تۆ دەبێ وابکەیت و وابکەیت، ئەوە یەك.

**دووەم:**

دەبێ کۆبوونەوە بە تیپەکە بکا، کەس کەس کۆمەڵ کۆمەڵ، هەموویان پێکەوە، لێرەدا بۆیان شەرح دەکات، دەڵێ ئێمە سیاسەتمان وەك یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بەرامبەر ئیسلاحی زەراعی، ئەوەیە کە ئێمە پشتیوانی لەو ئیسلاحی زەراعییە دەکەین کە کراوە، دەبێ ئەو ئیسلاحی زەراعییە سەربگرێ، ئێمە دژی دەرەبەگایەتیین، دەبێ ئەو زوڵم و زۆرەی لە جوتیاران دەکرێ نەکرێ، ئەوە رووی دووەمیەتی.

**سێیەم:**

رووی سێیەمیشی ئەو سیاسەتە کە هەیە، راپۆرتێك دەنوسێ بۆ مەکتەبی سیاسی، دەڵێ کاکە ئەمن رێبەری سیاسی فلان تیپم، تەمەشا دەکەم سیاسەتی ئیسلاحی زەراعی بەڕێوەناچێ، ئەوە بەو شێوەیە، ئەو هەڤاڵی رێبەرە سیاسییە، سەرپەرشتی جێبەجێکردنی سیاسەتی یەکێتیی نیشتیمانیی دەکا لە مەسەلەی ئیسلاحی زەراعی.

# ڕێبەری سیاسی و سیاسەتی یەکێتیی

یان مەسەلەن مەسەلەیەکی ترمان دێتەپێش، بڵێین هەڵوێستمان لە مفاوەزات، سیاسەتی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان. ئەوەیە لەگەڵ ئەو حکومەتە مفاوەزات ناکا. ئەو برادەرە ڕێبەری سیاسییە، ئەو باسە بۆ پێشمەرگە شەرح دەکا، بۆچی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان مفاوەزات ناکا لەگەڵ حکومەت، زەرورەتی مفاوەزات چییە لەم زروفەدا، کەی مفاوەزە ڕاستە وە کەی غەڵەتە، ئەوە شەرح دەکا بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان، تەماشادەکا غەیری ئەو سیاسەتە بەکاردێت، ئەوکەسە تەنبیە دەکا حەقی تەنبیهی هەیە، ڕێبەری سیاسی میرزای سەرتیپەکە نییە، هەر دەبێ سەرتیپەکان ئەوەی بزانن ڕێبەری سیاسی میرزایە، خەتیان نییە یان خەتیان خراپە، کاغەزی پێ دەنوسن، ڕێبەری سیاسی میرزا نییە، ڕێبەری سیاسی شەخسەکی موهیمە لە تیپەکەدا، لەکن ئێمە ئەهمییەتی کەمتر نییە لە ئەهمییەتی سەرتیپ، لە کاتی خۆیدا هەر دەبێ ئەو جارەش تیکراری دەکەینەوە، بە تەسبیت لەسەریان سور دەبین، ئەو برادەرانەی ڕێبەری سیاسینە لە مەڵبەندەکان، لە سەرتیپەکان تەئکید دەکەمەوە، کە دەبێ پرس بە ڕێبەرە سیاسییەکان بکەن، حورمەتی ڕابەرە سیاسییەکان بگرن، لەبەرچاوی خەڵکدا، لەبەر چاوی پێشمەرگەدا، ڕەئی ڕابەری سیاسی دەبێ وەرگیرێ لە زۆر مەسائیلدا، لە زۆر شت دەبێ پرسی پێ بکرێ، لە دانانی مەسئولدا دەبێ پرسی پێ بکا، لە سزادانی پێشمەرگە دەبێ ڕەئی وەرگرێ، تەبعەن ئەوە بەو مەعنایە نییە ڕابەری سیاسی ببێتە هەوێی سەرتیپەکە، لە هەموو شتێکدا بڵێ نابێ بیکەی وانییە، هەرکەسە سەڵاحیاتی خۆیان دیاریکراوە، نوسیومانە، بەڵام ڕابەری سیاسی وەکو جاران نییە، میرزابێت هیچ کاری نەبێت، ئەوە وانییە، ڕێبەری سیاسی حەقی هەیە مەسەلەن سەرتیپ ئامر مەفرەزەیەکی دانا، تەقریر بنوسێ بڵێ ئەو ئامر مەفرەزەیە شەرتی تێدا نییە، بڵێ فلان شتی باشە فلان شتی خراپە، بیدە مەکتەبی سیاسی، ڕێبەری سیاسی حەقی هەیە مەسەلەن مەجموعەیەك پێشمەرگە

دەبینێ دەست و دەم و داوێن پاك نیین، حەقی هەیە بانگی سەرتیپەکە بکا، بڵێ کاکی سەرتیپ، بڵێ لە فلان کەرتدا، فلانە پێشمەرگە و فلانە پێشمەرگە، ئاوان و ئاوان، رابەری سیاسی گوێی نەدرایە، سەرتیپەکە گوێی نەدرایە، ئەو کابرایە چ دەکا، رابەری سیاسی هەڵدەستێ کاغەزێك دەنوسێ بۆ رابەری سیاسی مەڵبەند، رێبەری سیاسی مەڵبەند ئاگادار دەکا، دەڵێ لە فلان ئەوە، ئەوەی دەکەن، رێبەری سیاسی بۆی هەیە سەرتیپەکە تەنبیهبکات، کاغەزێکی بۆ دەنوسێ، دەڵێ کاکە خەبەردار کراین کە فلان و فلان پێشمەرگە هەیە رابەری سیاسی بە تۆی گوتووە، تۆ گوێت نەداوەتێ، بەگوێی نەکرد، تەرحی دەکا لە مەڵبەند، مەڵبەند قەراردەدا، دەتوانێ ئیجرائات بکات لەسەری، پیویستی کرد، رابەری سیاسی دەتوانێ، هینی خۆی بنوسێ بۆ سەرکردایەتی، هەمیشە ئەو راپۆرتانەی دەینوسن بە هۆی رابەری سیاسی مەڵبەندەوە، رابەری سیاسی مەڵبەند دەیخوێنێتەوە و دەینێرێ بۆ مەکتەبی سیاسی، مەکتەبی سیاسی دەیەوێ لە هەموو راپۆرتەکان ئاگاداربێ، لە هەموو راپۆرتەکانی رابەر سیاسییەکان ئاگاداربێ، لە پاشاندا مومکینە لەمەودوا ئێمە بە فەرماندەی تیپەکان دەڵێین کە گوێڕایەڵی رێبەرە سیاسییەکان بن، هەروەکوو گوتمان رێبەری سیاسی مەڵبەند حەملەی دیعائی راپەڕاندن و وشیارکردنەوەوی دراوەتە دەست، مەسەلەن لەدێهاتەکان، دەچن کۆدەبنەوە بەناوی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانەوە، رێبەری سیاسی مەڵبەند داوا دەکات لە کۆمەڵە کادیرێك لەگەڵ رابەری سیاسی دەچن جەولە دەکەن لەو مەنتیقەیە، خوتبەدەدەن، خەڵك کۆدەکەنەوە قسەیان بۆ دەکەن، سیاسەتی یەکێتیان بۆ شەرح دەکەن، ئەوەیان بۆ دەکەن.

بە کورتی رابەری سیاسی ئەهمیەتی زۆر هەیە، دەبێ ئەو ئەهمیەتەی خۆی بنوێنێ لە زۆر شتی تریشدا، بەڵام وەکو گوتمان بەو مەعنایە نییە خۆی بە هەوێی سەرتیپەکە بزانێ، بەعزێ لە رابەر سیاسییەکان قڕەقڕ و موناقەشە دەکەن یان بەتەمان خۆیان جێیان بگرنەوە، ئەو شتە لە خەیاڵی خۆتان دەرکەن بە تەمامەبن جێیان بگرنەوە، بەڵام بەتەمابن چاوەدێریان بکەن، نەیەڵن غەڵەت بکەن، نەیەڵن لادەن لە سیاسەتی یەکێتیی، لە رێبازی یەکێتیی، نەیەڵن کاری وا بکەن ناگونجێ، مەسەلەن: میسالێکی ترتان بۆ بێنمەوە، بڵێین ئێمە سیاسەتێکمان هەیە لەسەر شەڕی ئێران و عێراق، سیاسەتێکمان هەیە لە شەڕی نێوان ئێران و عێراقدا، وا دەزانیین شەڕەکە لە نێوان دوو دەوڵەتی بورجوازی خوێن مژ

و زۆرداردا دەکرێ، شەڕێکی زاڵمانەیە، شەڕێکی عادل نییە، شەڕێکی ناڕەوایە، ئەو شەڕە ناڕەوایە لە بەینی ئەو دوو دەوڵەتەدا دەکرێ، دژی دەسکەوتی جەماوەری گەلانی کورد و عەرەب و فارس و ئازەر و گەلانی ترە، لە خاکی کوردستانی ئێرەدا دەکرێ، دەبێتە مایەی کوێرەوەری بۆ خەڵکی کوردستان، دەبێتە مایەی دەربەدەری، دەبێتە مایەی سوتاندنی دێهات، کاولکردنی ئەو دێهاتانەی کە ماویشن، مەسەلەن ئەو شەڕە وا هاتە کوردستانەوە، بزانە چ زەرەرێکی لە کوردستاندا، بەعزە ناوچە بەتەمابووین ئاوەدانیبکەینەوە، ئەوا کاولکرایەوە، بەعزە ناوچە رانەگوێزرا بوو، ئەوا راگوێزرا، هەر لە زینوێ و رایەت و چۆمانەوە بیگرە تا قەسرێ و مەسرێ، ئەوا هەمووی راگوێزرا، دەربەدەر کران، کۆچەرەکان کەدەیانتوانی بچنە کوێستان مەجبور هەڵاتن و هاتنەوە، ئاوەدانکردنەوەی شارەکان، مەنتیقەی سنوری ئەوە راگوێزران، بێجگە لەوەی هەر رۆژە عێراق لەسەردەشت دەدات و کورد دەکوژرێ، ئێران لە قەڵادزێ دەداتەوە هەر کورد دەکوژرێ، عێراق خانێ بۆردومان دەکات کورد دەکوژرێ، ئێران چۆمان بۆردومان دەکات هەر کورد دەکوژرێ، شەڕکە هاتە سەر ورگی میللەتی ئێمە، زەرەرەکەش لە کۆمەڵانی خەڵکی ئێمە دەکەوێ، ئەوە سیاسەتی ئێمەیە، ئەو سیاسەتە رابەرە سیاسییەکان هەم بۆ پێشمەرگەکان شەرحی دەکەن، هەم بۆ کۆمەڵانی خەڵك، شەرحی دەکەین، ئەو کەسانەی جاشن لە گەڵ عێراق چ بەناوی جەیشی نا شەعبییەوە بێ، چ بەناوی فرسانەوە بێ، چ بەناوی مەفاریزی خاسەوە بێ، چ بە ناوی حەرەس حدودەوە بێ، ئەو کوردە ئالەتە بەدەست جەیشی داگیرکەری عێراقەوە، دژی نەتەوەی کورد بەکاردێ، نەخێر لەگەڵ جودە و لە ناو رەزمەندەگانی موسڵمانی عێراقیدایە، بە شێکە لە جەیشی ئێرانی، ئەوەش هەر جاشەو ئالەتە بەدەست دەوڵەتی داگیرکەری ئێرانەوە بەکاری دێنێت بۆ جێبەجێکردنی نەخشەی داگیرکەران، مادام ئەو دوو دەوڵەتە دەوڵەتی بورجوازی کۆنەپەرستن، مادام شەڕەکەیان شەڕەکی ناڕەوایە، مادام هەردووکیان داگیرکەری کوردستانن، هەر کەسێك لەگەڵ یەکێك لەو هێزانە بێت، دەبێتە بەشێك لە هێزی داگیرکەر و هێزی بورجوازی و هێزی زاڵمی یەکێك لەو حکومەتانە، لەبەر ئەوە دەبێتە جاش، بۆیە دەبێتە کابرایەکی نۆکەر بە بێگانە بە ئیستیلاحی عیلمی، بۆیە ئێمە ئەو شتە شەرح دەکەین بۆ کۆمەڵانی خەڵك، بۆ پێشمەرگەکان شەرحی دەکەین و تێیدەگەیەنیین، ئەوە سیاسەتی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانە، نەخێر تەماشادەکەین

فەرماندەیەك، مەسەلەن سەرتیپێکمان هەیە، ئەوەی بەدڵ نییە، قیادەی خۆش دەوێ، یان (حسك)ی خۆشدەوێ یان شیوعی خۆشدەوێ، کێ تەنبیهی دەکا، رێبەری سیاسی، دەڵێ کاکی سەرتیپ ئەوە سیاسەتی یەکێتیی نییە، سیاسەتی یەکێتیی ئەمەیە.. ئەمەیە.. ئەوەیە، واناکەی من مراجەعەتی جیهەتی خۆم دەکەم، حەقی هەیە لەعەینی کاتدا بە پێشمەرگەکان بڵێ، بۆیان شەرحکا، ئەو قسەیەی کاکی سەرتیپ سیاسەتی یەکێتیی نییە و ئەمن سیاسەتی یەکێتیی شەرح دەکەم، ئەوەیە یەك، دوو، سێ، حەقی هەیە راپۆرت بنوسێ بۆ لای رێبەری سیاسی، رێبەری سیاسی بانگی بکات، محاسەبەی بکات، خولاسە ئەوەیە خۆتان بە میرزا مەزانن لەمەودوا، بەڵام خۆشتان بە هەوێی.. رەقیبی سەرتیپەکە مەزانن، ئەهمیەتتان هەیە، حورمەتتان هەیە، قەدر و قیمەتتان هەیە، گوێتان لێ رادەگیرێ، ئیقتیراح و پێشنیارتان وەردەگیرێ، بەڵام واتێمەگەن ئێوە بونەتە هەوێی سەرتیپەکان، حیساب بۆ سەرتیپەکان نەکەن، قسەکەم بەو مەعنایە نییە بڕۆن ملیان بۆ کەچ کەن و لە دوویان بڕۆن و جانتایان بۆ هەڵگرن، نەء، رێبەری سیاسی لە تیپەکە بەلای ئێمەوە کەمتر نییە لە سەرتیپەکە، تەنها ئەوەیە هەردووکیان لەو تیپەدا قیادەدەکەن، یەکێکیان قیادەی عەسکەری دەکات، یەکێکیان قیادەی مەعنەوی و سیاسی دەکات، سەرتیپەکە قیادەی شەڕ دەکات، نەخشەی دادەنێ، ئەو مەفرەزە لەوێ، ئەو هجومە بۆ فلان جێ، دەورەی ئەو بگرن، وا بەکەن و وا بکەن، باشتریش ئەوەیە پرس بە رابەری سیاسی بکات، ئەگەر نەیکرد، کارێکی باشی نەکردووە، بەڵام بۆی هەیە قیادەی شەڕەکە خۆی بیکات، سەڵاحیەتی خۆشی هەیە لە دانانی فەرماندەی مەفرەزە، لە دانانی فەرماندەی کەرت، ئەو کارانە خۆی دەیکات، بەڵام رێبەری سیاسی بۆی هەیە رەخنە بگرێ، ئەگەر دیتی کارەکە نابەجێ بوو، فلانەکەس کراوە بە فەرماندەی کەرت، حەقی هەیە بە فەرماندەی تیپ بڵێ، فلانە کەس کە تۆ کردوتە، ئەو شەرتەی تێدا نییە، پێشمەرگایەتی ئەوەیە دەست و دەم و داوێن پاك بێ، ئەوە داوێن پیسە، ئەوە بەکەڵکی ئەو ئیشە نایەت، پێی دەڵێ ئەوە ئیشی خۆمە ئەتو حەقت نەبێ، پێی دەڵێ کاکە راستە ئەوە ئیشی خۆتە، بەڵام ئەمن حەقم هەیە ملاحەزاتی خۆم بدەم، رەخنەی خۆم بگرم، پێت بڵێم ئەتو لە هەموو شت ئاگادارنی، من زۆرتر شت دەزانم، لەناو پێشمەرگەکانم، فلان شت دەزانم، بە پێی سیاسەتی یەکێتیی دەبێ وابێ، ئەوە نەکات پێی دەڵێی ئەوە ئەمن مراجەعەتی

جیهەتی خۆم دەکەم، کاغەز دەنوسێ بۆ ڕێبەری سیاسی مەڵبەند، ئاگاداری دەکاتەوە، دەڵێ فلانە کەس کە دانداراوە شایستەی ئەوە نییە، لەبەر خزمایەتی دانداراوە، یان لەبەر مجامەلە دانداراوە یان لەبەر فلانە شت دانداراوە، ئەو وەختە ئەو دەچێت ڕێبەری سیاسی ئەوە لە مەڵبەندە، لەوی هەورازترە، دەتوانێ موشکیلەکەی باسبکات.

## ئەوەی ڕێبەری سیاسی نابێ بیکات

ئەوەی کە نابێ بیکەن چەند شتێکە، یەکەم نابێ موشاغەبە بکەن لە ناو تیپەکە، بچن خەڵکی لێ هاندەن و شتەکی لێ دروست بکەن و ئیشەکەی پێ نەکرێ، دوایێ سەرتیپەکە دەست لە ئەژنۆ بەرەو ژێر بۆی دانیشێ و نەتوانێ هیچ ئیش و کارێکی بڕوا لەناو تیپەکەدا، ئەوە نابێ، ئەوە کارێکی ناڕەوایە و بە هیچ شێوەیەك ڕێگەی پێنادرێ. دووەم شت کە نابێ بیکەن، ئەوەیە کەوا وەکو گوتمان هەوێیەتی و ڕقابەری بکەن لەگەڵ سەرتیپەکە خۆی. سێیەم شت کە نابێ بیکەن، ئەوەیە کە هەرکەسە بچێت بۆ ئەو تەیارە ئیش بکات خۆی تیایەتی، ئەوی شۆڕشگێڕانە بۆ شۆڕشگێڕان ئیش بکات، ئەوەی کۆمەڵەیە بۆ کۆمەڵە ئیش بکات، شتی وانییە، ئێوە دەچن بۆ یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان ئیش دەکەن. بۆ یەکێتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئیش دەکەن، بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو بیرو باوەڕ و نووسراو و شتانەی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بڵاویکردۆتەوە، بۆ ئەوە ئیش دەکەن، نوقتەی چوارەم ئەو شتانە ناوەشێتەوە لە ئێوە نابێ بیکەن، ئەو ئیشانەیە قەدەغەیە لە پێشمەرگە، هەڵبەتە زۆر قەدەغەترە لە ڕێبەری سیاسی، ڕێبەری سیاسی نابێ لە خەڵك بدات، ڕێبەری سیاسی نابێ لە پێشمەرگە بدات، ڕێبەری سیاسی نابێت شەرتەکانی پێشمەرگەی تێدا نەبێت، وەکو ئەوەی دەست و دەم و داوێن پاك بێت، ڕێبەری سیاسی نابێت ئەو کارانەی خۆی بە پێشمەرگەی دەڵێت نەیکات خۆی بیکات، چونکە ئەو وەختە دەبێتە مەلای بێ عەمەل، کەس گوێ لە قسەکانیشی ڕاناگرێ، ئەهمیەتی قسەکانیشی نامێنێ، بەپێچەوانەوە ئەگەرهاتوو پێشمەرگە دیتی ڕێبەرە سیاسییەکەی نمونەیە، زۆر چاك گوێی لێ رادەگرێ.

# دیاریکردنی ڕێبەری سیاسی لەناو هێزی پێشمەرگەدا

تەبعەن ئێمە بڕیارمانداوە لەمەودوا، لە هەڵبژاردنی برادەرانی ڕێبەری سیاسی لەسەر ئەساسی ئیش بۆ دۆزینەوە دانانێین، فلانەکەس ئیشی نییە چی لێ بکەین.. چی لێ بکەین، وەرە با بیکەین بە ڕێبەری سیاسی، قەت شتی واناکەین، لەسەر ئەساسی ئەوە ڕێبەری سیاسی دانانێین، ڕێبەری سیاسی لەسەر ئەساسی کەفائەت دادەنێین، ئەو برادەرە بە وشیاری خۆی، تێگەیشتنی، ئینسیجامی بە ڕێبازی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستانەوە، بە ڕێبازی شۆڕشەوە، وای لێ دەکا هەڵیبژێرین بۆ ڕێبەری سیاسی، دەنا لای دەبەین، عاجز مەبن، هەرکەسێکتان لەو ئیمتیحانانە دەرنەچێت، نەقڵی دەکەین بۆ کارێکی تر، کادر دێنیین، کادری باش و بە هەڵبژاردە دێنیین، بە کۆمەڵە و بە شۆڕشگێڕانیشمان گوتووە، کادری باش و هەڵبژاردەمان بۆ هەڵبژێرن، بۆ ئەوەی بیانکەین بە ڕێبەری سیاسی، نامانەوێ هەرکەسێك هاتوو پێشمەرگەکەی لە کۆڵ خۆی دەکاتەوە، یەکیکی بۆ دەدۆزێتەوە، بۆ یەکێتیی نیشتیمانیی بنێرێ، نەء دەبێ کوڕێکی تێکۆشەری ژیری هەڵبژاردەی باش بێت، دەمانەوێ بە ڕاستی هەتا ئەو عەناسرانەمان زۆرتر بێ، ئەهمیەتیان پێدەدەین لەناو هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، ئیتر ئەوەیە، فکرەیەك هەبوو لێتان ناشارمەوە لە کولی تیپێك کۆمیتەیەك دروستکرێ، لە سێکەس، لە سەرتیپ و ڕابەری سیاسی و جێگری تیپ، مومکینە ئەو فکرەیەش بۆ تەجروبە پاش قەدەرێکی کە بکرێتەگەڕ، لەو وەختەدا، ئەوەش مەخسەدمان تەعزیزی مەرکەزی ڕێبەری سیاسییە، بە کورتی سەرتیپەکانیش تێدەگەیەنیین کە بزانن ڕێبەری سیاسی میرزا نییە، میرزا نییە کاغەزی پێ بنوسێ، بەردەستی ئەو نییە، ڕێبەری سیاسی هاوتای ئەوە، ڕێبەری سیاسی هاوتای سەرتیپەکەیە، هەندێ جار بێتە حساب ئەگەر ڕێبەری سیاسی باش بێت ئەو تەفزیل دەکەین بەسەر سەرتیپەکەی ئەگەر باش نەبێ.

## بیرو باوەڕی سیاسی و پێشمەرگایەتی

باش ئەو مەسەلانە بزانیین، لولەی تفەنگ شۆڕش دەکات، بەڵام شۆڕش لێناخوڕێ، شۆڕش بیرو باوەڕی سیاسی خەڵك تەوجیە دەکا، سەرکردایەتی سیاسی هێزی پێشمەرگەی کوردستان رابەری دەکات، بەعزە جار تەبعەن برادەرانی خۆمان رێبەرەکان لەوە چاك تێناگەن، مەسەلەن خوردی دەکەنەوە لەسەر مستەوای فەردی، مادام سیاسەت پێشمەرگایەتی لێ دەخوڕێ، سەرکردایەتی سیاسی هێزی پێشمەرگە توجیە دەکات، کەواتە ئەمن رێبەری سیاسیمە، ئەمن قائیدی هێزی پێشمەرگەمە، ئەوە خوردکردنەوەی مەسەلەکەیە لەسەر مستەوای شەخسی، ئێمە مەسەلەکەمان لەسەر مستەوای گشتییە، بە گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەبن دەستی سەرکردایەتی سیاسییە، سیاسەت عەسکەری بەڕێوەدەبات، نەك لەسەر مستەوای فەردی، مەسەلەن: جارەکی میسالتان بۆ بینمەوە، حاکمەکمان هەبوو لە ناو مەجموعەیەك لە حاکمەکان، مەجموعەیەك لە حاکمەکانمان هەبوون، مەسەلەن کۆن و زۆر قانونی و شتی وەها، برادەرێکمان حاکمەکە کۆمەڵە بوو، وای زانی بوو مادام پرۆلیتاریا پێشڕەوە، کۆمەڵە هینی پرۆلیتارییە، کەواتە ئەو دەبێ لەناو حاکمەکاندا پێشڕەوی حاکمەکان بێ، ئەوە لەسەر مستەوای شەخسی وانییە، کە دەڵێن کرێکاران رێبەرن مانای وانییە هەر کرێکارێکمان لەناو دابوو، ئای کاکە ئەمن کرێکارم ئەمەن رێبەرتانم، مادام ئەمن کرێکارم پرۆلیتارم، ئێوە هەمووتان بەدومن کەون، ئەوە وانییە، چینی کرێکار وەکوو چین، وەکوو دەوری تەئریخی وەکوو بیروباوڕ، وەکوو مەوقیعی لە ئینتاجی بەڕێوەبردنی کۆمەڵ و ئیقتیسادی موجتەمەع قائیدە، نەك وەکوو تاکە نەفەر، مومکینە یەك تاکە نەفەری پرۆلیتار سەگ و سەگ باب و جاسوس بێ، ئەوە بەو مستەوایە قیاس ناکرێ، یان مەسەلەن دەڵێن چینی دەرەبەگ دوژمنمانن، هەر کوڕە ئاغایەکمان دیت بیکوژین، نەمانگوت دەرەبەگە دوژمنە، تەق گولەیەکی پێوەنێ، ئەوەنا، ئەوە وانییە، ئێمە دەڵێن دەرەبەگایەتی وەکوو سیستەمێك، وەکوو نیزامێك وەکوو تەبەقەیەك دوژمنمانە، ئەو شتانە دەبێ باش تێبگەین، نەك وەکوو وای تێبگەین

کە مەسەلەن: خوردی کەینەوە لەسەر مستەوای فەردی، ڕێبەرە سیاسییەکان بەگشتی سیاسەت بە گشتی پێشڕەوە، وەك مامۆستا برایم دەڵێ، ئای کەواتە کاکە من ڕێبەرم، کەواتە دەبێ بەدوو من بکەون و وابکەن، کاکە وانییە، ئەوە بە مەعنای گشتییە نەك فەردی، ئەو شتانەی کە بەمەعنای تەبەقی خۆی دێ، مەعنای گشتی خۆیەتی، خوردی مەکەنەوە وا سوکیکەن، بێنە سەر مستەوای تاکە نەفەرەکە.

## کەسایەتی ڕابەری سیاسی

دێینە سەر مەسەلەیەکی تر، کە زۆر موهیمە بە نیسبەت پێشمەرگە، دەبێ هەموو ڕابەرە سیاسییەکان چەکیان هەبێ، هەموو ڕابەر سیاسییەك چەکی هەبێ، هەوڵ بدەین چەکی باشیشی هەبێ، هەوڵبدەین لە موستەقبەلدا، ڕابەرە سیاسییەکان چەکی باشیان هەبێ، ئەگەر بۆمان بکرێ هەموویان بۆیان بکەین بە موزەلی، بۆ ئەوەی وا سوك تەماشا نەکرێن، حەکایەتێکتان بۆ بکەم، وەختی خۆی، ئێمە هەموو پارتی بووین، ساڵی شەست و یەك کە شۆڕشی شەست و یەك هەڵگیرسا، ئەمن مەسئولی پارتی بووم لە سلێمانی، (کادر)مان هەبوو، عەشایر هەڵسابوون، لە دەربەندی خان و دەربەندی بازیان و لای ئەزمڕ و ئەوانە، دۆڵی خەلەکان، سەدان و هەزاران چەکدار کۆببونەوە و چەکیان پێ بوو، مەسەلەن: هەرچی کەسە تڤەنگی هەبوو یان تڤەنگی چاکی دەرهێنابوو، ئیوا هەبوو سێ چوار خەریتەی فیشەکدانی لەخۆیدابوو، ئەسپ و  ماینی زینکراو، کادیرەکانی ئێمەش، ئێمە هیچ نەبووین ئەو وەختە، چەك و شتمان نەبوو، کادیرەکانی ئێمەش مەسەلەن: موعەلمە یان محامییە یان ئەفەندییە ئەوانەیە، دەڕۆیشتن و دنیاکە گەرم بوو، مەتارەیان لەمل کردبوو، مەتارە ئاویان پێ بوو، ڕۆژێك ئاوا باسیان دەکا، دادەنیشن لەگەڵ خزمانی جافی مەنتیقەی دەربەندیخان، دوسێ کادیرن (ئا..ئا.. بێ.. بێ، کەران باب گاو، مەتارە لەمل، مەسول حزب پارت وەرە بزانم، کەران باب گاو مەتارە لەمل، مەسول حزب پارت) ئێمە نامانەوێ کادیرەکانمان مەسول حزب پارت بن و مەتارە لە مل بن، ئێمە دەمانەوێ هەموو کادیرەك بەتایبەتی ڕێبەرە سیاسییەکان، چەکی بەدەستەوەبێ، تا یەکێکیکە بیرنەکاتەوە بڵێ مەسول حزب پارت، مەتارە لەمل، داخوە مەتارە لەمل چییە، لە شەڕدا و

ئەنواعی فیشەکدان لەوێ کەوتبێ، ئەویش مەتارە لەمل بێ، ئینجا ئەو هینە ئەو مەتارە لەملە جارێکیکە دووبارە بێتەوە، لەبەر ئەوە دەبێ رێبەرە سیاسییەکان چەکیان باش بێت، ئەو چەکانەی پێیانە نەیبەخشن، لای خۆیان بێت، ئێمەش ئەوەی چەکی خراپە بۆی چاککەین.

## ئەرکی رۆژانەی رابەری سیاسی

لەسەرێکی ترەوە پێویستە رابەری سیاسی ئیش بکات، هەموو رابەری سیاسییەك لە خۆی بپرسێ، ئەورۆ چیت کردووە، یانی هەموو ئێوارەیەك دەچنە سەرجێ، رادەکشێن، لە خۆت بپرسە ئەورۆ چیتکردووە، (هیچ)، ئەی کەواتە بۆ رابەری سیاسی، مەئمورێکی حکومەتی، مامۆستا محەمەد ئەتۆ موعەلیم بووی، وەنا، رۆژی چەند سەعات دەرست کردووە کە چویە مەکتەب، دەبێ لە خۆت بپرسی، من مامۆستا محەمەدم لە حکومەت شەش سەعاتم ئیشدەکرد، شەش سەعات پتریش ئیش بکەم، دەبێ لەخۆت بپرسی ئێوارە چویە سەرجێ چەند سەعاتت بۆ شۆڕش ئیشکردووە، چەند قسەتکردووە، چەند محازەرەتداوە، چ ئیشێکت کردووە، یارمەتی حەلکردنی کام موشکیلەتداوە، لە کوێ پێشمەرگەت جۆشداوە بۆ خەبات، پێویستە بەڕاستی بەعزە شت هەیە، رابەرە سیاسییەکان بیکەن بۆ جۆشدانی پێشمەرگە، مەسەلەن: بۆ نەشیدی سەوری باشە ئەگەر بیانکەن، مەسەلەن لە هەر تیپێکدا، ئەگەر تاقمێك دەنگ خۆشی تێدایە، بیانهێنن فیعلەن با نەشیدی سەوری فێربن کە دەڕۆن کە نەشیدیش دەخوێننەوە حەماسێك دەدات بە هێزی پێشمەرگە، فێریانکەن لەکاتی هەڵمەت بردندا هاوار و قیژە و هەڕەشە و گەف و گوڕ لە دوژمن، ئەوە یەکێکە لە شتەکانی کە مەعنەویاتی بەرزدەکاتەوە، فێریانکەن چەکەکانیان سوارنەکەن، ئیلا لەکاتی شەڕدا، لە کاتی شەڕدا زۆر ئەهمییەتی هەیە کەوا چەك تەقەی دێت و ئەوە زۆر کەس هەیە دەڵێت چەکەکانیان حازر بێت و لەدەست دەرچوو، ئەها ئەوەکەی خۆمانی شەهیدکرد، یەکێك لە عادەتە خراپەکانی ناو پێشمەرگەی ئێمە ئەوەیە، پێشمەرگەی ئێمە چەکەکانیان سوارە، زۆر جار لەدەستی دەرچووە، خەڵکی شەهیدکردووە، لەوەتەی ئەمن لێرەمە یەك دوو حادیسەی لەو بابەتە رویدا لێرە، ئەوە بەڕاستی دەلیلی

یان نەزانیینە یان ترسنۆکییە، چونکە یەکێك لە هینەکانی تۆقاندنی دوژمن ئەوەیە، هاوار دەکاو تەقە و قڕە زۆر تەئسیری هەیە لەسەر مەعنەویات و شلەژاندنی دوژمن، ئەو شتانەیان فێرکەن، مەسەلەن: فێریانکەن ئەو چەکە بە مولکی شۆڕش بزانێ، شتێك کە مولکی شۆڕشە دەبێ ئیهتیمامی پێبدەی، بۆ ئەوەی ئیهتیمامی پێ بدەی، مەسەلەن: پێویستە پاکیکەیتەوە، پیسی نەکەی لەبەر باراندا ئەوەی نەکەی، بە قسەی خۆشیش پێیان بڵێن، تەنیا هەموو جارێ بە ئەمر و وەرە سەگباب تەقەی لێ بکەی، ئەوە بۆ چەکەکەت والێ دەکەی نازانم چی، شتی وا نییە، بە قسەی خۆش بڵێ کاکە ئەوە تەڕبوون و بارانە و چەکەکانمان خراپ دەبێ، با هەرکەسەو شتێکی لێبداو وای لێ بکات، هەروەها ئەگەر بکرێ فێری بەعزە مەسائیلی سحیان بکەن، یانی پاك و تەمیزبن، لەوێ دێن دادەنیشن هەموو قاچیان بۆگەنە، هەمووی لە ژورێك دادەنیشن هەموو قاچیان بۆگەنە بەتایبەتی لە زستانان، بۆنی قاچیان دێ پیاهە، بە ئسلوب فێریانکەن کاکە، موحازەرەیان بۆ بدەن لە کۆبوونەوەدا، پێشمەرگە کە دەبێ پاك و تەمیز بێ، هەندێ شت راستە پاك و تەمیزی وەکو شار ناکرێ، بەڵام خۆ قاچ ششتن و خۆ پاك راگرتن و ئەو شتانە دەکرێ، جاران جەماعەتی حەقە هەبوون لە کوردستان، ئێستا نازانم چەندیان ماوە، (تۆ حەقە نی..؟، بۆ پێدەکەنی، بابت دژی حەقە بوو)، جەماعەتی حەقە کولێکی ئاوێنەیەکی بچکۆڵەو شانەیەك و سابونەکی لە گیرفانی نابوو، پاك و تەمیز خۆیان رادەگرت، ئەوە زۆر شتەکی باش بوو، پاشان مەسەلەن ئەگەر بۆتان بکرێ پێش چوونە دێهات بەتایبەتی مەناتیقی غەیرە، پێش ئەوەی بچنە ناو دێ، پێشمەرگەکان کۆبکەنەوە موحازەرەیەکیان پێبدەن، چۆن رەفتاردەکەن لەگەڵ خەڵك و لەکاتی دابەشبووندا ئەگەر بکرێ، بە سەرتیپەکە بڵێن با چۆن رێبەری سیاسییەکە دەستی هەبێ لەسەر ئەوەی چۆن دابەشیان دەکات و دەیانێرێتە کوێ و ئەو شتانە، ئەوە هەموو وردە مەسائیلە، بەڵام ئەوە زۆر مەسائیلی موهیمە لە ژیان و گوزەرانی پێشمەرگەدا.

# مەسەلەی وشیاری و خوێندەواری

مەسەلەی وشیاری مەسەلەیەکی زۆر موهیمە بۆ ناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان، وشیاریش دەبێ رێبەرەکەی رێبەری سیاسی بێ، رێبەری سیاسی تەوجیهی وشیارکردنەوەی پێشمەرگە دەکات لە ناو هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا، مەسەلەن:

یەکەم: بە کۆبوونەوەی هەفتانە، هەفتەی بەلایکەمەوە دەبێ کۆبوونەوەیەك بکات بە کەرتەکان، بە تیپەکە هەمووی، بە نەوعێك، ئەو کۆبوونەوەیەی کە دەیکات، لەخۆیەوە قسەیان بۆ ناکات، یان پرۆگرام و پەیڕەوی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، یان پرۆگرام و پەیڕەوی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان یان بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانیان بۆ شەرح دەکا، بۆیان دەخوێنێتەوە و بۆیان شەرح دەکات، هەموو کەس عارەبی نازانێ یان هەموو کەس کوردی باش نازانێ یان هەموو کەس کاری پێ ناکات، یان خوێندنەوە فەرقی هەیە لەگەڵ شەرحکردن، دەبێ ئەوەی دەیخوێنەوە بۆیان، شەرحی دەکەن بەچاکی بۆ برادەرانی خۆت، ئەوە تەریقەیەکیان.

دووەم: خەڵك هاندەدەی بخوێنێتەوە، خۆ وشیارکردنەوە، خەڵك هاندەدەی کەوا بۆ خۆی بخوێنێ، هانیان دەدەن فیعلەن ئەوەی خوێندەوارە بخوێنێتەوە، ئەوەی خوێندەوار نییە بۆ برادەرە نەخوێندەوارەکەی بخوێنێتەوە.

سێیەم: هانیاندەن بەعزە بەرنامەی رادیۆ و بەعزە مەسائل گوێ لێ رابگرن.

چوارەم: لەکاتی جێگیربووندا، زستانان، ئەو کەسانەی نەخوێندەوارن، وەرن فێرە خەتیانکەن، هیچ نەبێ ئەلف بێیەکەیان فێرکەن، وردە وردە بە مروری زەمان فێرە خوێندەواریش دەبن.

لە پاشان هەوڵدەن هەریەکە لەو پێشمەرگانەی کە هەمانە، وای لێ دێت خەریك بێ بەخوێندنەوە و خەریك بێ بە خۆ وشیارکردنەوە، ئەهمیەتی ئەوە بزانن بیەوێ فێربێ، بیەوێ بزانێ، بیەوێ تێبگا، نەك هەروا ناموبالاتی کورە دەی قەیناکە گوێ مەدێ تەقەو..

ئەوە وانییە، هێزی پێشمەرگەی نەخوێندەوار و هێزی پێشمەرگەی ناهۆشیار ناتوانێ هەتاسەر هێزێکی باشبێ، لەبەر ئەوە وشیارکردنەوەی پێشمەرگە ئەهمییەتێکی زۆر زۆری هەیە، زۆر کەس وا تێدەگا هۆشیارکردنەوە چنییە، مادام ئازایە شەڕکەرە، وانییە، ئازاش بێ، شەڕکەریش بێ، ئەگەر نەزانێ، مەسەلەن زۆر جار هەیە، میسالتان بۆ بێنمەوە، دەبینی برادەرێك هێزی پێشمەرگەی خۆمانە و بۆ کۆمەڵێك کلاشینکۆف دەچێتە لای حسك، یان مەسەلەن شۆڕشگێڕانە دەچێتەلای قیادە مۆوەقەتە، چۆن ئەوە بەڕاستی کۆمەڵە بێت لە کۆمەڵە بشتۆرێ چەندین قۆناغی تر هەیە تا بگەیتە دێیەکی لای (حسك) یان لەگەڵ فەرماندەی کەرتەکەی تێکچووە تەق دەچێتە ئەوبەر، ئەوە چییە..؟ ئەوە مەعنای ئەوەیە کە بیروباوەڕی قایم نەبووە، تێنەگەیشتووە لە مەسەلەکە، نازانێ چییە.

## دەربارەی راو و ڕوت و شڕەخۆری

هەروەها مەسەلەن دەبینیین راوڕوت، یەکێك لە دەردە خراپەکانی ناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان راوڕوتە، راوڕوتیش سێ شکلی هەیە لەناو ئێمەدا، سێ شکلی رەئیسی هەیە، ئەو راوڕوتە چەند شێوەیەکی هەیە کە بەڕاستی پێشمەرگە دەکاتە چەتە، هەروەکوو ئیقتیساد لە موجتەمەعدا، ئەساسی ژێرخانی موجتەمەعە، ئەساسیەتی، ئەو نەوعە رەفتارەش لە ناو پێشمەرگە ئەساسی لادان و تێکدانی پێشمەرگەیە، پێشمەرگە ئەوەی جیایدەکاتەوە لە چەتە چییە..؟، چەتەش چەکی بەدەستەوەیە، پێشمەرگەش چەکی بەدەستەوەیە، هەر ئەوە نییە وەلائە سیاسییەکەی بۆ کێیە، بەڵێ ئەوە موهیمە، چەتە هیچ بیرو باوەڕێکی سیاسی نییە، یاخی بووە و راوڕوت دەکات، بەڵام پێشمەرگە بیرو باوەڕەکی سیاسی هەیە، ئامانجەکی هەیە، هەر ئەوە نییە، بەڵکو شتەکی تریش هەیە، رەفتارە..رەفتار، رەفتارو کردار زۆر زۆر موهیمە، دایمە رەفتار و کردار ئەهمییەتی گەلەك زیاتری هەیە لە قسە و وەعزدادان و ئەو شتانە، رەفتاری پێشمەرگانە جودایە لەگەڵ رەفتاری چەتەگەرانە، مەسەلەن رەفتاری پێشمەرگانە ئەوەیە، لە مەسەلەی راوڕوتدا، هەرچی پێشمەرگەیە، هەرچی دەیگرێ بۆ شۆڕشی دەگرێ، هەرچی چەتەیە، هەرچی

دەیگرێ بۆ خۆی دەگرێ، کەواتە هەرچی پێشمەرگە دەیگرێ بۆخۆی گرت، کەواتە بووە چەتە، مەسەلەن: میسالێکتان بۆ بێنمەوە، کابرایەك دەچێ، مەسەلەن: چەند عەسابەیەك دەچن بانقەك دەبڕن، سەد هەزار دینار دەدزن، بۆ خۆیانی دەبەن، ئەوە چەتەگەرییە، بەڵام دە پێشمەرگە دەچن دووسەد هەزار دینار دێنن بۆ شۆڕشی دێنن، نەهێڵن ۲۰۰ هەزار دینارەکە یەکی ۲۰ هەزار دینار بخەنە تەنکەی گیرفانییانەوە، بڵێن کاکە خواحافیز، ئەوە دەبێ ئێوە ئەوە لە پێشمەرگە بگەیەنن، چەك دەگیرێ، ئەوە چەکی شۆڕشە، نەك هەرکەسەو لە پێشەوە جارێ بۆخۆی هەتا دەگات چل پارچەی لێ دەگۆڕێ، پاشی ئەوەی لێی دەگۆڕێ ئینجا..، کەرتەکە بە هی خۆی دەزانێ، وەدەزانێ ماڵ و مولکییەتی، دەڵێ خۆم گرتوومە، کاکە چۆن دەبێتە هی خۆت، بەڵێ چوار پێشمەرگە چووە شەڕی کردووە، ئەگەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان نەبا، ئەگەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان شەڕەکەی نەکردبا، ئەتو بەتەنێ لە بەراوان دەتتوانی دوو چەك، دە چەك، پێنج چەك بگری، تەبعەن نەء، یەعنی ئێستا ئەگەر گشت هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەگشتی وەکو هێز نەبا، ئێمە بە ئاسانی لێرە کۆدەبوینەوە، ساڵی ۱۹۷٥ کە شۆڕش ئاشبەتاڵیکرد بەئاسانی دەتانتوانی لێرە کۆببنەوە، من دەمتوانی لە ئەوروپاوە بێمەوە بۆ ئێرە، تەبعەن نا، ئەوە شتەکی ئاشکرایە، ئەوە جەوەکە ئەوەی دروستکردووە کاکە، شەڕدەکەی مەسەلەن: پێنج سەد کەس دەچێتەسەر هێزێکی دوژمن، لەولاوە هەندەك شەڕدەکەن، هەندەك.. نەخێر سێکەسیان دیت و دەست بڵند دەکەن و چەکیاندەکەی، ئەو شەڕە خۆ ئەو شەست کەسە نەیکردووە، ئەو سیکەسەی چەککردووە، هەر پێنج سەدەکە کردوویەتی کە ئەو حەملەیەی کردووە، جگە لەوە، ئەتوو شۆڕشگێڕی هاتووی گیانی خۆت بەختدەکەی لە پێناوی کوردستان، نەهاتووی راوڕوت بکەی، ئەوە بەری بۆ ئەو، ئەوە شکلەکی تری راوڕوتە، شکلەکی تری راوڕوت بەڕاستی لە ناو ئێمەدا کە زۆر جێگای داخە ئەویش شڕەخۆریە، مەسەلەن عەسکەرەکە دەگرن تا دەیگەیەننەجێ سەعاتەکەی لێ وەردەگرن، گیرفانی دەگەڕێن، ئەگەر دووربینی پێیە لێی دەسەنن، ئەگەر کامێرەی پێیە لێی دەسەنن، ئەوە بەڕاستی زۆر زۆر ناشیرینە، بۆ سهومعەی کورد زۆر خراپە، بەتایبەتی ئەجنەبییەکان.

جارێك مەجموعەیەك ئەڵمان گیرابوون، برادەران گرتبویانن لە مەنتیقەی بازیان، تا هێنابوویان هەرچی پێیان بوو، لێیان سەندبوون، هەر لە دووربین و هەر لە کامێراو

هەتاسەر پاسپۆرت و سەعات و ئەوانە، بەڕاستی لەقەدیمەوە لە ئەوروپا ئەوە هەیە لەسەر کورد کە میللەتەکی چەتەیە و راوڕوتکەرە و جەردەیە و ئەوانەیە، مەجبوور هەموویم بۆ بژاردنەوە بۆ ئەوەی ئەو قسەمان لەسەر نەبێ بەڕاستی، پارە دەبردرێ، سەعات دەبردرێ، ئەوە رەوشتێکی پێشمەرگانە نییە، ئەوە رەوشتێکی چەتەگەرانەیە، ئەنجامەکەی تێکدان و فاسدکردنی هێزی پێشمەرگەیە، شێوەی تری سێیەمی راوڕوت، بێجگە لە شڕەخۆری، بریتییە لە پارەسەندن لە خەڵك، ئەنواعی ناویشی لێدەنێن، ئەوە نازانم جەزایە، ئەوە جاشانەیە، ئەوە جەیشی شەعبیانەیە، ئەوە قەدەغەیە لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە شێوەیەکی موتڵەق، بەهیچ شێوەیەك نابێ هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەوە هەستێ.

هەموو کۆکردنەوەی پارە دراوەتە دەست هەیئەتی مالی، مەسئولی مالی لە مەڵبەند، ئەوانە بەو شێوەی کە خۆیان دایدەنێن پارە کۆدەکەنەوە، بۆیە نە سەرتیپ، نە فەرماندەی کەرت، بەهیچ شێوەیەك بۆیان نییە پارە لە خەڵك بسێنن، سزا لە خەڵك بسێنن حەقی نازانم چ بسێنن، ئەو ئیشانە هەمووی عایدی بەشی مالی مەڵبەندە، رابەرە سیاسییەکان لەسەریان پێویستە لەهەرجێیەك شتی واکرا، یەکسەر بینوسن لای خۆیان رۆژی ئەوەندە، بڵێ کاکە مەیشکێنن، ئەگەر شکاندویەتی، بڵێ بینێرە بۆ مەڵبەند، ئەگەر نەی نارد، یەکسەر راپۆرتەکی لەسەر بنوسە، بڵێ کاکە فلان سەرتیپ لە فلان جێ وایکرد، دیارە ئەمە ئەوەمان قەدەغەکردووە بەڕاستی، من شەخسی خۆم مەسئولم لە تەعقیبی ئەو مەسەلەیە، بە برادەرانی کۆمیتەی سەرکردایەتیشم گوت، ئەو جارە من بومەتە ئینزیبات بەسەر ئەو مەسەلەیە، وەکو ئینزیباتی ناو عەسکەری نییە، هەر سەرتیپێك لە هەر جێیەك شتەکی وایکرد، یەکسەر بەرقییەن بانگی دەکەم و دەڵێم کوا پارەکە، هەر سەرتیپێك پارە وەرگرێ نەیداتە مەڵبەند، رەئسەن دەریدەکەین، لەسەرتیپی.. قەتعەن کێ دەبێ ببێ، حەزدەکا چاومان بێ، ئەوە بەگشتی بە سەرتیپەکان دەڵێین دەبێ بیزانن، لەبەر ئەوە، دەبێ وەکو شتەکی موحەڕەم، وەکو شتیکی گڵاو، وەکو شتەکی قەدەغەکراوی تەواو، ئەو مەسەلەیە تەماشاکەن، ماوەی ئەوە نەدەن سەرتیپەکان شتی وابکەن.

# مەسەلەی ئیسلاحی زەراعی

شتەکی تر هەیە بەڕاستی دەمەوێ سەرنجتانی بۆ راکێشم، ئەو شێوە راوڕوتە پیسترە لە راوڕوت، ئێمە خۆتان دەزانن، وەکو گوتم هێزی گەلین، هێزێکی گەورەین، هێزی یەك بیروباوەڕ و تاقمێك نیین، هەتا لەیەکێتیی زیاتر نیین، لەبەر ئەوە بەعزە کەسانی عەشایریمان تێدایە، بەعزە سەرتیپمان هەنە لە ناحییەی عەشایرییەوە، بەعەشیرەت هاتونەسەر، کوڕە ئاغانە یان کوڕە عەشیرەتن، ئەوانە قەدەغەیە لێیان بەتەواوی، نەتیجەکەی چ دەبێ.. ببێ، کە وا پشتیوانی خزمە ئاغاکانی خۆیان بکەن دژی جوتیارەکان، یانی پێویستە ئەو نوقتەیە باش بزانن، بەتایبەتی ئەو کادیرە رابەرسیاسییانەی لەو مەنتیقانە ئیشدەکەن، ئەو مەرحەلە رۆیشت کە جاران ئێمە زۆر دڵمان رادەگرتن، زۆر مەسائیلمان دەکرد لەو مەسەلەیەدا، ئێستا ئەوەڕۆیشت، مەرحەلەی تەتبیقی ئیسلاحی زراعییە، سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لەو کۆبوونەوەیەدا قەراریداوە، (سیروان دێڕەشە، ئەو برادەرانە ئێوارە نان لەلای ئێمە دەخۆن.. پێمگوتی حەیوانتان سەر بڕی..، باشە دوایی دەچنەوە هەزار قسەمان لەسەر دەکەن ها، ئەوانە رابەری سیاسین).

جاران بیدایەتی شۆڕش بوو، هێزە سیاسییەکانی تر لەمەیداندا زۆربوون، ئەنواع حساباتمان دەکرد، هێشتا نەچەقیبووین، هێشتا ئەو قۆناغەی خەبات، ئەوە حەوتساڵی بەسەردا چووە، قۆناغی ئێستای خەباتمان گۆڕی لە حوکمی زاتییەوە هاتینە سەر مافی چارەنووس، مەسەلەی ئیسلاحی زەراعی وەکو شتەکی جدی و ئەساسی قەراری لەسەر دراوە، بە توندی دەیگرین، لەبەر ئەوە هەرکەسەك لەگەڵ ئێمە دەبێ، ئەو سیاسەتە قبوڵکا، لەگەڵ ئێمەیە قبوڵیکرد، سەر ئەو چاوەم، قبوڵی دەکا حەقم نییە بەسەریەوە، لە چ چینێکەوە هاتووە، کوڕە ئاغایە و ئیسلاحی زراعیمان لێ قبوڵ دەکا، سەر ئەو چاوەم، ئازایە یاڕەبی دەبووە فەرماندەی هەموو هێزی پێشمەرگەی کوردستان، نەخێر کوڕە جوتیارە کوڕ پرۆلیتارە، ئیسلاحی زراعی قبوڵ ناکا، نەخێر سەرچاوم نا، خوا حافیزی

بێ، دەڕوا بۆ کوێ دەڕوا، نەك هەر سەرچاوم نا، هەر هیچ.. ملی شکێ، لەکەس ئەوە قبوڵ ناکەین، ئەو مەسئەلەیە بە موهیم بگرن، بەعزە جار من شکاتم بۆ دێتەوە، دێت دەڵێت مەسەلەن فلان تیپ هەیە، دەڵێ مەسەلەن من لەسەر شێخ سەدرەدین ناوێرم نەدەم بەشێخ حوسێنی بەسڕی، لەسەرمان پێویستە شێخ سەدرەدین تێبگەیەنیین، کاکی خۆشەویستم، ئێمە ئیسلاحی زراعی دەکەین، ئیسلاحی زەراعی هەموو کەس دەگرێتەوە، حکومەت کردوویەتی خۆ ئەمە نەمانکردووە، قابیلە ئێمە لە سەدام کۆنەپەرست تر بین، مەعقولە، دەبێ تەسەوری پێ بکەین، ئەگەر تەسەوری پێ نەکەین وەکو خۆی بیپارێزین کاکە، خۆ وەنەبێ لە سەدام حوسێن کۆنەپەرست تر بین، سەدام حوسێن ئیسلاحی زراعی بکات، لەبەر لولەی تفەنگی پێشمەرگە ئیسلاحی زراعی هەڵتەکێتەوە، چۆن دەبێ، لەبەر ئەوە بە تێگەیاندن پێی دەڵێین، بە تێگەیاندن نەبوو دەڵێین کاکە ئەوە بۆ ئێمە دەست نادا، نابێ بەهیچ شێوەیەك ماوەی ئەوە بدەن لە هیچ جێگایەك، لە هەر جێیەك زانیتان یەکسەر خەبەرمان بدەنێ، چونکە بەڕاستی ئێمە ئیجرائات دەکەین.

## مەسەلەی پەیوەندیکردن بە دەوڵەت

نوقتەیەکی کە هەیە، حەزدەکەم بیزانن، کە زۆر قەدەغەیە، مەسەلەی پەیوەندییە بە دەوڵەتەوە، هیچ کەسێك بۆی نییە پەیوەندی بکات بەدەوڵەتەوە، هەرکەسێك کردی پێویستە زۆر زوو خەبەری سەرکردایەتی بدەن، چونکە ئەوەش کارێکی خەتەرناکە، ئەگەر رابەرسیاسییەکان وشیاربن، مەخسەدم ئەوە نییە پاراستن دروستکەینەوە ها، مەخسەدم ئەوە نییە، ئێوە هەندەك جاسوس دانێن و جاسوس ئەوە بکا، ئەوە خراپە، بەلام ناشبێ هێزی پێشمەرگە، مەسەلەن: سی پێشمەرگە تەسلیم بێتەوە، دوایی لە شارەوە خەبەرمان بۆ بێ بڵێن وەلا سی پێشمەرگە لەگەڵ مەجیدی هین تەسلیم بوونەوە، تازە، مەعنای وایە زۆر بێ ئاگادارین، نا هۆشیارین، قابیلە ئەمە ئەوەندە ئیشمان نەکردبێ، بایی ئەوەندەی لە ناو ئەو سی چل پێشمەرگەیە بتوانیین یەك پێشمەرگەی دڵسۆز دروستبکەین بتوانێ خەبەرمان داتێ، بڵێ شتەکی وا هەیە، چونکە بەداخەوە، سەرتیپەکە و رابەر

سیاسییەکە شەڕە دەندوکیان بوو، خەریکی شەڕی یەکتربوون، رابەری سیاسی خەریکی بەگژاهاتنی سەرتیپەکە بوو لەجیاتی ئەوەی خەریکی پەروەردەکردنی پێشمەرگەکان بێت و پێگەیاندن بێت، بەعزە جار هەیە مەسەلەن دەڵێ ئا.. سەرتیپەکە رێم لێ دەگرێ، من باوەڕم بەو قسانە نییە، چونکە تۆ مەسەلەن فەرزکەی تۆ لە جەیشی وا خۆت حسێب بکە لە جەیشی عێراقی، لە جەیشی عێراقی سیاست مەمنوعە، پێت ناکرێ عەسکەر پەیداکەی بیدۆزیتەوە، زابت پەیداکەی بیدۆزیتەوە و قسەی بۆ بکەی، تەبعەن دەچی وانییە، باشە وا تێبگە لێرەش وایە، بەجدی تۆ خەڵك کۆکەوە، ئیش نییە نەکرێ، بەڵام تۆ مەسەلەن، هەندەك لە برادەران بە شێوەیەکی بیروقراتی لە مەسەلەکە دەڕوانن، مەسەلەن سەرتیپەکە دەبێ بێت و هێزەکەی بۆ کۆبکاتەوە، ئەو بچێ لەسەرەوەڕا قسەی بۆ بکا نا.. بڕۆن لە خوارەوەڕا لەگەڵ پێشمەرگەکان ببن بە دۆست، پەیوەندی دۆستانە پەیداکەن لەگەڵ ئەو مەفرەزەیە، لەگەڵ ئەو هینە، ئاوا لەگەڵیان دانیشن، شەوێ لەگەڵیان تەوزیع بن، لەگەڵیان بنون لەگەڵیان هەستن، لە رێگا پێکەوەبن، لەگەڵیان پێکەوە بن جارێك لە خۆشیدا، جارێك لە ناخۆشیدا، لەوێ تێکبگەن و تێیان بگەیەنن، لەو رێیەوە وشیاریان بکەوە، نەك بەشێوەیەکی بیروقراتی وەکو قەشەی کەنیسەی، هەموو حەفتەیەک رۆژی یەك شەممە کۆدەبنەوە، بیسمیلاهی ئەبونا، قسەیان بۆ دەکا، دەی.. دەی، دوو سێ شت دەڵێنەوە، ئەوە تەریقەی تێگەیاندنی پێشمەرگە نییە، ئەوە باشە، من زدی ئەوە نیم، ناو بە ناو هەموو تیپەکە کۆکەرەوە قسەیان بۆ بکەن، بەڵام غەیری ئەوەش، رێگای باشتر، ئەوەیە خۆت بگونجێنی لەگەڵ هەموو مەفرەزە و کەرتەکان، هەمووان بناسی، لەگەڵیان دابنیشی، لەگەڵیان تەوزیع بی، لە بن سێبەرێ پێکەوە دادەنیشن قسە دەکەن، لەسەر کانی پێکەوە کۆڵ دەکەن، لەسەر نازانم چ دەکەن، هەروەهاش قسەیان بۆ بکەن، یەکە یەکە لەناویاندا دەبێ تەوەغول بکەی، لە خوارێڕا دەبێ بچییە ناویان و لەخوارێڕا دڵ و دەروونیان بگۆڕی و ئیشیان بۆ بکەی، نەك لەسەرەوەڕا, مامۆستا هاتووە ئەمریان بۆ دەرکا، ئەوە چاکترین تەریقەیە لەبۆ پەروەردەکردنی پێشمەرگە، ئەو وەختە کە پێشمەرگەکانت هەمووی وشیاربوون، مەسەلەن: مەجیدی مەلا فەتاحی ئەوە دەکەسی پێ هەڵخەڵەتا، پازدەکەی تر خەبەردەدا دەڵێ کاکە ئەوە وامان لێ دێ.